# نڤیسار

کۆمەڵێک بابەتی تیۆری



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# نڤیسار

## کۆمەڵێک بابەتی تیۆری

ڤالتێر بنیامین    گاستۆن باشلار    جۆرج لووکاچ
ژان پۆل سارتەر    میشێل بۆتۆر    جان بارت
ژۆرژ نیڤا    رامان سێلدێن

## بەرگی یەکەم



ناوی کتێب: نڤیسار - کۆمەڵێک بابەتی تیۆری - بەرگی یەکەم
وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٥٣
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد و دڵشاد مستەفا
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (١٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# وتەیەک

هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ لە ئینیستیتووی کوردی لە تاران بەهاوکاریی کاک بەهرام وەڵەد بەگی، لەگەڵ چەند نووسەر و وەرگێڕێکی لاوی بەتوانا ڕێک کەوتم بۆ ئامادەکردنی چەند بەرگ کتێب لەبارەی بابەتگەلی جۆرەوجۆری فەلسەفە و کۆمەڵناسی و تیۆرییەکانی ئەدەب. ڕێک کەوتین ئەوان بەرهەمەکان وەربگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی و ئێمەش لە هەولێر لە دەزگای ئاراس-دا بڵاویان بکەینەوە. ئەم کارەی بەردەست بەرهەمی یەکەمی ئەو ڕێککەوتنەیە. هەموو بابەتەکانی ئەم بەرگە لە کۆوارێک بەناوی (ارغنون)ەوە – کە بەفارسی دەردەچێ – وەرگیراون، زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی کۆورای ناوبراویش لە زمانانی ترەوە کراون بەفارسی. ئەم پرۆژەیە کە ناومان نا (نڤیسار) دەشێ دەسپێکی زنجیرەیەک وەرگێڕانی بەئاست بێ لە بوارگەلی بیری نوێخوازیدا.

هەڵبەتە وەرگێڕانی بابەتەکانی ئەم بەرگە کارێکی ئاسان نەبووە، ئەویش لە سۆنگەی نەبوونی زاراوە (تێرم)ی زانستی، ڕەنگە هەندێک لەو زاراوانەی لێرەدا بەکارهاتوون تەواو شیاو نەبن، وەک چۆن هەندێکی تریان باش و گونجاون، بەڵام ناشێ کاری وەرگێڕان و نووسینی بابەتی تیۆری لەبەر کەمیی زاراوە پەکی بکەوێ. کردەوەی وەرگێڕان خۆی باشترین شێوازە بۆ دانان و ڕۆنانی زاراوە یان مەشق لەسەر کردنیان، بۆیە ئەم بەرهەمەی بەردەست هەنگاوێکی لەبار و گونجاوە بەرێگەی زاراوەسازیشدا.

هیوادارین بتوانین لە ئامادەکردن و چاپکردنی بەرگەکانی تریشدا پەلە بکەین بۆ ئەوەی رەوتی پڕ لە تەنگژەی وەرگێڕانی ئاستدار بۆ سەر زمانەکەمان رێکتر و خێراتر بێ. زۆر سوپاسی ئەو خوشک و برایانەش دەکەم کە بە وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم بەرگی یەکەمەی (نڤیسار)ەوە ماندووبوون بەتایبەتی خۆشەویستان بەختیار سەجادی و مەنسوور تەیفووری، هیوادارم بەردەوام بن و قۆناغەکانی تریش ببڕن.

بەدران ئەحمەد حەبیب

٨ نیسان ٢٠٠٤ هەولێر



# وەرگێڕ و داهێنان

«فاوست» لە کۆتایی بەرێوەبردنی پرۆسەی گەشەسەندنی خۆیدا، لەسەر گردێکدا دەوەستێ و سەیری جیهانی دەستکردی خۆی دەکات و بەخۆی دەڵێ: بەستە. ئەو لەکاتی وتنی ئەم وشەدا، ڕەنگە ڕێکەوتنی خۆی لە گەڵ سەرچاوەی شەیتانیی هێزی خۆی واتە «مەمفیس» لە بیر دەکات و ئەمەش کۆتایی ژیانی فاوست-ە.

لە دوایین پرۆسەی فاوست-یشدا کە ئاوەدانکردنەوەی زەوییەکی بەیاری کەنار زەریا و سازکردنی بەندەرێکە، ماڵێکی بچکۆلانەی کۆن هەیە کە ژنی و پیاوێکی پیری لێ دەژین، ئەوان ئۆگری ماڵی خۆن و نایانەوێ بەجێی بهێڵن. ماڵەکە دەبێتە لەمپەری ڕێگەی فاوست و ئەو ڕووبەڕووی پرسیاری: چی بکەم؟ دەبێتەوە، فاوست فرمانی ڕووخاندنی ماڵەکە دەردەکات: فاوست جارێکی تر تەسلیمی لایەنی تراژیکی گەشەسەندن دەبێت.

ئاخۆ ژن و پیاوەکە بۆچی ماڵەکەیان بە جێ ناهێڵن؟ ئایا ئەوان لە زاراوە و چەمک و هزری فاوست ناگەن و بۆیە دەبێ تێدابچن، یان ئەوان ئیدی ناتوانن تازە ببنەوە و زمانی تایبەتی وتوویژ لە گەڵ فاوست بەرهەم بهێنن و بەگشتی بوێریی درێژەدانی ژیانی نێو جیهانی تازەتریان نەماوە و ناشزانن کە ئەمە نەفیکردنەوەی خودی ژیانە: دیالکتیکی بەرهەمهێنان و ڕووخاندن و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. ئەمە لۆژیکی ناوەکیی جیهانی مۆدێرن-ە و خۆلادان لەم دیالکتیکەش نەفیی خودی ژیانە. دیالکتیک بەرهەمهێنانەو ئەوانی ناتوانن بەرهەم بهێنن، دەبێ بڕووخێن، «ببنە دووکەڵ و هەبابن – مارکس».

جیهانی مۆدێرن جیهانێکی فاوستیە، ئەگەرەکانی ئازادی و توانای بەرهەمهێنان و خوڵقاندنی تراژیدیاش، هاوکاتی یەکتر لەم جیهانەدا

ئامادەن، ئەو لایەنانەی جیهان کە نایانەوێ تازە بنەوە، دەبێ تێدابچن و هەبابن، چەندەش سەخت و دژواربن. جیهانی مۆدێرن، زمان و سیستەمی زاراوە و هزراندنی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو سەرەتایەکی ناسینی ئەم جیهانە کە خۆی لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە دەگەیەنێتە هەموو قوژبنە تاریکەکانی جیهان، دەبێ لە دۆزینەوەی زمان و سیستەمی زاراوەیی ئەم جیهانەوە دەست پێبکات.

«ئەوەی باش دەژی، باشیش قسە دەکات – گاستۆن باشلار». لێرەدا بەتەواوی تێک تەنراویێتیی ژیان و زمان دەبینین، وەکیتر، دەزانین فەلسەفەی هاوچەرخ بۆ ناسینی خودی جیهان و ئینسان، ئاوڕێکی قووڵی لە زمان داوەتەوە: «زمان یانەی هەستییە – هەیدگێر».

لە بەرامبەر جیهاندا بەناچار کراوینەتەوە و ناچارین لە «مۆدێرنێتی». هەر وەک ئاماژەشمان پێدا ئەم جیهانە نوێیە گەلێ ئەگەری ئازادبوونی ئێمەشی هەڵگرتووە ئەگەر بێت و بتوانین زمان و سیستەمی زاراوەیی و هزری جیهانی نوێ بناسین و شادەماری ئەم ناسینەش: وەرگێڕان ـ ە. ئێمە هەنووکەش نە ژیانێکی باشمان هەیە و نە زمانێکی باشی ئەو ژیانە. ژیانی ئێمە و هاوکات زمانیشمان، تا ئێستە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و جیهانی تاقی نەکردۆتەوە و ئەوەشە گەشەسەندن لە کۆمەڵگای کوردیدا وەک زۆر جێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناتەواو و سەقەت کەوتۆتەوە. گەشەسەندن دەکرا ئەگەری ئازادی و مەزنایەتی و بەرهەمهێنانی فراوان بۆ ئێمەش لەگەڵ خۆی بهێنی، بەڵام ژیانی کولتووری و نەتەوەیی هەنووکەییمان، بە پێچەوانەی ئەم چەمکانەیە، ڕەنگە چون ئێمە زمانی ئەم جیهانەمان نەدۆزیوەتەوە. ئێمەش بۆ ئەوەی بتوانین بە ژیان – زمانێکی باش بگەین دەبێ زمانی فاوست وەربگێڕین، بەڵام کێشەکە نائامادەیی ڕواڵەتیی توانای ئەم وەرگێڕانەیە. ئەم زمانە ڕووبەڕووی هەموو ڕەهەندەکانی ژیان نەکراوەتەوە و ڕەنگە وەرگێڕان شادەماری ئەم ڕووبەڕووبوونەوەو ناسینی جیهانە بێت، وەرگێڕان ئەوکاتەی هەوڵی



دۆزینەوەی زمانی تایبەتی ڕەهەندە شاراوەکانی ژیان و جیهانە، وەرگێڕان ئەوکاتەی هاندەرەکەی ئارەزووی دۆزینەوەی نهێنینە، وەرگێڕان ئەوکاتەی بەرهەمهێنانی زمانی تایبەتی جیهانە، داهێنانە و وەرگێڕ لەم حاڵەتەدا ئەو کەسەیە کە خودی تراژیدیاکە دەژی، تراژیدیای بارگاوی کردنەوەی دووبارەی زمان بە مانای نوێ و ڕووخاندنی بەربەستە پیرۆز و نەگۆڕەکانی هەناوی زمان کە هاوکات بەشێکن لە بوونی ئامادەی زەینیی خودی وەرگێڕیش.

بەڵام کە گرنگایەتیمان بەخشییە وەرگێڕان، بەو مانا نییە کە هەموو وەرگێڕانێک داهێنانە، شەپۆلی ژوورنالیسمی هەنووکەی کوردی گەلێ وەرگێڕان و بەرهەمی لە خۆ گرتووە کە بە هەموو مانایەک ناداهێنەرانەن و لەدواییشدا وەک «ئەدەبی زبڵ» دەکەونەوە، زاڵکردنی ژوورنالیسمێکی نەخوێندەوار و ناپسپۆڕانە بە ناوی گەشەی دیمۆکراتیک و گەشەسەندنەوە، شەپۆلی ئەو هەموو وەرگێڕانەی کە بۆ ئەدەب و ڕۆمان و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و شیعر و تەنانەت نامەنووسینی ئاسایی، یەک زمان بەکار دەهێنن، ئەو نەخویندەوارییەی کە هەموو بێ ئیرادەییەکی خۆی، هەموو ناداهێنەریەکی خۆی لە ژێر پەچەی وەرگێڕانی ڕاگوزاریدا شاردۆتەوە، هیچ کە نەیتوانی ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی زمانی تایبەتی دواندنی جیهان و ڕەهەندی جیاوازی زمانی ئاشکرا نەکرد (یان بەوتەیەک بەرهەم نەهێنا) لە ئاکامیشدا بووە هۆی ئامادەیی تەمێک کە تێیدا هەموو پرۆسەیەکی جیدی کە ئارەزووی دۆزینەوەی جیهانی لە لا ئامادە بێت، بشاردرێتەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان، بەرهەمی کۆمەڵێک وەرگێڕە و هەوڵی ئەوەیە کە لانیکەم تا ڕادەیەک لە درمەکانی وەرگێڕانی کوردی بە دوور بێت و دیارە ئەمەش لە دوو نیشانەدا خۆ دەبینێتەوە: بەرهەمهێنانی زمانی تایبەتی هەر دەق و، بەردەوامی.

مەنسوور تەیفووری – زستانی ٢٠٠٤

# حەکایەتخوان

## تێڕامانێکی بەرهەمەکانی نیکۆلای لێسکۆف

*نووسینی: ڤالتێر بنیامین*

*وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری*

١

ئەگەرچی ڕەنگە ناوی حەکایەتخوان بۆمان ناسراو بێت، بەڵام ئەو بەهۆی بوونی بێ ناوکۆ[١] و زیندووی خۆیەوە، بەهیچ شێوە هێزێکی زیندوو و ئامادەی [ئێرە] نییە. ئەو پێش ئێستە لێمان دوورکەوتۆتەوەو هەر ئێستەکەش سات بەسات لێمان دوور دەکەوێتەوە. ناساندنی کەسێکی وەک لێسکۆف لەپێگەی حەکایەتخوانێکدا، نەک بەمانای نێزیک کردنەوەی لە ئێمەوە، بەڵکو بەمانای دوورتر کەوتنەوەمانە لێی. ئەگەر بێت و لە مەودایەکی دیاریەوە بۆی بڕوانین، ئەو هێڵ و نەخشە درشت و ساکارانەی سیمای حەکایەتخوان دەردەخەن، بەرجستەو ڕووناک یان ئەگەر ڕاستتر بڵێین، ئاشکرادەبن؛ هەر چۆن هەندێ تاتەبەرد لە مەودا و گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە لەشێوەی سەری مرۆڤ یان هەیکەلی حەیوانێکدا، دەنوێنن.

ئەوەی ئەم مەودا و دیدەمان بەسەردا فەرز دەکات ئەو ساوکەیە[٢] کە هەر ڕۆژە بەرەو ڕووی دەبینەوە؛ ئەو ساوکەی فێرمان دەکات کە هونەری حەکایەتخوانی بەرەو سڕانەوە ملی ناوە. هەر ڕۆژە و ژمارەی ئەوانەی بتوانن حەکایەتێک بەتەواوەتی بگێڕنەوە، کەم دەبێتەوە. کە ئارەزووی بیستنی حەکایەتێک بێتە نێو، زیاتر لە هەرکات، ئارەقەی شەرمەزاری بەکۆمەڵ دامان دەگرێ، چماشتێکیان لێ گرتووینەوە کە وامان دەزانی قەت پێمان نامۆ نابێت و هێمنترین دارایی‌مان بوو: توانای گۆڕینەوەی ساوکەکان.

هۆکارێکی دەرکەوتنی ئەم دیاردە، بەڵگەنەویستە: بایەخی ساوکە کەوتووە و واش دیارە چما ئەم کەوتنە بێ کۆتایی دەبێت. ڕوانینێکی سەر پێیی بۆ ڕۆژنامە دەردیدەخات ساوکە بەرەو پلەیەکی خوارتر دابەزیوەو وێنەی ئێمە لە جیهانی دەرەوە و تەنانەت [وێنەی] جیهانی ئەخلاقیانەی یەکشەموان، وەها گۆڕاوە کە هەر لە خەیاڵیشدا وێنامان نەدەکرد. بەهەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم نیشانەکانی دەرکەوتنی ڕەوتێکیمان لێ ئاشکرا بوو کە ئیدی هیچ کات ڕانەوەستا. ئەرێ ئەوەی کە لەکۆتایی شەڕدا، ئەو پیاوانەی لە مەیدانی شەڕ دەهاتنەوە، قوڕوقەپیان دەکرد و لەبواری گۆڕینەوەی ساوکەوە، هیچ کە دەوڵەمەندتر نەبوون، بەڵکو فەقیرتریش ببون، جێگەی تێڕامان نەبوو؟ هورووژمی ئەو کتێبانەی دەساڵ دواتر دەربارەی شەڕ بڵاوکرانەوە هەموو شتێکی گرتبوە خۆی، جگەلەو ساوکەی کەزار بەزار بگوێزرێتەوە. ئەم بابەتەش نەبووە هۆی سەر سڕمانی هیچ کەس، چونکوو پێش ئەمە، چ کات ساوکە وەها بەتەواوەتی ڕەت نەکرا بۆوە" لەم سەردەمەدا بوو کە [لە پانتای شەڕ و ئابووری و ئەخلاقدا] شێوەی شەڕی تاکتیکی، ساوکەی شەڕی ستراتێژیک و ئاوسان [ی ئابووری] ساوکەی ئابووریی بەر پەرچ دایەوە، هەر چۆن ساوکەی جەستەییانەی مرۆڤ بەدەستی شەڕی میکانیکیانەو ساوکەی ئەخلاقیشیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەر پەرچ درایەوە. ئەو بەرەیەی بەڤاگۆنی ئەسپی چووبوە قوتابخانە، ئەمێستاکە لەژێر ئاسمانی بەرینی

---

١– ناوکۆ – ناوکۆیی. بەرامبەر ناوبژی و ناوبژیکردن، ناوبژیکردن جوێکردنەوەی دوو لایەنی تێدا مەبەستە و ناوکۆیی کۆکردنەوە و پێوەندیدانی دوولایەنی تێدا مەبەستە – واسطة.

٢– ساوکە: ئەزموون، تەجرەبە، لەزاراوەی کەلوڕییەوە وەرگیراوە. بەئەزموونی تاکەکەسی دەوترێ.

دەشت و گوندێکدا ڕاوەستا بوو کە هەموو شتێکی تێک چووبوو، جگەلە هەورەکانی" و لەژێر ئەم هەورانەشدا، لە مەیدانی ڕاساوی لافاو و تەقینەوەی وێرانکەردا، لەشی لەرزۆک و تورتی ئینسان وەستابوو.

٢

ئەو ساوکەی زارەکی دەگوێزێتەوە، سەرچاوەیەکە هەموو حەکایەتخوانان لەبەریان خواردۆتەوە. لە تومارکەرانی حەکایەتیشدا، مەزنترینیان ئەو کەسانەن کە گێڕانەوە تۆمار کراوەکەیان، لەگەڵ ئاخافتنی خێڵی بێ ناونیشانی حەکایەتخواناندا، جیاوازییەکی کەمتری هەیە. وادیارە، حەکایەتخوانی بێ ناوونیشان، دوو دەستەن و بێ گومان بەشێوەی جۆراوجۆر لایەنی هاوبەشیشیان پێکەوە هەیە. تەنیا لە چاوی ئەو کەسەی کە بتوانێ ئەم دوو دەستەیە لێک جیابکاتەوە، سیماوکەسایەتیی حەکایەتخوان هەیکەلی ماددیی خۆی بەتەواوی وەردەگرێ. پەندێکی ئاڵمانی دەڵێ: «ئەوی دەچێتە سەفەر، هەمیشە قسەیەکی بۆ گوتن لەلایە.» خەڵکیش حەکایەتخوان وەک کەسێک وێنا دەکەن کە لەسەفەرێکی دوور گەڕاوەتەوە. بەڵام خەڵک بەهەمان ڕادەش چێژ لەگوێ گرتن بۆ قسەی ئەو پیاوەی لەماڵدا ماوەتەوەو ژیانێکی شەریفی گرتۆتە بەرو ئاشنای حەکایەت و نەریتە خۆماڵیەکانە، وەردەگرن. ئەگەر کەسێک دەیەوێ ئەم دوو دەستە حەکایەت بێژە بەپێی نوێنەرە کۆنەکانیان ببینێ، ئەوا دەستەیەکیان لە شێوەی وەرزێرێکدا کە بەزەویەکەوە خەریکە و دەستەی دیکەیان لەشێوەی زەریاوانی تاجردا، خۆ دەنوێنێ. بەڕاستی وادەردەکەوێ کە هەر پانتایەکی ژیان، خێڵی حەکایەتخوانانی تایبەتی خۆی پەروەردە کردووە و هەر کام لەم خێڵانە تاچەندین سەدە هەندێ تایبەتمەندیی بەر چاوی خۆی دەپارێزێت. لە نێو حەکایەتخوانانی سەدەی نۆزدەهەمی ئاڵماندا، نووسەرانێکی وەک هێبێل Hebel و گۆتهێلف Gotthelf سەر بەخێڵی یەکەم و نووسەری وەک سێلسفیلد sealsfield و گێرستەکێر Gerstacker سەر بەقەبیلەی دووهەمن. بەڵام وەک لە



دێرەکانی پێشتردا ئاماژەی پێکرا، ئەم قەبیلانە، تەنیا، نموونەی چەشنە سەرەکیەکانن. پەرەگرتنی ڕاستەقینەی پانتای حەکایەتخوانی لەپانتای تەواوی مێژوویی خۆیدا بەبێ تێکەڵاوی و تێکهاڵانی بێگەردی ئەم دوو چەشنە کەونینە، وێنا ناکرێت. سەدەکانی نێوەڕاست لە بونیاتی تیجاریی خۆیدا بەئاشکرا وەها تیکهاڵانێکی مسۆگەر کرد. وەستای پیشەسازی دانیشتووی شوێنی تایبەتی خۆی و ئەو شاگردەی بۆماوەیەک لەبەر دەستیدا دەبوو، لە دووکانێکی یەکەدا و پێکەوە کاریان دەکرد" هەر وەستایەکیش پێش ئەوەی لە زێدی خۆیدا، سەقام بگرێ، بۆ خۆی ماوەیەک شاگردی کردووە. ئەگەر وەرزێر و زەریاوانان، مامۆستای کۆنی حەکایەتخوانی بوون، چینی پیشەساز، دەوری زانکۆی ئەم هونەرەی هەبوو. لەم چینەدا حیکمەتی وڵاتانی دوورەدەست، ئەو حیکمەتەی پیاوانی سەفەر کردوو لە دوورە دەستەوە بۆ ماڵەوەیان دەهێناوە، لەگەڵ حیکمەتی ڕۆژگاری ڕابردوودا، [واتە ئەو حیکمەتەی] خەڵکی خۆماڵیی هەر ناوچەیەک لە هەر کەسێک زیاتر لەکەل و کونی شارەزان، ئاوێتە بوو.

٣

لێسکۆف شارەزای شوێن و زەمەنە دوورەکان بوو، ئەندامی کەنێسەی ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی و خاوەن سۆزی ڕەسەنی ئایینی بوو، بەڵام هەر بەوڕادەیەش بەڕاستیەوە دوژمنی بۆرۆکراسیی کەنێسەییانە بوو" پێوەندیشی لەگەڵ کاربەدەست و خاوەن پلەی دونیاییدا زۆر لەو پێوەندییەی دیکەی چاکتر نەبوو و بەوبۆنەوەش تەمەنی کاربەدەستیی ئیداریانەی کورت بوو. لە هەموو ئەو کارانەی بەدەستی بوو، یەکیان زیاتر درێژەی کێشاو ئەویش نوێنەرایەتیی ڕووسیای کۆمپانیایەکی ئینگلیزی بوو کە وەک دیارە، زۆرتر بۆ نووسەرێتیەکەی بەکەڵک بوو. ئەو بەبۆنەی ئەم پیشەوە سەفەری هەموو ڕووسیای کرد و بەم بۆنەوەش حیکمەتی دنیایی و زانیاریشی لە بارودۆخی ڕووسیا، هاوکاتی سەفەرەکەی زیادی

کرد. بەم شێوە ئەو هەلی بۆ ڕەخسا شارەزای پێکهاتەی بەشەکانی وڵات ببێت و لە حەکایەتەکانیدا شەقڵی ئەم شارەزاییە، ماوەتەوە. لێسکۆڤ لە شەڕ دژی بۆرۆکراسیی کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسدا، ئەفسانەکانی بەهاوپەیمانی خۆی دەدی. کەسایەتیی سەرەکی هەندێ لە حەکایەتە ئەفسانەییەکانی ئەو بەزۆری کەسێکی ساکار و چالاکە و وەک دیارە بەسروشتیترین شێوە بۆ قیدیسێک دەگۆڕێت. هونەرەکەی لێسکۆڤ، پێدا هەڵدانی عارفانە [دەربارەی قارەمانی حەکایەت] نییە. ئەگەرچی ئەو هەندێ جار حەزی دەکرد بەلایەنی ناوازە و تەنانەت خواترسیی قارەمانەکەی خۆیدا، هەڵبلێ، بەڵام زیاتر حەزی دەکرد لەگەڵ سروشتی بەهێز و سەرزیندوودا هەڵسوکەوت بکات. ئەو نموونەی ئایدیالی قارەمانی حەکایەت بەپیاوێک دەزانێ کە ڕێگەی خۆی لە جیهاندا بێ خەریک مانی زۆر لەگەڵیدا، دەکاتەوە.

ڕوانینی لێسکۆڤ بۆ پرسی دونیاییش وەها بوو و بەپێی ئەم ڕوانگەش بوو کە درەنگ و واتە لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا دەستی دایە نووسین. ئەمەش پاش ئەو سەفەرە بازرگانیانە ڕوویدا. کتێبی بۆ چی لە کیبەڤ کتێب گرانن؟ یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوی بوو. هەندێ نووسینی دیکەی دەربارەی چینی کرێکار، ئەلکۆلیسم، پزیشکانی پۆلیس و دێوەرەی بێکار، پیشەکیی بەرهەمە چیرۆکیەکانین.

٤

تایبەتمەندیی بەرچاوی زۆربەی ئەوانەی کە چما هەر حەکایەتخوان لە دایک بوونە، گرۆیەتیە(٣) بەرەو سۆزی کردەوەیی. ئەم تایبەتمەندییە زۆرتر لە لێسکۆڤ، لە هەندێ حەکایەتخوانی وەک گۆتهۆلفدا بەرچاوە کە لە حەکایەتەکانیدا سەبارەت بەکشتوکاڵ ڕێنوێنی وەرزێرانی دەکرد" ئەم تایبەتمەندییە لە بەرهەمەکانی نۆدیەشدا Nodier دەبیندرێ کە لە

٣- گرۆیی. ئینتیما - خوازیاری دەروونی بەرو بابەتێک یان شتێک، لەگراوی و گرۆبوونە وەرگیراوە. بەمانای گرایش-ی فارسی.



حەکایەتەکانیدا باسی مەترسییەکانی چرای گازی دەکات" هێبێلیش کە لە **سندووقچەی زەخیرەکان** یدا حەکایەتەکانی خۆی بەرووکەشێکی فێرکردنی زانستی، تاو دەدا، بەیەکێک لەم جۆرە حەکایەتخوانانە دادەنرێ. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە ئاماژە بۆ چییەتیی هەر حەکایەتێکی ڕاستەقینە دەکات. هەر حەکایەتێک بەئاشکرا یان شاراوە، خاڵێکی بەکەڵکی تێدایە و هەندێ جار ئەم کەڵکە لە شێوەی ئامۆژگارییەکی ئەخلاقیدا دەردەکەوێت و هەندێ جار لە شێوەی زانستی و هەندێ جار لە شێوەی پەند یان بنەمایەکی ئەخلاقیدا. لە هەموو ئەم شێوانەشدا، حەکایەتخوان پیاوێکە کە ڕاوێژ و ئامۆژگاریی بۆ خوێنەران، بەدیاری پێیە. بەڵام ئەگەر ئەوڕۆ کە «ئامۆژگاری» بەرەبەرە گەردی کۆنەیی لێدەنیشێ، بەهۆی دابەزینی توانای ئێمەوەیە لە گۆڕینەوەی ئەزموونندا و سروشتیە کە ئێمە، نە لەگەڵ خۆماندا ڕاوێژ دەکەین و نە لەگەڵ ئەوانیدیدا. جیا لەمانەش، مەبەست لە ڕاوێژ کردن، پێش ئەوەی کە [بمانەوێ] وەڵامدانەوەی پرسیارێک بێت، پێشنیازێکە بۆ بەردەوامیی حەکایەتێک کە هەر ئێستە دەکرێتەوە. مرۆڤ گەرەکە سەرەتا توانای گێڕانەوەی حەکایەتی هەبێ تاکوو بتوانێ داوای ئەم ڕاوێژە بکات. (تەواو جیا لەوەش، کە مرۆڤ تەنیا تا ئەو جێگە ئامادەی ڕاوێژە کە ڕێگە بدرێ لە خۆی بدوێ.) حیکمەت، هەمان ئەو ڕاوێژەیە کە لەتان و پۆی ژیانی واقیعدا، تەنراوە. هونەری حەکایەتخوانی ڕوو لە هەرەسە، چونکوو سۆنگەی حەماسیانەی حەقیقەت، واتە حیکمەت، بەرەو مردن بۆتەوە. بەڵام ئەمە ڕەوتێکە کە ماوەیەکی زۆر لەگەڕدا بووە. وەکی تریش چ شت لەوە گێلانەتر نییە مرۆڤ بیەوێ لەم ڕەوتەدا تەنیا «نیشانەی رووخان« بدۆزێتەوە - چ بگا بەنیشانەیەکی [نوێبوونەوە] هەروەهاش ئەمە تەنیا نیشانەیەکی هەڤبەند concomitant ی هێزی بەرهەمهێنەری دنیاییانە (سکۆلار)ی مێژووە. نیشانەی هەڤبەندی و ئاوەلێتییەک کە گێڕانەوەی narrative، بەشێوەیەکی تەواو هێورانە، لە دەڤەری کەلامی زیندوو، دەرکردووە و لە هەمانکاتدا، ڕێگەمان پێدەدات

جوانییەکی نوێ کە لەحەکایەتخوانیی ڕوو لە ڕووخانەوە هەڵدەستێ، ببینین.

٥

یەکەم نیشانەی ئەو ڕەوتەی کە کۆتاییەکەی، هەرەسی حەکایەتخوانییە، سەرهەڵدانی ڕۆمانە لە سەرەتای سەردەمی نوێدا. ئەوەی دەبێتە جیاکەرەوەی ڕۆمان لە حەکایەت (و حەماسە لە ماناتایبەتەکەیدا)، گرێدراوێتیی جەوهەریی ڕۆمانە بەکتێبەوە. گەشەکردنی ڕۆمان تەنیا بەداهێنانی [پیشەسازیی] چاپ مسۆگەر بوو. ئەوەی بەزار دەکرێ بگوێزرێتەوە، واتە هەمان دەوڵەمەندیی دەروونیی حەماسە، جیاوازیی جۆریانەی typical لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆماندا هەیە. ئەوەی کەرەسەکانی جیاوازیی ڕۆمان لە هەموو چەشنە ئەدەبییەکانی دیکەی ئەدەبی پەخشانی، حەکایەتی پەریان، ئەفسانە و تەنانەت کورتە چیرۆک دابین دەکات، ئەو [خاڵ]یە کە ڕۆمان نە لە سونەتی زارەکییەوە هەڵدەستێ و نە تێکەڵیشی دەبێ. هەر ئەم بابەتەشە کە بەشێوەی تایبەت لایەنی جیاکەرەوەی ڕۆمان و حەکایەتخوانییە. ئەوەی حەکایەتخوان دەیگێڕێتەوە، لە ئەزموون جا ئەزموونی خۆی یان ئەزموونی ئاڵوگۆڕکراوی خەڵکانی تر وەرگیراوە و ئەویش جارێکیتر ئەو ئەزموونە دەکاتە بەشێک لە ئەزموونی ئەوکەسانەی گوێ لە حەکایەتەکەی دەگرن. ڕۆمان نووس خۆی تەرە کردووە. زێدی ڕۆمان هەمان کەسی تەرەیە کە ئیدی ناتوانێ قسەکانی خۆی بەهێنانەوەی نموونە لە گرنگترین هۆگریەکانی خۆی دەربڕێ، ئەو پێویستی بەڕاوێژ نییە و کەسانی دیش لە ڕاوێژی ئەو بێ بەرین. نووسینی ڕۆمان بەو مانایە کە لە نواندنەوەی ژیانی مرۆڤدا ئەو شتەی کە تایبەت و لە بەراورد نەهاتووە، زۆر گەورە بکەینەوە. ڕۆمان لە زەمینەی دەوڵەمەندیی ژیان و لە ڕێڕەوی نواندنەوەی ئەم دەوڵەمەندییەوە، شایەت و بەڵگەیەکی پەرێشانی و سەرلێشێواویی زیندووەکانە. تەنانەت یەکەم بەرهەمی مەزنی



ئەم چەشنە ئەدەبییە، واتە دۆن کێشۆت، فێرمان دەکات کە چۆن مەزنیی مەعنەوی و ئازایەتی و یارمەتیی مرۆڤێکی شەریف، دۆن کیشۆت، بەتەواوی بێ ڕاوێژ دەکرێت و هیچ نیشانەیەکی حیکمەت و هزری تێدا نییە. ئەگەر هەندێ جار و لەهەندێ شوێندا و لەڕەوتی سەدەکاندا هەندێ هەوڵ دران- کە گەورەترینیان لە ڕۆمانی ساڵەکانی لە نوێ فێربوونەوەی ویلهۆلم مایستەر دا ڕەنگی دایەوە -تاکوو فێرکردن لە ڕۆماندا بگونجێنرێ، بەڵام بەرهەمی ئەم هەوڵانە هەمیشە جۆرە دەستکاری کردنێکی فۆرمی ڕۆمان بووە. لەلایەکی دیکەوە، ڕۆمانی پەروەردەیی Bil-dungsroman بەهیچ چەشنێک لەبونیاتی بنەڕەتیی ڕۆمان ناترازێ. ئەم جۆرە ڕۆمانە بەیارمەتیی تێکەڵکردنی ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تێکەڵکردنی کەسایەتیی یەک کەسدا، ڕێکێتیی زاڵی خۆی بەوورد و تورترین شێوە، پاساو دەدات. ئەو حەقانییەت و شەرعییەتەی ئەم جۆرە ڕۆمانە دابینی دەکات، دژایەتیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ واقیع دا هەیە. هەر ئەم کورت بڕینەشە کە بەشێوەی تایبەت لە ڕۆمانی پەروەردەییدا بەکردە دەبێت.

٦

ئەگەر وێنای شێوەگۆڕکێ Transform کانی بیچمەکانی حەماسە بکەین، دەبینین ئەم گۆڕانە هاوکاتی ڕیتمێک ڕوودەدات کە دەکرێ لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانە ڕواڵەتیەکانی گۆی زەوی لە درێژەی هەزاران ساڵی ڕابردرا، بەراورد بکرێ. ڕەنگە هیچ بیچمێکی دیکەی پێوەندیی مرۆڤ، وەها هێورو بەکاوەخۆ ڕووینەدابێ و وەها هێوریش بەرەو نەمان نەبووبێتەوە. ڕۆمان کە ئاخێزگەی بۆ سەردەمی کەونارا، دەگەڕێتەوە، بەسەدان ساڵ چاوەڕێی کرد تاکوو لە ئاکامدا لەدڵی چینی مامناوەندیی بەرەوگەشەدا، هەندێ توخمی – کە بۆ فراژینی خۆی بەکەڵک بوون، – بینییەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم توخمانەشدا، بەرەبەرە حەکایەتخوانی پاشەکشەی کرد و لە کونج و کەلەبەرەکانی بابەتە ئەنتیکە کەونینەکاندا، ون بوو، ڕاستە

حەکایەتخوانی بەشێوەی جۆراجۆر بابەتگەلی نوێی لە خۆگرت، بەڵام ئەم بابەت و ناوەرۆکانە لەراستیدا، ئاوێتەی [حەکایەتخوانی] نەبوون. لەلایەکی دیکەشەوە، ئاگامان لەوەیە کە لەژێر چاودێریی تەواوی چینی مامناوەندیدا، کە لە سەردەمی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا، چاپەمەنیەکانیش یەکێکە لە کەرەسەکانی [ئەو سەرمایەدارییە]، شێوەیەکی پێوەندی سەرهەڵدەدات کە جیا لە دێرینەیی ئاخێزگەکەی، هەرگیز بەشێوەیەکی بنەبڕ کاری نەکردبوە سەر بیچمی حەماسە. بەڵام ئێستە ئەو کاریگەرییە دادەنێ و لە ئاکامیشدا، کەم تا زۆر ڕێک وەک خودی ڕۆمان، بەچاوی بێگانە سەیری حەکایەتخوانی دەکات. بەڵام ئەم ڕوانینە بەهەڕەشەو دوژمنایەتیکردنێکی زۆرترەوەیە و هەربۆیە، [خودی] ڕۆمانیش تووشی قەیران دەکات.ئەم شێوە نوێیەی پێوەندی،هەمان زانیاری information یە.

ویللە مێسان wille messant دامەزرێنەری ڕۆژنامەی فیگارۆ، ماهییەتی ئەم زانیاریانەی لەڕستەیەکی بەناوبانگدا دەرخستووە. ئەو هەمیشە دەیگوت: «بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی من، هەواڵی ئاگر گرتنێک لە ژوورێکی ژێر شیروانیی[٤] کارتیەلاتین «Latin Quartern لە هەواڵی ڕوودانی شۆڕشێک لە مادریددا، گرینگترە.» ئەم وتە بەشێوەیەکی کاریگەر ڕوونیدەکاتەوە کە ئیدی ئەمە هەواڵی شوێنە دوورە دەستەکان نییە کە زۆرترین گوێگر لەخۆی کۆدەکاتەوە، بەڵکو زۆرترین خوازیاری بۆ زانیاریی بەکەڵک هاتوو و (هەواڵی) بەرهەمهاتووی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نێزیکترین بابەتەکانە کە گرینگایەتی هەیە. ئەو هەواڵانەی لە دوورەدەستەوە دەهات - جا هەواڵی شوێنێک لە وڵاتێکی بێگانە بێت یان هەواڵی زەمەنێک و لە سوننەتەوە هاتبێت - هەڵگری بڕواپێکراوی و

٤- ژێرشیروانی - ژووری سەرەوەی بیناکانی سەردەمی ڕێنسانس و دواتر، کە هەرزانترین و تەسکترین زاووی بیناکەیە و شوێنی دانیشتنی کرێچیە هەژارەکانە لە ئەدەبی سەردەمی ڕیالیزمدا.



ئۆتۆریتەیەک بوو کە ئیعتیباری بەهەواڵەکە دەبەخشی، تەنانەت ئەوکاتەش کە ڕاست و درۆیی هەواڵەکە هەڵنەدەسەنگێندرا [ئەم ئیعتیبارە هەبوو] بەڵام زانیاری، ئیدیعای ڕاست و هەمیشە ڕاستگۆ بوونی خۆی دەکات.

پێویستیی سەرەکیی زانیاری ئەوەیە کە «لە خۆیدا لە فام هاتوو» دەرکەوێت. زۆربەی زانیارییەکان [زۆر] لە هەواڵەکانی سەدەکانی پێشوو، وردبینانەترنین، بەڵام لە کاتێکدا هەواڵ گرۆیەتیی تێکەڵاو بوونی بابەتی پەرجووئاسای هەبوو، [کەچی] زانیاری پێویستە لەبڕوا هاتوو دیار کەوێت. هەر لە بەرئەم تایبەتمەندییەشە کە زانیاری بەردەوام لەگەڵ ڕۆحی حەکایەتخوانیدا ناتەبایە. ئەگەر هونەری حەکایەتخوانی دەگمەن و ناوازە بۆتەوە، بڵاوبوونەوەی زانیاری، بەشێکی بنەبڕی لە خوڵقانی ئەم بارودۆخەدا هەبووە. هەموو بەیانیانێک هەزاران هەواڵ لە هەموو [شوێنێکی] زەمینەوە دەگاتە گوێمان و کەچی ئەو چیرۆکانەی بەخوێندنەوە بشێن [هێندەکەمن] بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن. چوونکوو ئیتر هەواڵی هیچ ڕووداوێکمان پێ ناگات، مەگەر ئەوەی بەلاوەتر بەروونکردنەوە و شرۆڤە قانگ درابێ. بەوتەیەکی دیکە، ئێستە هیچ ڕووداوێک نەماوە کەڵکی بۆ حەکایەتخوانی هەبێ و بەگشتی هەموو ڕووداوێک بەسوودی زانیاری دەشکێتەوە. لەڕاستیدا پاراستنی حەکایەتێک لە قانگدانی [حەکایەتەکە] بەروونکردنەوە و شرۆڤە لەکاتی گێڕانەوەیدا، لە خۆیدا نیوەی هونەری حەکایەتخوانی پێک دەهێنێ و لێسکۆف لەم کارەدا، لێزان و لێهاتووە. (بۆ نموونە بڕواننە پارچەگەلێکی وەک فێڵ Decetion و هەڵۆی سپی white Eagle. سەیر و سەمەرە و نامۆترین شتەکان لە بەرهەمەکانی ئەودا باسدەکرێن، کەچی پێوەندیی دەروناسەکیانەی ڕووداوەکان چ کات بەسەر خوێنەردا ناسەپێندرێت. لێکدانەوەی ئەم ڕووداوانە بۆ خوێنەر و شێوە تێگەشتنی ئەو لە حەکایەتەکە، بەجێدەهێڵرێت و بەم شێوە حەکایەت و گێڕانەوە دەبێتە خاوەن بەرفراونی و ئاستێک کە لە زانیاریدا، ئامادە نییە.

### ٧

لێسکۆف کوڕی ڕاستەقینەی کلاسیکیەکان بوو، یەکەم حەکایەتخوانی یۆنانییەکان هیرۆدۆت بوو. لە بەشی چواردەهەمی کتێبی سێیەمی مێژووەکانی هیرۆدۆتدا چیرۆکێک دەگێڕدرێتەوە کە دەشێ گەلێک شتی لێ فیر ببین. ئەم چیرۆکە دەربارەی سپامێنتووس-ە.

ئەوکاتەی کەمبووجیا، شای ئێران، بەسەر سپامێنتووسی شای میسردا، زاڵ بوو و دیلی کرد، ویستی دیلەکەی خۆی ئەتک بکات. بۆیە ئەمری کرد سپامێنتووس لە کەنار ئەو ڕێگەی لەشکری سەرکەوتووی ئێرانی پێدا دەڕۆشت دابنێن. پاشان وایکرد دیلەکەی کچی خۆی لە شێوەی کارەکەرێکدا کە خەریکی بەگۆزە ئاوهێنانە، ببینێ. لە کاتێکدا هەموو میسر بەسەر ئەو دیمەنەدا دەگریان و خۆیان دەڕنی، سپامێنتووس هێور و بێدەنگ ڕاوەستا بوو و سەیری زەوینی دەکرد و کە هاوکات کوڕەکەی خۆشی بینی کە بەدەستی سەربازان بەرەو سێدارەدەبرا، دیسان ئارام و بێدەنگ مایەوە. بەڵام پاش ئەوەی خزمەتکارێکی پیری خۆی ناسییەوە کە لەڕیزی زیندانیەکاندا دەڕۆشت، بەچەپۆک بەسەری خوێدا کێشا و هەموو نیشانەیەکی خەم و کەسەرێکی قووڵی پێشاندا.

ڕەنگەبکرێ لەم چیرۆکەوە لە چییەتیی ڕاستەقینەی حەکایەت بگەین. زانیاری، ئەو بایەخەی لە کاتی نوێبووندا هەیەتی، ناپارێزێ و تەنیا ئەو چرکە زیندووە و بەناچاری دەبێ خۆی بەم چرکە بدۆڕێنێ. بەم پێیە، مۆنتێنی Montaigne ئاماژە بەم شامیسرییە دەکات و لەخۆی دەپرسێ بۆ چی ئەو تەنیا بەدیتنی خزمەتکارەکەی خۆی کەوتە شیوەن. مۆنتێنی بەم شێوە وەڵام دەداتەوە: چونکوو ئەو پێش ئەو ڕووداوە لێوانلێوی مەینەتی و خەم بوو و تەنیا نەختێک [خەمی] دیکە وایدەکرد ئەو بەربەستە بشکێت. مۆنتێنی لە سەر ئەم بڕوایە بوو، بەڵام دەشێ ئەم چیرۆکە لە سۆنگەیەکی دیکەوە سەیر بکرێت: شا بەرامبەر چارەنووسی ئەندامانی بنەماڵەی



شایەتی ڕانەدەچڵەکا، چونکوو ئەمە چارەنووسی خۆیەتی. بەتەعبیرێکی دیکە ئەکرێ بڵێین: ئەوەی لەسەر شانۆدا ڕوودەدات زۆرتر لە نوسخەی بەرچاوی هەمان ڕووداو لەژیانی ڕاستەقینەی خۆماندا، کاریگەری لەسەرمان دادەنێ، لە ڕوانگەی شاوە ئەم خزمەتکارە تەنیا دەورگێڕێکە. بەتەعبیری سێیەمیش: خەم و کەسەری قورس هەمیشە کۆ دەبێتەوە، کەڵەکە دەبێ و تەنیا بەتێپەڕینی شڵەژان و تەقینەوەی بوغزی هەناوە کە ئاشکرا دەبێ. دیتنی خزمەتکارەکە بۆ شا حوکمی ئەم تەقینەوەی بوغزەی هەیە. هێرۆدۆت هیچ لێکدانەوە و شەرحێک ناکات و گوزارشتەکەی بێ ڕازاندنەوە و لەوپەڕی وشکیدایە. هەر بۆیەش، ئەم چیرۆکە هەر لە میسری کەوناراوە و پاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ، هێشتا، جێگەی سەرسوڕمان و شیاوی تێفکرینە. ئەم چیرۆکە وەک ئەو تۆوی گەنمانەیە کە لە سەردابە بێ هەواکانی ئەهرامدا ماونەتەوە، [کەچی] بڕستی ڕوانیان تا ئەوڕۆکە نەدۆڕاندووە.

### ٨

هیچ شتێک بەقەد کورتبێژیی ساکاری حەکایەتێک کاریگەری لە سەر وەبیرهێنانەوەی [ئەو حەکایەتە] دانانێت، ئەو کورتبێژییەی دەستی شیکارییە دەروونناسانەکانی ناگاتێ. چەندە ئەو ڕەوتانەی حەکایەتخوان بەیارمەتییان خۆی لە سێبەری شیکاریی دەروونناسەکیانە، پێ دەدزێتەوە، ئاساییانەتر بن، توانای حەکایەت بۆ داگیرکردنی جێگەیەک لە یادەوەریی گوێگردا زیاتر دەبێ و چەندەی ئەو حەکایەتە بەشێوەی تەواتر لە ساوکەی گوێگردا بتوێتەوە، مەیلی گوێگر بۆ گێڕانەوەشی درەنگ بێت یان زوو، زۆرتر دەبێت. ئەم ڕەوتی توانەوە و لە خۆدا تواندنەوەی، کە لە قووڵایی [گیاندا] نەخش دەبەستێ، پێویستی بەپەرژان و ئاسوودەییەک هەیە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر خەو، لووتکەی پەسیتی لەش بێت، دڵتەنگی و مەلال لووتکەی پەسیتی زەینییە. مەلال مەلی خەونە کە

لە سەر هێلکەی ئەزموون هەڵئەنیشێت. خشپەی گەڵایەک دەیتەرێنێ. هێلانەکانی [ئەم مەلە]، [واتە] هەمان ئەوکردانەی پێوەندیی نێزیکیان بەمەلالەوە هەیە دەمێکە لە شارەکاندا کاول بووە و لە گوندیشدا بەرەو ڕووخان ملی ناوە. هاوکاتی ئەم هێلانانە، بەرەکەتی گوێگرتن لە کیس دەچێت، کۆمەڵی گوێگرانیش دەسڕدرێتەوە. حەکایەتخوانی هەمیشە هونەری دووبارە کردنەوەی حەکایەتەکانەو، ئەگەر ئیدی حەکایەتەکان لەبەر نەکرێن، ئەم هونەرە هەبا دەبێ. هونەری حەکایەتخوانی تێدا دەچێ چونکوو ئیدی گەڕکێکی چنین و تەنین [ی جۆلایی] نەماوە تا وەستا لە کاتی قوماشکردندا گوێ بۆ حەکایەتێک ڕادێرێ! چەندە گوێگر زێدەتر خۆی لە بیر بکات، ئەوی دەیبیستێت قووڵتر لە گیانیدا نەخش دەبەستێ. ئەوکاتەی ڕەوتی کار داگیری دەکات، وەها گوێ بۆ حەکایەت ڕادەگرێ کە بەرەکەتی گێڕانەوەکەی لە خۆڕا پێی دەبەخشرێت. ئەمەش سروشتی ئەو لانکە تەنراوەیە[٥] کە بەرەکەتی حەکایەتخوانیی تێدا پەروەردە دەبێ و لە بەر ئەمەشە ئەوڕۆکە، تان و پۆی ئەم تەنراوەیە لە هەموو لایەکەوە شیتەڵ شیتەڵ وشی دەبێتەوە، ئەو چنراوەی تان و پۆکەی هەزاران ساڵ پێش، لە کەش و هەوای کۆنەترین شێوەگەلی پیشە[٦] [سازیدا]، تەنرا بوو.

**٩**

[هونەری] حەکایەتخوانی کە ماوەیەکی زۆر لە شوێنی کار - گوند و زەریا و شارستان - دا بەخێو دەکرێ و پێدەگات، خۆی شێوەیەک

٥- لە زمانی یۆنانیدا بەقوماش و پارچەی چنراو وتەنراو ئەوترا و بۆ دەقیش هەر ئەم وشە بەکار ئەهێنرا. لێرەدا بنیامین یاری بەمانا جیاکانی وشەکە دەکات. وشەی Text یان دەق لەم وشە یۆنانیەوە کەوتۆتەوە.و.ک.

٦- مەبەست لە پیشە لێرەدا پشەسازی بچووکی سەردەمی پێش مودێرن و ڕێنسانسە کە زیاتر پیشەیەکی تایبەت بووە لە شێوەی بەرهەمهێنانی سوننەتیدا و بەپێوەندیی سوننەتیشەوە. حرفە- فارسی مەبەستە.و.ک.



پێوەندییە، بەسروشتێکی پیشەگەریانەوە. مەبەستی حەکایەتخوانی، بەپێچەوانەی زانیاری یان گوزارشتەوە، گواستنەوەی جەوهەری دژی شتەکان و ڕووداوەکان نییە. حەکایەتخوانی شتەکان لە ژیانی حەکایەتخواندا نوقم دەکات تا جارێکی تر لە ژیانی ئەو دەریان بهێنێتەوە و بەم شێوە، دەوسی حەکایەتخوان وەک نەخشی پەنجەی گۆزەکەر لە سەر گۆزە، بەحەکایەتەوە جێدەمێنێ. حەکایەتخوانان حەزدەکەن حەکایەتەکەیان بەئاراستەکردنی شەرحێک دەربارەی بارودۆخی بیستنی حەکایەتەکەوە دەست پێبکەن، [واتە] ئەوبارودۆخەی کە خۆیان تێیدا لە حەکایەتەکە ئاگادار بوونەتەوەو، یان ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی خودی حەکایەتەکە وەکوو ئەزموونی تاکەکەسیی خۆیان ئاراستەی گوێگران دەکەن. لێسکوف، فێڵ - ەکەی بەباسکردنی سەفەرێکی خۆی بەقەتار دەسپێدەکات، کە گوایە لەو سەفەرەدا ڕووداوەکەی لە زمانی هاوسەفەرێکی خۆیەوە بیستووە و بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە، یان لە دەربارەی سۆناتی کرۆتیزر-دا Ap- roposeof the krutzersonata سەبارەت بەئاشنا بوونی خۆی لەگەڵ قارەمانی ژنی حەکایەتەکە، باسی ڕێوڕەسمی ناشتنی دەستەیۆڤسکی دەکات، یان ئەوەیکە لە حەکایەتی مرۆڤی سەیر دا باسی کۆبوونەوەی کۆڕێکی ئەدەبی دەکات کە بەوتەی خودی ئەو، شانۆی ڕوودانی ڕووداوەکانی ئەم حەکایەتەیە، کەوا بوو دەوسی ئەو لە حەکایەتەکانیدا بەزۆری ئاشکرایە؛ و ئەگەر ئەم دەوسانە شوێن پێی ئەو کەسە نەبن کە خۆی ڕووداوەکانی بەسەردا هاتووە، لانیکەم هی کەسێکە کە ڕووداوەکە لە زمانی ئەوەوە، دەگێڕدرێتەوە.

لێسکۆف خۆی ئەم پیشە، واتە حەکایەتخوانیی، بەجۆرە وەستاییەک دادەنا. لەنامەیەکیدا دەڵێ: «نووسین بۆ من لەبابەتی هونەری زەوقی نییە، بەڵکو وەستاییەکە.» کە وابوو سەیر نییە ئەگەر خۆی لەگەڵ پیشەییگەریدا، نێزیک دەبینی، بەڵام تەکنۆلۆژیای پیشەسازیی بەبێگانە دادەنا. تۆڵستۆی کە بێگومان ئاگای لەم خاڵە بوو، جارجارە پەنجەی

خستۆتە سەر توانای حەکایەتخوانیی لێسکۆف و دەڵێ ئەویەکەم کەسێکە «ئاماژەی بەناکارامەیی پێشکەوتنی ئابووری داوە... سەیرە بەرهەمەکانی دەستەیۆڤسکی ئەو هەموو خوێنەرەی هەیە... بەڵام من تێناگەم چۆن چۆنییە خەڵک بەرهەمەکانی لێسکۆف ناخوێننەوە. لێسکۆف نووسەرێکی ڕاستگویە.» لێسکۆف لە حەکایەتێکی هونەرمەندانەو بەرزی خۆیدا واتە کۆکی پۆڵایین کە شتێکە لەنێوان ئەفسانە و گاڵتەوگەپدا farce لە پەسنی زیوینگەرانی شاری توولا Tula دا، پەسنی هونەری پیشەگەریی خۆماڵی دەکات. پێتری مەزن شاکاری [دەسکردی] ئەم [وەستا] زیوگەرانەی بینی و هاتە سەر ئەو بڕوای کە نابێ ڕووسەکان بەرامبەر ئینگلیزیەکان هەست بەهاوسەر[٧] کەمی بکەن.

ڕەنگە کەس بەقەد پۆل ڤالێری لە وێنەکاریی وێنەی فیکریی ئەوکەشە پیشەگەرانەدا کە ئاخێزگەی حەکایەتخوانە، وردبین و پوخت بێژ نەبووە: «ئەو باسی پێگەشتووترین شتەکانی سروشت، مرواریی بێ عەیب، پەیکەرەی جوان، شەرابی گەشتوو و ئافرێندراوی تەواو دەکات و بەبەرهەمی دانسقەی زنجیرەی درێژی هۆ هاوشێوەکان ناویان دەهێنێ». تەنیا لە ئاستی کەماڵ [و پێگەشتوویی] دایە کە کۆگای ئەم هۆیانە، دەگاتە سنووری زەمانیی خۆی. ڤالێری لە درێژەدا دەڵێ: «مرۆڤ یەک جار لاسایی ئەم ڕەوتە سێبورەی سروشتی کردەوە. مینیاتۆرەکان، نەخشاندنی (هەڵکۆڵینی) سەر عاج کە لەوپەڕی جوانیدا کراون، بەردی ساف و نەخشێندراو، بەرهەمی لاکی یان ئەو وێنەکێشیانەی کە تێیاندا کۆمەڵێک توێژی ناسک و ڕووناک لە سەریەک چنراون، هەموو ئەم ئافرێندراوانەی کە بەرهەمی ڕەنجی ماندوونەناسانە و لە خۆ بوردووانەن، هەر هەموویان بەرەو تێدا چوون بوونەتەوە و ئەو زەمەنەی کە تێیدا کات گرینگ نەبو،

٧- هەست بەسووکی و ناتوانی و شەرمەزاری و بێ ڕێزی کردن بەرامبەر بەکەسێکی دیکە.



تێپەڕیوە. مرۆڤی مۆدێرن ئیدی لە سەر شتێک کە لە کورت کردنەوە نەیەت، کارناکات. لەڕاستیدا ئەو [مرۆڤی مۆدێرن] توانیویەتی تەنانەت حەکایەتخوانییش کورت کاتەوە. ئێمە ئاگامان لە گەشە کردنی «چیرۆکی کورت» بووە کەخۆی لە سوننەتی زارەکی جوێکردۆتەوە و ئیدی خۆی بەڕەوتی لە سەریەک چنینی توێژە ناسک و تەنکەکانەوە، خەریک ناکات؛ [واتە] ئەو ڕەوتەی کە داهێنەر و ڕاگری دیاریترین وێنەی ئەوشێوەیە کە تێیدا گێڕانەوەیەکی تەواو [و پێگەشتوو] لە پاڵ توێژەکانی بیچمە فرەرەنگەکانی دووبارەکردنەوەی ئەو گێڕانەوەدا، ئاشکرا دەبێ.»

١٠

ڤالێری تێڕامانەکانی خۆی وەهاکۆتایی پێدێنێ: «لەوانەیە بەرەونەمان بوونەوەی ئایدیالی هەرماوێتی، دەقاودەقی گەشەی بێزاری و بێزرانی هەوڵی شێلگیرانە کەوتەوە.» ئایدیای هەرماوێتی بەهێزترین ڕەگی خۆی، هەمیشە لە خاکی مەرگدا، داکوتاوەو، ئێمە وا لێی تێدەگەین [و بەڵگاندن دەکەین] کە ئەگەر ئەم ئایدیایە بەرەونەمان دەبێتەوە کەواتە بێ سێ و دوو ئەمە سیمای مەرگە کە گۆڕدراوە. لە ئەنجامدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەمە هەر ئەو گۆڕانەیە کە توانای گۆڕینەوەی ئەزموونی، پێ بەپێی سڕانەوەی هونەری حەکایەتخوانی، لاواز کردووە.

ئەم چەند سەدەیەی دوایی شایەت بووە کە چۆن بیری مەرگ ئامادەیی بەربڵاو و بەرچاوی خۆی لەوشیاری و نەستی گشتییدا دەدۆڕێنی، ئەم ڕەوتە لە دوایین قۆناغەکانی خۆیدا خێراتر بووە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کۆمەڵگای بۆرژوایی بەیارمەتی دامەزراوەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی، بەتاکە کەسیانە و دەوڵەتیەوە، کاریگەرییەکی پاشەکیانەی[٨] لەم بوارەدا مسۆگەر کرد کە ڕەنگە خودی ئەم کاریگەرییە پاشەکیانە، مەبەستی

٨- دووهەم - ثانوی.

سەرەکی و نیوە وشیارانەی ئەم کۆمەڵگا [بۆرژوایی] یەبوو: دابین کردنی ئەگەری ئەوەی کە خەڵک بتوانن لە دیتنی سیمای مەرگ، خۆبدزنەوە. ڕۆژگارێک مردن پرۆسەیەکی کۆیی و گشتی و لەلایەنێکەوە بەرجستەترین ڕووداوی ژیانی هەرتاکە کەسێک بوو، با نیگارەکانی سەدەکانی نێوەڕاست وەبیربێنینەوە کە تێیاندا مەرگ ئەو ڕایەخە بوو کە خەڵکان لە نیوّ دەرگای ئاوەڵای ژووری مردنەوە بەرەو لای پاڵ دەنران. لە سەردەمی نوێدا، مردن تادێ زیاتر لە پانتای جیهانی بەردەرکی زیندووەکان وەدەردەنرێ. پێش لەمە، ماڵ سەهلە، تەنانەت ژوورێک نەبوو مردنی بەخۆیەوە نەدیبێت. (سەدەکانی نێوەڕاست لە باری شێوێنیانەشەوە لەوەتێگەییبوو کە بۆ چی دروشمی هەڵکۆڵراوی سەر سەعاتی هەتاویی ئیبیزا ultima multis Ib-iza [بەمانای دوایین ڕۆژی مەخلووقان]، دەربڕی کەش و هەوای ئەو زەمەنەیە.) ئەوڕۆکە خەڵک لە ژوورگەلێکدا دەژین کە قەت مردنی بەخۆوە نەدیوە. ئەو خەڵکەی [چما] دانیشتوانی مردەڵۆخی هەرماوێتین، کە بەرەو کۆتاییش گل بوونەوە، میراتگرەکانیان لە حەسانگەی پیران یان نەخۆشخانەدا تۆماریان دەکەن.

بەڵام تایبەتمەندییەکی بەرچاو کە دێتەدیتن، ئەوەیە کە نەک تەنیا مەعریفە یان حیکمەتی مرۆڤ، بەڵکو لە سەرروو ئەوانەوە، ژیانی ڕاستەقینەی ئەو - واتە هەمان دەستمایەی سەرەکی داستانەکان-ە کە لە چرکەی گیانەڵاتدا و بۆ یەکەم جار شێوەیەکی لەگۆیزانەوە(٩) هاتوو لە خۆدەگرێ. ڕێک وەک چۆن لەگەڵ گەشتنی گیانکەنشتی هەرکەسدا، ڕێچکەیەک وێنە لەدەروونیدا دێتە بزووتن - کە دیمەنگەلێکی ژیانی دەردەخات کە تێیاندا ئەو بێ ئەوەی خۆی بزانێ چاوی بەخۆی کەوتووە - لە پڕ لەسیما و ڕوانینیدا ئەو حەقیقەتە لە بیرکردنەهاتووە سەر هەڵدەدات

٩- گواستنەوە - انتقال. مەبەست گواستنەوەی دۆخێکەیان زانیارییەک و حیکمەتێک لە کەسێکەوە.



و سامێک بەهەمموو شتەکانی پێوەندیدار بەو دەبەخشێ. هەمان ئەو سامەی تەنانەت بەدبەختترین هەژاریش لەکاتی مردنیدا، لە لای زیندووەکانی دەوروپشتی خۆیدا هەیەتی. ئەم سامە لە سەرچاوەی هەموو حەکایەتێکدا شاردراوەتەوە.

١١

مەرگ مۆڵەتنامەی هەموو ئەو شتانەیە حەکایەتخوان دەیانگێڕێتەوە. ئەو، ئۆتۆریتەی خۆی، لە مردنەوە وەرگرتووە. بەوتەیەکی دیکە حەکایەتەکانی ئەو لە مێژووی سروشتی بەڵگە دەهێننەوە. لە یەکێک لە جوانترین حەکایەتەکانی یووهان پیتەر هێبل - ی مەزندا ئەم خاڵە بەشێوەیەکی نموونە و بەرچاو باسکراوە. لە حەکایەتی وەسڵەتی دووبارەی چاوەڕێنەکراوی کتێبی سندووقی زەخیرەکانی هاوڕێی ڕاینی - دا ڕووبەڕووی ئەم خاڵە دەبینەوە. ڕووداوەکە بە[باسی] ڕێورەسمی دەزگیرانیی گەنجێکی کریکاری "کانە" کانی خەڵوزەوە دەسپێدەکات. زاوا لە شەوی زەماوەندەکەیدا بەمردنێکی شیاوی کانچییەک و لە قووڵایی تونێلێکدا دەمرێ، بەڵام بووکە، پاش مردنی ئەو پێی وەفادار ئەمێنێتەوە و هێندە دەژی تا دەبێتە ژنێکی پیرووپەککەوتە، ڕۆژێک تەرمێکی هەڵژەنراو لە سوولفاتی ئاسن لە تونێلەکەدا دەدۆزرێتەوە کە هەر سولفاتەکەش وایکردووە کە نەڕزێت. بەم جۆرە پیرێژنە دەزگیرانە گەنجەکەی خۆی دەناسێتەوە. دوای ئەم پێگەشتنە دووبارەیە، مەرگ ئەویش دادەگرێ. کە هێبل لە حەکایەتەکەیدا ڕووبەڕووی پێداویستیی بیچماندنی ئەم سەردەمە درێژە بۆوە، یارمەتیی لەم ڕستانە وەرگرت: «هەر لەم کاتەدا شاری لیسبون بەبوومەلەرزەیەک ڕووخا، جەنگە حەوت ساڵەکان هەڵگیرساوکوژاوە، ئیمپراتوور فرانسیسی یەکەم مرد، تاقەمی ژێزووئیت هەڵوەشاوە، پۆڵەندا دابەشکرا، ئیمپراتریس ماریل ترێزا فەوتی کرد، ئەستروئنسی لە داردرا. ئەمەریکا سەربەخۆیی وەرگرت، هێزە

هاوپەیمانەکانی فەرەنسا و ئیسپانیا نەیانتوانی جەبەلولتارق بگرن، تورکەکان ژەنەراڵ ئەشتاینیان لە ئەشکەوت و ترانێریان لە مەجارستاندا، زیندانی کرد و ئەمپراتوور ژۆزێفیش مرد، گۆستاوی پاشای سوێد ناوچەی فەنلەندای رووسیای داگیر کرد. شۆڕشی فەرەنسا و شەڕی گەورە دەستی پێکرد، ئەمپراتۆر لیۆپۆلدی دووهەم بەخاک سپێردرا، ناپلیۆن پرووسی داگیر کرد. ئەنگلیز، کۆپنهاگیان دایەبەرتۆپ، وەرزێران، تۆویان وەشاندو درەویان کرد، ئاشەوان گەنمیان هاڕی، ئاسنگەر پیکیان کوتا و کانچییەکان لە کارگە ژێر زەمینیەکاندا، بەدوای دەماری بەردی کاندا، زەمینیان هەڵکۆڵی، بەڵام ئەوکاتەی ساڵی ١٨٠٩ کانچییانی فالۆن...»

هیچ حەکایەتخوانێک ئائێستە نەیتوانیوە وەک هێبل هێندە قووڵ بەدڵی مێژووی سروشتیدا ڕۆبچێت و جێگە بکاتەوە. ئەم حەکایەتە بەووردی بخوێننەوە. مەرگ تێیدا بەهەمان ڕێکیەتیی دەرکەوتنی پەیکەرەی درەووان[١٠] لە ڕیزی پەیکەرەکانی بورجی سەعاتی کەنیسەی جامیع لەکاتی نیوەڕۆدا، دەردەکەوێت.

## ١٢

لێکدانەوەی هەر فۆرمێکی حەماسی ناچارە لە کۆڵینەوەی پێوەندیی ئەم فۆرمە حەماسییە لەگەڵ مێژوونووسیدا، لە ڕاستیدا دەکرێ هەنگاوێک بچینە پێشتریشەوە و بپرسین ئاخۆ مێژوونووسی هەمان بنەڕەتی هاوبەشی هەموو شێوە حەماسییەکان پێک ناهێنێ؟ ئەگەروابێ، مێژووی نووسراو، هەمان پێوەندی لەگەڵ فۆرمە حەماسیەکاندا دەبێ کە نووری سپی لەگەڵ ڕەنگەکانی تەیفی (کۆتیشکی) مەنشوور(بارستاییەکی هیندسییە)

١٠- مەبەست لە درەووان فریشتەی مەرگە کە بەزۆری لە شێوەی کۆئێسکێکی کفن لەبەر و داس بەدەست لە بەرهەمی هونەری و زەخرەفەییدا دەردەکەوێت. ئەم وێنە بۆ نموونە لە پەیکەرە کۆکییەکانی سەعاتی گەورەی شارەکانی سەدەکانی نێوەڕاستدا، دەردەکەوێت.



[هەیەتی]. وێڕای ئەمانە، لە نێو هەموو فۆرمە حەماسیەکاندا، فۆرمێک نییە کە دەرکەوتەکەی لە نووری لاپ و بێ ڕەنگی مێژووی نووسراودا، لە کرۆنیکل[١١] بنەبڕتر بێت. وەکی تریش لەتەیفی بەربڵاوی کرۆنیکلدا، ئەوشێوازانەی بکرێ پێیان حەکایەتێک بگێڕدرێتەوە وەک پلەکانی تاریکی و ڕووناکیی ڕەنگێکی یەکە پلەبەندی دەکرێ. گێڕەوەری کرۆنیکل هەمان ئەوکەسەیە ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕێتەوە. ئەگەر بۆ بەشێک لە حەکایەتی هێبل بگەڕێینەوە و تێی ڕامێنین، واتە ئەوبەشەی دەنگی تایبەتی کرۆنیکلی پێوەدیارە، بەراوردی جیاوازیی نووسەری مێژوو واتە مێژوونووس لەگەڵ بێژەری مێژوودا، واتە گێڕەوەری کرۆنیکل [کاریکی] دژوار نابێت. مێژوونووس بەناچاری دەبێ بەجۆرێک ڕووداوەکانی خولی مەبەستی خۆی ڕوونبکاتەوە، ئەو بەهیچ جۆرێک ناتوانێ بەوێنەکێشانی ئەم ڕووداوانە وەک سەر نموونەگەلی ڕەوتی جیهان، پێمل بێت. بەڵام گێڕەوەرانی کرۆنیکل ڕێک ئەم کارە دەکەن و بەتایبەت نموونە کلاسیکیەکانی ئەم تاقمە، واتە گێڕەوەرانی کرۆنیکلەکانی سەدەکانی نێوەڕاست کە هەمان پێشینانی مێژوونووسانی ئەمڕۆکەن، بەدانانی بنەڕەتی حەکایەتە مێژووییەکانی خۆیان لە سەر جۆرە نەخشەیەکی خواییانە بۆ ڕزگاری و بەختەوەریی مرۆڤایەتی - ئەویش بەنەخشەیەکی سڕۆک و لێڵەوە - هەر لە سەرەتاوە لەژێر ڕوونکردنەوەی لە لێکوڵینەوە و بەڵگاندن هاتوو[ی ڕووداوی مێژوویی] دەردەچوون. ئەم ڕوونکردنەوە جێگەی بۆ لێکدانەوە و ڕاڤە چۆڵ کرد کە [لێکدانەوە و ڕاڤە]، مەبەستی وەسفی وردی زنجیرە ڕووداوی دیار نییە، بەڵکو چۆنیەتی ڕیز بەستنی ئەم ڕووداوانە لە بەستێنی ڕەوتی زەمەندەو ڕازاویی جیهاندا، دەپشکنێ.

١١- مەبەست لە کرونیکل لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژئاوادا ئەو شێوە حەماسەی سەدەکانی نێوەڕاستە کە باسی ژیان و کرداری شاو پاڵەوانانی نەتەوەکان دەکات. هەڵبەت دەبێ لە بیرمان بێت لە مێژوونووسیی مۆدێرندا، ئەم وشە بەمانای گاڤژمێرییە. و.ف.

ئەم ڕەوتە، ناوەرۆکێکی مەعادنەسەکیی هەبێ یان بەرەوتێکی سروشتی دابندرێ، لە هەر دووباردا هیچ جیاوازییەک لەبابەتەکەدا ناخاتەوە. کەسایەتیی گێڕەوەری کرۆنیکل لە شێوەیەکی گۆڕاودا، واتە لە شێوەیەکی دونیاییدا، لە کەسایەتیی حەکایەتخواندا دەپارێزرێ و ئەم تایبەتمەندییە لە بەرهەمەکانی لێسکۆفیشدا بەڕوونی دەبیندرێ، کەسایەتی گێڕەوەری کرۆنیکل بەهەڵوێستی مەعادناسەکیانەی خۆیەوە و کەسایەتی حەکایەتخوان بەڕوانینی دونیایی خۆیەوە، هێندە لە بەرهەمەکانی لێسکۆفدا ڕەنگیان داوەتەوە کە لە هەندێ حەکایەتی لێسکۆفدا دژوارە دیاری بکرێت ئەو تەنراوە(بافت)ی ئەم دوو کەسایەتییە تێیدا دەردەکەون، تەنراوکی (بافتە) زێڕینی ڕوانینی دینیە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان یان تەنراوکی ڕەنگامەی ڕوانینی دونیایی.

حەکایەتی زەبەرجەد کە خوێنەر بۆ ڕابردوو دەباتەوە لە بەرچاوبگرین، «بۆ ئەو ڕۆژگارە کەوناراییانەی بەردی دڵی زەوی و ئەستێرەی لووتکەی مینوو، هێما نێگەرانی چارە نووسی مرۆڤ بوون و نەک بۆ سەردەمی مە، کە تێیدا هەرچی لە ئاسمان و ژێرەوەی زەوییە، بێ خەمی قەدەری ڕۆڵەکانی ئادەمە و چ دەنگ لە هیچ کوێوە نایاندوێنێ، چ بگا بەوەی بەرەولای خۆی بانگیان بکا. چیتر چ ئەستێرەیەکی نەناسراو لە [دیاریکردنی] کاتی لە دایکبوونی مرۆڤدا دەور ناگێڕی، و گەلێ بەرد و مانگی نوێ بارستایی و قورسایی و چەگالییان دەحسبێ، کەچی ئیدی هیچ ندایەکمان پێ نادەن و بەهرەیەکمان پێ نابەخشن. سەردەمی هاودەنگیی ئەوان لەگەڵ مرۆڤ، تێپەڕیوە.»

وەک دیارە، دیاریکردنی ڕەوتی جیهان کە لەم حەکایەتەی لێسکۆفدا وێنەکێشراوە، بەشێوەیەکی ڕوون و ناڵێڵ، گەلێک دژوارە. ئەم ڕەوتە بەلایەنی مەعادناسییەوە بابەتیەتی وەردەگرێ. یان بەشێوەیەکی سروشتی؟ تاکە خاڵی بنەبڕ ئەمەیە ئەم ڕەوتە لەزاتی خۆیدا، بەپێی پێناسە، لە هەموو وتەزا واقیعیەکانی مێژوو، بەدەرە، لێسکۆف پێمان دەڵێ ئەو سەردەمەی



مرۆڤ پێی وا بوو لەگەڵ سروشتدا هاودەنگ و هاوئاهانگە، تێپەڕیوە. شیللێر ئەم سەردەمەی لە مێژووی جیهاندا بەخولی «شیعری کرچ و کاڵ poetry naive ناو ناوە[۱۲]. کەچی حەکایەتخوان هێشتا بڕوای بەو سەردەمە هەیە و چاو لەو سەفحەی سەعاتە کە هەڵناگرێت، ئەو سەفحەی لە بەردەمیدا گالیسکەی مەخلووقات دەکشێ و مەرگ هەندێ جار ڕێبەریانە و هەندێ جار دوایین پاشماوەی بەلالێدراوی ئەم گالیسکەیە.

## ۱۳

کەم پەی بەم خاڵە براوە کە گرێدراوێتیی ساکاری naive گوێگر بەحەکایەتخوانەوە، بەرهەمی سۆزی گوێگرە بۆ لەبەرکردنی ئەو حەکایەتەی کە دەگێڕدرێتەوە. خاڵی سەرەکی بۆ گوێگرێک کە ناچێتە ژێر کاریگەرێتییەوە، دڵنیاکردنەوەی خۆیەتی لە توانای سازکردنەوەی ئەو حەکایەتە. یادەوەری هەمان توانای حەماسیە بەمانای پڕ بەپێستی وشەکە. تەنیا بەبەرەکەتی یادەوەرییەکی گشتگرەوەیە کە نووسینی حەماسی دەتوانێ لە لایەکەوە ڕەوتی ڕووداوەکان لە خۆیدا بتوێنێتەوە و لە لایەکی دیکەوە، هاوکاتی تێپەڕینی ئەم ڕووداوانە لەگەڵ دزەی مردن ئاشتی بکات. [هەروەها] سەیریش نییە کە لە چاوی کەسێکی ئاسایی و ئۆمییەوە، کەسێک لەو کەسانەی لێسکۆف کە لە حەکایەتەکانیدا دەیانئافرێنێ، تزار، واتە خوداوەندی هەرێمی ڕوودانی حەکایەتەکانی لێسکۆف، یادەوەرییەکی گشتگری هەیە. ئەو دەڵێ: «ئیمپراتۆری مەو یەک بەیەکی بنەماڵەی، بەڕاستی سەیر و سەمەرەترین یادەوەرییان هەیە.»

نیمۆزینی[۱۳] Mnemosyne، ئەوکەسەی هەموو شتێکی لەبیرە،

۱۲- لەم بارەوە بڕوانن بۆ وتاری بەناوبانگی شیللێر: سەبارەت بەشیعری ساکار و هەستیارانە onnaive and senti mantal poetry.

۱۳- نیمۆزینی لە ئوستووەرکانی یۆناندا خواگچکەی بیرەوەری و دایکی (مووز)ەکان، یان خواگچکەکانی هونەرە.

لەلای یۆنانیان خوای Muse هونەری حەماسە بوو. ئەم ناوە، کەسی بینەر دەباتەوە بۆیەک ڕێگەیە دووریانی مێژووی جیهان. چونکوو ئەگەر ئەو گوزارشتەی یادەوری هەڵیدەگرێت - واتە مێژوونووسی - پارێزەری قاڵب و چوارچێوەی داهێنەرانەی شێوە جۆراوجۆرەکانی حەماسەیە (هەر چۆن بەرهەمە پەخشانییە گەورەکان، قاڵبی داهێنەرانەی شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمی هۆنراوەییە)، کۆنترین شێوەی گوزارشت، واتە حەماسە، بەودمی ئامادەیی خۆی وەک جۆرە چاوگێکی هاوبەش، حەکایەت و ڕۆمان دەگرێتەوە. کاتێک لەڕەوتی سەدەکاندا ڕۆمان بەهێوری لە دڵی حەماسەوە سەری هەڵدا، دیارکەوت کە لە ڕۆمان_دا، توخمی زەینی حەماسی کە ڕەگەکەی لە خوای هونەر - واتە بیرەوەریی - دایە، خۆی لە شێوەیەکدا دیاردەخات کە پاک لە شێوە دەرکەوتنی لە حەکایەتدا جیاوازە.

بیرەوەری زنجیرە سوننەتێک دادێنێ کە ڕووداوێک لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە دەگوێزێتەوە. بیرەوەری بەمانایەکی بەربلاوتر، هەر ئەو توخمەی هونەری حەماسییە کە ڕەگی لە خوای هونەردایە و شێوە جۆراجۆرەکانی هونەری حەماسی دەگرێتەوە و لە نێوان ئەم شێوە جۆراوجۆرانەشدا، ئەو شێوەی حەکایەتخوان کاری پێدەکات، لەپێشە.

ئەم شێوە دەسپێکەری ئەو تەنراوکەیە[١٤] کە لە ئەنجامیدا لە پێوەندیی هەموو حەکایەتەکانەوە، بەرهەمدێت، لەم قوماشەدا، هەر حەکایەت یان تاڵێک پەیوەستی حەکایەتەکەی دواتر [ی خۆی] دەبێ و حەکایەتخوانانی مەزن، بەتایبەت حەکایەتخوانانی ڕۆژهەڵاتی، هەمیشە ئەم خاڵەیان لە بەر چاو گرتووە. لە سیمای هەکام لەم حەکایەتخوانانەدا دەکرێ شەهرزادێک بدۆزرێتەوە کە لەگەڵ نێزیکبوونەوە لە ئەنجامی حەکایەتێک، بیر لە حەکایەتێکی دیکە دەکاتەوە. ئەمە هەمان بیرەوەریی حەماسی و ئەم

١٤- تەنراوک: قوماش - پارچە - بەڵام دووناوەکەی دیکە مەبەستی نووسەر ناپێکن. و. ک.



توخمەی گێڕانەوەیە کە لە خوای هونەرەوە ئیلهام وەردەگرێ. بەڵام ئەم بنەما (ئەسڵ -Principle) دەبێ بەرامبەر بنەمایەکی دیکە دابنرێ کە ئەویش دیسان توخمێکی ڕسکاوی خوای هونەرە لە شێوەیەکی بەرتەسکتردا و لە پێگەی توخمێکی ڕۆمان لە شێوە سەرەتاییەکەی [ڕۆماندا] - واتە لەحەماسەدا - شاراوە دەمێنێتەوە و لە توخمی حەکایەت کە ئاخێزگەیەکی هاوشێوەی [حەماسە]ی هەیە، جوێ ناکرێتەوە. بەکورتی، ئەم توخمە جارجارە لە حەماسەدا دەکرێ ببینرێتەوە، بەتایبەت لە چرکە بەشکۆو شکۆمەندەکانی حەماسە هوومەریەکاندا، بۆ نموونە لە پاڕانەوە لەدەرگای خوای هونەر Muse لە سەرەتای ئەم حەماسانەدا. ئەوەی لەم پارچەیانەدا خۆی دیاردەخات، یاد rememberance ی ڕۆماننووسە لە هەمبەر یادهێنانەوەی reminiscence کورت و تێپەڕی حەکایەتخواندا. لەم دووانە، یەکەمیان بۆ پاڵەوانێک، ئۆدیسیەیەک، شەڕێک تەرخان دەکرێ، و دووەمیان تەرخانی گەلێ ڕووداوی پچڕپچڕ. بەوتەیەکی دیکە، ئەمە یادە کە وەک توخمێکی هونەری ڕۆمان، دەخرێتە سەر یادهێنانەوە، کە هاوتای [یادە] لە حەکایەتدا، چونکوو یەکگرتوویی ئاخێزگەی ئەم دوو توخمە لە بیرەوەریدا، پێشتر هاوکاتی سڕانەوەی حەماسە، سڕابۆوە.

## ١٤

پاسکاڵ جارێکیان وتبووی «کەس هێندە بەهەژاری نامرێت هیچ میراتێکی لێ نەکەوێتەوە.» بێگومان ئەم وتە سەبارەت بەبیرەوەریش ڕاست دەردەچێت - ئەگەرچی هەندێ جار بیرەورەییەکان بێ میراتگر دەکەونەوە. ڕۆماننووس بەرپرسیایەتی ئەم میراتە لە ئەستۆ دەگرێ، بەرپرسایەتیەک کە تەنیا بەدەگمەن مالیخولیایەکی قووڵی لەگەڵ نییە. ئەوشتەی ئارنۆڵد بێنێت A.Bnnett لەڕۆمانێکیدا دەربارەی ژنێکی مردوو دەیڵێ، واتە ئەوەی کە [دەڵێ] ئەو بەگشتی لە ژیانی واقیعی بێ

نسیب بوو - بەگشتی دەربارەی هەموو ئەو تاقەمەی ڕۆماننووس پێشەوایانە، ڕاستە. سەبارەت بەئەم لایەنەی پرسەکە، باشترین بەسیرەتی ئێمە دیاریی جۆرج لووکاچ-ە کە ڕۆمان بە«بیچمی دەربەدەریی بەرزەکیانە» دەزانێ، بەڕای لووکاچ، ڕۆمان لە هەمانکاتدا تاقە شێوەی هونەرییە کە زەمەن یەکێکە لە بنەما ڕاگرەکانی. لووکاچ لە تیۆری ڕۆمان - دا دەڵێ:

**«زمان تەنیا ئەوکاتە دەتوانێ ڕاگرو ڕۆنەر بێت کە پەیوەست بوونەوەیەک بێت بەماڵی بەرزەکیانەی transcendental لە کیس چۆوە. تەنیا لەڕۆماندایە کە واتاو ژیان و، بەپێی ئەویش، توخمی جەوهەری و توخمی زەمەنی لێکتر جوێ دەبنەوە. تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین هەموو کردەیەکی دەروونیی ڕۆمان، چ نییە جگە لە شەڕێک لەگەڵ هێزی زەمەندا... و لە دڵی ئەم شەڕەوە... ئەزموونی ڕەسەنی حەماسی لە زەمەنەوە هەڵدەستێ: هیوا و بیرەوەری... تەنیا لە ڕۆماندایە کە... بیروەرییەکی داهێنەر سەرهەڵدەدات کە بابەت یان بەرهەم [لە جێدا] زنج(*) دەکات و وەریدەچەرخێنێ... سووژە «تەنیا» ئەوکاتە دەتوانێ بەسەر دوانەیی ژیانی دەروونی و جیهانی دەرەوییدا زاڵ بێت کە لە توێی ڕەوتی ژیانی تێپەڕیوی کەڵەکە بووی نێو بیرەوەریدا.... یەکگرتوویی هەموو ژیانی خۆی ببینێت. ئەو بەسیرەتەی لەم یەکگرتووییە تێدەگات... دەگۆڕێت بۆ تێگەشتی غەیبی - شهوودیی واتای دوورەدەست و بەدواشیدا لەدەربڕین نەهاتووی، ژیان.»**

«واتای ژیان» بەحەقیقەت تەوەری سووڕانی ڕۆمانە. بەڵام پشکنینی ئەم واتا چ نییە جگە لە دیارکەوتنی سەرەتاییانەی عەڤدالی، هەمان ئەو عەڤدالییەی کە خوێنەر لەرێگەی ئەوەوە خۆی لە [دۆخی] ژیان کردنی ئەو ژیانە نووسراوەدا دەبینێ. لێرەدا «مانای ژیان» و لەوێدا «ئەخلاقی حەکایەت»: بەم دروشمانەوەیە کە ڕۆمان و حەکایەت ڕووبەڕووی یەکتر

* زنج کردن - بەرامبەر میخکوب کردن ی فارسی - ڕاگرتی. لە جێگەی خۆدا لەبەرحەبرەت یان تۆقین یان ڕامان، تۆقین چەقین.



دەبنەوە و لەرێگەی ئەم دروشمانەوەیە کە دەکرێ تایبەتمەندیی مێژوویی پاک جیاوازی ئەم شێوە هونەریانە، دیاری بکرێ. ئەگەر دۆن کیشۆت یەکەم نموونەی تەواوی ڕۆمانە، ڕەنگە دوایین نموونەی [ڕۆمانێکی تەواو] پەروەردەی سۆزیانە Education sentimentale [ی فلۆبێر] بێت.

لە گوزارەی کۆتایی ڕۆمانە دواییەکەدا ئەو واتای کە سەردەمی بورژوازی لە سەرەتای بەرەو ڕووخان بوونەوەی خۆیدا، دۆزیبوویەوە، مینای پڵتەیەک لە بنی دەفری ژیاندا هەڵنیشتووە. فرێدریک و دۆلوورییە، هاوڕێیانی سەردەمی منداڵی، بیر لە بیرەوەری هاوبەشی کاتی لاویی خۆیان و ڕووداوێکی ئاسایی ئەوسادەکەنەوە: ڕۆژێکیان بەدزی و شەرمەوە چوونە ماڵی سۆزانییەکانی شار، دەستە گوڵێکیان لە باغچەی ماڵەوەیان کردبوو. گوڵەکەیان بەدیاری دایە خانمی بەرپرسی ئەوێ و چی تریان نەکرد. حەکایەتی ئەم ڕووداوە تا سێ ساڵ لە سەرزمانیان بوو. ئێستە هەرکەس ئەو بیرەوەرییەی بەتامەزرۆییەوە دەگێڕاوە، و شتێکی دەخستە سەر بیرەوەریی ئەویدیکە. کاتێک بیرەوەرییەکەیان بەتەواوی گێڕاوە فرێدریک وتی: ڕەنگە ئەمە باشترین ساوکەی ژیانمان بووە.»

بەوەها بەسیرەتێکەوە ڕۆمانەکە کۆتایی دێت، ئەوکۆتاییەی کە بەوتەیەکی وردتر، زیاتر لە هەر حەکایەتێکی دیکە شیاوی ئەم ڕۆمانەیە. لەڕاستیدا هیچ حەکایەتێک نییە کە پرسیار دەربارەی چۆنیەتی بەردەوامییەکەی، پرسیارێکی نابەجێ بێت. لەلایەکی دیکەوە. ڕۆماننووس قەت بەهیوای ئەوەنییە هەنگاوێک بچێتە ئەولای دوا سنووری ڕۆمانەوە. ئەو سنوورەی کە تێیدا بەنووسینی وشەی «کۆتایی» بانگێشتنی خوێنەر، بەرەو دەرکێکی دەروونیی مانای ژیان دەکات.

## ١٥

گوێگری حەکایەت، هاونشینی حەکایەتخوانە، تەنانەت ئەوکەسەش کە حەکایەتێک دەخوێنێتەوە، بەشداری ئەم هاونشینیەیە، بەڵام خوێنەری

ڕۆمان زیاد لەهەر خوێنەرێکی دیکە لانەوازە (چون تەنانەت خوێنەری شیعرێکیش، چما گورێگرێکی دیکە ئامادە بێت، دەیەوێ بەدەنگی بەرز بیخوێنێتەوە). خوێنەری ڕۆمان لە تەنیایی و پەرتەوازەییدا بەئێرەییەکی زیاد لە هەر کەسێکی دیکەوە، ئاوێتەی بابەت [ڕۆمان] دەبێ، چما خۆی ئامادە کردووە پاکی ڕۆمانەکە بکاتە هی خۆی و تێکڕا هەڵی لووشێت. ئەو (خوێنەری ڕۆمان) لە ڕاستیدا ڕووخێنەرێکە و مینای ئاگرێک لە پووش و پەڵاش بەربێ، بابەتەکان قووت دەدات. ئەو هەستی تەعلیق suponse و هەژانەی لە ڕۆماندا دەشەپۆلێ، ڕێک وەکوو با-یە، کە کڵپەی ئاگرەکە خێراتر و گەمەی گڕەکان سووتێنەرتر دەکات.

ڕۆمان ئەو پووش و پەڵاشە وشکەیە کە تامەزرۆیی و گڕۆیەتیی ئاگراویی خوێنەر، لەبەری ئەو دەخوات. مۆرتیز هایمان moritz Heimann دەیگوت: «ئەو پیاوەی لە سی و پێنج ساڵاندا دەمرێ، لە هەر چرکەیەکی ژیانیدا هەمان پیاوە کە لە سی و پێنج ساڵاندا دەمرێ.» چ شتێک هێندەی ئەم ڕستە جێگەی گومان نییە، تەنیا لە بەرئەوەی کاتی ئەم ڕستە هەڵەیە. بەپێی ئەو حەقیقەتەی کە مەبەستی بێژەری ئەم ڕستە بووە، ئەو پیاوەی لە سێ و پێنج ساڵاندا مرد، لە هەر چرکەیەکی ژیانیدا، لە چاوی یاد دا وەک پیاوێک کە لە سی و پێنج ساڵاندا دەمرێ، دەردەکەوێت. بەوتەیەکی دیکە، ئەو گوزارەی بۆ ژیانی ڕاستەقینە مانای نییە، بۆ ژیانی بەیاد هێنراو، دەبێتە شتێکی بەدەر لە گومان. جەوهەری کەسایەتیی ڕۆمانێک، ئەوەندەی لەم ڕستەدا مسۆگەر کراوە لە هیچ جێگەیەکی دیکەدا بەم باشیە نیشان نەدراوە. ئەم ڕستە دەڵێ: «مانای ژیان»ی ئەو کەسایەتییە تەنیا لە مەرگی ئەو [کەسایەتییە]دا ئاشکرا دەبێ. بەڵام خوێنەری ڕۆمان لەڕاستیدا عەڤداڵی مرۆڤێکە «مانای ژیان» لە چارەنوسیان هەڵهێنجێ. کەوابوو ئەو دەبێ، وێڕای هەمووشتێک پێشەکی لە بیری بێت لە ئاکامدا دەبێتە شەریکی ئەزموونی ئەوان لە مەرگ: ئەگەر پێویست بێت [ببێتە هاوبەشی] مەرگی مەجازیی ئەوان - کەهەمان کۆتایی ڕۆمانە - و یان چاکتریش [هاوبەشی] مەرگی ڕاستەقینەی ئەوان. کەسایەتیی ڕۆمان چۆن لە خوێنەر دەگەیەنن کە مەرگ پێشەکی چاوەڕێیان دەکات، مەرگێکی تەواو دیاریکراو لە شوێنێکی بەتەواوەتی دیارکراودا؟ ئەم پرسیارەیە کە گڕۆیەتیی تامەزرۆیانەی خوێنەر بۆ ڕووداوەکانی ڕۆمان بەخێو دەکات.

کەوا بوو گرینگیی و مانای ڕۆمان لە بەر ئاشکرا کردنی چارەنووسی کەسایەتیەکی دیکە بەشێوەیەکی پەندییانە نییە، بەڵکو ڕۆمان گرینگە چون چارەنووسی کەسی بێگانە، بەودمی ئەو کڵپانەی دەیسووتێنن، گەرماییەکمان پێدەبەخشێ کە چ کات لە چارەنووسی خۆمانەوە [ئەو گەرماییەمان] بۆ مسۆگەر نابێت. ئەو شتەی خوێنەر بەرەو ڕۆمان ڕادەکێشێ، هیوای گەرم کردنەوەی ژیانی سەهۆڵاوی و لەرزۆکی خۆیەتی بەو مەرگەی [خەریکە] لەبارەیەوە دەخوێنێتەوە.

١٦

گۆرکی نووسیویەتی: «لێسکۆڤ نووسەرێکە قووڵتر لە هەموو کەس بەکەلتووری خەڵکدا ڕۆچووە و هیچ دەوسێکی کاریگەرێتیی بێگانەی لە سەر نییە.» حەکایەتخوانی مەزن هەمیشە لە دڵی خەڵکەوەو بەتایبەت لە هەوێڵی کاسبکار و پیشەسازانەوە دێت. بەڵام هەر بەهۆی ئەوەی ئەم هەوێڵە گەلێ توخمی گوندی و زەریایی و شارستانیی لە قۆناغی جیاجیای وەرچەرخانی ئابووری و فەننیی ئەواندا، گرتۆتە خۆ، ئەو چەمکانەی لە ڕێگەی گەنجینەی ئەزموونیانەوە دەگاتە ئێمە، چەندین پلەی هەیە (جیا لە ڕۆڵی بازرگانان لە هونەری حەکایەتخوانیدا، کە بەهیچ شێوە کەمیش نەبوو، [کە] ئەرکی ئەوان (بازرگانان) بەزۆری فراوانتر کردنی بابەتی پەنددەرانەی حەکایەت و بژارکردنی تەکنیکگەلی تایبەتی ڕاکێشانی گوێگر بوو. شوێن پێی قووڵیان لە کۆمەڵەی چیرۆکیی هەزار و یەک شەودا دەدرەوشێتەوە) بەکورتی وێڕای ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتیی حەکایەتخوان لە

بنەماڵەی مرۆڤایەتیدا، ئەوچەمکانەی بکرێ بەیارمەتییان [بەری] حەکایەتەکان پاشەکەوت بخرێت، چەمکگەلێکی فرەڕەنگ و جیاوەکراون. ئەو چەمکانەی لە بەرهەمەکانی لێسکۆفدا دەتوانن زۆرسانا بەیارمەتی زاراوەگەلی دینی دەر ببڕدرێن، لە بەرهەمەکانی هێبلدا دەڵێیی [بێ پاڵنان] لەخۆڕا لە ئاسۆگەی پەروەردەیی سەردەمی ڕۆشنگەریدا، خۆدەبیننەوە.

ئەم چەمکانە لە بەر هەمەکانی ئالێنپۆدا لە شێوەی سوننەتی ڕەمزیدا hermetic دەردەکەوێ و لە ئاکامدا لە بەرهەمی کێپلینگ kipling دا لە ژیانی زەریاوانە ئینگلیزی و سەربازانی کۆلۆنیەکاندا، دوایین پەناگەی خۆیان دەدۆزنەوە. هەموو حەکایەتخوانە گەورەکان خاوەن سەربەستیەکی کردەوەن کە بەیارمەتی ئەو سەربەستیە لە پلیکانی ساوکەی پەیژە ئاسای خۆیانەوە خوار و ژوور دەکەن. ئەم پەیژە، کە بنکی لە قووڵایی زەمیندایە و سەرەکەی دیکەی لە هەوایە، ئێماژی ئەو ئەزموونە کۆییەیە کەتەنانەت توندترین لەرەی هەر ئەزموونێکی تاکەکەسی، واتە مەرگە، بەربەست و دیواری بەرامبەر هەڵناچنێ.

بەوتەی داستانی پەریلان: «دوای ئەوە بەخۆشی و شادی ژیان.» داستانی پەریلان کەتا ئەمڕۆکەش یەکەم مامۆستای منداڵانە، چونکوو سەردەمێک ڕاستەقینەترین مامۆستای مرۆڤ بوو، بەشاراوەیی لە حەکایەتدا دەژی. یەکەم حەکایەتخوانی ڕاستەقینە، گێڕەوەری حەکایەتی پەریلانەو دەبێ. هەرکات حەوجە دەکەوتە پەندێکی چاکە، لە داستانی پەریلاندا دەیاندۆزییەوە و کە پێویستی، زێدەتر بوایەت، هاوڕییەتی ئەو نێزیک و بەردەستتر، ئەم پێویستیە خولقاوی ئوستوورەیە. داستانی پەریلان باسی یەکەم هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ڕزگاری لە دەست ئەو مۆتەکەی ئوستووره ناویەتە سەرسنگی، دەکات. داستانی پەریلان لە سیمای کەسایەتیی «گێل»دا نیشانمان دەدات کە مرۆڤ چۆن چۆنی لەبەرامبەر ئوستوورەدا «گێلبازی» دەکات، لەکەسایەتیی «بچووکترین برا»دا دەریدەخات کە چۆن بەخت و شانسی کەسەکە، بەتێپەڕاندنی چاخە



سەرەتاییەکانی ئوستووره، زۆر دەبێت، و لە سیمای ئەوپیاوەدا کە هەوڵدەدات لە مانای ترس تێبگات، نیشانمان دەدات کە چۆن دەکرێ لە قووڵایی ئەو شتانەی دەبنە هۆی ترس و تۆقینی ئێمە، ڕابمێنین، لە کەسایەتی پیاوێکی بانگەشەکەری هزردا پێمان پێشان دەدات کە ئەو پرسیارانەی ئوستووره بۆمان دەردەخات، وەک مەتەڵەکانی ئەبولهەول sphinx پرسیاری ساویلکانەن، لە شێوەی هەندێ حەیواندا کەلە داستانی پەریلاندا دێنە یارمەتی منداڵان، نیشانمان دەدەن کە سروشت بەتەنیا خزمەتکاری ئوستووره نییە، بەڵکو زیاتر حەز دەکات کە هاوڕێ و هاودەمی مرۆڤ بێت. زیرەکانەترین شتێک – ئەو جۆرەی داستانی پەریلان لە کۆنترین کاتەوە فێری مرۆڤی کردووە، ئێستە بەمنداڵانی ئێمەی فێر دەکات – ڕووبەڕوو بوونەوەی زیرەکانە و بوێرانەی هێزەکانی جیهانی ئوستوورەییە. (بەم جۆرەشە داستانی پەریلان، ئاوەڵناوی ئازایەتی Mut، بەشێوەیەکی دیالێکتیکی بەسەر دووتەوەری زیرەکی Untermut و بوێری Ubermut دا دابەش دەکات). ئەو جادووە ڕزگاریدەرەی لە بەردەست داستانی پەریلاندایە، بەشێوەیەکی ئوستورەیی سروشت ناهێنێتە نێو ڕووداوەکانەوە، بەڵکو لێرەدا سروشت دەبێتە هاوڕێی یاریدەری مرۆڤی ڕزگار بوو. مرۆڤی باڵغ و بەئەزموون ئەم هاوڕێتی و یارمەتییە بەتەنیا هەندێ جار ئەویش لەکاتی شادیدا، هەست دەکات: بەڵام منداڵ سەرەتا لە گەڵ ئەم هاوڕێی و هاودەنگییەی سروشت، لە داستانی پەریلاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و، هەر ئەم بابەتە شادی دەکات.

١٧

کەم حەکایەتخوان بەقەد لێسکۆف پێوەندییەکی هێند قووڵیان لەگەڵ ڕۆحی داستانی پەریلان دامەزراندووە. ئەم پێوەندییانە هەڵگری هەندێ گرۆیەتیە کە بنەماکانی بڕوای کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی هاندەرو دامەزرێنەری بووە. وەک هەموانیش دەزانن، بیرو ڕامانی تیۆریکی

ئۆریگن[١٥] origen لە مەڕ Apokatastoisis یان هەڵکشانی هەموو گیانەکان بۆ بەهەشت - کە کەنیسەی ڕۆمی [کاتۆلیک] بەرپەرچی دابۆوە، دەورێکی گرینگ لە بنەمای ئەم بڕوایانەدا، دەگێڕێ. لێسکۆف لە ژێر کاریگەریی خەستی ئۆریگندا بوو و بەنیاز بوو کتێبی دەربارەی بنەما پێشینەکانی cnfirst principles ئەو وەربگێڕێت.

ئەو هاوکاتی بڕوای گشتیی ڕووسی، هەستانەوەی زیاتر بەجۆرە ئەفسوون سڕینەوە و بەتلانی سێحرێک، وەک ناوەرۆکی داستانی پەریلان دەزانی، تا وەکوو [جۆرە] گۆڕان و شێوەگۆڕکێیەک Transform ئەم جۆرە لێکدانەوەی بیروڕاکانی ئۆریگن بناخەی حەکایەتی زەواری ئەفسوونکراو- The Enchanted Pilgrim لەم چیرۆکەدا وەک زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەی لێسکۆف، لەگەڵ ناوەرۆکێکی دوانە یان تیکەڵێکی داستانی پەریان و ئەفسانەی پاڵەوانیدا، ڕووبەڕوو دەبینەوە کە لە پێکهاتەی دوانەی مەبەستی ئێرنێست بلۆخ دەچێ، ئەو پێکهاتەی کە بلۆخ لە بەشێکی باسەکەیدا ئاماژەی بۆ دەکات و هەر لەم بەشەشدایە کە جیاوازیی نێوان ئوستوورە و داستانی پەریلان - بەو شێوەی مەبەستی ئێمەیە - بەکار دەهێنێ.

بلۆخ ئەڵێ: «پێکهاتەی دوانە یان دوو ڕەگەی نێوان داستانی پەریلان و ئەفسانە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری هەندێ توخمە، کە لەلایەنی بەلاغییەوە ئوستوورەیین، توخمێکی ئوستوورەیی کە کاریگەرییان بێگومان کاریگەرییەکی سیحراوی و بەردەوامە و لەگەڵ ئەمەشدا، لە

١٥- فەیلەسووف و موتەئەلیهی مەسیحیی سەدەی ٢ و ٣ی زایینی و لە بیرمەندە گرینگەکانی سەرەتای مەسیحییەت کە بۆ یەکەمجار هەوڵی دا فەلسەفەو کەلتووری یۆنانی بەتایبەت ئەندێشەکانی ئەفلاتوون لەگەڵ ئەندێشەی دینیدا، ئاوێتە بکات. بەبڕوای ئەو سزای دۆزەخ ئەبەدی نییەو شەیتان دواییێن کەسێکە ڕزگاری دێت.



ئەزموونی مرۆڤی بەدەر نییە. لە ئەفسانەدا هەندێ سیمای دائۆئیست Tnaist، بەتایبەت هەندی سیمای گەلێک کەونینە ئامادەیە کە بەم مانایە «ئەساتیری»ن - بۆ نموونە: فیلەمۆن Philemon و باوسیس Baucis ئەوان بەجۆرێکی جادوویی هەڵدەهاتن، ئەگەرچی هێورییەکی ئاساییان هەبوو[١٦]. بێگومان لە کەشوهەوای دائۆئیستیی حەکایەتەکانی گۆتهۆڵفیشدا ئەم پێوەندییەی نێوان داستانی پەریان و ئەفسانە هەیە، ئەگەرچی داستانەکانی گۆتهۆڵف بێگومان لە ئاستێکی نزمتردایە. حەکایەتی گۆتهۆڵف هەندێ کاتی تایبەت، ئەفسانە لە پانتای تەلیسم و جادوو دادەبڕێ و کلپەی ژیان، کلپەی تایبەتی مرۆڤیانەی ژیان ڕزگار دەکات، ئەو کلپەی لە هەناو و دەرەوەدا بەهێمنی دەگرێ.»

ئەوانی بەجۆرێکی جادوویی ڕایان کرد، پێشەنگی کاروانی ئافرێندراوەکانی لێسکۆفن: چاکان، پاڤلین، فیگۆرا، گۆرانیبێژێک بەڤژی دەسکردەوە، ڕاهێنەری کەڵەشێر، ئیشکگرێکی کارامە - ئەم کەسایەتیانە هەموویان جیسمانی[١٧] حیکمەت و میهرەبانین و هۆی ئاسوودەیی جیهانن و لە دەوری حەکایەتخوان کۆ دەبنەوە. ئەمانە بێ گومان تام و بۆنی وێناکی imago دایکی لێسکۆفیان پێوەیە.

لێسکۆف لە پەسنی دایکیدا دەڵێ: «هێندە بەرەحم بوو نەیدەتوانی ئازار

١٦- ئوستوورەکانی یۆنان دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان زیۆس و مێرکۆری لە شێوەی لادێییەکدا دابەزانە زەوی و بەبازرگانی ماندوو خۆیان ناساند. بەڵام لەگوندەکەدا تەنیا ژن و پیاوێکی هەژار بەناوی فیلەمون و باوسیس ڕێگەیان کردن، بێ حورمەتیی خەڵکی گوند خواکانی تووڕەکرد و هەموو گوندیان جگەلەماڵی ئەو ژن و پیاوە هەژارە، خنکاند. ماڵی ئەوان بووە پەرستگەو خۆویست خۆدیت بوونە خزمەتکاری ماڵەکە. زیۆس ویستی ئاواتێکیان بەدیبێنێ و ئەوان ئاواتیان خواست لەیەک ڕۆژ و سەعات و دەقەدا بمرن و ئاواتیان هاتەدی.

١٧- جیسمان: شێوەگۆڕانی لە زەینییەوە بۆ بابەتی - بەلەش و جیسم بوون -(ان)، لێرەدا نیشانەی گۆڕانە نەک کۆیان.

بەهیچ ئینسان یان تەنانەت حەیوانێک بگەیەنێت. نەگۆشتی دەخوارد و نەماسی، چون دڵی بۆ هەموو گیانلەبەرێک دەیهێنا. باوکم هەمیشە بەم بۆنەوە سەرکۆنەی دەکرد، کەچی دایکم لەوەڵامدا دەیگوت: خۆم ئەم وردیلانەم گەورە کردووە و وەک منداڵی خۆمن. ناتوانم منداڵەکانم بخۆم، ئەتوانم؟» ئەو تەنانەت لەماڵێ هاوسێکانیشدا گۆشتی نەدەخوارد. دەیگوت: «بە زیندوویی دیویانمە و ئاشناو هاودەممن، ناتوانم ناسیاوەکانم بخۆم، ئەتوانم؟»

مرۆڤی درووستکار پارێزەری حەیوان و، لە هەمانکاتدا، مەزنترین [شێوەی] دیارکەوتنی ئەوانە. ئەم مرۆڤە لە کەسایەتیی لێسکۆفدا هەست و سۆزێکی دایکانەی هەیە کە هەندێ جار ڕەنگی ئوستوورەییان زێدەتر دەبێ (و بێ گومان ئەم بابەتە پاکی و بێگەردیی داستانی پەریلان دەخاتە مەترسییەوە). بەرچاوترین نموونەی ئەم مرۆڤە چاکەکارە قارەمانی حەکایەتی گۆتینی ڕازق و پلاتۆنیدایە kotin the provider and plat onicha ئەم کەسە گوندییەکی دوو جنسییە بەناوی پیسۆنسکی pison- ski، دایکی دوازدە ساڵ وەک کچێک بەخێوی کرد. ئەندامی نێرانەو مێیانەی هاوکات گەورە بوون و ماهییەتی دووجنسیی ئەو «بووە هێمای بەجەستە بوونی خوایی»

لێسکۆف پێی وابوو ئافراندن لەم ڕێگەوە گەیوەتە لووتکەو، لەهەمانکاتدا، وادیارە ئەم بابەتەی بەپردی نێوان دوو جیهان دەزانی. چون ئەم کەسایەتییە نێرینە زەمینییە بەهێز و دایکانەیانە کە هەر دەم هونەر و توانای لێسکۆفی حەکایەتخوان بەرەو خۆیان ڕادەکێشن، لە ئەوپەڕی گەشەی وزەوتوانای خۆیاندا لە بەندی ئارەزووی جینسی ڕزگار هاتوون. پارێزکەرانە لایەنێکی بەر پەرچدەرانەوەی هێندلاوازی هەیە کە دەبێتە هێزێکی بنەڕەتی لە بەرامبەر شەهوەتێکی کەوی نەکراودا، کە حەکایەتخوان لە حەکایەتی خاتوو مەکبەسی مەژنسکی - دا بەرجستەی



کردووە. ئەگەر پانتای نێوان کەسایەتیەکی وەک پاڤلین و ئەم هاوسەری بازرگانە، دەقاودەقی بوونەوەرانە، زنجیرەپلەی ئەستوونیی کەسایەتیەکانی لێسکۆفیش تا قووڵایی جیهانی بوونەوەران دەکشێ[18].

١٨

زنجیرەپلەی جیهانی بوونەوەران، کە لە سەرروویەوە مرۆڤی چاکەکار ئامادەیە، بەتێپەڕین لە گەلێ پلەوە دەگاتە نوونی[19] جەمادات. ئێکڕای ئەم جیهانە ئافرێندراوە، زیاد لە دەنگی مرۆڤی، لەگەڵ دەنگێکی دیکەدا کە دەکرێ «دەنگی سروشت»ی پێ بڵێین، دەئاخڤێ، ئەو گوزارەی کە خۆی لە ڕاستیدا ناوی حەکایەتێکی گرینگی لێسکۆفە.

ئەم حەکایەتە، باسی فیلیپ فیلیپۆڤی مووچە خۆری پلەخوار دەکات کە هەموو هەوڵێکی تەرخان دەکات تا بەڵکو ئەو سپابودەی[20] لەشارەکەیانەوە تێدەپەڕێت، ببێتە میوانی و لە ئەنجامیشدا دەتوانێ کارەکە بکات. میوانەکە، کە سەرەتا دەعوەتی پێداگرانەی مووچە خۆرەکەی لە لاسەیرە، کەم کەم ڕازی دەبێت کە ئەرێ شێوەی میواندارەکەی دەکات و ئەوان پێشتر یەکتریان دیتوە. بەڵام ئەو کێیە؟ سپابۆد لە بیری نییە؟ سەیریش ئەوەیە کە خانەخوێش دیسان حەزناکات دەرکەوێت کێیە. بەپێچەوانەوە، ئەو میوانی بەڕێزی خۆی هەر ڕۆژە دەستخەڕۆ دەکات و دەڵێ کە «دەنگی سروشت» بێگومان ڕۆژێک بەئاشکرا لەگەڵ (میوان) دێتە دوو. ئەم باسە دەخایەنێ تا ئەوەی لە ئاکامدا میوان، کەمێک پێش

١٨- مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە کەسایەتیەکانی داستانەکانی لێسکۆف، هەم لە لایەنی بەربڵاوی و هەم لەلایەنی قووڵییەوە، هەموو جیهانی مەخلووقات دەگرنە بەر. و. ف.

١٩- چاڵی تەسک و تاریک و قووڵە.

٢٠- سپابوود پلەیەکی بەرزی سەربازییە.

بەجێهێشتنی شار، ناچار دەبێ مل بەداخوازیی ئاشکرای خانەخوێ بدات و ڕێگەی پێ بدات «دەنگی سروشت» بێنێتە دوو. دوا بەدوای ئەوە، هاوسەری خانەخوێ دەچێتە دەر. پاشان ژنە بە شەیپوورێکی زاخاودراوی گەورەی مسینەوە هاتەوە و دایە دەست مێردەکەی. پیاوەکە شەیپوورەکەی وەرگرت، خۆی ئامادەی ژەندن کرد و لەهەمانکاتدا چما گۆڕا بۆ مرۆڤێکی دیکە. گووپی هەڵئاوساند و هێند بەهێزەوە فووی بەشەیپوورەدا کرد، چما بروسکەیدابێ، ڕێک هەمان چرکە سپابۆد هاواری کرد: «بەسە، تێگەشتم، برا! ئەم دەنگە وایکرد لە پڕ وەبیرت بێنمەوە! تۆ شەیپوورژەنی هەنگی[٢١] ڕاوچییان بوویت و چونکوو پیاوێکی بەشەرەف بووی، تۆم نارد تاکوو چاودێریی ڕاوێژکارێکی دەغەڵی تەداروکات بکەیت» خانە خوێ وەڵامی دایەوە: «ڕاستە خاوەن شکۆ، نەمدەویست خۆم وەبیرتانی بخەمەوە، بەڵکو دەمویست دەنگی سروشت خۆی بێتە زمان.»

مانای قووڵی ئەم حەکایەتە بەجۆرێک لە پشتەوەی ڕووکاری گێلانەی خۆیدا، خۆی شاردۆتەوە، کە ڕێگەمان پێدەدات لە شۆخیبازیی بەشکۆی لێسکۆف بگەین. ئەم شۆخیبازییە لەم داستانەدا بەشێوەیەکی شاراوەتر دەچەسپێنرێت. حەکایەتەکە دەڵێ کە کارمەندەکە پێشتر بەهۆی دەستپاکییەوە، ڕاسپێردرابوو چاودێریی ڕاوێژکارێکی دەغەڵی تەداروکات بکات. ئێمە بەم خاڵە، لە کۆتایی حەکایەت و، لە بەشی یەکتر ناسینەوەدا، دەزانین، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەم خاڵانە دەربارەی میواندارەکە دەزانین: «هەموو خەڵکی شار دەیانناسی و دەیانزانی مووچەخۆرێکی پلەبەرز نییە، چونکوو، نە مووچەخۆری ڕەسمیی دەوڵەت بوو و نە کەسایەتییەکی سەربازی، بەڵکو چاودێری ئاسایی هەمارێکی بچووکی کەلوپەل بوو و لەپاڵ مشکەکاندا بەنان و پۆستاڵی دەوڵەتی بەرێدەچوو و لەم ڕێگەوە توانیبووی ماڵێکی بچووک بۆ خۆی دابین

---

٢١- زاراوەیەکی سەربازییە بۆ دەستەی زۆری سەرباز بەکار دێت.



بکات.» دیارە ئەم حەکایەتە، نیشاندەری هاودڵیی نەریتی حەکایەتخوانانە لەگەڵ کەسانی فێڵەباز و چوختیدا. تێکڕای ئەدەبی تەنز و گاڵتە جاڕی، ئەم خاڵە دەسەلمێنن. لە لووتکەی ئەم هونەرەشدا دیسان ئەم هاودڵییە نەفی ناکرێت، لە نێو هەموو کەسایەتییەکانی هێبلدا، ئاشەوانی براسینهەیم Brasenheim تیندێر فریدێر Tinder Frieder و ڕێد دیتێر Red dieter کە هەمووشیان دەغەڵ و فێڵەباز بوون بەئەمەگترین هاوڕێی هێبل بوونە. وێڕای ئەمانە لە بەرهەمەکانی هێبلیشدا، دیسان ئەوە مرۆڤی چاکەکارە کە دەوری سەرەکی لە شانۆی ژیان theatrum mundi دا دەگێڕێت. بەڵام چونکوو هیچ کەس بەڕاستی و تەواوەتی هەڵگری ئەم دەورە نییە، وەها دەورێک لە کەسایەتیی جیاوازدا دەست بەدەست دەگەڕێ. جارێک ئاوارەیەکی ماڵ بەکۆڵ ئەم دەورە دەگێڕێ و جارێک یەهوودییەکی گەڕۆکی مامۆستای چەقەچەقکردن و هەندێ جاریش پیاوێکی کەم ئەقڵ ئەم دەورە دەگێڕێت. لە هەر یەک لەم خاڵانەدا، ڕووبەڕووی دەورگێڕێکی میوان [لەبەرامبەر دەورگێڕ و سیما سەرەکیەکانی شانۆدا] و جۆرە خۆکردییەکی[٢٢] ئەخلاقی دەبینەوە. هێبل زانایەکی وردبینە[٢٣] casuist ئەو پێڕەوی هیچ بنەمایەک نابێت. بەڵام ڕەتیشی ناکاتەوە، چونکوو هەر بنەمایەک بۆی هەیە سەردەمێک لەلایەن چاکە کارانەوە بەکار بهێنرێت. ئەم شێوازەی هێبل لەگەڵ ڕوانینی لێسکۆفدا بەراوردبکەن. لێسکۆف لە حەکایەتی دەربارەی سوونات کرۆتیزەر-دا

---

٢٢- بدیهە پردازی ، واتە لە پرگوتن یان لە پڕو دەمەودەست کردەنواندن.

٢٣- لە کەلتووری مەسیحیدا Casuist بەزانایان موتەئەللیهێک دەوترێ کە شارەزای هەموو بابەتە ئاڵۆزە ئەخلاقیەکانە و بەگەڕانەوە بۆ پێوەندەکانی شەرع چارەیان دەکات. لە کەلتووری خەڵکیدا Casuist ئەو کەسەیە بەوردبینیەوە بەڵگاندن دەکات و موو لە ماست دەکێشێ و بەم بۆنەشەوە لە بەرچاوی خەڵک بەسەفسەتەگەرێک ناسراوە کە یاساکان لە بەرژەوەندیی خۆی تەعبیر دەکات و گەمەکان دەباتەوە. و- ف.

نووسیویەتی: «من دەزانم بیری من زیاتر لەوەی پشتی بەفەلسەفەیەکی تەجریدی یان ئەخلاقییاتی ڕووت بەستبێ، لەسەر ڕوانینێکی کردەوەیی بۆ ژیان دامەزراوە، وێڕای ئەمەش، وا ڕاهاتووم هەر بەم شێوەیەی کە بیردەکەمەوە، بیریکەمەوە.» بێگومان ئەو کارەساتە ئەخلاقیانەی لە جیهانی لێسکۆفدا دەردەکەون، بەراورد بەڕووداوی ئەخلاقیی جیهانی هێبل، وەک شەپۆلانی مەزن و مەندی ڕووباری ڤۆلگایە بەرامبەر تەقین و هەڵچوونی کانیلەیەکی بچووک. هەندێ حەکایەتی مێژوویی لێسکۆف هەن کە ئارەزوو و تامەزرۆییەکان تێیاندا وەک تووڕەیی ئاشیل یان نەفرەتی هاگێن، تێکدەر و وێرانکەرن. جیهان دەتوانێ بەشێوەیەکی تۆقێنەر لێڵ و پێڵ ببێت و هێزی شەڕ، بەشکۆ و جەلالێکی تەواوەوە، لە سەرتەختی پاشایەتی دانیشێت. ئاشکرایە لێسکۆف هەندێ حاڵەتی ڕۆحیی تایبەتی بەسەردا هاتووە کە لەو حاڵەتانەدا لە نێزیکەوە لەگەڵ دژوازی و شاراوەییە ئەخلاقییەکاندا، ئاشنایی پەیدا کردووە، ئەمەش ڕەنگە یەکێکە لە تایبەتمەندییە هاوبەشە دانسقەکانی ئەو و دەستەیۆڤسکی. ئەو خوو و سروشتە کەونینە و بنەڕەتیانەی لێسکوف لە هەندێ حەکایەتی ڕۆژگارەکۆنەکان دا Tales from olden times وێنەیان دەکێشێ، لە ئارەزوو و تامەزرۆیی بێڕەحمانەی خۆیاندا، تا دوایی بای دڵی خۆ دەدەن. بەڵام خواناسان هەمیشە حەزیان دەکرد ئەم ئاستە بەئەو خاڵی تەشقە دابنێن کە تێیدا شەڕاشۆیی ڕووت، دەگۆڕێت بۆ پیرۆزی.

## ۱۹

لێسکۆف چەندە بەزنجیرە پلەی ئافرێندراواندا ڕۆدەچێ، شێوەڕوانینی بۆ چشت و بابەتەکان بەئاشکرا ڕەنگێکی خواناسانەتر دەگرێت. وەک دواتردێ پێشان دەین، لە ڕاستیدا بەڵگەی زۆر بەدەستەوەیە کە لەم شێوە وەرگرتنەی چشت و بابەتەکاندا، تایبەتمەندییەکی بەرجەستە ئاشکرا دەبێ کە تایبەتمەندیی جەوهەریی سروشتی حەکایەتخوانە. بێگومان کەم کەس بوێریی ڕووچوونە نێوناخی سروشتی بێگیانیان هەیە و لە ئەدەبی گێڕانەوەیی مودێرنیشدا حەکایەتی زبەرجەد Alexandrite ی لێسکۆف



نموونەیەکی دەگمەنە کەتێیدا دەنگی حەکایەتخوانی نەناسراو کە بەسەر هەموو ئەدەبدا سەرایەتیی هەبوو، هێند ڕوون دەزرنگێتەوە. ئەم حەکایەتە باسی بەردێکی گرانبەها بەناوی زەبەرجەد دەکات. بەردی کان، نزمترین توێژی بوونەوەرانە، کەچی لەلای حەکایەتخوان ئەم بەردە پێوەندیی بەباڵاترین پلەکانی هەستییەوە هەیە. ئەو ڕێگەی پێدراوە لەم بەردەدا پێشگۆییەکی تایبەت ببینێت، پێشگۆییەکە (پێشبینیی) سروشتی دەقبەستوو و بێگیانە بەنیسبەت سروشتی بەرداو[٢٤] و لە ژیان بەتاڵی ئەو جیهانە مێژووییەی کە حەکایەتخوان تێیدا دەژی. ئەم جیهانە، جیهانی ئەلێکساندەری دووەمە. حەکایەتخوان - یان بەوتەیەکی دیکە، ئەو پیاوەی ئەو (لێسکۆف) مەعریفەی خۆی بەئەوەوە دەبەستێ - و یێنزێل ناوێکە کەپیشەی هەڵکەندنە لە سەر بەردی گران و شارەزای تەواوەتیی هونەرەکەی خۆیەتی. دەکرێ [ئەم هونەرمەندە] هاوئاستی زیوینگەرانی شاری توولا بگێڕدرێت و - لەزمانی لێسکۆفەوە - بوترێت ئەم پیشەسازە بەتەواوی ڕۆچۆتە ناخی پانتای خوڵقاوانەوە، ئەو جیسمانی لە خۆ بوردووییە. دەربارەی ئەم بەرد - ی گران - تاشە، وادەخوێنینەوە: «ئەو لەپڕ دەستمی، کە ئەنگوستیلەیەکی نقێم زەبەرجەدی سەوزی تێدا بوو، گووشی، واباوە ئەم نقێمە لە بەر تیشکی دەستکردا شەوقێکی سوور ئەداتەوە. هاواری کرد: بڕوانە خۆیەتی، هەمان بەردی جیهان نوێنی ڕووسی! ئەی سیبریایی دەغەڵ! ئەم بەردە هەمیشە وەک هیوای سەوز بوو و تەنیا سەر لە ئێوارەچما خوێنی لێ دەپژا [سووردەبوو] لە سەرەتای جیهانەوە بەم شێوە بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆرخۆی شاردەوە و لەدڵی زەویدا مایەوە و تەنیا ئەو ڕۆژە سەریهەڵدا کە تێزار ئەلێکساندەری دووەم گەشتە تەمەنی یاسایی. ئەو ڕۆژە جادوو کەرێکی گەورە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەردە هاتبوە سیبریا، ئەو جادووکەرەی کە...» من قسەکەم پێ بڕی و وتم: "قسەی قۆڕ و بێ مانا، جادووکەری چی و شتی چی، ئەو کەسەی ئەم بەردەی دۆزییەوە زانستوانێکە بەناوی نۆردین شۆڵد "Nirdenskjold

٢٤- بەرداو: بەبەرد بوو، منجمد - گۆڕان لە دۆخێکی دیکەوە بۆ دۆخی (جامد).

وێنزێل هاواری کرد": جادووکەرێک. تێگەشتی؟ ساحیرێک! جوان سەیری کە ! ئای لەم بەردە! کازیوەیەکی سەوزی تێدایە و ئێوارەیەکی خوێناوی... ئەمە تەقدیرە، قەدەری تێزار ئەلێکساندەری ماقوولّ"! داوی ئەم قسانە وێنزێل ڕووی لە دیوار کرد و سەری نایە سەر دەستی خۆی و گریا...»

ئەستەمە بێ یارمەتیی هەندێ گوزارەی پۆل ڤالێری ئەگەرچی زەمینە و بابەتەکەشیان، هیچ پێوەندییەکی ڕاستە و خۆیان بەحەکایەتەکەی لێسکۆفەوە نییە، لە ناواخنی ئەم حەکایەتە قوولّە نێزیکتر ببینەوە. ڤالێری بەڕامان لە قولاپکاریی ژنێکی هونەرمەند کە بەقولاپ وێنە و سیما لە سەر قوماش دەنەخشێنێ، دەڵێ: «ڕامان و ڕوانینی هونەری دەتوانێ بگاتە قووڵاییەکی خواناسانە. ئەو چشتانەی ڕووناکایی ئەم ڕامانەیان بەرکەوێت ناوەکانیان دەسڕدرێتەوە. ڕووناکی و سێبەر هەندێ سیستەمی زۆر دەگمەن (تایبەت) دەخوڵقێنن و هەندێ پرسیار دێننە ئاراوەکە بەزانینێکەوە نەبەستراون و لە هیچ کردارێکەوە نەڕسکاون، بەڵکو بوون و بەهای خۆیان قەرداری جۆرە هاوئاهەنگیەکی نێوان چاو و گیان و دەستی ئەوکەسەن [و پێیەوەگرێدراون] کە چماهاتۆتە جیهانەوە تاکوو لەم پرسیارانە تێبگات و لە ڕەوانی خۆیدا زیندوویان بکاتەوە.»

لەم ڕستەدا، چاو و گیان و دەست، موتوربەی یەکترن و لەڕێگەی کردە و پەرچە کردەی یەکدییەوە، کردارێکی تایبەت دێننەدی. ئێمە ئیدی ئەم کردە یان کردارە ناناسین. دەوری دەست لەبەرهەمهێناندا بەتەواوی دابەزیوە و جێگەشی لە حەکایەتخوانیدا نەماوە (هەرچی بێت حەکایەتخوانی تەنیا بەدەنگ کار ناکات، بەپێچەوانەوە لە حەکایەتخوانیی ڕاستەقینەدا، جووڵەی دەست بەسەدان شێوە و بەئیشارەتی لێهاتوو و لێزانانە، یارمەتیی دەربڕینی بابەتەکە ئەدەن.) ئەو هاوئاهەنگییە قەدیمییەی چاو و گیان و دەست، کەڤالێری ئاماژەی پێ دەدات، [هەمان] هاوئاهەنگیی ئەو پیشەگەرەیە کە لە هەر کوێ هونەری حەکایەتخوانی قەدر و حورمەتێکی هەبێ، ئەویش لەوێیە. لەڕاستیدا، دەتوانین بچینە پێشترو لە خۆمان



بپرسین ئاخۆ نیسبەتی حەکایەتخوان لەگەڵ مادە و کەرەسەکانیدا، واتە ژیانی مرۆڤ لە خۆیدا هەمان نیسبەتی [پێوەندیی] پیشەساز نییە بەمادە و کەرەسەکانیەوە و ئاخۆ ئەرکی حەکایەتخوان ئەوە نییە کە مادە خامەکانی ئەزموون، واتە ئەزموونی خۆی و ئەزموونی خەڵکی، بەشێوەیەکی پتەو وبەکەڵک و بێ نموونە، دابڕێژێ؟ ئەگەر پەند (ضرب المثل) بەجۆرە بیرنوێن ideogram یێک دابنێین، ئەوکات ڕەنگە پەند، تەعبیرکەرترین نموونەیە بۆ ڕوونکردنەوەی شێواز و شێوە کرداری حەکایەتخوان. دەتوانین بڵێین هەر پەندێک کەلاوەیەکە لە هەرێمی حەکایەتێکی کەونینەدا جێگیر بووە و تێیدا ئامۆژگارییەکی ئەخلاقی، وەک لاولاوێک دیوار بتەنێ، بەدەوری ڕووداو یان باسەکەدا، لوول دەخوات. «ئەگەر لەم گۆشە نیگاوە بڕوانین، دەبێ حەکایەتخوان وەک ئامۆژگار و حەکیم چاولێبکەین. بەپێچەوانەی پەندەوە، ئامۆژگاریی حەکایەتخوانیش وەک ئامۆژگاریی پیاوی حەکیم تەنیا چەند ڕەوشی کەم و بەرتەسک ناگرێتەوە. بەڵکو گەلێ دۆخ لە خۆ دەگرێ. چوونکوو ڕێگە بەحەکایەتخوان دراوە ئاوڕ لە گشتێتیی ژیانێک بداتەوە (و ئەم ژیانەش بەڕێکەوت، نەک ئەزموونی تەنیا خۆی، بەڵکو بەشێکی فراوانی ئەزموونی ئەوانیدیش دەگرێتەوە، حەکایەتخوانی هەرچی دەیبیستێ دەچێتە سەر کەڵەکەی ئەزموونەکانی). هونەری ئەو ئەوەیە دەتوانێ ژیانی خۆی بگێڕێتەوەو لایەنی ناوازەکەرەوەی ئەو، توانای گێڕانەوەی تێکڕای ژیانی خۆیەتی. حەکایەتخوان هەمان کەسە کە دەتوانێ ڕێگە بدات فتیلەی ژیانی بەتەواوەتی بەگڕی وردی حەکایەت بسووتێت. خەرمانەی لە بەراورد نەهاتوو [و بێ نموونەی] دەوری حەکایەتخوان، جا چ لێسکۆف بێت یان هاف Hauff و چ ئالێن پۆ بێت یان ئەستیڤێنسن، لەم سووتانەوە بەدیدێت. حەکایەتخوان هەمان ئەو کەسەیە، کە لەودا، مرۆڤی پارێزکار[٢٥] دەگاتەوە بەخۆی.

٢٥- پرهیزگار. هێند پاکە لە ئاوی شەو پارێز دەکات. دواپلەی خۆ پارێزی لە خراپە کردن مەبەستە.

سەرچاوەی وەگێڕانی فارسی:

Walter Benjamin, "The storyteller", in IIIumination: Essay and Reflections, ed. Hannah Arendt, schocken book , New york 1969.pp.83-109

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

فصلنامەی ارغنون شمارە ١٠-٩ دەربارەی ڕومان صص ٢-٢٥ . قصەگو «تأملاتی در اثار نیکلای لسکوف» ترجمەی مراد فرهادپور. فضل الله پاکزاد.



# دیاردەناسیی شیعر

*نووسینی: گاستۆن باشلار*

*وەرگێڕانی: بەیان عەزیزی*

١

فەیلەسوفێک کە ئەندێشەی خۆی بەتەواوەتی لە ناوەرۆکگەلی بنەڕەتیی زانستەوە وەرگرتبێ و تا ئەو ڕادەی کرابێ، ڕاستەوخۆ هێڵی سەرەکیی ڕێبازی هزرخوازی گەشەکەر و بزۆزی زانستی هاوچەرخی پێڕەو کردبێ، ئەگەر بیەوێ خەریکی خوێندنەوەی پرسە باوەکانی هەرێمی خەیاڵی شیعری بێت، دەبێ زانستەکەی خۆی فەرامۆش کات و واز لە گشت ڕێگە و میتۆدەکانی خۆی لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا بهێنێ، چونکوو لەم هەرێمەدا پێشینەی کولتووری دەور ناگێڕێت و هەوڵە بەردەوامەکانی مرۆڤ لە هەموو ئەم ساڵانەدا بۆ ڕێسامەند کردنی ئەندێشەکانی خۆی، سوودێک نابەخشێت. لێرەدا مرۆڤ دەبێ خاوەن بەهرەی وەرگرتن بێت، وەرگرتنی وێنە image لە چرکەی دەرکەوتنیدا: ئەگەر بکرێ بەفەلسەفەیەک بۆ شیعر قایل بین، ئەم فەلسەفە دەبێ لە پێوەندی لە گەڵ پارچە شیعرێکی بەرجەستە و لە پێوەندیەکی لاپ(*) لە گەڵ وێنەیەکی سەربەخۆدا و بەوتەیەکی وردتر، ڕێک لە دەقی نەشئەی زادەی ناوازەیی وێنەدا، بنوێنرێت و بنوێرێتەوە. وێنەی شیعری دیارکەوتنێکی کوت و پەڕ کە لە سەر ئاستی ڕووکەشیی گیان دەخوڵقێت و هۆکەم بایەخترەکانی ئەو کارە ئەو جۆرەی شیاوە نەکەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە. جگە لەوە، هیچ وتەزایەکی هەموویی و سیستماتیک ناتوانێت ببێتە بنەڕەتی فەلسەفەی شیعر. لەم بارەوە ئەندێشەی بنەما یان بنەڕەت، وێرانکەرە، چونکوو لە گەڵ ئەو

* لاپ: کامێ، تام، تەواو، سەربەست، بێ کەم و کوڕی.

کرادرێتیە دەروونییە و ئەو ناوازەییەی کە پێویستی ژیانی شیعرە، دەکەوێتە دژوازیەوە. سەپاندنی تێڕامانی فەلسەفی بەسەر ئەندێشەی زانستیدا کە لە زەمانێکی دوور و درێژدا پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە، وەها دەکات کە هەر وێنایەکی نوێ لە نێو پەیکەرەیەک لە وێناکی (انگارە) تاقیکراو تێکەڵ بێت، با بۆ ئەم تێکەڵاوییە گۆڕانکارییەکی قووڵ لەو پەیکەرەدا پێویست بێت (وەک چۆن لە گشت شۆڕشە زانستیە هاوچەرخەکاندا وەها گۆڕانکاریەکمان دیوە). بەڵام فەلسەفەی شیعر دەبێ پێملبێت کە کردەی شیعری بێ پێشینە یان بەلانی کەمەوە پێشینەیەکی تازەیە، کە لەوێدا بکرێ ڕەوتی بیچمان و دەرکەوتنی هەڵبسەنگێندرێت.

لە بەشەکانی دواییدا کە ماوەم دەبێت تاکوو پێوەندی وێنەی شیعری لە گەڵ سەر چەشنێکدا archetype کە لە قووڵایی نەستدا خەوتووە و شاردراوەیە، نیشان بدەم، هەوڵ دەدەم ئەم خاڵەش ئاشکرا بکەم ئەم پێوەندییە بەمانای پڕ بەپێستی وشە هۆداریانە نییە (علّی). وێنەی شیعری نە پێڕەوی گوشاری ناوەکی زەینی شاعیر دەکات و نە زایەڵەی ئەزموونەکانی ڕابردوو، بەپێچەوانەوە بەدرەوشانەوەی وێنەیە، کە زایەڵەکانی ڕابردوو دەنگ ئەدەنەوە، ئەگەرچی وتنی ئەوە دژوارە کە ئەم زایەڵانە لە چ قووڵاییەکدا دەنگ دەدەنەوە و دەکوژێنەوە. ناوازەیی شێوەی کردەی وێنەی شیعری، بوون و بزاوتێکی تاقانەی بەشیعر بەخشیووە کە دەکرێ بەجۆرە هەستی ناسیەکی بێ ناوکۆ ناوبردەبکرێ. ئەم هەستیناسیە، ئەو بابەتەیە کە ئەمەوێ ئاوڕی لێبدەمەوە.

بە بڕوای من پێوەری ڕاستەقینەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بوونی وێنەی شیعری بەزۆری لە لایەنی پێچەوانەی هۆدارێتی واتە لە زایەڵەدا دەدۆزێتەوە کەمینکۆڤسکی بەزیرەکیەکی تایبەتەوە لێکیداوەتەوە و هەڵیسەنگاندووە[1]. لەم زایەڵەدا وێنەی شیعری دەنگدانەوەی هەستیی

1. Cf .Eugene Minkowski, vers une Cosmologie, chapter IX.



لەگەڵە. کەواتە بۆ دیاریکردنی هەستیی وێنەیەک، دەبێ زایەڵەی ئەو وێنە بەشێوەی دیاردەناسی مینکۆڤسکی ئەزموون بکەین.

باسکردنی ئەم پرسەی کە وێنەی شیعری لە هۆدارێتی دابڕاوە، درکاندنی بانگەشەیەکی گەورە و گرنگە. بەڵام ئەو هۆیانەی دەروونناسان و دەروونشیکاران خستوویانەتە بەر باس، هەرگیز ناتوانن بەتەواوی سروشتی زۆر نائاسایی و چاوەڕوان نەکراوی وێنەی نوێ شیبکەنەوە، هەر چۆن لە باسکردنی وردی ئەم گرفتەشدا ناتوان دەکەونەوە و ناتوانن دیاری بکەن کە بۆچی ئەم وێنە بۆ ئەو زەینانەی لە پرۆسەی خوڵقاندنیدا ئامادە نەبوون، سەرنجڕاکێش و دڵڕفێنە. شاعیر پێشینەی وێنە شیعریەکەیمان بۆ ناڵێت بەڵام وێنەکەی ئەو خێرا لە زەینی ئێمەدا جێگیر دەبێت. توانایی پێوەندی گرتنی وێنەیەکی نەوڕسک و نامۆ گرنگایەتیەکی هەستی ناسیی گەورەی هەیە. دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە، واتە پرسی پێوەندی فیکری و سۆزیانە لە ڕێگەی کردەی کورت، پچڕ پچڕ و خێراوە. وێنەکان دەمانهەژێنن، بەڵام دیاردەیەک نین پێوەندیان بەهەژانەوە هەبێ. هەڵبەت لە هەموو لێکۆڵینەوە دەروونناسیەکاندا دەتوانین شێوازی دەروونناسەگیانە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی شاعیر لە بەرچاو بگرین لەم ڕێگەوە تا ڕادەیەک لە گوشارەکان و گرنگتر لەوانیش لەو زوڵمانەی ئەو لە ژیانیدا تووشی هاتووە، ئاگادار بین. بەڵام خودی کردەی شیعری و، دەرکەوتنی لە پڕی وێنە و هەڵقوڵانی هەستی، لە پانتای خەیاڵدا لە هەرێمی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بەدەرن. بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەی شیعری لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە دەبێ ڕووبکەینە دیاردەناسیی خەیاڵ، واتە خوێندنەوەی وێنەی شیعری لە کاتی دیارکەوتنی وێنە لە پانتای وشیاریدا وەک بەرهەمی دڵ، ڕۆح و دەروونی مرۆڤ کە لە پێگەی بەکردەبوونیدا دەرک دەکرێت و وەردەگیرێت.

## ٢

ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە بۆچی لە ڕوانگەکەی ڕابردوو سەبارەت بەوێنە دوور کەوتمەوە و ئێستە لە ڕوانگەیەکی دیاردەناسانەوە ڕوو دەکەمە لێکدانەوەی وێنەکان. ڕاستی ئەوەیە کە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانمدا لە بارەی خەیاڵەوە پێم باشتر بوو تا ئەو جێگەی بکرێ لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە بڕوانمە وێنەی چوار توخمی مادی، واتە چوار بنەمای خوڵقاندنی شهودیی جیهان و بەشێوەی خۆم لە پێگەی فەیلەسوفێکی زانستدا پابەند بم و بەمجۆرە هەوڵمئەدا بێ لێکدانەوە و شیکاریی تاکەکەسیانە، وێنەکان هەڵسەنگێنم، بەڵام بەرەبەرە زانیم ئەم میتۆدەی کە لە سەر خۆپارێزی زانستی دامەزراوە، ناتوانێت بنەڕەتێکی باش پێکبهێنێت تاکوو متافیزیکی خەیاڵی لە سەر دابمەزرێنم.

ڕوانینی خۆپارێزانە خۆی لەمپەرێکی ڕێگەی قەبووڵکردنی گەشەی بێ ناوکۆی وێنەیە. ئێستە ئاگاداری ئەم ڕاستیەم کە دابڕان لەم خۆپارێزییە چەندە دژوارە. تەنیا وتنی ئەمەی کە کەسێک توانیویەتی لە عادەتە فیکریەکانی داببڕێت زۆر ئاسانە، بەڵام پرسەکە ئەمەیە ئاخۆ چۆن دەکرێ بەم ئامانجە بگەین. ئەم پرسە بۆ کەسێک کە پێڕەوی شێوازی هزرخوازانە دەکات، قەیرانێکی سووکی ڕۆژانە پێکدێنێت. وەها کە لە بیرکردنەوەیدا جۆرێک لق لێبوونە دروست ئەکات کە هەرچەند بابەتەکەی ورد و تایبەتیە بەڵام کاریگەرێتیەکی دەروونی گەورە پێکدێنێت. بەهەر چەشنە ئەم قەیرانە کولتووریە سووکە، لە ئاستی تەنیا یەک وێنەی نوێدا، لە خۆگری هەموو دژوازینوێنیە شاراوەکانی دیاردەناسیی خەیاڵە، واتە ئەو پرسیارەی کە چۆن وێنەیەک و هەندێ جار وێنەیەکی سەیر و نائاسایی دەتوانێت جەوهەری دەروونی مرۆڤ بێت؟ ئەم ڕووداوە تاک و تێپەڕە کە لە دەرکەوتنی وێنەیەکی شیعریی نامۆدا بیچمی گرتووە، چۆن - بێ هیچ پێشەکیەک - دەتوانێت کاریگەرییەتی لە سەر زەین و دڵانی تر دانێت و بەسەر هەموو لەمپەرێکی عەقڵی سەلیم و ڕێبازە فکرییە ڕێسامەندە



چەسپاوەکاندا، کە سەقامگرتوون و بەو سەقامگرتنەش گەلێ ڕازین - زاڵ بێت؟ ئەو کات بۆ ئەم خاڵە ڕاکێشرام کە تەنیا بەیارمەتی شێوەگەلی دەلالەتی زەینی ناتوانین لە چییەتی بان زەینیی وێنە بگەین. تەنیا دیاردەناسییە کە بەسەرنجدانی هاتنە دیی وێنە لە ئاگایی کەسیدا، دەتوانێت بۆ گەڕاندنەوەی زەینی وێنەکان و هەڵسەنگاندنی پلەی کامڵبوون، هێز و بان زەینی بوونیان یارمەتیمان بدات. ئەم زەینییەت و بان زەینییەتانە، ناکرێ یەکجار و بۆ هەمیشە دیاری بکرێ. چون وێنەی شیعری لە بنەڕەتدا گۆڕەکییە Variational نەک سازکەر constitutive. بەڵام جیاکردنەوەی کردەی گۆڕانسازی، خەیاڵی شیعری، لە پاژەکانی چەشنە جۆراوجۆرەکانی وێنەدا، بێگومان کارێکی زۆر دژوار، هاوکات یەک ئاهەنگ و ماندووکەرە. کە واتە گەڕانەوە بۆ ئایینێک یان خۆهەڵواسین بەئایینەکەوە بەناوی دیاردەناسی کە گەلێ جار لێکدانەوە و شیکاری هەڵەی لێکراوە لەوانەیە هیچ کاریگەرێتیەک لە سەر خوێنەری شیعر، دانەنێت. بەگشت ئەمانەشەوە، میتۆدی کار، سەربەخۆ لەهەر ئایینێک، ئاشکرایە: داوا لە خوێنەری شیعری دەکرێ وێنەیەک بهێنێتە پێش چاو، بەڵام بەرادەی یەکەم نەک وەک جێگری شتێک، بەڵکو دەبێت هەوڵبدات واقیعی تایبەتی ئەو دەرکبکات و وەریبگرێت. بۆ ئەم مەبەستە کردەی ئاگایی داهێنەر، دەبێ بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بەتێپەڕترین بەرهەمی ئەو ئاگایەتییەوە، واتە بەوێنەی شیعرییەوە پێوەند بدرێت، لە ئاستی وێنەی شیعریدا دوانەی زەین و عەین لە بیچمی تێکەڵبوونی ڕەنگەکان، درەوشانەوەی ڕووناکیەکان و جێبەجێبوونی پەیتا پەیتادا، دەردەکەوێت. لە هەرێمی خوڵقاندنی وێنەی شیعری لە لایەن شاعیرەوە، دیاردەناسی، ئەگەر کەسێک بوێرێت و ئەم وشە بەکاربێنێت، دیاردەناسییە لە ئاستێکی ورددا. لە ئاکامدا ئەم دیاردەناسییە لەوانەیە بەتەواوی لە ئاستی سەرەتایی و دەستپێکدا دەبێت. لە پێوەندی نێوان زەینیەتی بێگەرد بەڵام زووتێپەڕدا لە گەڵ واقیعێک کە بێ سێ و دوو ناگاتە

دواپێکهاتنی خۆی، دیاردەناس بوارێکی بۆ ئەزموونی بێ ژمار لە بەردەستایە، ئەو کەڵک لەو بینیانە وەردەگرێت کە دەکرێ دروست و وردبن، چونکوو سادەن و"بەدواهاتیان نییە"، هەر چۆن لە بارەی ئەندێشەی زانستیەوەکە ئەندێشەیەکی ئامێزانە، ڕاست دەردەچێت. وێنە بەهۆی سادەبوونەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوە نییە، وێنە تایبەتمەندیی وشیاری ساکار و کاڵ فامە و لە شێوەی دەربڕینیشدا، زمانێکە شاد و تەڕ. شاعیر بەهۆی تازەیی وێنەکانیەوە هەمیشە سەرچاوەی زمانە. بۆ ئەوەی بەوردی لێکی بدەینەوە کە دیاردەناسیی وێنە، چییە و بۆ ئەوەی پێشان بدەین وێنە لە پێش ئەندێشەوەیە، دەبێ بڵێم هونەری شیعر لە باتی دیاردەناسیی زەین، دیاردەناسیی ڕۆحە و ئەوکات دەبێ بەڵگە و شایەت لە سەر وشیاری خەونییانە بەدەستەوەبدەین.

لە زمانی فەلسەفەی هاوچەرخی فەڕەنسا و زۆرتریش زمانی دەروونناسی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا بەکەمی واتای دوانەی وشەگەلی ڕۆح و زەین بەکار دەهێنرێت. بۆیەش ئەم دوو لقە، تا ڕادەیەک لە ئاست هەندێ ناوەرۆکی زۆر باوی فەلسەفەی ئاڵمانی بێ ئاگان کە لەو لقانەدا جیاوازی نێوان زەین و ڕۆح تەواو ئاشکرایە Die seele, der Geist. بەڵام چون فەلسەفەی شیعر دەبێ هێزێکی تایبەتی شیاوی ئەو وشەی هەبێت، نابێ شتێک سادە یان دژوار بکاتەوە. لە وەها فەلسەفەیەکدا زەین و ڕۆح هاوواتانین و بەبەهاوواتازانینیان خۆمان لە وەرگێڕانی هەندێ دەقی بایەخدار بێبەش دەکەین و ئەو بەڵگە و بڕوانامانەی هەندێ کەونینەناسی وێنە دەیخەنەڕوو، تێکدەدەین. وشەی "ڕۆح" وشەیەکی هەمیشەییە و لە هەندێ شیعردا بەهیچ جۆر ناکرێ ئەم وشە لە بەرچاو نەگیرێت، چون بەهەناسەی مرۆڤ[٢] لە دایک دەبێت. گرینگایەتی دەنگی وشە دەتوانێت بەتەنیا کەوێتە بەر سەرنجی لێکۆڵەری دیاردەناسی شیعر. لە دنیای

2. Charies Nodier, Dictionnaire raisonne des onomatopees, Paris 1828, p. 46.



شیعردا وشەی ڕۆح دەکرێ وەک چەمکێک بەکار ببرێت کە هەر شیعرێک بەرامبەری دەرۆستە. کەوابوو دەبێ دەرگای ئەو نیشانە شیعرییانەی لە گەڵ ڕۆحدا دەقاودەقن بەسەر لێکۆڵینەوە دیاردەناسییەکاندا ئاوەڵابێت.

لە هەرێمی وێنەکێشیدا کە تێیدا بەکردەوە بوونی هێز ڕەنگە هەڵگری هەندێ بڕیارە کە لە زەینەوە سەرچاوە دەگرن، لەگەڵ پێویستیەکانی جیهانی دەرکدا دیسان پێوەندی دەگرێت، دیاردەناسی ڕۆح دەتوانێ یەکەم دەرۆستی بەرهەمێکی هونەری ئاشکرا بکات. ڕێنە هیوویگ rene huyghe لە پێشەکی زۆر ورد و ناسکیدا بۆ ناساندنی پێشانگای بەرهەمەکانی ژێرژرافێل لە ئالبیدا نووسی: "ئەگەر بمانویستایە تێبگەین چۆن بەرهەمەکانی ڕافێل هیچ پێناسەیەک لە خۆ ناگرن، وێدەچێت دەبوا بچین بەدوای وشەیەکدا کۆنەبووە و لە بڕەو کەوتووە، واتە وشەی "ڕۆح". وەکیتر دەڵێت بۆ تێگەشتن، هەست و خۆشویستنی بەرهەمەکانی ڕافێل، دەبێ لە ناوەندەوە دەست پێبکەین، واتە ڕێک لە ناخی ناوەندێکەوە کە سەرچاوە و مانابەخشی هەموو شتێکە. لە ڕاستیدا هەر چۆن وێنەکێشیەکانی ڕافێل پیشاندەدات، ڕۆح هەڵگری تیشکێکی دەروونییە، هەر ئەو تیشکەی کە ڕوانگەیەکی دەروونی ئەو لە جیهانێک لە ڕەنگی درەوشاوە، جیهانی بەرهەتاودا نیشان دەدات و دەردەبڕێت، بەجۆرێک کە لە خوازیارانی تێگەشتنی بەرهەمی هونەری چاوەڕوان دەکرێ (کە) هاوکاتی خۆشویستنی شێوەکارییەکانی ڕافێل ڕوانگە دەروون ناسیەکانیان بەواتای پڕ بەپێستی وشە پێچەوانە بکەنەوە. ئەوان دەبێ لە تیشکێکی دەروونیدا بەشدار بن کە ڕەنگدانەوەی تیشکەکانی جیهانی دەرەوە نییە. بێ گومان گەلێک بانگەشەی ڕواڵەتیانە لە بارەی زاراوەی وەک نیشانە (بینینی دەروونی) و (تیشکی دەروونی)یەوە هەیە، بەڵام لێرەدا وێنەکێشێک، واتە بەدیهێنەری تیشکەکان دەدوێت. ئەو دەزانێت کە ڕووناکی لە کام سەرچاوەی بریسکەدارەوە هەڵدەستێت. ئەو مانای قووڵی ئەشق بۆ ڕەنگی سوور ئەزموون دەکات. لە ناخی ئەم وێنەکێشیەدا ڕۆحێک لە شەڕدایە.

فۆویسم Fauvism بەخووی وەحشی و هەژاویەوە، لە توێژە دەروونیەکانیدایە. کەوابوو ئەمجۆرە وێنەکێشیانە دیاردەگەلێکی سەر بەجیهانی ڕۆحن. بەرهەمی هونەری دەبێ، ڕۆحی تامەزرۆ و شڵەژاو زیندووکاتەوە.

نووسراوەکانی ڕێنە هیوویگ ئەم ڕای من دەچسپێنێ کە دەکرێ بەشێوەیەکی ئەقڵێەسەند باسی دیاردەناسیی ڕۆح بکرێ. لە گەڵێ بارودۆخ و شوێنگەدا دەبێ بەناچار قاییل بین کە شیعر هەمان دەرۆستیی ڕۆحە. وشیاری پێوەستی ڕۆح زۆر ئازادتر و گەلێ نائیرادی ترە لە وشیاریی پەیوەست بەدیاردەناکانی زەینەوە. هێزگەلێک لە شیعردا دەردەکەون کە ناتوانن بچنە پانتای زانست و مەعریفەی زانستیەوە. دیالکتیکی ئیلهام و زەوق، کاتێ دەردەکەون کە دوو تەوەرەی ئەوان، واتە ڕۆح و زەین، لەبەرچاوبگرین. بەبڕوای من ڕۆح و زەین بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی وێنەی شیعری لە گشت جۆرەکانیدا پێویستە، بەتایبەت بۆ دەرکی ڕەوتی کامڵبوونی وێنەی شیعری لە سەرەتای بیچمگرتنیەوە لە جیهانی خەیاڵدا، تا قۆناغی پراکتیک و بەڕێوەبردن. دەمەوێ لە داهاتوودا بابەتێکی تایبەت بۆ خەیاڵاندنی شیعری وەک دیاردەناسی ڕۆح، تەرخان بکەم. خەیاڵکردنەوەی بەتەنیا، بارودۆخێکی دەروونی پێکدەهێنێت کە زۆر کەس بەهەڵە لە گەڵ خەوندا یەکسانی دەکەن. بەڵام لە حاڵەتی خەیاڵکردنەوەی شیعریدا، کە خەیاڵ نەک تەنیا چێژ لە خۆی دەبینی بەڵکو چێژی شیعری بۆ ڕۆحەکانی دیکەش بەرهەم دێنێ، مرۆڤ تێدەگات کە ئیتر فرێ نادرێتە جیهانی خەو و خەونەوەو زەین دەتوانێ ئۆقرە بگرێت، بەڵام لە خەیاڵکردنەوەی شیعریدا ڕۆح بەئاگا و وشیارە، بێ هیچ پەشۆکاوییەک، ئارام و هاوکات چالاکە. بۆ هۆنینەوەی شیعرێکی تەواو ڕێک و پێک زەین ناچارە لە پێکهێنانی هەندێ گەلاڵە کە ڕوخساری ئەو شیعرە دەردەخەن، بەڵام سەبارەت بەئیماژێکی شیعری ساکار، هیچ گەلاڵەیەک لە ئارادا نییە، تەنیا بریسکەیەک لە ڕۆحەوە بەسە.



ئێستەش با بزانین شاعیرێک چۆن پرسی دیاردەناسی ڕۆح لەوڵەڕی ئاشکراییدا دەردەبڕێت. پی. یەر ژان ژوو pear-Jean Jouve دەنووسێت(٣): "شیعر ڕۆحێکە خەریکی سەرەتا و کردنەوەی بیچمێک." ڕۆح ئاوەڵاکەر. لێرەدا ڕۆح باڵاترین هێز و هێمای شکۆی بەرزی مرۆڤە، تەنانەت ئەگەر شێوە یان قاڵب پێشتر ناسراو و دیار بێت و لە دەقی بابەتە "ڕۆژانە و ئاسایی"یەکانەوە وەرگیرا بێت. بەر لەوەی تیشکی هەستی شاعیرانە لێیبدات، بۆ زەین تەنیا دەوری بابەتێکی ناساندن دەبینێ. بەڵام ڕۆح دێت و قاڵب دەکاتەوە، تێیدا سەقام دەگرێت و ڕازی و دێخۆش دەبێت. هەر بۆیە وتەکەی پی.یەر ژان ژوو دەکرێ وەک ئامۆژگارییەکی حەکیمانەی ڕوون بۆ دیاردەناسی ڕۆح دابنێین.

## ٣

چونکوو توێژینەوەی دیاردەناسانەی شیعر دەیەوێ سنوورەکان تێپەڕکات و بچێتە قووڵاییەکانەوە، لە لایەنی پێویستیە میتۆدناسیەکانەوە، دەبێ لە سنووری ڕەنگدانەوەی هەستەکان کە لە ڕێگەی ئەوانەوە لە بەرهەمی هونەری تێدەگەین، تێپەڕێت (ئەو فام و تێگەشتنەی کەم تا زۆر قووڵە، جا ئەم قووڵیە لە هەناوی خۆماندا بێت یان لە خودی شیعردا.) لێرەدایە کە دوانەی دەنگدانە و ڕەنگدانەوە دەبێ زەق بکرێنەوە. دەنگدانەوەکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئێمەدا بەجیهاندا بڵاو دەبنەوە، لە کاتێکدا ڕەنگدانەوەکان بەرەو قووڵکردنەوەی زۆرتری ووجود بانگمان دەکەن. لە پانتای دەنگدانەوەدا، شیعر دەبیستین و لە زایەڵەدا شیعر بەزمان دەڵێین، چونکوو هی ئێمەیە. زایەڵەکان هەستی وەردەچەرخێنین، چما هەستیی شاعیر لای هەستی ئێمەیە. ئەوکات لە دڵی هەستی تاقانەی زایەڵەکانەوە، گەلێ دەنگدانەوەی جۆراوجۆر سەر هەڵئەدەن، بەوتەیەکی سادەتر، ئەمە هەستێکە کە هەموو هۆگرانی هەستیاری شیعر بەچاکی

3. Pierre -Jean Jouve, En miroir, Mercure de France, p. 11

دەیناسن: شیعر کار لە هەموو وجوودمان دەکات. کارگەریێتی هەستی شیعری لە سەر وجوودمان، نیشانێکی دیاردەناسانەی هەیە، کە ئاشکراو گومان هەڵنەگرە. تین و قووڵیەتی شیعر بەردەوام هاوڕێی دیاردەی دوانەی دەنگدانەوە -زایەڵە، سەرهەڵئەدا. چما شیعر بەگوڕ و تین و گەشاوەیی خۆیەوە، توێگەلێکی نوێی قووڵایی بوونمان ئەکۆڵێ و بێدار دەکاتەوە. بەم پێیە بۆ تێگەشتن لە کردەی دەروونناسەکیانەی شیعر، دەبێ دوو ڕووانگەی شیکاری دیاردەناسانە لە دوو سۆنگەی هەڵقوڵانەکانی زەین و قووڵبینیەکانی ڕۆحەوە، بپشکنین.

بەڵگەنەویستە، زایەڵە لە گەڵ ئەوەدا کە وشەیەکی وەرگیراوو تەقلیدیە لە ئاقاری خەیاڵاندنی شیعریدا چییەتیەکی دیاردەناسەکیانەی ساکار و سەر ڕاستی هەیە، چون ئەم چەمکە هەڵگری پێگەیەکە کە ئافراندنی شیعری تەنانەت لە ڕۆحی خوێنەری شیعردا بەناوکۆیی(**) ڕەنگدانەوەکانی وێنەیەکی شیعری، بەراستی وەخەبەر دێت. وێنەی شیعری بەیارمەتی ناوازەیی شاردراوەی هەناوی خۆی، تێکڕای سیستەمی زمانی دەخاتە گەڕ و لە خاڵی دەسپێکی بوونەوەری ئاخێورەدا، داماندەنێ.

لە ڕێڕەوی هەر ئەم زایەڵەوە و بەتێپەڕینی خێرا بۆ ئەو لای دەروونناسی و دەروون شیکاری، هەست دەکەین کە وزەی شیعر، بەشێوەی سروشتی، بوونمان لە خۆ دەگرێت. پاش زایەڵە سەرەتایی و ڕەسەنەکان ئەتوانین دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی ئەو هەستەی کە وەبیرهێنەری ڕابردوومانە، هەست بکەین. بەڵام وێنە بەر لەوەی کاریگەری لە سەر ڕووبەر دابنێ قووڵایی دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم حاڵەتە لە ئەزموونی خوێندنەوەشدا ڕاست دەرئەچێت. ئەو وێنەیەی بەخوێندەوەی شیعر لامان درووست ئەبێ، ئێمە بەڕاستی دەیکەینە هی خۆمان، بەشێوەیەک کە دەبێت بەبەشێکی بوونی ئێمە. وێنەکە لە ئەویدی وەردەگرین بەڵام بەرەبەرە ئەم هەستەمان لا

---

** ناوکۆیی، واسطە.



دروست ئەبێ کە خۆمان دەمانتوانی و دەبوایە بەدیمان بهێنایە. وێنە دەبێتە هەستیەکی نوێ لە زماندا و لە ڕێگەی بەیەککردنی ئێمە و خۆیەوە، ئێمە دەردەبڕێت، بەوتەیەکی دیکە، وێنە وەک سەرگرتنی هاوکاتی دەربڕین و هەستیی ئێمەیە. لێرەدا دەربڕین ئافرێنەری هەستییە.

خاڵی دوایی، ئافرێنەری ڕووبەرێکی هەستی ناسییە کە سەرنجی خۆم لە سەری کۆکردۆتەوە. ڕای گشتی من ئەمەیە کە ئەوەی لە وجوودی مرۆڤدا دەقاودەق مرۆییە، وشەیە logos. کەس ناتوانێ لە پانتایەکی پێش زمانیدا، بەبیرکردنەوە و قووڵبوونەوەوە خەریک بێت. بەڵام ئەگەر تەنانەت ئەم ڕا لە ڕواڵەتدا لە بوونی جۆرێک قووڵیەتی هەستی ناسەکی نکووڵی دەکات، دەبێ وەک گریمانەیەکی بەکەڵک و پێویست بۆ باسی خەیاڵاندنی شیعری و وەک شتێکی بەڵگە نەویست گریمانی بکەین.

بەم شێوە وێنەی شیعری کە لە وشەوە سەرچاوە ئەگرێ، لە خۆیدا نوێگرانەیە. ئیتر وێنەی شیعری بە"بابەتی ناسین" دانانێین. بەڵکو هەست دەکەین، ڕوانینی ڕەخنەیی "بابەتی" دەبێتە هۆی لە کارکەوتنی "زایەڵە" و لە بەرهەندێ هۆی بنەڕەتی، قووڵیەتیەک کە لەوێوە دیاردەی شیعری ڕەسەن دەسپێدەکات، قەبووڵ ناکات. سەبارەت بەدەروونناس دەبێ بڵێین لە کاتێکدا کە دەنگدانەوەکان کەڕیان کردووە، ئەو هەوڵئەدات هەستیی خۆی وەسف بکات. بەڵام دەروونشیکار کە بۆتە قوربانیی میتۆدەکەی خۆی، ناچار وێنە عەقڵانی دەکات و لە هەوڵدان بۆ کردنەوەی گلۆڵەی تێکئاڵاوی تەعبیر و تەفسیرەکانی خۆیدا زایەڵەکان لە دەستئەدات، ئەو گەلێ قووڵتر لە دەروونناس لە وێنە تێدەگا بەڵام خاڵی گرنگ بەتەواوی ئەمەیە کە ئەو "تێدەگا" لە دیدی دەروونشیکاریدا، وێنەی شیعری، بەردەوام خاوەن بابەت و کاکڵەی ئاخافتنیە. بەڵام کاتێ دێتە سەر تەفسیری وێنە، بۆ زمانێکی جیاواز لە وتەی شیعری وەریدەگێڕێت. وتەی بەناوبانگی "وەرگێڕ خەیانەتکارە"، لە هیچ شوێنێک تا بەم پلەیە ڕاست نییە.

کاتێک کە لە گەڵ وێنەیەکی شیعری تازەدا بەرەو ڕوو دەبم چۆنیەتی نێوان زەینیەتیی ئەو شیعرە ئەزموون دەکەم، دەزانم کە دەخوازم دووپاتی بکەمەوە، تا تامەزرۆیی خۆم بگوێزمەوە. کاتێ توێژینەوەی وێنەی شیعری لە سۆنگەی ڕاگواستن لە ڕۆحێکەوە بۆ ڕۆحێکیتر بکەین بەئاشکرا تێدەگەین کە لە چنگی هۆدارێتی هەڵدێ. ئەو ئامۆژانەی تا ڕادەیەک هۆدارین (علّی) وەک دەروونناسی، یان بەتەواوی هۆدارین وەک دەروونشیکاری، گران بتوانن هەستیناسیی شیعری دیاری بکەن. هیچ شتێک ناتوانێ هەلومەرجی زەینی بۆ وێنەی شیعری دابین بکا. بەتایبەت کەلتوور بەمانا ئەدەبییەکەی و ئیدراک بەمانا دەروونشیکاریانەکەی.

کە وابوو هەمیشە دەگەمە ئەنجامێکی یەکە: تازەیی جەوهەری و پێویستی وێنەی شیعری پرسی ئافرێنەری مرۆڤی ئاخێوەر ئاراستە دەکا، وشیاری خەیاڵئافرێن بەناوکۆیی ئەم ئافرێنەرییە، بەسانایی بەجۆرێکی بەتەواوی دەژ نیشان ئەدات کە [وشیاری خەیاڵئافرێن] دەسپێک و سەرچاوەیە. لە خوێندنەوەی خەیاڵاندندا، دیاردەناسی وێنەی شیعری دەبێ ئاشکراکردنی ئەم تایبەتمەندییەی ئاخێزگە لە وێنە شیعریە جۆراوجۆرەکاندا، لە ناوەندی سەرنجدانی خۆیدا دابنێ.

٤

بە سنووردارکردنی توێژینەوەکەم سەبارەت بەوێنەی شیعری، بۆ لێکۆڵینەوەی ئاخێزگەکانی وێنەی شیعری کە لە خەیاڵاندنی دەژەوە هەڵدەستێ، پرسی کۆمپۆزیسیۆنی شیعری وەک کۆکردنەوەی وێنە جۆراوجۆرەکان وەلا دەنێم. هەندێ توخمی دەروونناسەکیانەی ئاڵۆز لەم کۆمپۆزیسیۆنەدا کاریگەر دەبن کە کولتوورە سەرەتاییەکان لە گەڵ ئارمانجە هەنووکەییەکان پێوەند ئەدەن. هەندێ توخم کە دیاردەناسیی تەواو و پوخت، بێ گومان ناتوانێ لە توێژینەوەیان چاو بپۆشێ. بەڵام گەلاڵەیەکی بەمجۆرە بەربڵاو ڕەنگە لە بێ خەوشی توێژینەوەگەلی دیاردەناسانە،



تەنانەت بەشێوەیەکی سانا و سەرەتاییانە کە مەبەستی منە، کەم بکاتەوە. دیاردەناسی ڕاستەقینە دەبێ لە بیر نەکات بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەخۆبردوو بێت. بەسەرنجدانی ئەم خاڵە، بەڕای من باس کردن تەنیا لە ئەگەرەکانی تێگەشتنی دیاردەناسانە کە خوێنەر لە ئاستی ئەو وێنەدا کە وەریگرتووە، بەهاوپلەی شاعیر دادەنێ، ئالوودەی گومانی غوروورە. بەڕای من لووتبەرزییە کە خۆ بەخاوەن وەها توانایەکی تێگەشتن بزانم کە لە گەڵ هێزی ئافراندن و ڕێک و پێک و کامڵدا کە پێویستی شیعرە، لە گشتیەتی شیعردا، بەرابەری بکا. بەڵام تەنانەت هومێدی کەمتر لە ئارادایە بەنیسبەت گەشتن بەجۆرە دیاردەناسیەکی پێکهاتەیی کە هەموو بەرهەمی هونەری بەو ڕادەی کە هەندێ دەروونشیکار بانگەشەی دەکەن بهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی بەم پێیە لە ئاستی وێنەگەلی تاک و سەربەخۆدایە کە دەتوانم زایەڵەی دیاردەناسانە وەدیبێنم.

لە ڕاستیدا ئەمە هەستی لە خۆبایبوونە، ئەمە لە خۆباینییێکی بچووکە، ئەمە غوروری ڕووتی خوێنەرە کە لە خەڵوەتی خوێندنەوەدا، دەوسی بەڵگەنەویستی دیاردەناسیی لەگەڵدایە. بەو مەرجەی ساکارییەکە بپارێزێ، لەم بارەوە دیاردەناس هیچ لایەنێکی هاوبەشی لە گەڵ ڕەخنەگری ئەدەبیدا نییە، بەو جۆرەی کە گەلێ جار وتراوە، ڕەخنەگر بەرهەمێک دەخاتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن کە خۆی ناتوانێ بیخوڵقێنێ. ئەگەر بەهەندێ ڕەخنە و سەرکۆنەی سەرزارەکی قایل بین، ئەبێ بڵێین نایەوێ بیخوڵقێنێ. ڕەخنەگری ئەدەبی خوێنەرێکە بەپێویست جیدی و شێلگیر. ڕەخنەگری ئەدەبی و مامۆستای زانستی ڕەوان بێژی کە کۆگای کۆی زانستەکانن و سەبارەت بەهەر شتێک فتوا دەدەن، کاتێک بەرهەمێکی ئاڵۆز و چەند توێ وەک دەستکێش بەراوەژوو دەکەن، ئەو بەرهەمە کە بەوشەی مینای وشەی سیاسەتوانێک، لە خشتە براوە، ڕەنگە بکرێ بڵێین ئەوان بەئارامی و خۆشییەوە هەوڵئەدەن لە پێگەی سادەییەوە، سەرایەتی

خۆیان بسەپێنن. سەبارەت بەخۆم دەبێ بیێم بەپێی عادەتی مێژینەم بەبژادەخوێنەوە، تەنیا ئەوی حەزم لێبێ دەخوێنمەوە و دیسانەوە پێیدا دەچمەوە، بەکەمە غورووری خوێنەرێکەوە کە لە گەڵ تامەزرۆیی زۆردا تێکەڵ بووە. بەڵام لە کاتێکدا خۆ بەگەورە زانی زۆر جار دەبێتە هەستێکی مەزن کە قورسایی دەخاتە سەر هەموو دەروون، هەستی غورور کە بەرهەمی پێوەندییە لە گەڵ گەرمیی وێنەدا، سرۆک و هەستپێنەکراو دەمێنێتەوە. ئەم هەستە لە گیانی ئێمەدا و تەنیا لە گیانی ئێمەی خوێنەردا و بۆ ئێمە و تەنیا بۆ ئێمە دەردەکەوێت، هەستێک کە چەشنێ غورووری سادە و بێ ئاڕایشتە. کەس نازانێت کاتی خوێندنەوە وەسوەسەی شاعیربوون ئەزموون دەکەین. هەموو ئەو خوێنەرانەی ئاشقی خوێندنەوەن لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، شەیدایی بۆ نووسەر بوون لە خۆیاندا پەرە پێدەدەن و سەرکوتی دەکەنەوە. کاتێ ئەو لاپەڕەی کە تازە خوێندوومانەتەوە زۆر لە ئایدیالی ئێمە نێزیک بێت، هەستی خۆ بەکەمزانی، ئەم شەیداییە کەم دەکاتەوە. ویڕای هەموو ئەمانە دیسان سەرهەڵئەداتەوە. بەهەر چەشنە، هەر خوێنەرێک کە بەرهەمی دڵخوازی خۆی دووبارە دەخوێنێتەوە، دەزانێت لاپەڕەکانی ئەو بەرهەمە پێوەندییان بەوەوە هەیە. لە کۆمەڵە وتاری بەبایەخی «ژان پییەریشار»دا بەناوی شیعر و قووڵایی، وتارێک پێشکەش کراوە بەبۆدلێرو وتارێکی تریش بەڤێرلێن. بەڵام زۆرتر جەخت لە سەر بۆدلێر کراوە، چونکوو وەک نووسەر ئاماژەی پێکردووە بەرهەمەکانی بۆدلێر «بە ئێمەوە پێوەستن». وتاری تایبەت بەڤێرلێن بەپێچەوانەی بۆدلێرەوە، لەو سەرنجڕاکێشەرییەی دیاردەناسی بێ بەهرەیە. گرفتەکەش هەمیشە ئەمە بووە. لە هەندێ لە خوێندنەوەکاندا کە بەنیسبەت ئەوانەوە ئێجگار هەست بەنێزیکی دەکەین، ئەمە ئێمەین کە بەمانای پڕبەپێستی وشە لە دەق «بەهرە وەردەگرین» ژان پۆل ڕیشتەر لە «تیان»دا قارەمانەکانی بەم شێوە وەسف دەکات: «ئەو شەرحی ستایشی پیاوانی



گەورە بەوەها گەشکەیەکەوە دەخوێنێتەوە چما وەسفی خۆیەتی»[4] بەهەر شێوە هاوئاهەنگی لە خوێندنەوەدا جیا لە پەسن و ستایش نییە. ئێمە گشتمان کەم تا کورتێک بەشتەکاندا هەڵدەڵێین، بەڵام بۆ دەستخستنی بەهرەی دیاردەناسی لە وێنەی شیعری، هەمیشە هانەیەکی سەمیمی، کەمێک هانەی پێداهەڵگوتن، پێویستە. دەستێوەردانی تێبینییە ڕەخنەییەکان بەکەمترین ڕادەش، زەین دەخاتە پێگەیەکی دووەمیەوە و بەسڕینەوەی تایبەتمەندیی سەرەتایی وێنە، پیاهەڵگوتن ڕادەگرێت. لەم پیاهەڵگوتنەدا کە لە حاڵەتی دۆخی دەرکردەوەیی (انفعالی) ڕوانگەی وردبینانەیی ڕەخنەیی بترازێت، شادیی خوێندنەوە، تیشکدانەوەی شادیی نووسینە. چما خوێنەر تارمایی و بەدەلی نووسەرە. بەلانیکەمەوە خوێنەر لە گەشکەی خولۆقاندندا کە بەبڕوای بێرگسۆن نیشانەی خولۆقاندنە، بەشدار دەبێت[5]. لێرەد خولۆقاندن لە هێڵێکی باریکی ڕستەیەکدا و لە ژیانی زووتێپەڕی بەیانکردنیدا دەردەکەوێت. ئەم بەیانە شیعرییە ئەگەرچی لە پێویستییەکانی ژیان دابڕاوە، کەچی ژیانی ئێمە پڕ دەکات لە شەقڵی ژیانبەخشی خۆی. باش قسەکردن بەشێکە لە باش ژیان کردن. وێنەی شیعری لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەمیشە کەمێک لەولای زمانی دەلالەتگەرییەوەیە. کە لە گەڵ شیعریدا دەژین، دەبینە هاوڕێی ئەزموونی بەکەڵکی دەرکەوتن. بێ گومان ئەم دەرکەوتنە زۆری پێ ناچێ، بەڵام کردەی دەرکەوتن دووپات دەبێتەوە. شیعر زمان دەگەیەنێتە پلەی دەرکەوتن و لە ناخی تامەزرۆی شاراوەی هەناوییەوە، ژیان دیاردەکەوێ. ئەم پێشینە زمانیانە کە لە زمانی کردەیی جیا و جیاوازن، سەرنموونەی بچووککراوەی هاندەری ژیانین. ڕێبازی بێرگسۆنیی هزر کە تیۆری «زمان وەک ئامێر»ی لە سوودی «زمان وەک واقیع» وەلا نا، دەتوانێت لە بواری شیعردا

4. Jean .paul Richter, Le Titan, translation by Phjilarete - Chasles, 1878. Vol .I, p. 22.
5. Henri Bergson, L'Energie Spirtuelle, p.23.

شایەتی زۆر لە سەر ژیانی پڕ تامەزرۆیی زمانە، بەدەست بهێنێت.

بەم شێوە هاوکاتی ڕامان لە ژیانی وشەکان کە لە ڕەوتی کامڵبوونی زمان لە درێژەی سەدەکاندا دیارکەوتووە، وێنەی شیعری، بەتەعبیری بیرکاران، جۆرە دیفرانسیەلێکی ئەم کامڵبوونە دەردەخات. شیعرێکی درەوشاوە دەتوانێت کاریگەرییەتیەکی گەورە لە سەر ڕۆحی زمان دانێت. دەتوانێت وێنە بزرەکان زیندوو کاتەوە، لە پاڵ ئەوەدا کە جەخت لە سەر سروشتی چاوەڕوان نەکراوی پەیڤ دەکات. ئەگەر ئێمە پەیڤ دەکەینە بابەتێکی پێشبینی نەکراو، ئاخۆ ئەمە بەواتای چالاکی نییە بۆ ئازادی؟ ئای کە شیعر چێژ لە لەخشتەبردنی سانسۆرچییەکان دەبات. ڕۆژگارێک هونەری شیعری، مۆڵەتی گۆڕانکاری زمانیان دەردەکرد. لە گەڵ ئەمەشدا شیعری هاوچەرخ ئازادبوونی لە تێکڕای هەیکەلی زماندا خستۆتە گەڕ و بۆیە شیعر وەک دیاردەیەکی ئازادیبەخش دیارکەوتووە.

## ٥

تەنانەت لە ئاست وێنەیەکی شیعری تاقانەدا، با تەنانەت لە ڕەوتی کامڵبوونی پەیڤ لە شیعردا ڕەنگە زایەڵەی دیاردەناسی ئاشکرا بێت، و لەوپەڕی سادەبوونیدا ئێمە بەسەر زماندا زاڵ بکات لێرەدا لە گەڵ دیاردەی وردی ئاگایی لەرزۆک و شەپۆلداردا ڕووبەڕووین. وێنەی شیعری بێگومان جۆرە ڕووداوێکی دەروونییە کە گرینگایەتیەکی کەمی هەیە. ڕەوایی پێبەخشینی بەپێی واقیعی بەرهەست و هەروەها دیاریکردنی جێی و شوێنی ئەو لە پێکهاتەی شیعردا، دوو ئەرکی دژوارن کە بۆ داهاتوو بەجێیان دێڵین. لە یەکەمین پشکنینی دیاردەناسەکیانەی خەیاڵاندنی شیعریدا، وێنەی تاقانە و دێری هەڵگری ئەو وێنەیە، دێرە شیعر یان ئەو پارچە شیعرەی کە خەیاڵاندنی شیعری لە ناخیەوە قوڵت ئەدات، هەندێ دەڤەری زمانی پێکدەهێنن کە دەبێ بەیارمەتیی شیکاریی شوێنیانە لێکبدرێنەوە. بۆ نموونە، کاتێک ژ.ب.یونتالی دەربارەی میشێل لۆق، دەڵێ: «ئەو عەڤدالێکی تەنیایە لە پێشانگاکانی وشەدا»[٦]، لە ڕاستیدا وەسفێکی بەرجەستەی فەزایەکی داهێنراوی ڕشتە ئاڵۆزوتێکتەنراوەکان بەدەستەوە دەدات کە تەنیا بەوزەی بزوێنەری ئەو وشانەی کە ئەزموون کراون، تێپەڕدەکرێ. مەیل بەرە و زەڕەخوازی لە زمانی ناوەرۆکیدا پێویستی بەبەڵگە بۆ چەسپاندن و وزەگەلێک بۆ چەقبەستن هەیە. بەڵام شیعر بەردەوام پڕە لە بزووتن، وێنە لە دێرەکانی شیعردا شەپۆل دەدا و خەیاڵ بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ، چما خەیاڵاندن دەمارێکی عەسەبیی بەدی هێناوە. یۆنتالی دواتر خاڵێکی دیکەی وتووە کە وەک دیاریکەرێکی بڕواپێکراو بۆ دەربڕینی دیاردەناسەکیانە، شیاوی بیرهێنانەوەیە: «سووژەی قسەکەر، هەر هەمان سووژەیە لە تەواوێتیی خۆیدا.» وەکیتر ئەگەر بڵێین: سووژەی قسەکەر لە تەواوێتیی خۆیدا Totality لە وێنەیەکی شیعریدا ئامادەیە، تووشی دژوازیگۆیی نەهاتووین، چونکوو تا ئەو کاتەی کە سووژەی قسەکەر خۆی بەتەواوی بەوێنەی شیعری نەسپێرێ، ناتوانی بچێتە نێو فەزای وێنەی شیعرییەوە. بێگومان وێنەی شیعری ساکارترین ئەزموونگەلی زمانی لە دەقی ژیاندا بەدەستەوە دەدات. هەروەها ئەگەر وێنەی شیعری بەئاخێزگەی وشیاری بزانین بەو جۆرەی کە من هێناومەتە بەر باس، ئەم وێنە دەربڕی جۆرە دیاردەناسییەکە.

وەکیتر، ئەگەر بڕیار بێت «ڕێباز»ێکی تایبەت لە دیاردەناسیدا ناو ببەین، بێگومان لە پێوەندیی بەدیاردەیەکی شیعرییەوەیە کە دەگەینە ڕوونترین وانەگەلی سەرەتایی و بنەمایی. Van den berg .H .E ئی.ئێچ.ڤان دێن بێرگ[٧]. لە کتێبەکەی ئەم دواییانەی خۆیدا

6. J.B Pontalis, "Michel Keiris ou la psychanalyse interminable" in les Temps Mohernes, December 1955. p. 931 .

7. J.H .van den Berg, The phenomenology Approach in Psychology .An introduction to recent phenomenology psucho - pathology (Charies c .Thomas, Publisher .Springfield, Illincis, 1955,p. 61).

نووسیویەتی: «شاعیران و شێوەکاران، دیاردەناس لە دایک بوون». ئەو دەڵێ کە شتەکان لە گەڵ ئێمەدا دە «پەیڤ»ن و کەوا بوو، ئەگەر مافی ئەم زمانە بەشێوەیەکی شیاو بەجێ بهێنین، دەتوانین لەگەڵ شتەکاندا پێوەندی و نێزیکی دابمەزرێنین، وەکیتر دەڵێ: «ئێمە بەردەوام خەریکی لێکدانەوەی ئەو پرسانەین کە بەهیوا نین بەفکراندن و ڕامان لێکبدرێنەوە.» قسەی ئەم دیاردەناسە هۆڵەندییە دەتوانێ ببێتە هۆی دڵگەرمیی ئەو فەیلەسووفانەی کە مرۆڤی قسەکەر لە چەقی لێکۆڵینەوەکانیاندایە.

٦

کەش و هەوای دیاردەناسانە ئەو کاتە دەتوانێ لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە لێکبدرێتەوە کە بتوانین لە باسی وێنە شیعریەکاندا دەڤەرێک جیابکەینەوە کە لە خۆگری پاڵافتن یان هەڵکشانی دەژ بێت، پانتاییەک کە بەرزکەرەوەی هیچ شتێکی دیکە نییە و لە شڵەژان و گوشاری مەیل سەربەستە. بەم جۆرە بەنیسبەتدانی پلەی ڕەهای پاڵافتن بۆ باڵاترین پلەی وێنەی شیعری، لە ڕاستیدا هەموو بارێکی ئەم باسە لە سەر جیاوازییەکی پاژیانە و سادە دادەنێین. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەڕای من شیعر شایەتی زۆر لە سەر ئەم پاڵافتنە دەژ ورەهایە بەدەستەوە دەدات. کاتێک ئەم بەڵگانە پێشانی دەروونناس و دەرونشیکار دەدەین، ئەوانیش ئیدی وێنەی شیعری بەجۆرە گەمەیەکی سادە و سەرەتایی، ڕاگوزاری و سەرپاکی بێهوودە و بێ کەڵک دانانێن. بەتایبەت وێنەکان لە لای ئەوان هیچ مانایەکیان نییە، نە لە ڕوانگەی شڵەژانەکانەوە و نە لە ڕوانگەی دەرونناسی و دەروونشیکارییەوە. ئەوان تەنانەت بەزەینیشیاندا نایەت کە مانای ئەم وێنانە ڕێک مانایەکی شیعرییە. بەڵام شیعر بەردەوام ئامادە و زیندووە، هاوکاتی ئەو وێنانەی کە لە ناخیەوە هەڵدەقوڵێ، ئەو وێنانەی کە خەیاڵاندنی داهێنەرانە لە دەقی ئەوانەوە سەرهەڵدەدات تاکوو لە هەرێمی خۆیدا دامەزرێ.



لە ڕوانگەی دیاردەناسەوە، هەر هەوڵێک بۆ نیسبەتدانی هۆ و هۆکاری پێشینی بەوێنەیەکی شیعرییەوە، لە هەلومەرجێکدا کە وێنە لە لای ئێمە ئامادە و زیندووە، نیشانەیەکی هەمان ڕێبازی کۆنی دەروونناسیگەریی پێوە دیارە. لە بەرامبەردا، ئێمە وێنەی شیعری لە ئاستی وجودیی خودی وێنەدا لە بەر چاو دەگرین، چونکو لەم ڕوانگەوە، وشیاری شیعری بەشێوەی تەواو لە نێو وێنەدا دەتوێتەوە کە لە پانتای زماندا، لە ڕووبەرێکی سەرووتر لە زماندا، دەردەکەوێت. ئەو زمانەی کە وشیاریی شیعری بۆ پێوەندی لە وێنەی شیعرییەوە بەکاری دێنێ، هێند تازەیە کە ئیدی لێکدانەوەی نیسبەتی نێوان ڕابردوو و هەنووکە، سوودێک نابەخشێت.

بەو نموونانەی کە دەربارەی دابڕان لە مانا و هەست و هەستەکاندا دەیخەمەڕوو، خوێنەرانی ئەم نووسراوە ئەم خاڵەی من وەردەگرن کە وێنەی شیعری، مژدەی بوونەوەرێکی تازەی پێیە. ئەم بوونەوەرە تازە، هەمان مرۆڤی دڵخۆشە.

بەڵام دەروونشیکاری خێرا ئەم ئیشکالیەتە دێنێتە ئاراوە کە لە ئاخافتندا ڕازی و کەوا بوو ناڕازی لە واقیعدا. بەلای ئەوەوە پاڵافتن چ نییە جگە قەرەبووکردنەوە لە ڕێڕەوێکی ئەستوونیدا، یان ڕاکردن بەرە و سەرەوە، ڕێک هەر چۆن کردەی جوبران جۆرە ڕاکردنێکی ئاسۆیی و پاڵەکییە، دەروونشیکار، بێماتڵ بوون لێکدانەوەی هەستیناسانەی وێنە وەلادەنێ تاکوو خەریکی قووڵبونەوە و پشکنینی ڕابردووی تاکەکەس دەبێت. ئەو ڕەنجە نادیارەکانی شاعیر دەبینێ و ئاماژەی پێدەدات. ئەو گوڵ لە ڕێگەی کوودەوە (مادەیەکی شیمایی کە بۆ فراڕینی ڕووەک بەخاکەکەی زیاد دەکرێت و.ک) وسف و ڕوون دەکاتەوە.

دیاردەناسی تا ئەم ڕادەیە ناچێتە پێشەوە. لای ئەو وێنە زیندوو و ئامادەیە و وشە دەئاخڤێت. واتە ئەو وشەی شاعیر بەکاری دێنێ لە گەڵ ئەو [واتە دیاردەناسدا] قسە دەکات. پێویست ناکات لە ڕەنجەکانی

شاعیر بگەین تاکوو لە چێژی ئاخافتەی شیعری بێبەش نەبین، ئەو چێژەی تەنانەت بەسەر خودی تراژدیاشدا زاڵ دەبێت. پالافتن لە شیعردا سنووری دەروونناسیی ڕۆحی ناڕازی نێو ژیانی ڕۆژانە بەجێدێڵێ، چونکوو ئەو تراژیدیایەی شیعر بەدەربڕینیەوە خەریک دەبێت، چەندەش گەورە بێت، دیسان ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە شیعر تام و بۆنی تایبەتی خۆی هەیە.

بە ڕای من، پالافتنی دەژ، بەشێوەیەکی جیدی پرسی میتۆد دێنێتە ئاراوە، چونکوو پێویست بەوتن ناکات کە دیاردەناس ناتوانێت پرۆسەی پالافتن، کە واقیعێکی زۆر گرنگی دەروونناسییە و دەروونشیکاران بەباشی لێکیانداوەتەوە، لە بەرچاو نەگرێت، ئەرکی دیاردەناس ئەوەیە کە بەشێوەیەکی دیاردەناسانە بەلێکدانەوەی ئەو وێنانەوە خەریک بێت کە ئەزموون نەکراون، ئەو وێنانەی کە لە ڕەوتی ژیاندا ڕوونادەن، بەڵکو زەینی شاعیر دەیانئافرێنێ، ئەو دەبێ ئەو شتە کە ژیان نەکراوە، بژیەت و بەردەوام بۆ پێشواز کردنی دەسپێکی زمان ئامادە بێت. وەها ئەزموونگەلێک دەکرێ لە هەندێ شیعردا بۆ نموونە هەندێ لە شیعرەکانی پییەر ژان ژوودا ببیندرێت. لە ڕاستیدا هیچ شیعرێک ناناسم ئەوەندەی شیعری ژوو کەڵکی لە فیکراندن و قووڵبوونەوەی دەروونشیکارانە وەرگرتبێ. لە گەڵ ئەمەشدا شیعری ئەو جارجار هەڵگری ئەزموونگەلێکی هێند بەبڕشت و هەژێنەرە کە ئیدی پێویستمان بەئەزموونکردنی ئاخێزگەکەیان نییە. ئەو خۆی دەڵێ[8]: «شیعر بەردەوام ئاخێزگەکانی خۆی تێدەپەڕێنێ و چونکو لە کاتی شادی یان کەسەردا، ڕەنجێکی قووڵتر ئەزموون دەکات، ئازادییەکی زیاتریش بۆ خۆی دەپارێزێ.» لە لاپەڕەی

8. Pierre - jean Jouve, En Miroir, Mercure de France, p. 109. Andree Chedid has also written: "A Poem remains free .We shall never enclose its fate in our own ".The ppet Knows well that "hids breath will carry him father thqn his desire)".Rerre et poesie, G.L.M -14 and 25).



١١٢دا دەڵێ: «چەندە لە زەمەندا زیاتر چوومە پێشەوە، بزووتنەکەم ڕێکێتیەکی زیاتری پەیدا کرد و لەو لای هانە پایەکیەکانەوە (جانبی) بەرەو شێوەی دەژی زمان، ئاراستەی وەرگرت.» نازانم ئیی یەر ژان ژوو [لە گەڵم] هاوڕایە کە ئەو هۆ و هانانەی کە دەروونشیکاری دەریاندەخات بە«پاڵەکی» بزانین یان نەء. بەڵام لە هەرێمی «شێوەی دەژی زمان»دا ئەو هانانەی بەر مەبەستی دەروونشیکارن، ناهێڵێت کە وێنەی شیعری لە حاڵەتە ناوازەکەیدا، پێشبینی بکەین. ئەم هانانە لە دوا ڕادەدا هەندێ دەرفەتن بۆ ڕزگاری. وەکیتر لە سەردەمی شیعریی هەنووکەییدا، هەر ئەم تایبەتمەندییەیە کە شیعری بەئاشکرا «سەرسووڕهێنەر» کردووە. لە بەر ئەمەش وێنەی شیعری هاوچەرخ لە پێشبینی کردن نەهاتوون، زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی زۆر ئاگایان لە تایبەتمەندیی لە پێشبینی نەهاتوویی شیعر نییە، ئەو تایبەتمەندییەی کە گەڵاڵەکانی دەروونشیکاریی باو لە ڕوونکردنەوەی شیعردا تێکدەشکێنێ. بەڵام شاعیر بەئاشکرا دەڵێ کە «شیعر» بەتایبەت لەم سەردەمەدا، تەنیا لە گەڵ ئەندێشەی وردبیندا دەسازێ کە تینووی بابەتی نەناسراوە و لە بنەڕەتدا ئامادەی وەرگرتنی (بوون بە)یە. پاشان لە لاپەڕەی ١٧٠دا دەڵێ: «بەم جۆرە دەگەینە پێناسەیەکی نوێی شیعر: ئەو کەسەی زانیاریەکانی خۆی دەناسێ، لە زانیاریەکانی خۆی تێدەپەڕێت و ناویان دەنێت.» لە ئاکامیشدا لە لاپەڕەی ١٠دا نووسیویەتی: «هیچ شیعرێک بەبێ ئافراندنی ڕووت لە ئارادا نییە.»

وەها شیعرێک دەگمەنە[٩]. زۆربەی شیعری هاوچەرخ بەزۆری لە گەڵ هەژاندا (هیجان) تێکەڵە و زۆرتر لایەنی دەروونناسانەی هەیە. بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا لێرەدا دەگمەن و ڕیزپەڕێتی، ڕێسا کە لە ئیعتبار و گشتێتی ناخات و ڕێکێتیەکی نوێ بەدیدێنێت. لە دەرەوەی دەڤەری پالافتنی ڕووتەوە، تەوەرێتیی وردی شیعر دەرناکەوێت جگە لە مە کە ئەم

9. Pierre - Jean Jouve loc .Cit, p .9" :la poesie est rare”

پالآفتنە تا چ ڕادەیەک سنووردار یان بەرزە جێ بێت و یان لە ڕواڵەتدا لە دەرەوەی دەستەڵاتی دەروونناسان و دەروونشیکارانەوە بێت کە بەگشتی هیچ هۆ یان هانەیەکیان بۆ لێکدانەوەی شیعری دەژ لە لا نییە.

لە وانەیە لە دیاریکردنی ئاستی ڕاستەقینەی دابڕان و دووکەرتبووندا تووشی دوودڵی ببێین و هەروەها لەوانەیە ماوەیەکی درێژ لە هەرێمی ئەو هەژانە لە خشتە بەرانەدا کە شیعر تووشی ئاژاوە دەکەن سەر سام بمێنینەوە. وەکیتر ئەو پلەی کە تێیدا ڕووبەڕووی پالآفتنی ڕووت دەبینەوە بێگومان لە هەمو ڕۆحەکاندا یەکسان نییە. بەڵام لانیکەم، زەروورەتی جیاکاریی نێوان لێکدانەوەی دەروونەساکیانە و دیاردەناسەکیانەی پالآفتن، پێویستیەکە، کە لە خودی میتۆدەوە هەستاوە. هەڵبەت هەر دەروونشیکارێک دەتوانێ کەسایەتیی مرۆیی شاعیران لێکبداتەوە، بەڵام بەهۆی ناسیاوی خۆی لە گەڵ هەژانە نەفسیەکاندا، ناتوانێ واقیعی بەرزەجێ و هەژێنەری وێنەی شیعری لێکبداتەوە.

کارل گۆستاف یوونگ ئەم ڕاستیەی بەڕوونی دەربڕیوە: پێداگری لە سەر شێوازەکانی داوەریی دەروونناسانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە «لە (خودی) بەرهەمی هونەری خافڵ ببین و لە گلۆڵەی ئاڵۆزی سەرەتا دەروونشیکارانەییەکاندا، گیرۆدە ببین، شاعیر دەکرێتە «بابەتێکی دەرمانی» واتە دەبێتە نموونەیەک و لە دەروون نەخۆشییەکی جنسیدا ژمارەیەکی پێ تەرخان دەدرێت. بەم جۆرە دەروونشیکاریی بەرهەمی هونەری بابەتی خوێندنەوەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت و پەنا بۆ هەرێمی ویست و سۆزی گشتیی مرۆڤ دەبات کە بەهیچ جۆرێک تەنیا، تایبەتی هونەرمەند نییە و، بەتایبەت بۆ هونەری ئەو [واتە هونەرمەند] هیچ گرنگایەتیەکی نییە»[١٠].

10. C.G.Jung "On the Relation of Analutical Psycholoy to the Poetic Art" in Contriburion to Analytial Psychology trans .By H.G & .Cary f .Baunes .New york: Harcout> Brace, 1928.



تەنیا بۆ ئاکام وەرگرتن لەم باسە دەمەوێ ئاماژە بەخاڵێکی جەدەلی بدەم، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا لە گەڵ جەدەلدا نیم.

دەڵێن پینەچییەک سەرنجی خۆی لە سەر پێلاوەوە بڕیبوە خاڵێکی دوورتر. ڕۆماییەک پێی وت: ئەو لای کەوشەکە مەدروو (پێت بەقەد بەڕەکەت ڕاکێشە!)

ئێستەش، لە هەر کوێدا کە باسی پالآفتنی ڕووت، واتە دیاریکردنی خودی هەستیی شیعرلە ئارادیە، ئاخۆ دیاردەناس بۆی نییە بەدەروونشیکار بڵێ: ئەو لاتری منالڵدان شی مەکەرەوە.

٧

بەوتەیەکی دیکە، هەر کە هونەر خۆبەست و سەربەست دەبێت، ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات. بەم پێیە، گرنگە کە ئەم سەرەتایە بەجۆرە دیاردەناسییەک دابنێین. لە ئەساسدا دیاردەناسی خۆی لە ڕابردوو ئازاد دەکات و ڕووبەڕووی بابەتی تازە دەبێتەوە. تەنانەت لە هونەرێکی وەک شێوەکاریدا کە شایەتێکی کاربردی شارەزاییە، گەلێ سەرکەوتنی گەورە، سەربەخۆ لە شارەزایی (هونەری) بەدی دێت. لە شەرحێکی ژان لیکووردا لە سەر شێوەکاریی شارل لاپیک وەها هاتووە: گەرچی ئەم بەرهەمە سەرچڵ و زانایی بەرفرەی ئەو لە هەموو شێوە زیندووەکانی جیسماندنی[***] فەزادا نیشان دەدات، بەڵام ئەم ئەگەرانە وەگەڕ نەخراون و نەکراونەتە دەستووری کار، کەوابوو زانین دەبێ هاوڕێی توانایەکی هاوشێوە بێت بۆ فەرامۆش کردنی زانین. بەڵام ئەم فەرامۆشکردنەی زانین بەمانای جۆرە بیچمێک لە بیچمەکانی نەزانین (جەهل) نییە بەڵکو مانای بیچمێکی دژوازی بەرزێتی بەخشین و تێپەڕاندنی خودی زانینە. ئەمە

*** جیسماندن، جیسم + اندن – بەمەش دەرهێنان. بەجسم و عەین دەرهێنانی بابەتێکی زەینی. ان لێرەدا نیشانەی گۆڕانە، نەک شوێن یان کۆ.

باجێکە کە بەرهەمی هونەری بەردەوام دەبێ بیدات تا هەمیشە و لە هەموو زەمەنێکدا وەک جۆرە دەسپێکێکی ڕووت بێت، ئەو دەسپێکە ئافراندنی بەرهەمێکی هونەری دەکاتە تەمرین (پرۆڤە) کردنێکی سەربەستی[١١]. ئەم وتەیە بۆ باسەکەی ئێمە گرنگایەتیی زۆری هەیە چونکوو دەکرێ ڕاستەوخۆ بۆ دیاردەناسی شیعرکەلکی لێ وەربگرێت. فەرامۆشکردنی زانین مەرجی بنەڕەتی و پێویستی شیعرە، ئەگەر لە هۆنینەوەی شیعردا شارەزاییەک لە کاردا بێت، ئەم شارەزاییە تەنیا لە ئاستی ئەرکێکی ناگرنگتردا، واتە بەدیهێنانی پێوەندیی نێوان وێنەکاندایە. بەڵام هەموو ژیانی وێنە لە شکۆی سەرسووڕهێنەری ئەودا دیار دەکەوێت، واتە لەم ڕاستیەدا کە وێنە لە هەموو گریمانکراو و پێشویستەکانی وێنەی هەستیانە، تێدەپەڕێت.

هەروەها دەردەکەوێت کە بەرهەمی دانەرێک هێندە لە ژیان ناوازە و جیاواز دەبێتەوە، کە ژیان ئیدی ناتوانێت ئەو [بەرهەمە] ڕوونبکاتەوە. لێکوور (هـ.س.ل ١٣٢) دەربارەی لاپیک دەڵێ: «ئەو خوازیاری ئەوەیە کە کردەی داهێنەرانە هەر ئەوەندە بۆ ئەو سەیر و سەمەرەیی بەرهەم بهێنێ کە خودی ژیان [بەرهەمی دەهێنێ].» بەم پێیە هونەر هەمان پەرەو گەشەی ژیانە، جۆرێک کێشمەکێش لە نێوان ئەو سەیر و سەمەرەییانەی کە وشیاری و ئاگاداری لە مرۆڤدا ڕادەچەنێن و لە بێ هەست و داتەپاویی دەیپارێزن. لێکوور (ل ١٣٢) لە زمانی لاپیکەوە دەگێڕێتەوە: «بۆ نموونە، ئەگەر بمەوێ ئەو ئەسپانە بکێشمەوە کە لە پێشبڕکێی ئەسپ ئاژووتنی ئوتوویی پاریس بەسەر بەرگری ئاویدا باز دەدەن، چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە شێوەکارییەکەم هەر ئەو کاریگەرییە چاوەڕواننەکراوە لە سەر من دانێت، هەڵبەت بەشێوەی تایبەتی خۆی، کە بینیی پێشبڕکێی ڕاستەقینە [لە سەرم دایدەنێ]. دیارە مەبەست ئافراندنەوەی دەقاودەقی ئەو ڕووداوە نییە

11. jean lescure, Lapicque, Galanis, p. 78.



کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، بەڵکو باسەکە ئەوەیە کە دەبێ هەموو ئەو ڕووداوە بەشێوەیەکی نوێ، لە ڕوانگەی شێوەکارییەوە، جارێکیتر ئەزموون خەڵق بکەن. بەم کارە، ئەگەری کاریگەریی نوێ بۆ خۆم دەئافرێنم.» لیکوور دەگاتە ئەم ئەنجامە کە «هونەرمەند شێوەی ژیانی خۆی خەڵق ناکات، بەڵکو بەو شێوەی کە خەڵق دەکات، دەژی.»

بەم جۆرە، شێوەکارانی هاوچەرخ وێنە تەنیا وەک جێنشینی واقیعی بەرهەست نابینن. پرۆست دەربارەی ئەو گوڵە سوورانەی ئیستیر کێشابوویەوە وتی: «ئەم شێوەکارە، وەک باخەوانێکی لێهاتوو، جۆرێکی نوێی گوڵی خەلق کردووە و بنەماڵەی گوڵە سوورەی دەوڵەمەندتر کردووە[١٢]».

## ٨

دەروونناسیی شیعری بەدەگمەن بەبابەتی وێنەی شیعرییەوە، - کە بەهەڵە، بەزۆری بەجۆرێک خوازەی سادە دادەنرێ - خەریک دەبێ. بەشێوەیەکی گشتی، وشەی وێنە لە بەرهەمی دەروونناساندا لە گەڵ ئاڵۆزی و لێڵییەکی زۆردا هاوکاتە: وێنەکان دەبینین، بەرهەمیان دەهێنینەوە، ئەز بەریان دەکەین. وێنە، دەتوانێ هەموو شتێک بێت جگە لە بەرهەمی ڕاستەوخۆی خەیاڵاندن. لە کتێبی مادە و بیرەوەریی بەرهەمی بێرگسۆندا کە وێنە بەمانا بەفرەکەی لێکدراوەتەوە، تەنیا لە یەک نموونەدا (ل ١٩٨) ئاماژە بەخەیاڵاندنی داهێنەرانە و ئافرێنەرانە کراوە، کە وابوو ئەم داهێنان و ئافراندنە لە ئاستی کردەیەکدا ڕادەیەکی کەمتری ئازادیی تێدایە، کردەیەک کە پێوەندیی بەو کردە سەربەست و شکۆدارانەوە نییە کە لە فەلسەفەی بێرگسۆندا جەختیان لە سەر کراوە. لەم وتە کورتەدا، بێرگسۆن «یاریی خەیاڵ» و وێنە جۆراوجۆرە ڕسکاوەکانی ئەو [یاریی] خەیاڵە

12. Marcel Proust, Remembrance of Things past, vol .v: Sodom and Gomorrah.

وەکوو پێوەندیی سەربەست و بێ باکانەی زەین لە گەڵ سروشتدا، دەستنیشان دەکات. بەڵام ئەم ئازادییانە هەستیی ئێمە دەرۆست ناکەن، هەرچۆن کە نە شتێک دەخەنە سەر زمان و نە کۆتایی بەدەوری ئافرێنەرانەشی دێنن. ئەوان بەتێکڕایی «یاری»ن. لە ڕاستیدا، خەیاڵاندن، نەک بەتەواوی، هیچ تیشکێک نابەخشێتە بیرەوەریەکانمان. تا ئەو جێگەی پێوەندیی بەهەرێمی ئەو بیرەوەریانەوە کە ڕەنگ و بۆنی شیعریان وەرگرتووە هەیە، بێرگسۆن بەتەواوی لەگەڵ پرۆست جیاوازە، پێوەندیی بێ پەروای زەین لە گەڵ سروشتدا، بەڕاستی ماهییەتی زەین ئاشکرا ناکات.

لە بەرامبەردا پێشنیازی من ئەمەیە کە خەیاڵاندن بەوزەی سەرەکی و بنەڕەتیی سروشتی مرۆڤ دابنێین. بێ گومان هیچ شتێکمان لە وتنی ئەمە کە: خەیاڵاندن هێزی بەرهەم هێنان و خەڵقی خەیاڵ و وێنەیە، دەست ناکەوێت. بەڵام ئەم کارە کە حوکمی هەمانبێژیی هەیە لانیکەم ئەم کەڵکەی هەیە کە کۆتایی بەبەراوردی وێنە لە گەڵ بیرەوریدا، دێنێ. خەیاڵاندن بەبزووتنی بەلەز و خێرا، لە ڕابردوو و واقیع دامان دەبڕێ، خەیاڵاندن ڕووی لە داهاتووە. کارکردی واقیع، کە بەپێی پێناسەی دەروونناسیی سوننەتی لە لایەنی ئەزموونی ڕابردووەوە خەملیوە، دەبێ کارکردی خەیاڵاندن یان ناواقیعیشی بخرێنە سەر کە وەک لە هەندێ بەرهەمی پێشووی خۆمدا پێشانم داوە بەهەمان ڕادە بەسوودە، هەر چەشنە کەمەسیەک لە کارکردی خەیاڵاندندا، ڕێگەی دەروونی داهێنەر دادەخات. ئەگەر لە خەیاڵاندندا توانا نەبین، لە پێشبینی کردنیشدا، ناتوان دەکەوینەوە.

ئەگەر بمانەوێ باسی خەیاڵاندنی شیعری بەزمانێکی ساکار بەپوختی بکەین دەبێ بڵێین کە کەڵک لە سەرەتایە دەروونیەکانی شیعر وەرناگیردرێت مەگەر ئەوەی کە ئەم دووکارکردەی هاوئاهەنگ بن. لە شیعردا بیچمێکی واقیعیی دەرمان، بەیارمەتیی هۆنراوە دەهێنرێتە ئاراوە کە واقیع و خەیاڵ تێکەڵ دەکات و لە ڕێگەی چالاکیی دوولایەنەی



دەلالەت و شیعر، زمان زیندوو ڕادەگرێ، هەروەها لە شیعردا دەرۆستی و ئیلتیزامی بوونەوەری خەیاڵخولقێن بەشێوەیەکە، کە ئەو ئیدی بەتەنیا کارای کردەی «سازگاربوون لە گەڵ واقیع»-دا نییە. هەلومەرجی واقیعی ئیدی هۆکاری دیاریکەری نییە. لە جیهانی شیعردا خەیاڵاندن لە پەراوێزدا مسۆگەر دەبێ، ڕێک لەو شوێنەدا کە کارکردی خەیاڵاندن و واقیعبێژی بەئەفسوونکردن یان شڵەژاندن و- هەروەها بەردەوام بزواندنی - ئەو مرۆڤەوە خەریکە کە نوقمی خەو و خەونی خۆبزوێنە. لە نێو ئەم خەونە خۆبزووتەدا، سڕۆکترین و شاراوەترینیان کە هەر هەمان خۆ بزووتیەی زمانە، ئەو کاتەی کە پێ دەنێتە هەرێمی پاڵاوتنی ڕووتەوە، دۆش دادەمێنێ. ئەگەر لە سۆنگەی ئەم پاڵافتنە دەژەوە سەیرکەین، خەیاڵاندنی پێوەست بەئافراندنەوەی واقیعەوە، ئیدی گرنگایەتیەکی وەهای نییە. بەوتەی ژان پۆل ڕیشتێر[١٣]: «خەیاڵاندنی پێوەستی ئافراندنەوەی واقیع، بیچمی پەخشانیی خەیاڵاندنی داهێنەرانەیە.»[١٤].

سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی:

Easton Bachelard, The paeticsof space, trans, by Maria olas Canada: The orion press, 1969.

سەرچاوەی وەگێڕانی کوردی:

فصلنامەی ارغنوان، شمارەی ١٤، پدیدارشناسی شعر، گاستون باشلار، ترجمەی سیدعلی مرتصویان، زمستان ١٣٧٧ . یص ١٢٩-١٤٥

---

13. Jean - Paul Richter, Poetique ou introduction a ies-thetique, translated, 1862, wol1 p. 175.

١٤- ئاماژەیەکە بۆ جیاوازیی نێوان پەخشان و شیعرکە لە کولتووری ئەورووپیدا هاوواتای جیاوازیی نێوان واقیعی ڕۆژانە (پەخشان) و خەیاڵە و لەبەرامبەر شیعردا، پەخشان بەسووکتر سەیر دەکرێت. و.ف

# بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی

# سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی

*نووسینی: جۆرج لووکاچ*

*وەرگێڕانی: بەختیار سەجادی*

ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدە و تاڕادەیەک هاوکات لەگەڵ لە ناوچوونی ناپلیۆن هاتە ئاراوە (بڵاوبوونەوەی ڤەیڤێرلیwaverly بەرهەمی سکاتساڵی ١٨١٤) هەڵبەت ئەکرێ ئاماژە بۆ هەندێ ڕۆمانی هەڵگری بابەتی مێژووییش بکرێ کە سەدەگەلی هەڤدە و هەژدە نووسراون و، یان ئەگەر کەسێ بیەوێ ئەتوانێ ئەوگوتە و گێڕانەوانەی سەدەکانی ناوەڕاست لە مێژووی کلاسیک یان ئوستوورەکانیش وەکوو "پێشڕەو"ی ڕۆمانی مێژوویی لە قەڵەم بدات و، یاخود تەنانەت پتر بچینە دواوەو، ئەو بەرهەمانەش لە چین و هیندا نووسراون بخەینەنێو ئەم خانەیەوە. سەرەڕای ئەمە لێرەدا ناکرێ قوژبنێک بدۆزرێتەوە کە تیشک بخاتە سەر ئەم دیاردەیە، واتە ڕۆمانی مێژوویی. ئەو بەرهەمانەش بەڕۆمانی مێژوویی سەدەی هەڤدە ناسراون (وەک سکوودیری[1]، کالپراند[2] و هتد) تەنیا لە لایەنی هەڵبژاردنی ڕواڵەتیی بابەت و دەرکەوتەی دەستکردی ڕواڵەتەوە دەکرێ بەڕۆمانی مێژوویی دابنرێن. نەک هەر دەروونناسیی کەسێتییەکان، بەڵکو تەنانەت شێوە دەرکەوتنەکانی ئەم بەرهەمانە تایبەتی سەردەم و ڕۆژگاری نووسەرەکەن. لە بەناوبانگترین "ڕۆمانی مێژوویی"ی سەدەی هەژدەدا، واتە کۆشکی ئۆترانتو[3]، بەرهەمی والپۆل[4] مێژووش بۆ خۆی

1.scudéry
2.calpranéde
3.castle of Otranto
4.Walpole



هەر بەهەمان شێوەو وەکوو دەرکەوتەیەکیی دەستکرد و ڕووکەشیانە ڕەچاو کراوە؛ واتە بابەتە سەیر و سەمەرەکانی "ژینگە"یە کە خاوەن گرینگایەتییە، نەک وێنای هونەرمەندانە و وەفادارانەی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو. ئەوەی ڕۆمانی مێژوویی بەرلە ڤاڵتێر سکات بەناو نەیبوو، بۆ خۆی و بەشێوەیەکی تایبەت هەر هەمان [لایەنی] مێژوویی بوون بوو، واتە هەڵگۆزین و قۆستنەوەی تاکایەتیی کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانەکە لەوپەڕی تایبەتمەندییە مێژووییەکانی چاخەکەیان. بۆی لیڤ[5] ڕەخنەگرێکی مەزن، کە ڕۆمانە مێژووییەکانی هاوچەرخی خۆی بەهەستیاری و گومانێکی لەرادەبەدەرەوە خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، پێ لە سەر ئەمە دادەگرێ کە کەسێتییەکانی ڕۆمان ئەبێ تەنیا لەڕووی دەروونناسانە و کۆمەڵایەتییەوە، ڕاستەقینە بن و خوازیاری ئەوەشە کە لە ڕۆماندا، بۆ نموونە، پێویستە چۆنیەتیی خۆشەویستی و شێوەی دڵداریی حوکمڕانێک بەچەشنێک پێشانبدرێ کە جیاواز بێ لەئاکار و هەڵسوکەوتی شوانێک و... هتد. [لێرەدا] پرسی هەقیقەتی مێژوویی لە نواندنەوەی هونەریی واقیعدا، هێشتا وا لەو پەڕی ئاسۆ و ئاشکرا نەبووە.

وێڕای ئەمانە[ی سەرەوە] و بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانێکی واقیعخوازانەی کۆمەڵایەتی بەنرخ و گرنگی سەدەی هەژدە کە لەوێناکردن و دەرخستنی خوو و خەدە و دەروونناسیی سەردەمی هاوچەرخی خۆیدا، توانیویەتی لە ڕێگەی ئەدەبەوە، بگاتە دەستکەوتێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گەشتن بەواقیع، حەزی لەوە نییە کەسێتەکانی خۆی وەکوو مرۆڤگەلێک پێشان بدات کە هی قوناخێکی دیاریکراوی مێژوویین. لەم جۆرە ڕۆمانەدا، جیهانی هاوچەرخ بەشێوەیەکی نائاسایی و نامۆ و نەرم و پەسەند بەنیسبەت ژیانەوە وێنەدەکێشرێ و، بەشێوەیەکی گەمژانەش ئەو

5.Boy live

خاڵە پەسەندکراوە بەچەسپاوو و حەتمی وەردەگیرێ؛ بەڵام ئەوەی کە [ئەوان] چلۆن و بەچ شێوەیەک کامڵ بوون، ئیدی بۆ نووسەر کێشە نییە. ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە دەرهەستیانە لەگەڵ وێناکردن و پێشاندانی سەردەمی مێژوویی، لە خۆیدا کار لە نواندن و وێنا کردنی شوێنی مێژوویی‌یش ئەکات. هەر بۆیە لوساژ[٦] ئەتوانێ وێنەیەکی زۆر ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە لە فەڕەنسای هاوسەردەمی خۆی بۆ سپانیا بنوێنێتەوە و، لەم کارەش بەهیچ جۆرێ هەست بەناکۆکی و ناقایلی ناکات. هەر بەهەمان شێوە، سویفت، ڤۆڵتر و تەنانەت دیدرۆش ڕۆمانە تەوساوییەکانی خۆیان لە "بۆشایی و ناشوێن"دا دادەنێن و سەرەڕای ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە تایبەتمەندییە سەرەکی وبنچینەییەکانی فەڕەنسا و ئینگلتەرای هاوچەرخ ئەنوێننەوە. کەواتە، ئەم نووسەرانەی کە بەریالیزمێکی وا بوێر و کاریگەرەوە پەل بۆ تایبەتمەندییە بەرچاو و زەق و زۆپەکانی دنیای خۆیان ئەهاوێژن، لەبەرچی ناتوانن چۆنایەیەتیە تایبەتەکانی ڕۆژگاری خۆیان لە باری مێژووییەوە فام بکەن؟

ئەم گرۆیەتیە بنەڕەتییە، سەرەڕای ئەم واقیعە کە، ڕیالیزم هێشتا توانای هەڵاوێردنی تایبەتمەندییە تایبەتەکانی سەردەمی ئێستەی بەوزەیەکی هونەریی زۆرترەوە هەیە و بەردەوام درێژەی پێدەدا، لەبنەڕەتدا و بەڕاستی نەگۆڕ و وێستاو ماوەتەوە. با هەندێ ڕۆمان وەک مۆل فلاندێرز[٧]، تام جۆنز و هتد لەبەرچاو بگرین. ئەم ڕۆمانانە لەڕێگەی وێناکردنی گشتی و ڕاستەقینەی سەردەمی هەنووکەییەوە هەندێ ڕووداوی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخ کە پێوەندیی بەچارەنووسی چاکی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەشەوە هەیە لێرە و لەوێ بۆ خۆی دەستەبەردەکاو لە نیێو خۆیدا ئەیان خەمڵێنێ. لەم ڕێگەوە، بەتایبەت لە بەرهەمەکانی سمۆلێ[٨] و فیلدینگ دا، کات و

6.Lesage
7.Moll flanders
8.smollett



شوێنی کردە، زۆرتر لەوەی لە سەردەمگەلی ڕابردووی ڕۆمانی کۆمەڵایەتیی تر یان لە بەرهەمەکانی ئەو دواییانەی فەڕەنسادا باو و زاڵ بوو، بەدیار ئەکەوێ، لەڕاستیدا فیلدینگ تاڕادەیەک ئاگاداری ئەم گۆڕانگارییە بوو کە بریتی بوو لە دیارکەوتنی گەشەی ڕۆمان لە وەدەست هێنانی تایبەتمەندییە مێژووییەکانی کەسێتییەکان و ڕووداوەکاندا. پێناسەی فیلدینگ لە خۆی وەکوو نووسەرێک هەمان پێناسەی مێژوونووسی کۆمەڵگای بۆرژواییە.

لەپاڵ، ئەمەشدا، لەشیکاریی پێشینەی ڕۆمانی مێژووییدا ئەبێ پێوەندیمان لەگەڵ ئەفسانەی ئەو ڕۆمانتیزمە کۆنخواز و پاشکەوتووەدا بپچڕێنین کە حاشا لە بوونی هەر چەشنە چەمک یان وەرگرتنێک لە مێژووی ڕۆشنگەری ئەکاو، داهێنان و ڕۆنانی ناوەرۆکی مێژوویی، ئەخاتە مل دژکارانی شۆڕشی فەڕەنسا، واتە کەسانێک وەک بێرک[٩]، دۆمایستر[١٠] و هتد، بۆ دابەزاندنی ئاستی گرنگایەتیی ئەم ئەفسانەیە هەر ئەوە بەسە بیر لە دەستکەوتەگەورە و سەرسووڕهێنەرە مێژووییەکانی نووسەرانێکی وەک مۆنتسکیو، ڤۆڵترو گیبۆن بکەینەوە.

بەهەر حاڵ ئەوەی بۆمە گرنگە، بریتیە لە دیارێتیدان (تعیین)ی تایبەتمەندییەکی ڕیزپەڕی ئەم ناوەرۆکە مێژووییە، ئەویش کە پێش و پاش شۆڕشی فەڕەنسا بەتەواوی بزانین ئەو بناخە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیکەی هۆی بەدیهاتنی ڕۆمانی مێژوویی بوو، چ بوو. لێرەدا ئەبێ جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە کە مێژوونووسیی سەردەمی ڕۆشنگەری لەرەوتی سەرەکیی خۆیدا ئامادەکاری و بەستێنێکی ئایدیۆلۆژیک بۆ شۆڕشی فەڕەنسا بوو. چێکردنی بنەماگەلێکی بەزۆری ناوازەی مێژوویی لەگەڵ دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی گەلێ پێوەندی و هەقیقەتی تازە، بۆ خۆی خزمەتێک بوو بۆ پێشاندانی پێویستی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگای "نا ئەقلانی" ی "ستەمکاریی فیودالّی؛. هەروەها وانەکانی مێژووش بنەما گەلێکی ئەهێنایە کایەوە کە

9.Burke
10.de maistre

بەیارمەتییان بکرێ کۆمەڵگایەکی "ئەقڵانی" و حکومەتێکی "ئەقڵانی" بێنەدی، هەر بەم بۆنەشەوە، دنیای کلاسیک بوو بەناوەندی سەرنج بۆ تیۆری مێژوویی و کردەی سەردەمی ڕۆشنگەری. دیاریکردن و پێشاندانی هۆکارەکانی گەورەیی و یاخود لەناوچوونی سەردەمی کلاسیک، یەکێکە لە بناخە تیۆریکە هەرە گرنگەکان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لە داهاتوودا.

جیا لە هەموو ئەمانە ئەم بابەتە سەبارەت بەفەڕەنسا ڕاستە، وڵاتێک کە ڕابەری مینۆکیی نەتەوەکانی ترە، ئەویش لە سەردەمی شەڕاشۆیی ڕۆشنگەریدا. دۆخەکە لە ئینگلتەرا تاڕادەیەک جیاوازە. لە باری ئابوورییەوە، ئینگلتەرای سەدەی هەژدە لە ڕاستیدا خۆی لە ناودڵی گۆڕانکارییە گەورەکاندا ئەبینێتەوە، واتە چێکردنی پێش مەرج و بەستێنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بۆ شۆڕشی پیشەسازانە. لە ڕووی سیاسیشەوە ئینگلتەرا وڵاتێک بوو پێشوەخت لەو پەڕی شۆڕشگێڕیدا بوو. بەم چەشنە لە شوێنێکدا کە بابەتەکە لەباری تیۆریک و واتاییەوە بریتییە لە زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگای بورژوایی و ڕووبەڕووی ڕەخنە کردنەوەی ئەم کۆمەڵگایە و لەناو بردنی بنەواشەکانی ئابووریی سیاسیی ئەم کۆمەڵگایە، مێژوو لەوێ بەشێوەیەکی بەرچاوتر وەکوو مێژوو فام ئەکرێ تاکوو لە وڵاتێکی وەک فەڕەنسا. بەڵام کاتێک بابەتەکە پێوەندیی بەبەکارهێنانی ئاگادارانە و بەردەوامی وەها ڕوانگەگەلێکی مێژوویی دیاریکراوەوە هەیە، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی لاوەکی و ڕووکەشیانە لە [ڕەوتی] کامڵبووندا بۆ خۆیان دەستەبەر ئەکەن. لە ڕاستیدا کاریگەرترین تیۆرداڕێژی ئابووریی کۆتایی سەدەی هەژدە ئادام سمیت بوو. [بەڵام] جەیمز ستیوارت کە پرسی ئابووریی سەرمایەداریی گەلێک مێژووییتر لە سمیت ئاراستە کرد و ئاوڕی لەو ڕەوتە دایەوە کە سەرمایە لە سەردەستی ئەو هاتە گۆڕێ، خێرا لە بیر چوو و فەرامۆش کرا. مارکس جیاوازیی نێوان ئەم دوو ئابووریزانە گرنگە بەم چەشنە وەسفدەکات:

**دەوری ستیورات لەڕەوتی سەرمایەدا پێشاندانی ئەم واقیعە بوو کە**



**چلۆن جیایی نێوان بارودۆخی بەرهەمهێنان، وەکوو چۆنایەتی و تایبەتمەندیی چینە دیاریکراوەکان و، وزەی کار ڕوودەدا و دێتە ئاراوە. ئەو سەرنجێکی زۆر ئەداتە ڕەوتی لەدایکبوونی سەرمایە بەبێ ئەوەی هێشتا ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە تێیگەشتبێ [پێداگری لەلایەن لووکاچەوە]، ئەگەرچی ئەو ئەم [بابەتە] بەمەرجی پیشەسازیی فراوان دەزانێ وێڕای ئەمە ئەو ئەم ڕەوتە بەتایبەت لە کشتوکاڵدا ئەخاتە بەرلێکدانەوە و توێژینەوە و، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە پیشە بەرهەمهێنەرانەکان وەکوو کۆبەندی ئەم ڕەوتە سەرەتاییەی جیاکاری لە کشتوکاڵدا ئاراستە ئەکا. [لە کاتێکدا] لە بەرهەمەکانی ئادام سمیت دا ئەم ڕەوتەی جیاکاری وەکوو ڕەوتێکی تەواوکەر دادەنرێ.**

ئەم نائاگادارییە سەبارەت بەگرنگایەتیی چەمکی مێژوویی کە بەر لەمە، لە کردەشدا ئەبینرا، واتە ئاگادار نەبوون لە ئەگەری گشتیکردنەوەی مێژوویی لە سەردەمی ئێستەدا کە بەڕاستی بەیارمەتیی غەریزە ئەبیندرێ، هەلومەرجێک وەسفدەکا کە لەوێ ڕۆمانە گەورە کۆمەڵایەتییەکانی ئینگلتەرا شوێنگەیەکی [تایبەت] لەڕەوتی پێشڤەچوونی بابەتی بەرباسی ئێمە بۆ خۆیان تەرخان دەکەن. ئەم بابەتە سەرنجی نووسەران بۆ گرنگایەتی ڕاستەقینە و هەستپێکراوی [واتە مێژوویی] شوێن و کات، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هتد ڕادەکێشێ و، ئامرازی دەربڕینێکی ڕیالیستی و ئەدیبانە بۆ وێناکران و بەدیارخستنی ئەم تایبەتمەندییە فەزایی، زەمەنی (واتەمێژوویی)یەی جەماوەر و بارودۆخ و پێداویستیەکان[ی ژیان] دەستە بەر ئەکا. بەڵام ئەم بابەتە، هەر بەهەمان شێوە کە لە ئابووریی ستیوارت دا ئەیبینین، ئاکام و بەرهەمی غەریزەیەکی ڕیالیستی بوو و، نەبووە هۆی تێگەیشتنێکی ئاشکرای مێژوو وەکوو ڕەوت و مەرجی سەرەکیی بارودۆخی ئێستە.

هەر تەنیا لە دواساتەکانی قۆناخی ڕۆشنگەریدا بوو کە بابەتی نواندنەوەی هونەرییانەی سەردەمگەلی ڕابردوو وەکوو پرسێکی سەرەکی و

ناوەندیی ئەدەب هاتەگۆڕێ و شوێنی بەدیهاتنی ئەم ڕووداوە ئاڵمانیا بوو.
سەرەتا پێویستە ئەو خاڵە وەبیر بهێنینەوە کە ئایدۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەریی ئاڵمانیا درێژەی هەمان ڕووداوە لە فەڕەنسا و ئینگلتەرا: بەم مانایە کە دەستکەوتە مەزنەکانی و ینکلمەن(١١) و لێسینگ(١٢) لە بنەڕەتدا و بەراستی لادانێک لە ڕەوتی گشتیی ڕۆشنگەری نییە. لێسینگ، کە دەوری گرنگی ئەو لە ڕوونکرانەوەی پرسی درامی مێژووییدا دواتر بەوردی ئەخەینەبەر باس، پێوەندیی نووسەر لەگەڵ مێژوودا بەگشتی لە چوارچێوە و کەش و هەوای فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا شرۆڤە ئەکا. ئەو پێیوایە کە مێژووی گەورەی درام چ نییە جگە لە "کۆمەڵ"ێ ناو.

بەڵام خێرا پاش لێسینگ پرسی باڵادەستیی هونەرییانەی مێژوو لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا sturm und Drang وەکوو بابەتێکی ئاگادارانە و هەستپێکراو دەردەکەوێ. بەرهەمی گوتە بەناونیشانی گۆتز ڤۆن بێرلیشینگن Götz von Berlichingen نەک هەر هەواڵی چرۆبەستنی درامی مێژوویی نوێمان ئەداتێ بەڵکو کاریگەرێتییەکی ڕاستەوخۆ و وزەداریش لە سەر بەدیهاتنی ڕۆمانی مێژوویی لە بەرهەمەکانی واڵتێر سکاتدا دادەنێ. ئەم گەشە ئاگادارانەی مێژووخوازی کە دەرکەوتە تیۆریکەکەی یەکەم جار لە بەرهەمەکانی هێردێردا(١٣) دەرئەکەوێ ڕەگوڕیشەی لە هەلومەرجی تایبەتی ئاڵمانیا دایە، واتە لە جیاوازیی پاشکەوتوویی ئابووریی و سیاسیی ئاڵمانیا و ئایدۆلۆژیای ڕۆشنگەرانی ئاڵمانی ـ ئەو کەسانەی لە سەر شان و ملی پێشینانی ئینگلیزی و فەڕەنسیی خۆیان ڕاوەستا بوون و بیروبیرۆکەکانی ڕۆشنگەرییان بۆ ئاستێکی چاکتر بەرز کردەوە. لە ئەنجامدا، نەک هەر دژایەتییە گشتی و سەرەکییەکان، کە سەر لەبەری ئایدیۆلۆژیای ڕۆشنگەرییان گرتۆتەوە، لە

11.winckelmann.
12.lessing
13.herder



ئاڵمانیادا بەنیسبەت لەفەڕەنسا زۆرترە، بەڵکو تەنانەت جیاوازییەکی ئاشکراش لەنێوان ئەم بیرۆکانە و واقیعی ئاڵمانیدایە کە خۆی بەزۆر و گوشارەوە هێناوەتە مەیدانەوە و، خۆی دەنوێنێ.

لە ئینگلتەرا و فەڕەنسا، بەستێنسازیی ئابووریی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیک و کامڵبوونی شۆڕشی بورژوایی و بەدیهێنان و چێکردنی حکوومەتی نەتەوەیی، ڕەوتێکی یەکسان و بەرابەرن. بەجۆرێ کە بەئاوڕدانەوەیەک لەرابردوو بەو خاڵە دەگەین کە هەر چەندە نیشتمانپەرستی بۆ خۆی شۆڕشێکی بۆرژوایی بەهێز بووەو، گەرچی هەندێ بەرهەمی گرنگی هێناوەتە کایەوە (وەک بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر و هێزیاد) بەڵام دیسانەوە ئەکرێ ئەوەش بوترێ کە حەز و هاوسۆزیی بەرچاو، پێویستی بەرەخنەکاریی ڕۆشنگەریی بابەتی "نا ئەقڵانی"یە. لەکاتێکدا لە ئەڵمانیا دۆخەکە بەم چەشنە نییە، لێرەدا، نیشتمانپەرستی وەکوو شۆڕشێک دژی لێکجیابوونەوەی نەتەوەیی و دابەشبوون و لەناوچوونی بنەڕەتە ئابووریی و سیاسییەکانی وڵاتێک کە ئامراز و ڕێگەی دەربڕینی کولتووری و ئایدیۆلۆژیکی خۆی لە فەڕەنساوە وەردەگرێ سەر هەڵدێنێ، چونکە ئەوەی بەناوی کولتوور بەتایبەت لە بەستێنی وردەکولتوور و یان کولتووری درۆییندا لە دەربارە بچووکەکانی ئەڵمانیادا بەرهەم ئەهێنرا، شتێ نەبوو جگە لە لاساییکردنەوەیەکی کۆیلەئاسای دەرباری فەڕەنسا. بەم شێوەیە، دەربارە بچووکەکان نەک هەر کۆسپی سیاسیی سەرڕێگای یەکگرتوویی ئەڵمانیا بوون بەڵکو وەکوو لەمپەرێکی ئایدیۆلۆژیکیش دەهاتنە ئەژمار، لە هەمبەر ئەو کامڵبوونە کولتوورییەی، کە لە پێداویستییەکانی ژیانی چینی مامناوەندیی ئەڵمانیاوە سەرچاوەی ئەگرت، [لەم ڕووەوە] شێوەی ئەڵمانیی ڕۆشنگەری بەناچاری تووشی کێشەیەکی توند و ناشیرین لەگەڵ کولتووری فەڕەنسیدا هات؛ و نیشانەی نەتەوەخوازی شۆڕشگێڕانەی و تەنانەت ئەو کاتەش کە ناوەرۆک و بابەتی شەڕی ئایدیۆلۆژیک، هەر تەنیا دژایەتی نێوان قۆناخە جیاوازەکانی

گەشەکردنی ڕۆشنگەری بوو، بۆ خۆی پاراست، (بۆ نموونە، دژایەتی و ململانێی لێسینگ دژی ڤۆلتێر).

ئەنجامی هەرە دیاری ئەم دۆخە، گەڕانەوەیە بۆ مێژووی ئەڵمانیا، واتە سەرهەڵدان و نوێبوونەوەی هزر و بیرکردنەوە لە سەر شکۆ و مەزنایەتیی ڕابردوو کە ئەبێتە هۆی ئومێدێکی تازە و وزەدار بۆ لەدایکبوونی سەر لە نوێی [هەستی] نەتەوەیی. ئەم هەست بەپێویستە، پێویستیی شەڕێکە بۆ شکۆی نەتەوەیی کە [لە ڕێگەیەوە] هۆکارە مێژووییەکانی نسکۆ و دابەشبوونی ئەڵمانیا دەست نیشان بکرێ و بەشێوەیەکی هونەرمەندانە وێنا بکێشرێ. لە ئاکامدا، لە ئاڵمانیا کە لەم چەند سەدەی ڕابردوودا شتێ جگە لە بابەتی گۆڕانکارییە مێژوویەکان لە ئارادانەبووە، هونەر زۆر خێراتر و بنەڕەتیتر لەوڵاتەکانی دیکەی جیهانی ڕۆژئاوا کە لەباری ئابووریی و سیاسیەوە لە ئاڵمانیا پێشکەوتووترن، مێژوویی کراوەتەوە.

لەڕاستیدا ئەمە شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا و شەڕە شۆڕشگێڕانەکان و سەرهەڵدان و لەناوچوونی ناپلیۆن بوو کە بۆ یەکەم جار، ئەویش لە پانتایی ئەورووپادا، مێژووی کرد بەئەزموونێکی جەماوەریانە. لە ساڵەکانی نێوان ١٧٨٩ و ١٨١٤دا هەرکام لەگەلانی ئەورووپا بەسەر ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییانەدا تێپەڕین کە هیچ کات لە سەدەگەلی پێشوودا تاقییان نەکردبۆوە. بەدوای یەکدا هاتنی خێرای ئەم گۆڕانکارییانەش تایبەتمەندییەکی جیاوازی لەباری چۆنایەتییەوە بەخشیە ئەوان و، تایبەتمەندییە مێژووییەکانیانی زۆر بەرچاوتر و بەرجەستەتر لەوە کرد کە بکرێ ببێتە نموونەیەکی تاکەکەسی و یاخود جودا: نموونەیەک کە تیایدا جەماوەر چیدی ناتوانن بیرەوەری و یادێکیان لە "ڕووداوی سروشتی" هەبێ. مرۆڤ دەکارێ تەنیا بیرەوەرییەکانی هاینە لە سەردەمی گەنجێتی خۆی بخوێنێتەوە کە لە بووشی گەورەدا Bush la Grand هێناویەتەوە، ئەو شوێنەی کە بۆ نموونە بەشێویەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ و ئاشکرا ئەو خاڵە پێشان دەدات کە ئەم چەشنە گۆڕانکارییە خێرایانەی حکومەتەکان



کار لە ئەو وەک منداڵ و تازە گەنجێک دەکات. هەنووکەش گەر ئەو ئەزموونانەی وەکوو ئەوەی وترا لە پێوەندیی لەگەڵ مەعریفەیەکدا جێگیر بێ کە هەندێ هەڵکشان و داکشانی چونیەکی لە سەرانسەری جیهاندا بێتە گۆڕێ، سەرەتا پێویستە ئەم هەستە بەتەواوی دەستنیشان بکرێ کە ئاخۆ ئاوەها شتێ بەناوی مێژووەوە لە ئارادایە یان نا، دووەمین خاڵیش ئەوەیە کە ئەم شتە ڕەوتێکی بەردەوامی گۆڕانکارییە کە لە ئەنجامدا جێپەنجەی خۆی بەسەر ژیانی تاکەکەسیی کەسەکانەوە بەجێدەهێڵێ.

گۆڕانکاری لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی، لە جیاوازیی نێوان ئەم شەڕانەشدا دیسان ئەبیندرێ. واتە سەرجەم ئەوشەڕانەی تاکوو ئێستە ڕوویان داوە، ئەوشەڕانەی لەلایەن حکومەتە خودڕا و بەدەسەڵات و چەوسێنەرەکانەوە و لە سەردەمی پێش شۆڕشگێڕیدا لە سەردەستی سوپا بچووک و پسپۆڕەکانەوە ئەکران، جۆرێ ڕابەرایەتی ئەکران کە تا ئەو جێگە ئەلوێ سوپا لە دیکەی جەماوەری وڵات جیابکەنەوە و ئەمەش لەڕێگەی دابینکردن و ئامادەکردنی تەقەمەنی و مەترسیی هەڵاتن لە سوپا و هتدەوە جێبەجێ دەکرا. لە خۆڕا نەبوو کە فرێدریکی دووەم پاشای پیرۆس ، گوتی: شەڕ ئەبێ بەشێوەیەک ساز بکرێ و دەرکەوێ کە خەڵکی ئاسایی پێی نەزانن. "پاراستنی ئاشتی یەکەمین ئەرکی هاووڵاتیانە، دروشمی شەڕە چەوسێنەرانەکان بوو.

ئەم ڕوانینە بەهۆی شۆڕشی فەڕەنساوە هاتە گۆڕین. کۆماری فەڕەنسا لە ململانێیی بەرگریکارانەی خۆیدا دژی هاوپەیمانێتیی پاشا ستەمکارەکان، ناچار بوو سوپایەکی جەماوەری دابمەزرێنێ. جیاوازیی نێوان سوپای سیخۆر و سوپای جەماوەری لەڕووی چۆنایەتیەوە دەقاودەق لە چۆنیەتیی پێوەندییان لەگەڵ خەڵکدا، حەشاردراوە. ئەگەر لە جیاتی ڕەشبگیری و یا خود بەکار هێنانی گوشار بۆ تاقمێکی بچووکی تاکە بێ چینەکان بەمەبەستی کردنیان بەسەرباز، سوپای جەماوەری دابمەزرێ، ئەوکاتە ناوەرۆک و مەبەستی شەڕ پێویستە لەڕێگەی بانگەشەو لە سۆنگەی

تێگەیاندنی خەڵکەوە فام بکرێ و بەتەواوی ڕوونبکرێتەوە. ئەمەش نەک هەر لە فەڕەنسە و لەکاتی بەرگریکردن لە شۆڕش و لە ساتەوەختی شەڕە هێرشکارانەکاندا ڕوویدا، بەڵکو حکوومەتەکانی دیکەش لەکاتی دامەزراندنی سوپای جەماوەریدا، ناچار بوون هەر لەم ئامرازە کەڵک وەربگرن. (سەرنج بدەنە ئەو دەورەی ئەدەب و فەلسەفەی ئەڵمانیا لەم بانگەشانەی پاش شەڕی "یێنا"دا گێڕای.) وەها بانگەشەو بانگەواز گەلێک، بەهەر چەشنە، ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەی شەڕێکی تایبەت وتاکە کەسیدا سنووردار بکاتەوە، بەڵکو پێویستە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و پێش گریمانە مێژووییەکان و بارودۆخی شەڕ و ململانێ بەمەبەستی گرێدانەوەی شەڕ بەکۆی ژیان و کۆی خەسڵەتە گەشەکردووەکانی گەلەوە بخاتەڕوو و ئاشکرایان بکا. لێرەدا هەر ئەوە بەسە کە بۆ گرنگایەتیی دەستکەوتەکانی بەرگریی شۆڕشگێڕانە لە فەڕەنسا و پێوەندیی نێوان دامەزراندنی سوپای جەماوەری و چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیا و وڵاتەکانی تردا ئاماژە بکەین.

ئەوڕۆکە ژیانی ناوەکیی نەتەوەکان بەلۆنێک لەگەڵ سوپا مودێرنەکاندا لە پێوەندیدایە کە ئەم خاڵە لەرابردوودا سەبارەت بەسوپا دیکتاتۆرەکان بەم شێوەیە نەبووە. لە فەڕەنسا کۆسپ و بەربەندگەلی دارایی و خاوەندارێتی نێوان ئاغەوات و خاوەن پلەوپایە و سەربازە ئاساییەکان هەڵگیرا. بەم مانایە کە ئەگەری گەیشتن بەبەرزترین پێگەوپلەوپایە لە سوپادا بۆ هەموو خەڵک لە گۆڕێدایە و هەروەهاش زۆر جار ئەم وتەیە دووبارە کراوەتەوە کە ئەم بەربەستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئاکامی شۆڕشدا هەڵگیرا. تەنانەت لەو وڵاتانەش کە ئەم کۆسپ و بەربەندانە هەڵگیرا، هێشتا ململانێیی دژی شۆڕش تێیاندا درێژەی هەبوو. هەر تەنیا بەسووکە ئاوڕێکی خێرای بەرهەمەکانی گنایزنیۆ Gneisenau ئەکرێ تێبگەیین، کە بەچ شێوەیەک ئەم چاکسازییانە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕەوشە مێژووییە تازەیەیە کە بەهۆی شۆڕشی فەڕەنساوە هاتە گۆڕێ. سەرەڕای ئەمەش، شەڕ



بەناچار جیایی پێشووی سوپا و خەڵکی نەهێشتووە، چونکوو پاراستنی سوپای جەماوەری لە سەر بناخەی دیسیپلینی سەربازخانەکان depot ئیتر بەهیچ جۆرێک سەرناگرێ. ئەوان بەمەبەستی مانەوە و پێداویستییان بەرەشبگیری بەناچار ئەبێ لە پێوەندیی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی وڵاتێکدا بن کە شەڕ لەوێدا لە ئارادایە، هەڵبەت، ئەم پێوەندییە زۆربەی کات بریتییە لە چەوساندنەوە و بڕین و کوشتن ، بەڵام نەک هەمیشە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە شەڕە شۆڕشگێڕانەکان و تاڕادەیەک شەڕەکانی ناپلیۆن لە چەشنی شەڕە بانگەشەییە ئاگادارانەکان بوو.

لە ئاکامدا پەرەسەندنی لەڕادەبەری شەڕەکان، لەڕووی چەندایەتییەوە کە لەباری چۆنایەتیشەوە دەورێکی نوێی بەرهەم هێنابوو بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە بووە هۆی بەربڵاوتر بوونەوەی ئاسۆ و [هاتنە ئارای] سەردەمێکی کولتووری [و جیاواز]. لە کاتێکدا کە ئەو شەڕانەی لەلایەن سوپا سیخۆرەکانی حکوومەتە پاوانخوازکانەوە وەگەڕ ئەخرا، زۆرکات هەمان ئۆپەراسیۆنی بێ نرخی شەڕکارانە بوو کە لە دەوروبەری قەڵاسەربازییەکاندا سەری ئەگرت. بەڵام هەنووکە سەرانسەری ئەورووپا ببووە مەیدانی شەڕ. جوتیارە فەڕەنسییەکان سەرەتا لە میسردا شەڕیان ئەکرد، پاشان لە ئیتاڵیاو دوایی لە ڕووسیا. هێزە یارمەتیدەرەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا لە هێرشی ڕووسەکاندا بەشدارییان کرد، هێزە ئەڵمانی و ڕووسیەکان پاش لەناوچوونی ناپلیۆن، پاریسیان داگیر کرد و... هتد. بەم چەشنە، ئەوەی پێشتر تەنیا هەندێ تاکی تایبەت و خەڵکی هۆگری شەڕ و هوریا، تاقییان کرد بۆوە، واتە ئاشنایی لەگەڵ ئەورووپا یان لانی کەم ئاشنا بوون لەگەڵ چەند بەشێکی ئەورووپا، لەم قۆناخەدا بوو ئەزموونی سەدان هەزار یان ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئاسایی.

بەم پێیە ئەکرێ ئەوەش بڵێین کە هەندێ هەلومەرج و ئامرازی دیاریکراو بۆ مرۆڤ هاتۆتە گۆڕێ تاکوو بووندارێتی خۆیان، وەکوو شتێ کە لەباری

مێژووییەوە مەرجدارە، فام بکەن و بتوانن شتێ لە مێژوودا ببینن کە کار لە ژیانی ڕۆژانەیان ئەکاو، بەبێ ناوکۆ پێوەندییان پێوەی هەیە. کەواتە، هیچ بەڵگەیەک لە ئارادانییە کە لێرەدا تەنیا پەنجە بخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە فەڕەنسا ڕوویدا. ئەم فیکرەش بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرایە کە ژیانی کولتووری و ئابووریی جەماوەر بەگشتی بەهۆی گۆڕانکاریگەلێکی مەزن و توند و بەردەوامەوە تووشی لێکچڕان و ئاڵۆزی بووبێ. بەهەرحاڵ، ئەتوانرێ ئەو خاڵەش وەبیر بهێنرێتەوە کە سوپا شۆڕشگێرانەکان و پاشان سوپای ناپلیۆن کە ئەچوو بۆ هەر شوێنێک، پاشماوەکانی فیۆداڵیزمی بەشێوەیەکی گشتی و یاخود سنووردار لەناو ئەبرد، بۆ نموونە، لە ڕاین لەندو و ئیتاڵیا. جیاوازیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نێوان ڕاین لەندو بەشەکانی دیکەی ئاڵمانیا کە تا ڕێکەوتی شۆڕشی ١٨٤٨، هێشتاش بەرجستە و بەرچاو بوو، میراتێک بوو کە لە سەردەمی ناپلیۆنەوە هاتبوو و، جەماوەرێکی زۆر ئاگاداری پێوەندیی نێوان ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە لەلایەکەوە و شۆڕشی فەڕەنسا لە لایەکی ترەوە بوون. لێرەدا بێ جێ نییە ئەگەر جارێکی تر هەندێ لەو دەنگدانەوە ئەدەبیانە وەبیر بهێنینەوە: جیا لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی گەنجێتی هاینە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەوەش زۆر بەنرخ و فێرکارانە ئەبێ، ئەگەر بەشە سەرەتاییەکانی بەرهەمێکی ستاندال بەناوی کەنێسەی پارم بخوێنینەوە تاکوو تێبگەیین حوکمدارێتی فەڕەنسا چ کاریگەرێتییەکی بەردەوام و بەرچاوی لە ئیتاڵیا بەجێ هێشتووە.

ئەمە لە ماهییەتی شۆڕشی بورژوایی دایە، هەڵبەت بەو مەرجەی بەشێوەیەکی شێلگیرانە تاکوو دواچرکەسات هەر بەردەوامبێ کە بیرۆکەی نەتەوەیی ببێتە خەسڵەتێکی [جەوهەریی] جەماوەرێکی زۆر لەخەڵک. لە فەڕەنسا، تەنیا بەهۆی شۆڕش و حوکمدارێتی ناپلیۆن نەبوو کە هەستی نەتەوەیی بوو بەئەزموون و تایبەتمەندیی جووتیاران و چینە ژێرینەکانی وردەبورژوایی و... هتد و بۆ یەکەمین جاریش بۆ خۆیان هەستیان بەوە کرد



کە فەڕەنسا وڵاتی خۆیانە، وڵاتی دایکیی خۆیان کە بۆ خۆیان ئافراندبوویان.

بەڵام جووڵانەوەی هەستی نەتەوەیی و هەروەهاش هەست و تێگەیینی مێژووی نەتەوەیی، هەر تەنیا لە فەڕەنسا نابیندرێ. شەڕەکانی ناپلیۆن لە هەر جێگەیەکدا کە هەڵدەگیرسا، شەپۆلێکی بەرفراوانی هەستی نەتەوەیی و بەرگریی جەماوەریی، لەهەمبەر هێرش وسەرکەوتنەکانی ناپلیۆن هەڵدەخڕاند. واتە، ئەزموونێکی پڕ لە غیرەت و تامەزرۆیی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی. بەدڵنیاییشەوە بەو شێوەیەی مارکس ئەڵێ: ئەم بزوتنەوانە پتر مەیەدانێک بووە بۆ "ژیانەوە و پەرچەکردار" [لە هەمبەر هێرشکاردا] بەو جۆرەی کە لە ئەسپانیا و ئەڵمانیا و... هتد بینیومانە. لە لایەکی تریشەوە، لە پۆڵەندا، شەڕ بۆ سەربەستی و بزووتن و هەڵگیرسانی هەستە نەتەوەییەکان، لە بنەڕەتدا و بەڕاستی پێشکەوتوو بوو. بەڵام ڕێژەکانی "ژیانەوە و پەرچەکردار" لە بزووتنەوە نەتەوەییە تاکەکەسییەکاندا هەرچی بێ، ئەوە بەسانایی دەردەکەوێ کە ئەم بزوتنەوانە - بزوتنەوەی ڕاستەقینەی جەماوەری - بەناچاری هەست و ئەزموونی مێژوویی ئەبەخشیە جەماوەرێکی زۆری خەڵک. پەل هاویشتن بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و تایبەتمەندیی نەتەوەیی لەگەڵ هوشیاربوونەوەی دووبارە سەبارەت بەمێژوویی نەتەوەیی و بیرەوەرییەکانی ڕابردوو و شکۆ و مەزنایەتیی پێشوو و ساتەوەختەکانی بێ حورمەتیی نەتەوەیی جا بەئایدیۆلۆژیای پێشکەوتوو و یا خود کۆنخواز بگات، لە پێوەندیدایە.

بەم پێیە، لەم ئەزموونە جەماەرییانەی مێژوودایە کە توخمە نەتەوەییەکان لەلایەکەوە لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیر دەبن، لەلایەکی تریشەوە، ژمارەیەکی زۆرتری خەڵک ئاگاداری پێوەندیی نێوان مێژووی نەتەوەیی و مێژووی جیهان ئەبنەوە. ئەم ئاگادارییە زیادکەرە سەبارەت بەخەسڵەتی مێژوویی پێشکەوتن، پەیتا پەیتا کاری لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابووریی و ململانێی چینایەتی

کرد. لە سەدەی هەژدەمدا، تەنیا ژمارەیەکی سنوورداری ڕەخنەگرانی سەرمایەداریی بگۆڕو بزۆک بوون واتە، ڕەخنەگرانی گاڵتەبێژی قسە خۆش کە چەوساندنەوەی کرێکارانیان لە سەردەستی سەرمایەدار بەمەبەستی پێشاندانی ئەوەی کە سیستەمی سەرمایەداری شێوەیەکی نامرۆڤانەترە، لەگەڵ شێوەکانی دیکەی چەوساندنەوە لە سەردەمەکانی ڕابردوودا بەراورد ئەکرد (لانگە) بەراوردکارییەکی وا وێکچوو لە ململانێی ئایدیۆلۆژیکی دژی شۆڕشی فەڕەنسا و بەهەمان شێوە ڕووکەشیانە لەباری ئابوورییەوە و کۆنخواز لە ڕووی گرۆیەتیەوە، لەنێوان سەرمایەداری و فیۆدالیزمدا بووە هۆی پیاهەڵگوتنی ڕۆمانیتزمی خوازیاری پاشایەتی. ستەمکاری و نامرۆڤانە بوونی سەرمایەداری، پشێوی و کەس لە کەسی پێشبڕکێ، لەناوبردن و کاولکردنی [پیشەوەرانی] نەوڕسک لە سەردەستی بازرگانە بەرچاوو گەورەکان، بێ نرخکردنی کولتوور بەهۆی گۆڕینی هەمووشتێ بۆ کالا - هەر هەموو سەرلەبەر بەشێوەیەکی پتر کۆنخوازانە لە هەڵوێستدا، لەگەڵ لێکدانەوە و چامەیەکی کۆمەڵایەتیی سەدەکانی ناوەڕاست بەراورد کرا بوو؛ سەردەمێک کە بەقۆناخی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی چینەکان دادەنرا، سەردەمی پەرەسەندنی ئۆرگانیکی کولتوور. بەڵام ئەگەرچی زۆربەی هەڵوێستەکان لەم جۆرە نووسینە پڕ باسوخواسانەدا کۆنخوازانە بوون، بەڵام نابێ ئەوەش لە بیربچێ کە هەر لەم سەردەمەدا بوو کە هزری سەرمایەداری سەرەتا وەکوو سەردەمێکی مێژوویی و دیاریکراوی پێشکەوتن دەرکەوت و، ئەم هزرەش لەناو بەرهەمی تیۆردارێژانی گەورەی سەرمایەداریدا نەبوو کە هاتە کایەوە، بەڵکو لەناو نووسینەکانی دوژمنەکانیاندا بوو. تەنیا ئەوە بەسە کە لێرەدا ناوێک لە سیسموندی ببەین، ئەو کەسەی کە سەرەڕای ئاڵۆزیی تیۆریک دەربارەی پرسە سەرەکییەکان، هەندێ پرسی مێژوویی دیاریکراوی سەبارەت بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووریی زۆر بەڕاشکاوی ئاراستە کردووە. ئەرێ، هێندە بەستە هەندێ لەسەر ئەوبۆچوونەی ئەو سەبارەت بەمە هەڵوێستەیەک



بکەین [لای وایە] کە لە سەردەمی کۆندا پرۆلتاریا بەکۆمەڵگا ژیانی بەسەر ئەبرد، لە کاتێکدا لە سەردەمی مودێرندا (واتە قوناخی هەنووکەیی) ئەمە کۆمەڵگایە، کە بەپرۆلتاریا ژیان ئەباتە سەر.

ئەم دەربڕینە بەراشکاوی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە هەندێ گرۆیەتی بەرەو مێژووخوازییەکی ئاگادارانە پاش لەناوچوونی ناپلیۆن، واتە لە سەردەمی ژیان (ی کۆمەڵایەتی) و یەکگرتنەوەی پیرۆز ئەگاتە تەشقی خۆی. بێگومان، گیانی مێژووخوازی کە سەرەتا پەرەی پێدرا و بووە خاوەنی پلەوپایەیەکی ڕەسمی، لەبنەڕەتدا کۆنخواز و لەسروشتدا مەیلەومێژوویی بوو. ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی مێژوویی و نووسینە بانگەشەییەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئۆگرانی پاشایەتی ڕەوا، بوو بەهۆی پەرەسەندن و بەربلاوتر بوونەوەی ڕۆحی مێژوویی لە ململانێی بنچینەیی لەگەڵ ڕۆشنگەری و ئەندێشەی شۆڕشی فەڕەنسا، ئامانجی لایەنگرانی پاشایەتی ڕەوا، گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێش شۆڕش بوو، واتە بنەبڕکردنی گەورەترین ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەم لەناخی مێژوو.

کەواتە، لێکدانەوەی مێژوو، گەشەی "ئۆرگانیک" و سروشتی و هەستپێنەکراو و بێدەنگی هەیە کە ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەو شتانەدا ناهێنن کە لە چوارچێوەی دامەزراوە ڕەواکانی کۆمەڵگادا و بەهۆی خزمەت ـەوە بوونەتە مایەی ڕێز و پێزانین، وێڕای ئەمەش، هیچ شتێ بەشێوەیەکی ئاگادارانە ناگۆڕێ. چالاکی مرۆڤ لە مێژوودا بەشێوەیەکی گشتی قەدەغەیە. قوتابخانەی مێژوویی مافی ئەڵمانیا تەنانەت حاشا لە مافی نەتەوەکان لە دانانی یاسا و ڕێسا نوێکان دەکات و، ئەوە بەباشتر دەزانێ کە یاسا و ڕێسا کۆن و گاڵتەجاڕە فیوداڵییەکان، چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ئاکار بۆ گەشەی "ئۆرگانیک"ی خۆی بپارێزێ.

بەم چەشنە، لەژێر دروشمی مێژووخوازی و ململانێ دژی "نامێژوویی و دەرهەست ئامێز" بوونی ڕۆحی ڕۆشنگەری، شتێکی دیکە بەناوی شێوە مێژووخوازی (مێژووباوەڕی) بەدیهات، واتە ئایدیۆلۆژیای نەگۆڕی و بێ

بزاوت و گەڕانەوە بۆ چەرخەکانی ناوەڕاست. بەم پێیە ئەبینین کە چلۆن کامڵبوون و گەشەکردنی مێژوویی بەشێوەیەکی بێڕەحمانە و بەقازانجی ئەم ئامانجە سیاسییە کۆنخوازانە خەریکە بەلارێدا ئەکێشرێ. ناڕاستەقینە بوونی جەوهەرییانەنی ئایدیۆلۆژیای پاشکەوتن خوازی [ی فیودالی] بەسەرنجدان بەم هەقیقەتە کە گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ فەرەنسا تەنانەت لە بەرهۆکاری ئابووریی سەر ئەگرێ، لەباری کۆمەڵایەتییەوە ئەبێتە هاوڕا و هاوڕێی سەرمایەداری کە لەم نێوەندەدا پەرەی سەندبوو و، لە ڕاستیدا لەباری ئابووریی و سیاسییەوە خوازیاری لایەنگریکردنی ڕێژەیی لە سەرمایەدارییە. (بۆ نموونە، بارودۆخی حکوومەتە کۆنخوازەکان لە پێرویس و نەمسا و... هتد کە نموونەگەلێکی وەک یەکن). کەواتە، ئەو بنەڕەتانەی لە سەریان مێژوو سەر لە نوێ ئەنووسرێتەوە ئەمانەن. شاتۆبریان هەوڵێکی پرشۆڕ ئەدا، بۆ ئەوەی ئارمانجە شۆڕشگێڕانەکانی سەردەمی ژاکوبنەکان و ناپلیۆن لەباری مێژوویییەوە بێ نرخ و بێ بایەخ بکات، بەمێژوودا بچێتەوە. ئەو و زڕەمێژوونووسەکانی ترو یان وەکوو ئەڵێن مێژوونووسەکانی کۆنخوازی، وێنایەکی شاعیرانە و درۆیین لە کۆمەڵگای هاوئاهەنگ وهەتا هەتایی و ئارمانی ئەکێشن. ئەو ئەم لێکدانەوە مێژوویییەی چەرخەکانی ناوەڕاست، و ئەم وێنەی سەردەمی فیودالیتە لە ڕۆمانی ڕۆمانتیکی سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتیدا، دیاری دەکات.

وێڕای ئەم بێ بەهرەییە ئایدیۆلۆژیکەی زڕەمێژوویگەریی (مێژووباوەڕی) مەشرووعەخواز (واتە لایەنگرانی پاشایەتی) لێکدانەوەی مێژوویی سەدەکانی ناوەڕاست، کاریگەرێتیەکی زۆر بەهێز بەجێدەهێڵێ. ئەم بابەتە، ئەگەرچی بەلارێدا براوە و ناڕاستە، بەڵام لە باری مێژوویییەوە. شانۆیەکی پێویست بوو سەبارەت بەسەردەمی گواستنەوەوە، کە بەشۆڕشی فەرەنساوە دەستی پێکردبوو و، قۆناخێکی نوێی گۆڕانکاری [ی کۆمەڵایەتی] کە ڕێوڕاست هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی پاشایەتی دەستپێدەکا، ئۆگرانی پێشکەوتنی مرۆڤ ناچار ئەکا ئامرازێکی



ئایدیۆلۆژیکی تازە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. ئێمە بەتامەزرۆییەکی سەرکەش و نادەستەمۆوە شایەتی ململانێی ڕۆشنگەری لەگەڵ شەرعیەتی مێژوویی و بەردەوامیی فیودالیزم بووین، هەر بەهەمان شێوەش دیتمان کە ئەم جۆرە پاشایەتیخوازییەی پاش شۆڕش، ڕێوڕاست، مانەوەی خۆی وەکوو ناوەرۆکی مێژوویی لەبەرچاو ئەگرت. لایەنگرانی پێشکەوتنی پاش شۆڕش، بەناچار ئەبوایە چەمکێک وەدەست بهێنن کە زەرووڕەتی مێژوویی شۆڕشی فەرەنسا بسەلمێنێ و هەندێ بەڵگەبۆ ئەوەبهێننەوە کە ئەرێ شۆڕش تەشقی ڕەوتێکی بەردەوامی گەشەکردنی مێژوویییە، نەک لەناوچوونی لە ناکاوی وشیاریی مرۆڤ؛ یان کارەساتێکی سروشتی لە مێژوودا؛ وەک کۆڤیر(١٤) وەسفی کردووە و، ئەوەش [بسەلمێنن] کە ئەم ڕەوتە تەنیا ڕێگەی کراوەی داهاتووی مرۆڤایەتیە.

ئەم بابەتە، بەهەر حاڵ بەمانای گۆڕینی ڕوانینەکان لە لێکدانەوەی پێشکەوتنی مرۆڤدایە، بەنیسبەت ڕۆشنگەری. پێشکەوتن چیدی لەبنەڕەتدا وەک ململانێیەکی نامێژوویی نێوان ئاوەزی مرۆیی و بێ ئاوەزیی دیکتاتۆریی فیوداڵی نابیندرێ. بەپێی لێکدانەوەی نوێ، ئەقڵانیبونی پێشکەوتنی مرۆڤ بەشێوەیەکی گەشەکەر لە دژایەتی ناوەکیی وزەکۆمەڵایەتییەکان لە مێژوودا دەردەکەوێ و بەپێی ئەم لێکدانەوەیەش، مێژوو بۆ خۆی هەڵگر و بەدیهێنەری پێشکەوتنی مرۆییە. لێرەدا گرنگترین شت، ئاگاداریی گەشەکردووی مێژوویییە لەودەورە دابینکەرودیاریکەرەی، ململانێی چینایەتی مێژوو، لە پێشکەوتنی مرۆڤدا ئەیگێڕێ. جەوهەر و گیانی تازەی نووسینە مێژوویییەکان کە بەڕاشکاوی لە بەرهەمی مێژووناسانە گرنگە فەرەنسییەکانی سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتیدا دەرکەوتووە، بەوردی لە سەر ئەم بابەتە کورت و کۆکراوەتەوە: بابەتێک کەپێشان درا چلۆن لەباری مێژوویییەوە کۆمەڵگای بورژوایی مودێرن

14.cuvier

لەناخی ململانێی چینایەتی نێوان ئاغەواتیی و بورژوازی، سەری هەڵداوە ئەو ململانێیەی لە سەرتاسەری "چەرخە ناوەڕاستە شاعیرانەکان" دا بەتوندی لە ئارادا بوو ـ کە دواقۆناخی دیاریکەری، هەمان شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا بوو. ئەم بیرۆکانە، یەکەمین هەوڵی بۆ سووڕخواردنەوەی مێژوویی ئەقڵانیی دابینکرد، هەوڵێک بۆ تێگەیینی چییەتی مێژوویی و ئاخێزگەکانی سەردەمی ئێستە لەرووی ئەقڵانی و زانستیەوە. یەکەمین هەوڵی گەورە و گرنگ بۆ وەها بازنەخوازیی و بەسووڕخۆر دانانی مێژوو، پێشتر لە سەردەستی کۆندرسێ(١٥) و لەناوەڕاستی شۆڕشی فەڕەنسا، لە بەرهەمە سەرەکیە مەزنە مێژووییە ـ فەلسەفییەکەیدا ئەنجامدرا بوو. ئەم بیرۆکانە لە سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتیدا کە زۆرتر لە جاران هاتە گوهارتن و لەباری زانستیشەوە پەرەیەکی زۆری پێدرا. لەڕاستیدا لەبەرهەمی یۆتۆپیستە گەورەکاندایە کە بازنەخوازی یان سووڕخواردنەوەی مێژوو لە ئاسۆی کۆمەڵگای بۆرژوایی تێدەپەڕێ. ئەگەر ئەم تێپەڕینەش لەو پەڕی سەرمایەداریدا، بەهەندێ ئاراستەی سەرنجڕاکێشدا بڕوا، کەچی بنەڕەتە ڕەخنەگرانە-مێژووییەکەی بەتایبەت لەبابەت فۆریەوە- هاوکاتە لەگەڵ ڕەخنەیەکی وێرانکارانەی دژایەتییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی. لە [بەرهەمەکانی] فوریەدا، وێڕای سروشتی خەیاڵیانەی ئەندێشەی ئەو دەربارەی سوسیالیزم و ڕێگەگەلی گەیشتن بەسوسیالیزم، وێنای سەرمایەداری هێندە بەئاشکرایی و بەڕاشکاوییەکی وردکەرەوە بەهەموو دژایەتیەکانی سەرمایەداریەوە وێنە کێشراوە کە سروشتی تێپەڕی ئەم کۆمەڵگایە، چما بەشێوەیەکی هەستپێکراو و بابەتی لەبەرامبەرماندا ئامادەیە. ئەم قۆناخە نوێیە لە بەرگریکردنی ئایدیۆلۆژیک لە پێشکەوتنی مرۆڤ، دەربڕینی فەلسەفیی خۆی لە بەرهەمەکانی هیگڵدا ئەبینێتەوە. هەر بەهەمان شێوەش کە بینیمان، بابەتی سەرەکی بریتی بوو لە بەمێژوویی نواندنی پێویستیی شۆڕشی فەڕەنسا، بەو شێوەیەی کە شۆڕش

15.condrcet



و گۆڕانکاریی مێژوویی، بەو چەشنەی ڕاڤەکاران و پاساکەرانی ئۆگری شەرعیەتی فیۆدالیزم بانگەشەیان بۆ ئەکرد، نە لە هەمبەر یەکتردان و نەک دژی یەکتریشن. فەلسەفەی هیگڵ-یش بنەڕەت وبناخەیەکی فەلسەفی بۆ ئەم واتایەی مێژوو دابیندەکات. دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی یاسای گشتیی گۆڕانی چەندایەتی بۆچۆنایەتی لە سەر دەستی هیگڵ، ئەگەر بێت و لە لایەنی مێژوویییەوە سەیر بکرێ، میتۆدناسییەکی فەلسەفییە، چونکوو ئەم ناوەرۆکەی کە شۆڕشەکان بابەتگەلێکی پێویست و ئۆرگانیکی کامڵبونن و ئەوەی کە بەبێ وەها "هێلێکی گرێچنی نیسبەتەکان" کامڵبوونی هەقیقی هەم لە واقیعدا بێ ئەگەرە و هەم لە لایەنی فەلسەفیشەوە شتێکە لە وێناکردن نەهاتوو.

بەم پێیە، چەمکی ڕۆشنگەریی مرۆڤ لە لایەنی فەلسەفیەوە بەتاڵە، واتە پاراستن و هەڵکشاندنی ئەو بەرەو ئاستێکی باڵاتر aufgehoben. گەورەترین کۆسپی بەردەم دەرکی مێژوو لە چەمکی ڕۆشنگەریی لە، لە گۆڕان نەهاتووبوونی مرۆڤدا، خۆی شاردۆتەوە. بەم جۆرە، هەر گۆڕانێک لە ڕەوتی مێژوودا، لە نموونە ڕیزپەڕەکەیدا، تەنیا گۆڕانێکە لە ڕواڵەت (بیچمی بەرگ)دا و بەگشتی، تەنیا گۆڕانکاریی ئەخلاقیی [لە] خودی ئەو کەسەدا. فەلسەفەی هیگڵ هەموو تێگەشتنێکی خۆی لە مێژوویگەریی ئاژوەری نوێ، هەڵدەهێنجێ. ئەم [فەلسەفەیە] مرۆڤ وەک بەری خودی [مرۆڤ] و چالاکی ئەو (مرۆڤ) لە مێژوودا، دەبینێ. وەکی تریش تەنانەت ئەگەر ئەم پرۆسەیە[ی پێشکەوتنی مێژووە] وەها دیاربێت کە ئارمانخوازانە لە سەر تەپڵی سەر ڕاوەستاوە [نەک پێ]، و تەنانەت ئەگەر هەڵگری ئەم پرۆسەیە لە "گیانی جیهاندا" ڕەمزاویش بووبێ، لەگەڵ ئەمەشدا هیگڵ ئەم گیانی جیهانە وەک جیسمانێکی دیالێکتیکی کامڵبوونی مێژوویی دەبینێ:

**بەم شێوەیە ڕۆح بەرامبەر خۆی دەبێتەوە [واتە بەرامبەر مێژوو: لووکاچ] و ئەبێ بەسەر خۆیشیدا زاڵ بێ، وەکوو کۆسپێکی لەبنەڕەتدا دوژمن لەگەڵ**

**مەبەستی خۆیدا: واتە گەشەکردن... لە ڕۆحدا... ململانێتیەکی سەخت و بێ کۆتاییە دژی خۆی. ئەوەی ڕۆح بەرەولای ئەکشێت، تێگەیینە لە واتای خۆی، لە هەمان کاتدا کە ئەم واتایە لە خۆی ئەشارێتەوە و، لەم لەخۆنامۆییەی خۆی لووتبەرزو شادمانە... لە کاتێکدا کە لە شێوە ڕۆحانییەکەیدا شێوەیەکی جیاوازی هەیە [لەوەی لە سروشتدا هەیە: لووکاچ]، لێرەدا گۆڕانکاری نەک هەر لە ڕواڵەتدا بەڵکو لە ناوەڕۆکدا، ڕوودەدات. ئەمەش خودی ناوەڕۆکە، کە ئەخرێتە بەرچاکسازییەوە.**

هیگڵ لێرەدا وەسفێکی شیاو و سەرنجڕاکێش هەڵبەت بەشێویەکی ئایدیالیستی و دەرهەستانە لە گۆڕانکاریی ئایدیولۆژیک، کە لەم سەردەمەدا ڕوویداوە، بەدەستەوە ئەدات. لە سەردەمانی پێشوودا، ئەندێشە بەجۆرێکی پڕ لە دژایەتی ناوەڕۆکی قەدەریانەی دەقاودەقیی لە نێوان یاسامەندی هەموو واقیعەکان و، ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵگوتن سەبارەت بەئامراز و ئەگەرەکانی دەستێوەردانی ئاگادارانەی گەشەکردنی کۆمەلایەتیدا، لە هاتوچۆدا بووە. بەڵام لە هەر دولایەندا، ئەم دژایەتی و دژوازییە بنەماییەی ئەخرایە بەرسەرنج، [هەندێ دیاردەی] "بان مێژوویی" بوون کە لە سروشت و چییەتی "سەرمەدیی" و "هزر"ەوە سەرچاوەی ئەگرت. هیگڵ بەهەر جۆرە، لە مێژوودا ڕەوتێک دەستنیشان دەکات، ئەو ڕەوتەی لەلایەکەوە بەهۆی هێزە هەڵخرێنەرە ناوەکییەکانی مێژووەوە. پێش دەکەوێ و لە لایەکی تریشەوە، کاریگەرێتی خۆی لە سەر کۆی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ، وەک ئەندێشە، دادەنێت. بەم چەشنە، ئەو [هیگڵ] کۆی ژیانی مرۆڤایەتی وەک پرۆژەیەکی مەزنی دیالکتیکی دەبینێ.

بەم شێوەیە و لە هەر دوو باسەکەدا، هەم لە جۆری حەتمیی مێژوویی و هەم میتۆدی فەلسەفیدا، مرۆڤخوازییەکی نوێ و واتایەکی نوێی پێشکەوتن سەرهەڵدەدا. مرۆڤخوازی کە بەنیازی پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی فەرەنسا، وەک بنەڕەتی فەسادهەڵنەگری گەشەی داهاتووی مرۆڤە، ئەم شۆڕشە [شۆڕشی فەرەنسا] (و هەمو شۆڕشەکانی



مێژوو بەگشتی) وەک بەشگەلی تێکەڵاو و یەکگرتوویيدەر و یاخود هۆکارگەلی پێویست و ناچاریانەی پێشکەوتنی مرۆڤ لەبەرچاو ئەگرێ. هەڵبەت، ئەم مرۆڤباوەڕییە مێژووییە بۆ خۆی مندالّی سەردەمی خۆی بوو و نەیدەتوانی لە سنووری هەمان سەردەم تێپەڕێ - مەگەر لە شێوەگەلی خەیاڵسازانەیدا، وەک چۆن ئەم بابەتە یۆتۆپیستە گەورەکان دەگرێتەوە.. مرۆڤخوازە گەورە و گرنگە بورژواییەکانی ئەم سەردەمە، خۆیان لە بارودۆخێکی دژوازدا ئەبیننەوە: لە کاتێکدا کە لە پێویستی ئەو شۆڕشانەی پێشتر لە مێژوودا ڕوویان داوە تێدەگەن و لەواندایە کە بنەڕەت و بناخەی ئەوەی ئەقلانی و لۆژیکییە ئەبینن کە ئێستەکەش بایەخی پەسەند کردنی هەیە، دیسانەوە، پێشکەوتنی داهاتوو لەمەو بەدوا بەپێی گەشەکردنی پەیتا پەیتا و ئاشتیخوازانە لە سەر بناخەی ئەم دەستکەوتانە هەڵدەسەنگێنن. بەجۆرێ کە لیف شیتز بەڕاستی لەوتارەکەیدا دەربارەی جوانیناسیی هیگڵ پێشانی دەدا، ئەوان پێڕەو و عەڤداڵی شتگەلێکی پۆزەتیفی سیستەمی جیهانین کە بەهۆی شۆڕشی فەڕەنساوە بەدیهاتووە وئیدی هەست بەپێویستیی شۆڕشێکی تازە بۆ بەدیهاتنی تەواوەتیی ئەم شتە پۆزەتیفانە ناکەن.

ئەم واتا دواییەی سەردەمی شکۆی ڕۆشنبیری و هونەریی مرۆڤخوازیی ڕۆژاوایی، هیچ پێوەندییەکی بەبەرگرینامەی نەزۆک و ڕواڵەتیانەی سەرمایەداریەوە نییە کە دواتر (و تارادەیەک هاوکات) هاتەگۆڕێ. ئەم چەمکە لە سەر بناخەی گەڕان و پشکنینی بێڕەحمانەی هەقیقەتخواز و دۆزینەوە و ئاشکراکردنەوەی سەرجەم دژوازییە ئامادەکانی ڕەوتی پێشکەوتن دامەزراوە. لەپاڵ ئەمەشدا، ئەم چەمکە لە هیچ ڕەخنەیەک لە بارودۆخی ئێستە سڵ ناکات و تەنانەت گەر نەتوانێ بەشێوەیەکی ئاگادارانە لە ئاسۆی ڕۆحیی سەردەمی خۆی تێپەڕێ، سەرەڕای ئەمە، هەستی سەرکوتی بەردەوام کە ئاکامی ئەم دژوازییانەی دۆخی مێژووییە، سێبەرێکی قورس بەسەر سەرلەبەری ئەو واتا مێژووییەدا، دەکێشێ.

هەست بەوەی کە سەرەڕای ئەو ناوەرۆکە فەلسەفی و مێژووییە ئاگادارانەی کە مژدەی پێشکەوتنی بێپسانەوە و ئاشتیخوازانە ئەدا تاکەکەسی گیرۆدەی ئەزموونی دوایین گەشەی ئەقڵیی بێ وەستان و هاوکات کورتخایەنی مرۆڤایەتییەیەکە بەشێوەگەلی زۆر جیاواز و هاوئاسۆ لەگەڵ تایبەتمەندیی نائاگادارانەی ئەم جۆرە هەستانەدا لە بەرهەمی گەورەترین نوێنەرانی ئەم سەردەمەدا بەشێوەی جیاجیا دەر دەکەوێت. وێڕای ئەمانە، هەر بەهەمان هۆ، خاڵی پێداگریی سۆزمەندانە بەتەواوی یەکسان ووەک یەکە. [ئەگەر] سووکە ئاوڕێکی تیۆری کۆنی فیداکاریی گوتە[١٦]، کوندەپەپووی مینروای هیگڵ[١٧] بدەینەوە کە تەنیا شەوان ئەفڕێ و هەروەهاش گەر سەیری هەستی کارەساتی گەردوونیی[١٨] باڵزاک بکەین، تێدەگەین ئەمە شۆڕشی ١٨٤٨ بوو کە بۆ یەکەم جار، نوێنەرە بەجێماوەکانی ئەم سەردەمەی ڕووبەڕووی دووڕیانێک کردەوە: یان ناسین و پەسەندکردنی ئەو ئاسۆی کە سەردەمی تازەی گەشەکردنی مرۆڤ دەری دەخست، تەنانەت گەر وەکوو هاینە لەگەڵ ئێش و ئازاری زۆردابێ و، یان کەوتنە نێو بەتاڵایی پاساوکەران و پەسنکەرانی سەرمایەداریی بەرەوفەنا، بەو جۆرەی مارکس خێرا پاش شۆڕشی ١٨٤٨ی فەڕەنسا بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەسەبارەت بەکەسایەتیگەلێکی گرنگ وەک گیزۆ[١٩] و کەرلایل[٢٠] پێشانی دا.

---

16.Goethe's theory of obnegation"
17.hegel's owl of Minerva
18.balzacs sense of Univarsal doom
19.Guizot
20.Carlyle



سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی:

ئەم وتارە لە بەشی یەکەمی کتێبی ڕۆمانی مێژوویی The Historical novel بەرهەمی جۆرج لووکاچ، بەناوی "شێوەی کلاسیکی ڕۆمانی میژوویی" وەرگیراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

فصلنامەی ارغنوان، شمارەی ٩ و ١٠، ١٣٧٥، ترجمەی مجید مددی، ١٥١-١٣٧

# پێشەکییەک لەسەر کۆی شیعرەکانی

# ستێفان مالارمە

*نووسینی: ژان پۆل سارتەر*

*وەرگێڕانی: ڕەزا عەلی پوور*

مالارمە لە بنەماڵەیەکی چینی کارمەند لە دایک و لەژێر دەستی دایەگەورەیەکی ناکامدا گەورە بوو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەر لە منالّیەوە یاخیبوون لە گیانیا بگاتە دوا ڕادە. بەڵام ئەو نەیدەتوانی ئەم یاخی بوونە دەربڕێت و تەنیا بەرەتکردنەوەی شتەکانەوە خەریک بوو: کۆمەڵگا، سروشت، بنەماڵە و تەنانەت منداڵە ڕەنگ پەڕیو و داماوەکەی نێو ئاوێنە. بەڵام کاریگەریەتی یاخی بوون لە پەرەگرتنیدا پێوەندییەکی پێچەوانەی هەیە. هەڵبەت جیهان دەبێ بەتەقینەوەیەک تەفر و توونا بێ بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە چۆن ئەم کارە بکەین بێئەوەی دەستەکانمان پیس بێت. بۆمباش شتێکە وەک قەنەفە بەڵام تۆزێک مەترسیدارتر، چی ترنا. گەلێ پیلان و سازش کردن پێویستە تاوەکوو دروست لە جێی خۆی دابنرێت. مالارمە ئانارشیست نەبوو و هەرگیزش نەدەبووە ئانارشیست. ئەو دژی هەر جۆرە چالاکیەکی تاکخوازانە بوو. توند و تیژی ئەو هەڵبەت من ئەم وشە بەبێ هیچ تەوسێک بەکار دێنم هێند نائومێدانە و گشتگیر بوو کە بۆ وێنەیەکی ئاشتیخوازانەی توندوتیژی گۆڕا. نا، ئەو جیهانی ژێر و ژوور نەدەکرد بەڵکو دەیخستە نێو کەوانەوە. مالارمە تیرۆریزمی ئەدەبیی هەڵبژراد، ئەو هەمیشە لە پاراستنی مەودایەکی هەستپێنەکراو لە نێوان خۆی و شتی تردا، خەڵکی تر و تەنانەت بوونی خۆیشیدا، سەرکەوتووبوو. یەکەمین شت کە دەیویست لە شیعرەکانیدا دەریبڕێت هەر ئەم مەودایە بوو. مالارمە یەکەمین شیعرەکانی وەک شێوەیەکی ئافراندنەوە



هۆنیەوە. ئەو دەبوو خۆی بەوە پێمل کات کە بەڕاستی ڕێگایەکی درووستی گرتۆتەبەر. لە مافە میراتیەکانی خۆی بێزار بوو و بۆ سڕینەوەی بیرەوەری [ئەو مافانە] شیعری ئەوت هەر چۆن بلانشۆ M. Blanchot وتویەتی جیهانی پەخشان جیهانێکی خۆ بژیوە و ناتوانین چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین کە لە خۆیدا هۆکارێکمان بۆ تێپەڕین لە خۆیەوە ئاراستە بکا. ئەگەر شاعیر بتوانێ شتێکی شاعیرانە لە جیهانی واقیعدا ڕوون بکاتەوە، دەتوانین وای دابنێین کە هەر ئێستە خزمەتکاری شیعرە و بەکورتی سەرچاوەی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە مالارمە «پیشە یان کاری» شاعیریی هەمیشە وەک جۆرە دەرۆستیەکی ئەخلاقی چاو لێدەکرد. ئەوەی هانی دەدا، بزووتنی کوتوپڕی بێ ناوکۆی خەم و کەسەرەکانی نەبوو، یان کێوی بوونی هەستەکانی، بەڵکو یەک فەرمان بوو: «تۆ بە بەرهەم [یان شیعر]ی خۆت ڕادەگەیەنیت کە جیهانت لەمەودایەکی دوور لە خۆتەوە ڕاگرتووە». لە ڕاستیدا یەکەمین شیعرەکانی ئەو جگە لە خودی شیعر پێوەندیان بەهیچ شتێکی دیکەوە نەبوو، دەڵێن ئەو ئارمانجەی تاقە چەقی پەرگاری شیعری مالارمە بوو هەمیشە وەک بابەتێکی دەرهەست مایەوە، [واتە] دەمامکێکی شاعیرانە بۆ نەفیکردن و نکوولیەکی سادە، هەرێمێکی وێڵ و بانبابەتی، [هەرێمێک] کە هەر کات لە حەقیقەت دوور دەکەوینەوە بەرەو ئەوێ دەچین. کەچی هەر ئەم بابەتە دواتر وەک پاساودەرێک بووە بەڵاگەردانی مالارمە: مالارمە توانی وا بنوێنێ کە چما بۆ گەشتن بەهەمان ئارمان بوون فڕێ دەدات ،نەک لە بەر دڵشکاوی و بێزاری.

بەم حاڵەوە ئەو دەبوو ئیمانی بەخوا بوایە، چونکوو ئەمە خوا بوو کە هەبوونی شیعری گەرەنتی دەکرد. شاعیرانی بەرەی پێشوو خۆیان بەپێغەمبەرگەلێکی بچووک دەزانی: خوا لە زمانی ئەوانەوە قسەی دەکرد. بەڵام مالارمە باوەڕی بەخوا نەبوو. لە گەڵ ئەمەشدا ئەو ئایدۆلۆژیانەی بێ بایەخبوونە، بەزەبرێک لەناو ناچن، بەڵکو پاشماوە سست و

لەرزۆکەکانیان لە زەینی مرۆڤدا دەمێنێتەوە. مالارمە پاش ئەوەی خوای [بەگومانی خۆ]بەدەستی خۆی کوشت، بۆ گەرەنتیەکی خوایانە دەگەڕا: لای ئەو شیعر دەبوو تایبەتمەندی بەرزەجێیی خۆی بپارێزێت، ئەگەرچی خۆی سەرچاوەی هەموو جۆرە بەرزەجێییەکی تێدا بردبوو. ئێستە، کە خوا [بۆ ئەو] مردبوو، ئیلهامی شیعری ئەو تەنیا دەیتوانی لەسەرچاوەگەلێکی پیس و فاسدەوە سەرچاوە بگرێت کە ئێستەکە تاقانە بنەڕەت و بنەمای ڕەسالەتی شیعری ئەو دەهاتە ئەژمار. مالارمە هێشتا دەیتوانی دەنگی خوا ببیستێت، بەڵام لە دەقی [هەمان بیستندا] هاودەنگیی شاراوەی دەنگەکانی سروشتی دەناسیەوە. بۆ وێنە دەکرا لە کاتی خۆرنشیندا کەسێک لە ژوورەکەی ئەودا ورتە ورت بکات و پاشان دەرکەوێت دەنگی با بووە. با یان دەنگی باوکانی ئەو، بەهەر شێوە ئەم خاڵە هێشتا حەقیقەتێکی بەڵگەنەویست بوو کە ئاخاوتەی بەپەخشان بووی[1] جیهان ژێدەری ئیلهامی شاعیر نییە وەکی تریش دەبێ شیعر هەمیشە پێشتر لە ناخی شاعیردا ئامادە بێت. ئەمەش حەقیقەتێکی چەسپاو بوو کە شاعیر بەهۆنینەوەی شیعر گوێ لەو وشانە دەگرێت کە لە ناخیدا دەنگ دەداتەوە. بەڵێ هەندێ حەقیقەتی چەسپاو و ئاشکرا. کەچی دامەزراو لەسەر هەڵەیەکی شاراوەیی هێنەر: مالارمە تێگەشتبوو هەر دێرێکی تەڕ و تازە کە هەوڵ دەدات لە قووڵایی و ناخەوە بگاتە ڕووپەڕ، لە ڕاستیدا دێرێکی کۆنترە کە هەوڵی دووبارە ژیانەوە دەدات. ئەو وشانەی کە بەڕواڵەت تەڕ و تازەن و لە دڵی شاعیرەوە گەشتوونە لێوەکانی، لە ڕاستیدا لە ناخی هەمباری ساردی بیرەوەرییەکانەوە دێتەدەر. بەڵام ئەگەر وابێت ئیدی

١- the prose of the world خوازەیەکە پێشاندەری ڕاستیە کەسەرهێنەرەکانی ژیانی ڕۆژانە و ڕۆحی سارد و وشکی جیهانی واقیع بەرامبەر جیهانی جوان و پڕ شکۆی خەیاڵ؛ وەک چۆن پەخشان و ئاخاوتنی پەخشانی لە ئاست شیعر و ئاخاوتەی کێش و سەرواداردا زۆر جار وشک و پوچ و سووک و ڕەشۆکیانە دێتە بەرچاو. و-ف.



ئیلهام چییە؟ بیرەوەری، ئەمە و چیتر نا. مالارمە لە ئاوێنەدا سەیری ڕوخساری لاو و گەشی خۆی کرد، ئاماژەکەی بینی و چووە پێشەوە؛ تێگەشت ئەو وێنەیە، [وێنەی] باوکیەتی. زەمان لە لای ئەو جۆرە وەهمێک بوو. داهاتوو چ نەبوو جگە وێنەیەکی خوار و خێچ: وێنەی "رابردوو" لە چاوی مرۆڤدا. ئەم ناهومێدیە وای کرد مالارمە سیستەمێکی متافیزیکی گشتی، -جۆرێک ماتریالیزمی شیکاری و تا ڕادەیەک سپینۆزایی - بەبنەڕەت بگرێت. ئەو کاتە بڕیاری دا ئەم ناهومێدیە ناو بنێت نەزۆکیی خۆی. چونکوو ئەوی دەخستە ڕەوشێکەوە کە هەستی دەکرد دەبێ گشت ئەو سەرچاوەگەلەی ئیلهام و ناواخنە شاعیرەکان- کە لەگەڵ ئیدە یان چەمکی تەجریدی ڕواڵەتی خودی شیعردا تەبا نەبوون- نەفی بکات. لە سیستەمی متافیزکی مالارمەدا بوونی چ شتێک وێنا نەدەکرا جگە لە ماتریال: سرووتی ئەبەدی ووجود، فەزایەک کە لە حاست "کۆ یان خاوبوونەوەدا بێموبالاتە." دەرکەوتنی مرۆڤ بڕیار بوو، ئەبەدی بوون، بۆ ئەو، بەکاتمەندی بگۆڕێ و ناکۆتایی، یان بێ نەهایەت بکاتە ڕێکەوت. بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا شتێک کە ئەم سیستەمە دەیتوانی بەو بۆ ئەو بگۆڕێت، جۆرێک زنجیرەی هۆکاری بێ کۆتایی بوو. ڕەنگە زانایەکی بلیمەتی هەمووشتزان بیتوانیایە پێویستی ڕەهای شاردراوەی هەناوی وەها سیستەمێک دەرک بکا؛ بەڵام لە چاوی کۆتاییدارەوە (متناهی) جیهان لە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەمیشەیی [زەین و عەین]دا وەک درێژەیەکی پووچی هەندێ ڕووداوی ڕێکەوتیانە، دیاردەکەوێت. ئەگەر بەڕاستی جیهان هەر ئاوا بوایە [کە مالارمە بیری لێ دەکردەوە] ئەو کات بەڵگەکانی ئەقڵمان ئەوەندەی بەڵگەکانی دڵمان ئاڵۆز دەبوون و بنەماکانی ئەندێشە و وتەزاڵەکانی سەر کردەوەشمان درۆیین دەبوون: لەم حاڵەتەدا مرۆڤ دەبوو بەخەونێکی نامومکین. بەم شێوەیە نەزۆکیی شاعیر نموونەیەکە لە ناموکین بوونی [بوونی] مرۆڤ. لەم گەڵاڵەیەدا یەک تراژدیا لە ئارادایە، تراژدیایەک کە هەمیشە هەر یەکێکەو و لە یەک "چرکە"دا

ڕوودەدات، لە کاتی زۆر کورت تر لەوەی کە بۆ کێشانەوەی شکستێکی بروسکەئاسا پێویستە، شێوەی [تازەیی] خولّقاندنەوەکەی بەمجۆرەیە: "ئەو تاسەکان[٢] دەڕێژێ ئەو کەسەی کە ئەوانی خولّقاندووە، دیسان لە شێوەی خودی تاسەکاندا ڕوخسارێکی مادی وەردەگرێت." تاسەکان هەبوون، تاسەکان هەن، وشەکان بوون، وشەکان هەن. مرۆڤ وەهمێکی تراوە [دژی خەست] کە بەسەر بزوتنەوەکانی ماتریالدا مەلە دەکات. مالارمە ئەم زیندەوەرە بەتەنیا ماتریالیە، هەولّیدا سیستەمێک لە هەستی بان ماتریال دەربخات. نەزۆکی ئەو لە ڕاستیدا کەم هێزیەکی تیۆلۆژیک بوو. مەرگی خوا [لە زەینی ئەودا] بۆشاییەکی بەجێ هێشت کە شاعیر هەولّی دا پڕی بکاتەوە، بەلاّم تووشی شکست بوو، مرۆڤی مەبەستی مالارمە وەک مرۆڤەکەی پاسکال، دەبوو خۆی بەنمایش و یاری دەرببڕێت، نەک بەپێی چەمکی جەوهەر: "خوایەکی شاراوە کە ناتوانێت هەبێ" و بەناچار بەپێی ئەم بێهێزی و نەبوونی ئیمکانەوە پێناسە ئەکرێت. "ئەمە هەمان کایەی لێلّی هونەرییە، واتە بەپالّپشتی ئیدیعایەکی بۆش ئەرکی ئافراندنەوەی هەموو شتێ بەهۆی بیرەوەرییەوە بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەرکێک کە خۆی وەک جۆرێ گومان دێتە بەرچاو". بەلاّم "سروشت هەمیشە لەوێیەو ناکرێ هیچ شتێکی پێ زیاد بکرێ"، لەسەردەمە بێ داهاتووەکاندا داهێنان وەک بیرەوەری ڕووت دەردەکەوێت، وەک ئەو سەردەمانەی کە پێشکەوتنی مێژوو بەهۆی بایەخی زەبەلاحی شا یان سەرکەوتنی ڕەهای چینێکی تایبەتەوە بەری پێگیراوە. هەموو شتێک لەوە پێش وتراوە، نووسەر زۆر درەنگ گەشتووە. ڕیبۆ Ribot.T، ١٨٣٩-١٩١٦ زۆر زوو بونیادە تیۆریکەکانی ئەم هەستی نەزۆکییەی لەسەر بنەمای تێکەلّکردنی ئیماژی زەینی و بیرەوەریەکانمانا، لێکدایەوە. کە واتە لە ئەندێشەی مالارمەدا بەگشتی دەگەینە تەرحی گشتێی جۆرە

٢- تاس : مۆرەی یاریی تاولّە



ڕەشبینیەکی میتافیزیکی، میتافیزیکێک کە بەپێی ئەو ماتریال یان هەر هەمان ناکۆتاییە بێ بیچمەکە، خاوەن خوازیارییەکی شاراوەیە، [گرۆیەتی بەرەوە] دۆزینەوەی سەر لە نوێی ڕێگەی خۆی، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەرامبەر خود. ماتریال بەمەبەستی ڕووناک کردنی ناکۆتایی تاریک و شاراوە، ئەم بیرە لەت و پەرتانە، ئەم بلّێسە ئالّۆزانە بەرهەم دێنێت، کە ناوی نراوە مرۆڤ. بەلاّم هەمیشە لە نێوان پرش و بلاّوێتی ناکۆتایی ماتریالدا ون دەبێت. مرۆڤ و ڕێکەوت هەردووکیان لە یەک کاتدا لە دایک بوون یەک لە یەکترەوە زاون. مرۆڤ سەرپاکی شکست و زیانە، گورگێک لە نێو گورگەکاندا. ژیان کردن بەم نوقسانی خولّقەتەوە، هەتا ساتی دوایین تەقینەوە، شەرافەتی ئەو [مرۆڤ]ە.

ئایا چاوەڕوانی تەقینەوەیەک نەدەکرا؟ مالارمە لە تۆڕنۆن، بزانکۆن و ئاڤینیۆن، زۆر جیدی خۆکوشتنی لە بەر چاو بوو. لەسەرەتاوە ئەو شتەی لەسەر ئەندێشەی گرانبوو ئەم ئەندێشە بوو کە ئەگەر (وجودی) مرۆڤ نامومکینە، کە واتە دەبێ (حەقیقەت)ی ئەم نامومکین بوونە بەشێوەیەک دەرکەوێ. واتە بە بەدوادا چوونی ئەو شتە تا ئاستی تێداچوونی مرۆڤ. تەنانەت بۆ جارێکیش بێت هۆی کارەکەی ئێمە ناتوانرێت بەبابەتێکی مادی بزانرێت. وایە کە تەنیا وجوود دەتوانێت وجوود بەدی بێنێت و ئەگەر شاعیر عەدەم یان نە- بوون وەک ئەنجامی لۆژێکیی نامومکین بوونی وجوودی خۆی قەبوولّ دەکات، کە نەبوون یان عەدەم بەرهەمی نە وتنی ئەوە. ڕێک لە ئاکامی ئەم بزربوونەی مرۆڤدا ڕێکیەتیەکی مرۆڤانە دژ بەوجوود [یان جیهانی هەستی] ڕادەبێ. فلۆبێر بەر لە مالارمە ڕستەیەکی نووسیبوو کە تێیدا ئانتوانی پیرۆزی بەم وشانە وەسوەسە دەکرد: "خۆت بکوژە، دەست بدە کارێک دەتباتە پلەی خوایەتی. بیر بکەوە... ئەو تۆی خولّقاند، تۆ بەشوکرانەی بوێریەکەت سەربەستیی خولّقاوەکەی ئەو لەناو ببە". ئایا ئەمە هەر ئەو شتە نییە کە مالارمە هەمیشە خوازیاری بوو؟ وەکیتر ئایا هەر ئەو زەمانێک نەیوتبوو خۆکوژی و جەنایەت تاقەکردەی بان

سروشتێن کە مرۆڤ دەتوانێت بیکات. "تەنیا کەسانێکی کەم هەن دەتوانن حەکایەتی خۆیان لە گەڵ حەکایەتی جیهان بەیەک بزانن هەر ئەمە خۆی دەبێتە هۆی ڕزگارییان." مالارمە هەرگیز بۆ ساتێکیش گومانی لەوە نەکرد ئەگەر خۆی کوشتبایەت، هەموو مرۆڤیش لە گەڵ ئەو دەمردن. خۆکوژی ئەو لە ڕاستیدا جۆرێک بەکۆمەڵکوژی دەبوو. بەبزربونی ئەو، هەستی، دەژێتیی[٣] خۆی دەدۆزییەوە. چونکوو وا بیر دەکرایەوە کە ڕێکەوت لە گەڵ مرۆڤدا دروست کراوە، کەواتە دەبوو لە گەڵ ئەویشدا تێدابچێ. "کەواتە ناکۆتایی واتە هەڵاتن لە چنگ بنەماڵەکەم کە ڕەنجی لێدەبینێ هەرێمێکی کۆن و بەتاڵ لە ڕێکەوت... ئەو شتەی کە دەبوو لە ناخی پێکهاتە ناکۆتاکانەوە ڕابێت. لە لایەکەوە بابەتی ڕەهای پێویست و لە لایەکی دیکەدا گوشراوەی ئەندێشە".

ئەندێشەی شیعری بەئەسپایی لەم جیهانەدا و لە نێوان بەرەی بێ ژماری شاعیراندا، سەبارەت بەو دژایەتییەی ئەم ئەندێشەیەی نامومکین کردبوو، بیری دەکردەوە: مەرگی خوا وەک دوایین زەبر بوو و مالارمە ئەم دوایین نمونەی ڕەگەزی شیعر و شاعیران، ئەم سەرەتییەی وەرگرت ئەم دژایەتییە لە شێوەی تاکیدا بژێت و بۆشی بمرێت. خۆکوژیی ئەو کە هاوکات دەربڕی بەکۆمەڵکوژی و خۆبەختکەری یان نەفی و تەئیدی مرۆڤ بوو- هەڵخستنی تاسەکانی دووپات دەکردەوە: ماتریال جارێکی تر دەبۆوە ماتریال، دەژ و بێ دژایەتی. لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر ئەو قەیرانە نەبووە هۆی مەرگی ئەو، هۆکەی ئەوەبوو کە باڵاترین ئیلهامەکان ڕوویان تێ دەکرد. لە ڕەوتی ئەم مەرگە دەسکردە ئیرادە کراوەدا، مالارمە کوتوپڕ ئامۆژەی خۆی دۆزییەوە: هۆی کاریگەریی خۆکوژی ئەوەیە کە جۆرە چالاکیەکی نەرێیانەی دیار و کۆنکرێت دەکاتە جێنشینی نەفیی دەرهەست و بێبەری گشت هەستی. بەزمانی فەلسەفەی هیگڵ دەکرێ بڵێین دەرکی مالارمە لە کردەی ڕەها -خۆکوژی- ئەوی بەتوانا کرد بۆ ئەوەی ڕێبازی

٣- دەژێتی: بێ گەردی - پاکی - نائاوێتەیی.



ڕەواقی بەرزبکاتەوە و لێی تێپەڕێت. ئەو قوتابخانەی کە تەنیا بەشێوەیەکی گشتی و ڕواڵەتی، ئەندێشە یان زەینی لە بەرامبەرێتی لەگەڵ هەستیدا، ئیعتراف پێدەکرد و بەرەو قوتابخانەی شکخوازی هەڵبێت کە "ئەو شتەی لای ڕەواقیەکان تەنیا ڕواڵەتی چەمکێکی هەبوو بەکردەوە دەکرد". لە شکخوازیدا زەین دەگۆڕێ بۆ ئەندێشەی کامڵ و هەستیی جیهان بەهەموو دیارکەوتە جۆراوجۆرەکانیەوە تێدا دەبات. بەم شێوە نەفیکردن کە تایبەتی خۆوشیاری بوو دەبێ بەواقیع، واتە نەفیی ڕاستەقینە: یەکەمین مەیلی مالارمە کە ڕیشەی لە هەستی هێقکردنەوەدا بوو، خۆ دوورخستنەوە لە جیهان و مەحکوومکردنی جیهان بەتەواوەتی بوو. ئەم میراتگرە گێژە کە بەرەو تەشقی فڕینە لاییبیرێنتیەکەی پاڵنرابوو لە ترسی کەوتنە خوارەوە "وورەی جوڵانەوەی نەبوو". بەڵام ئەو ئێستە زانیبووی کە نەفی گشتی و هەموویی، هاوسەنگی بزرێتی و نەبوونی نەفیە. نەفیکردن جۆرە کردەیەکە و هەر کردەوەیەک دەبێ لە زەرفی زەماندا جێبگرێت و بەنیسبەت ناوەرۆکێکی تایبەت، وەگەڕ بخرێ.

خۆکوژی جۆرە کردەیەکە، چون لە ڕاستیدا بوونەوەرەیێک نابوود دەکات و جیهان دەکات بەشوێنی ئامادەبوون و دەسەڵاتی ترسێنەر و پڕمەترسی بزرێتی ئەو. ئەگەر وجود یان هەستی هەمان پرش و بڵاوی بێت، کەواتە مرۆڤ بەلەدەستدانی هەستیی خۆی دەگاتە یەکایەتیەکی فەساد و فەنا هەڵنەگر. جگە لەوە بزریی ئەو، کاریگەرێتیەکی خنکێنەر لەسەر هەستی جیهان دادەنێت، بزرێتی وەک بیچمە ئەرەستوویيەکان، شت و بابەتەکان پەیوەستی یەکدەکات، بەیەکایەتی شاراوەی خۆی دزە دەکاتە ناخیانەوە. ئەوەی شاعیر هەستی دەکرد لە ڕێگەی شیعرەوە وەدەستی بێنێ هەر ئەم کردە ئەساسیەی خۆکوشتن بوو. چون مرۆڤ وێڕای نەتوانین لە ئافراندندا، هێزی ڕوخاندنی هەبوو و شوناسی خۆشی ڕێک هەر بەم کردەی خۆکوشتنە، دەچەسپاند کەواتە کاری شاعیریش هەوڵێکی تێکدەرانە بوو. ئەگەر لە ڕوانگەی مەرگەوە بڕوانینە شیعر، دەتوانین بەوتەیەکی ڕەوان و لە باتی

بلانشۆ وەها پێناسەی بکەین: "زمانێک کە هەموو توانای بۆ نەبوون تەرخان دەکرێت و هەموو شکۆ و گەورەییەکی بۆ ئەوەیە بەهۆی بزربی خۆیەوە، بزرێتی هەموو شتێک بیر بخاتەوە." مالارمە دەیتوانی بەغوروورەوە بۆ لێڤێبر Lefebre بنووسێت کە شیعر لە بەرهەمەکانی ئەودا، سروشتێکی ڕەخنەگرانەی وەرگرتووە. ئەو بەخستنە نێو مەترسیی هەموو شتێکەوە، جەوهەری خۆی لە ژێر تیشکی مەرگدا لە شێوەی مرۆڤ و شاعیردا دۆزیەوە. مالارمە بڕوای خۆی بۆ نەفیکردنی هەموو شتێک، هێشتا نەگۆڕیبوو، بەڵکو تەنیا کاردانەوەیەکی دیکەی پێبەخشیبوو. ئەو کەمێک دواتر نووسی: "شیعر تەنیا بۆمبایەکە شیاوی ئەوەیە کە دروست بکرێت." هەندێ جار بەتەواوی بڕوای بەوە دەکرد خۆی کوشتووە. بەڕێکەوت نەبوو مالارمە وشەی "هیچ"[٤]ی لە لاپەڕەی یەکەمی کۆی شیعرەکانیدا نووسی. چونکوو شیعر پێشاندەری خۆکوشتنی مرۆڤ و شیعر، هەردووکیانە، کەواتە هەستیش دەبێ لە ئاکامدا بەمەرگ بگات. لایەن یان ڕەهەندی دەوڵەمەندی شیعر، دەبێ لە گەڵ لایەنی بەتاڵی ئەودا دەقاودەق بکەوێتەوە. ئەو هەقیقەتەی ئەم شیعرانە لە ئاکامدا بۆی گۆڕان، هەمان نەبوونە "هیچ شتێک ڕوونادات، مەگەر [ئەو شتەی پێشتر] ڕوویداوە." ئێمە لۆژیکی نەفیکەری نائاسایی داهێنراوی مالارمە باش دەناسین. [واتە] ئەوەی کە چۆن بەجووڵەی قەڵەمەکەی ئەو پەردە لادەچێت تاکوو هیچ شتێک جگە لە بزربی خۆشەویستی دەرنەکەوێت. "لە کاتێدا گوڵدانێکی بێ ئاو" دەردێکی بڕندە جێدەهێڵێت بێ ئەوەی مژدەی ئەو شتە بدات کە لەوانەبوو پێشاندەری گوڵەباخێکی نادیار بێت، یاخود چۆن مەزارێکی تەنیا، باری "بزرێتیی تاجە قورسەکانی سەرکەوتن" بەشان دەکێشێت. بەڵام باشترین نموونەی ئەم پرۆسەی مەحو بوونە ناوەکییە، کە

٤- دەبێ سەرنج بدەین کە هیچ وەرگێڕدراوی وشەی nothing ە کە وشەی nothing-ess بەمانای نەبوونێتی، لەو وەرگیراوە. پێوەندی نێوان ئەم دوو وشە لە وەرگێڕانی فارسی و کوردیدا سڕاوەتەوە.



لە خودی شیعردا شەپۆل ئەدات، غەزەڵێکە بەم دەستپێکەوە: ئەم ڕۆژە باکرە. زیندوو و جوان "ئەم ڕۆژە" [یان ئەمڕۆ] و داهاتووی ئەو چ نین جگە لە وەهم. زەمانی ئێستە بۆ ڕابردووی خۆی دادەبەزێنرێت. وەکیتر ئەو باڵندەی بەهەڵە خۆ لە فڕیندا دەبینێ هیچ نییە جگە بیرەوەرییەک لە خۆی کە «بێ هیچ ئومێدێک لە خەونی ساردی تەحقیردا گیرۆدە بووە». تەقینەوەی ڕەنگ و بیچمەکان هێمایەکە بۆ ئەو هەستانەی بەرەو تراژیدیای مرۆڤ دەمانبەنەوە، ئەو تراژیدیای، بەنەبوون کۆتایی دێت. وەهایە جووڵەی ناوەکی ئەم شیعرە سەیرانە کە لە زەمانێکدا هەم وشەیەکی بێدەنگ و هەم شتێکی درۆیین. شیعرگەلێک کە ڕێک بەنادیاربوونیانەوە لە ئاکامدا گەلاڵەی گشتیی شتێک دەردەخەن کە "خۆی لە ڕێی هەڵاتنەوە بزر دەکات"، و جوانی ئەم شیعرانە بەدروستی و بەوردی وەک سەلماندنی پێشبینیی apriori ئەم حەقیقەتە بوو کە بزرێتی وجوود خۆی بیچمێکی ئەو وجوودەیە.

سەلماندنێکی لە کردەدا پێشین - کەچی بێ بونیاد. مالارمە وردبین تر لەوە بوو نەزانێت هیچ ئەزموونێکی تاکە، هەرگیز بونیادە ڕێنوێنکەرەکانی خۆی ڕەت ناکاتەوە. ئەگەر ڕێکەوت هەر لەسەرەتاوە هەبووە، "کەوابێ هەڵخستنی تاسێک قەت لە بەینی نابات". لە هەر کردەوەیەکدا کە لە خۆگری توخمێکی ڕێکەوتە، ئەمە تەنیا ڕێکەوتە کە ئیدە یان ناوەرۆکی خۆی بەچەسپاندن یان بەدرۆخستنەوەی خۆی دەسەلمێنێت. لە شیعردا ئەمە ڕێکەوتە کە خۆی نەفی دەکات، شیعر ئەم منداڵ و هاوکات دوژمنەی ڕێکەوت؛ بەکردەی خۆ ڕووخاندن و سڕینەوەی خۆی ڕێکەوت تێدا دەبات، چونکوو تێداچوونی هێمایەکی ئەو، تێداچوونی خودی مرۆڤە، بەڵام هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا هیچ نەبوون جگە لە خەڵەتاندن. تەوسی مالارمە لە وشیاریی ئەو بەرامبەر بێ هوودەیی ڕەها و هەروەها زەروورەتی ڕەهای کارەکەیدا ڕەگی داکوتابوو، کارێک کە تێیدا دوو تەوەری لێکدژ و پێکنەهاتووی دەبینی کە بەردەوام یەکتریان ڕادەکێشا و [یەکتریان] فڕێ

دەدایەوە، دوو تەوەری، ڕێکەوت و زەروورەت. زەروورەت، خولقێنەری ڕێکەوتە، ڕێکەوت وەهمێکی مرۆییە- مرۆڤ ئەم پارچە پەرێشان و شێتەی سروشت. زەروورەتیش خولقێنەری ڕێکەوتە هەر خۆی بەشێوەیەکی دژواز، زەروورەت سنووردار و دیاری دەکات. زەروورەت، ڕێکەوت لە چوارچێوەی شیعردا، وشە بەوشە، نەفیدەکات. ڕێکەوتیش دیسان خۆی نەفیکەری زەروورەتە، چون هەرگیز ناکرێ وشەکان بەشێوەیەکی "کامڵ و بێ نوقسان" بەکار بهێنرێن زەروورەت دیسان وەک خۆی، ڕێکەوت لە ڕێگەی خۆکوشتنی شیعرەوە تێدادەبات و دەیسڕێتەوە.

لە ئەندێشەی مالارمەدا توخمێکی عیرفانی ئامادە بووە. ئەو ئەفسانە یان ئوستوورەیەکی سەیری لە نێو باشترین هاوڕێ و قوتابیانی خۆیدا بڵاوکردبۆوە. ئوستوورەی خولقاندنی شاکارێکی ئەدەبی کە کوتوپڕ جیهانی تووشی سڕمان دەکرد. مالارمە بەدرۆ وای دەنواند کە خەریکی نووسینی ئەو بەرهەمەیە. تەنیا ئەوەندە بەس بوو بەسادەیی وا بهێنێتە بەرچاو کە هەموو ژیانی بۆتە قوربانیی ئەم شتە بزرە: لێکدانەوەیەکی گۆی زەوی یان هەرێمی ناسووت لە ڕوانگەی ئایینی ئۆرفیزم-ەوە[٥]، "ئەو لێکدانەوەی کە چ نەبوو جگە لە خودی شیعر" بێگومانم مالارمە باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە مەرگی خۆی ئەم پێوەندییە لە گەڵ ئۆرفیزمدا وەک باشترین ئاواتی و. شکستی ئەو وەک نامومکین بوونی تراژیکی ووجودی مرۆڤ، هەرماو دەکات. ئەگەر شاعیرێک لە بیست و پێنج ساڵاندا بەهۆی زاڵ بوونی هەست بەنەتوانی و نەزۆکییەوە بمرێت، مەرگی ئەو تەنیا بەڕووداوێکی ڕیزپەڕ وەردەگیرێت. بەڵام کاتێ شاعیرێکی پەنجا و شەش ساڵان ڕێک لە کاتێدا بەسەر هەموو کۆسپ و کێشە سەرەتاییەکاندا زاڵ

٥- orphism ئایینێکی زاهیدانەیە لە یۆنانی کۆندا، کە جەخت دەکاتە سەر دۆنادۆنی ڕۆحەکان، پاکبوونەوەی مەعنووی و ئاینی گوناهی تاکەکەسی، داب و ڕێوڕەسمی شاراوە و دژواری بۆ پاککردنەوە قابیل بوون بۆ ئامادەیی لە ئەڵقەی خاوەنانی ڕاز و ڕاززاناندا هەیە.



بووە و تەیاری نواندنی شاکارەکەیەتی، دەمرێ، ئەم ڕووداوە بەتەواوی ڕوونکەرەوەی تراژیدیی مرۆییە. مەرگی مالارمە ئەفسوونێکە هەر دەم لە یاد دەمێنێ.

بەڵام ئەم ئەفسوونە لە ڕێگەی حەقیقەتەوە چێ کرابوو، مالارمە سی ساڵی ڕەبەق دەوری خۆی لەبەرچاوی هەموو جیهاندا لە شانۆنامەیەکدا کە نووسینەکەی خولیای بوو، لە شێوەی ئەکتەرێکی بەجلی بەدەلەوە، گێڕا؛ شانۆیەک لە شێوەی تراژیدی و بەیەک ئەکتەرەوە. ئەو خۆی ئەو خوا شاراوە بوو، کە بەرگەی بوون ناگرێت [و ناتوانێت ببێت]، سێبەری گەنجی هەموو شتەکان و هەر بەم بۆنەوەش سیخناخی ئوستوورەکان... ئەو کە لە هێرشی زەریفی ئامادەیی خۆیدا، فەنایەکی نەرم بەسەر زیندووەکاندا دەسەپێنێ." لە چوارچێوەی ڕێسای ئاڵۆزی ئەم کۆمێدیایەدا، شیعرەکانی ئەو بۆ گەشتنە کەماڵ، سەرەتا دەبێ سەرکەوتوو نەبن. ئەوەی کە ئەم شیعرانە زمان و جیهان، بسڕنەوە، بەس نەبوو. تەنانەت تێدابردنی خۆشیان بەس نەبوو. بەپێی پێویستی ئەم سیستەمە، شیعرەکانی مالارمە، دەبێ پێشاندەری هەندێ گەڵاڵەی سەرەتایی بێهوودەی شاکارێکی بێ نموونە و نامومکین بن کە تەنیا ڕوودانی ڕێکەوتیانەی مەرگ، مالارمەی لە دەسپێکردنەکەی، گەڕاندەوە. هەموو شتێک شوێنی خۆی لەم سیستەمەدا وەدەست دەهێنێ، ئەگەر (ئێمە) بتوانین ئەم خۆکوشتنە تەمسیلیانە لە بەر تیشکی مەرگێکی ڕێکەوتیانەدا سەیر بکەین: واتە لە بەر تیشکی نەبووندا بۆ بوون بڕوانین. ئەو کەوتنە دەرداوییەی لە بەردەمدا بوو، بەسووڕانێکی چاوەڕواننەکراو، حەتمییەتێکی ڕەهای بەخشییە ئەو شیعرانەی ئەو هۆنیبوونیەوە. کەسەرهێنەرترین بابەت ئەوەیە کە ئەو شیعرانەی کە لای ئێمە گەلێ شادی و حەزهێنەرن، لە لای شاعیرەکەیان گەلێ بێ بایەخ بوون. مالارمە لە یەک هەنگاویی مەرگدا وای پێشاندا کە ئیدی حەز لە هیچ شتێک، جگە لە شاکارەکانی داهاتووی ناکاتەوە و ئەمەش دوایین دەستێوەردانی ئەوە لەم شیعرانەدا. مالارمە بۆ هاوسەر و

کچەکەی نوسیبوو: "بێ گومان ئەم دانەیان جوانترین بەرهەم دەبوو." حەقیقەت؟ یان درۆ؟ ئەرێ، ئەمە هەر ئەو کەسە بوو کە مالارمە حەزی دەکرد، ئەو بێت ئەو مرۆڤەی کە لە هەموو جیهاندا بەهۆی هەڵوەشانەوەی "ئەتۆم" یان ساردبوونەوەی هەتاوەوە دەمرێت و بەردەوام دەربارەی ئەو هۆنراوەی دەیەویست، دایبنێت، لە بەر خۆوە دەڵێ: "بێگومان بن ئەم دانەیان جوانتریین بەرهەم دەبوو."

مالارمە، ئەو کەسەی هاوکات قارەمان، پێشگۆ، جادووکەر و تراژیدی نووس بوو، پیاوێکە بەجەستەیەکی بچووک و هەڵسوکەوتی ژنانە و بەئەدەب، کەم دوو لەگەڵ ژنان، پیاوێک کە شیاوی ئەوە بوو ڕێک لە دەرگانەی سەدەی ئێمەدا بمرێت، ئەو سەدەی کە لە ڕاستیدا ئەو پەیامهێنەری سەرهەڵدانی بوو. ئەو بەجەختێکی زۆرتر لە نیچە، مەرگی خوای تاقیکردەوە و زۆر پێش کامۆ هەستی کرد کە خۆکوشتن پرسیاری سەرەکیی بەردەم مرۆڤە. ململانێی هەموو ڕۆژی ئەو لەگەڵ ڕێکەوتدا، دواتر لە لایەن کەسانی دیکەوە، پێڕەوکرا، بەڵام نەک بەئاشکرایی و سەییالیەکی زیاترەوە. بەکورتی ئەو ئەم پرسیارەی لە خۆی دەکرد: "ئاخۆ دەکرێ لە هەناوی جەبری [زاڵ بەسەر جیهاندا] دەربازێک بدۆزرێتەوە؟ ئاخۆ دەکرێ پراکسیس یان کردە وێران بکرێ و زەینییەت بەدابەزاندنی خۆی و جیهان بۆ بابەتێتی (عینیت) دووبارە بدۆزرێتەوە؟"ئەو بەشێوەیەکی ڕێک و پێک، شتێکی بەسەر هونەردا، دەسەپاند کە پێش ئەو، تەنیا بنەمایەکی فەلسەفی بوو [نەک هونەری]، و لەوانەش بوو ببێتە حیکمەتێکی سیاسی: "دروست بکە و لە دروستکردندا خۆت دروست بکە." کەمێک پێش هێرشی زەبەلاحی تەکنۆلۆژیا، ئەو جۆرێک تەکنیک یان فەننێکی شاعیریی داهێنا. لە کاتێکدا کە "تەیلۆر" سەرقاڵی هەندێ گەڵاڵە بوو بۆ ئەوەی کرێکاران زۆرترین کاریان دێبکێشرێتەوە، مالارمە زمانی بۆ ئەوپەڕی کاردانەوەی وشەکان ئامادە دەکرد. بەڵام بەبۆچوونی من بەرچاوترین تایبەتمەندیی ئەم پیاوە هەر ئەم ئەشکەنجە میتافیزیکیە بوو کە



ئەو وەها ئاشکرا و بەلە خۆبردوویییەوە، لەگەڵ خۆ ڕایدەکێشا دەکرد. تەنانەت ڕۆژێک نەبوو، ئێوارە دابێت و ئەو بۆ خۆکوشتن وەسوەسە نەبێت. ئەگەریش دەژیا، تەنیا لە بەرخاتری کچەکەی بوو. بەڵام ئامادەیی ئەم مەرگە مۆڵەقە تەوسیێکی تێکدەروخۆشی پێ بەخشی. وریایی جەوهەریی ئەو زیاد لە هەر شتێک لە هونەری ئەو بۆ دۆزینەوە و دامەزراندنی "دۆئێتی[٦] مەرگاوی" لە ژیانی ڕۆژانەدا و، تەنانەت لە زەین و وێناکردنەکانیدا، شاردرابۆوە. ئەو دوئێتیەی هەموو شتەکانی جیهانی تەسلیمی مالارمە کرد. ئەو بەمانای پڕ بەپێستی وشە شاعیر بوو و خۆی بەتەواوەتی بۆ ڕوخاندنی ڕەخنەییانەی شیعر لەسەر دەستی خودی شیعر، تەرخان کرد. لە گەڵ ئەمەشدا لە دوورە پەرێزیدا مایەوە. "تارماییەکی سەر بەبڵندایییە ساردەکان." سەیری خۆی دەکات. ئەگەر ئەمە مادە بوو کە شیعری دادەهێنا، کەواتە ڕەنگە ئەندێشەی بەشەپۆل و بزۆزی مادە لە چنگی "جەبر" دەرباز بووە؟ بەم شێوەش، شیعری ئەویش چووە نێو کەوانەوە ڕۆژێک کەسێک هەندێ [تابلۆی] وێنەکێشی بۆ ئەو نارد. مالارمەیش پێی جوان بوون. بەڵام ئەوەی کە بەتایبەت بۆی سەرنجڕاکێش بوو، وێنەی جادووگەرێکی پیر بوو کە بزەیەکی خەمۆکی بەسەر لێوەوە بوو. مالارمە دەربارەی ئەم وێنەیە وەهای نووسی: "ئەم بزە لە وشیاری پیرەمێردەوە بەرامبەر ئەم ڕاستیە سەرچاوە دەگرێ کە هونەرەکەی ئەو چ نییە جگە لە درۆ. بەڵام لە هەمانکاتدا چما دەڵێ: بەڵام دەکرا هەقیقەت بێت."

سەرچاوەی ئینگلیزی:

j.p.sartre between existansialism and marzism Pantheon Books, 1975.

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی: فصلنامەی ارغنون، شمارەی ١٤، زمستان ١٣٧٧، ترجمەی مراد فرهادپور

٦- دۆئێت duet، پارچە شیعرێک کە بۆ دووساز و بۆ دوو سازژەن، دەهۆنرێتەوە.

# ڕۆمان وەک توێژینەوە

*نووسینی: میشێل بۆتۆر*

*وەرگێڕانی: ڕەزا شەجێعی*

١

ڕۆمان بیچمێکی تایبەتی گێڕانەوەیە Recit

گێڕانەوە دیاردەیەکە بەشێوەیەکی شیاوی سەرنج پانتای ئەدەب تێدەپەڕێنێ و یەکێکە لە ڕۆنەرانی سەرەکی تێگەشتنی ئێمە لە واقیع. تا کاتی مردنمان و لەو کاتەوەی زمانمان پشکوتووە، بەردەوام لە گەمارۆی گێڕانەوەداین، سەرەتا لە بنەماڵەدا، دواتر قوتابخانە و پاشتریش لە لایەن ئەوشتانەی بیستوومانە و خوێندوومانەتەوە.

ئەوانی دی بۆ ئێمە تەنیا ئەو شتانە نین کە ئێمە لێمان بینیون، بەڵکو ئەو شتەشن کە ئەوان دەربارەی خۆیان بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە [ئەوان] تەنیا ئەو کەسانەنین کە دیتوومانن، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەش کە دەربارەیان بۆ ئێمە گێڕدراوەتەوە:

ئەمە تەنیا مرۆڤەکان ناگرێتەوە، بەڵکو سەبارەت بەشتەکان و بۆ نموونە ئەو شوێنانەش ڕاستەکە من نەچووم، بەڵام ئەوانی دی بۆمیان باس کردووە.

ئەم گێڕانەوەی کە ئێمە تێیدا نوقمین، بیچمی جیاواز لە خۆدەگرێ: لە گێڕانەوەی (نێو) بنەماڵەوە بگرە، لەو زانیاریانەوە کە کەسەکانی بنەماڵە لەسەر کورسی نان خواردندا سەبارەت بەو کارەی ئەو ڕۆژە سەرلەبەیانی کردوویانە بەیەکتری دەڵێنەوە، تا هەواڵی ڕۆژنامە یان کتێبە مێژووییەکان، هەر یەکێک لەم بیچمانە، بەپانتاییەکی تایبەتی واقیعەوە پێوەندیمان دەدەن.



تێکڕایی ئەم گێڕانەوە حەقیقیانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بەگشتی دەکرێ دەربارەیان لێکۆڵینەوە بکرێ. دەبێ من بتوانم ئەوشتەی کە فلانەکەس، پێی گوتووم بەو زانیاریانەی خۆم لە کەسێکی دیکەم وەرگرتووە بچەسپێنم و ئەوکارەش بێ بڕانەوە درێژەی هەیە جگە لەمەش، ئەوە بەهەڵەدا چووم یان بەبابەتێکی خەیاڵییەوە خەریکم.

لە نێو هەموو ئەم گێڕانەوانەشدا کە بەشی زۆری ژیانی ڕۆژانەی ئێمە لە سای ئەواندا بچم دەگرێ، هەندێ گێڕانەوەش هەن کە بێ سێ و دوو ساختەن. ئەگەر (ئەوانیدی) بۆ ڕێگەگرتن لە هەر چەشنە ڕاڕایی و گومانێک، هەندێ تایبەتمەندی بەو ڕوودراوانە بدەن، کە هەر لەسەرەتاوە ڕووداوەکە لەو ڕووداوانەی ئێمە خوومان پێوە گرتوون، جوێ بکاتەوە ئەوە ئێمە ڕووبەڕووی ئەدەبی وەهمی ئوستوورە و حەکایەتی پەریلان وهتد بوینەتەوە. ڕۆمان نووس ڕووداوی لە چەشنی ڕووداوی ڕۆژنامەمان دەخاتە بەرچاو و ئەیەوێ تا دەکرێ سیمای واقیعی بەو ڕووداوانە بدات، تا ئەو جێگەی کە لەم کارەدا تا ئاستی خەڵەتاندنیش هەنگاو هەڵبگرێ. (دانیەل دێفر)

بەڵام ئەوەی ڕۆماننووس بۆمانی دەگێڕێتەوە لە لێکۆڵینەوە نایەت و کەوابوو هەر ئەوەندە بەسە کە، وتەکەی ئەو بتوانێ سیمای واقیع ببەخشێتە ئەو شتەی دەیگێڕێتەوە. ئەگەر من بەدۆستێکم بگەم و ئەو هەواڵێکی سەرسووڕهێنەرم پێبدات، بۆ ئەوەی من بڕوای پێبکەم، بەردەوام دەتوانێ پشت بەم وتە ببەستێ کە ئەرێ فلان و فلانیش شایەت بوون و (ئەگەریش بڕواناکەم) خۆشم ئەتوانم بڕۆم و [لەسەر هەواڵەکە] بکۆڵمەوە. بەپێچەوانەوە، کاتێک ڕۆماننووس لە ڕوو بەرگی کتێبەکەیدا وشەی «ڕۆمان» دەنووسێت، بەکردەوە دەریدەبڕێت کە وەها لێکۆڵینەوەیەک بێ کەڵکە. تەنیا بەپشت بەستن بەوتەی ئەوەوەیە کە کەسێتیەکانی چیرۆک دەبێ وەربگیرێن و بژین، تەنانەت ئەگەر لەدەرەوەش هەبن.

وای دابنێین کە نامەیەک لە کەسێکی بڕواپێکراوی سەدەی نۆزدەهەم

بدۆزینەوە کە ئەو بۆ بەرانبەرەکەی خۆی نووسیوە کە ئەو (نامەنووس) بابا گۆریوی زۆر باش ناسیوەو ئەم کەسێتیە بەو جۆرە نەبووە کە باڵزاک بۆی باس کردووین و بۆ نموونە لە فلان و لە فلان لاپەڕەدا هەڵەی گەورە هەیە. بێگومان هیچ گرنگایەتییەکی بۆ ئێمە نابێت. بابا گۆریۆ هەر ئەوەیەکە باڵزاک بۆی وەسف کردووین و (هەر ئەو کەسەیە دەکرێ بەپێی بەرهەمی باڵزاک دەربارەی ئەو باس بکرێ یان بنووسرێت.) من ئەتوانم بانگەشەی ئەوە بکەم کە باڵزاک لە داوەری سەبارەت بەکەسێکدا کە خۆی ئافراندوویەتی، بەهەڵەدا چووە و فلانە لایەنی ئەوی لە بیر کردووە، بەڵام بۆ ڕەوایی بەخشین بەبانگەشەکەم دەبێ بەڵگە لە خودی ڕستەکانی باڵزاک بهێنمەوە، تا بتوانم بەڵگەیەکی دیکە بهێنمەوە.

لە کاتێکدا گێڕانەوەی حەقیقی پشت بەسەرچاوەیەکی دەرەکی دەبەستێ، ڕۆمان دەبێ خۆی بۆ قەبوولاندنی ئەو شتەی پێمانی ئەڵێ بەستبێت. بەم شێوە ڕۆمان هەرێمێکی دیاردەناسەکیانەی ڕیزپەڕە، شوێنێکی زۆر باشە بۆ خوێندنەوەی ئەوەی کە واقیع چۆن بەسەر ئێمەدا ئاشکرا دەبێت یان دەتوانێت ئاشکرا ببێت. بەم پێیە ڕۆمان تاقیگەی گێڕانەوەیە.

٢

بەم پێیە، لە ڕۆماندا کارکردن لەسەر فۆرم گرنگایەتیی یەکەمە.

لە ڕاستیدا، گێڕانەوەی حەقیقی بەرەبەرە، کە دەبنە هەموویی و مێژوویی، نەگۆڕ دەکەنەوە؛ کۆنەخواز دەبن و بەپێی هەندێ بنەمای دیاریکراو گرنگایەتی خۆیان دەدۆڕێن (ئەم باسە ئەورۆکە ڕۆمانە سوونەتیەکانیش دەگرێتەوە، ئەو ڕۆمانانەی کە هەڵگری پرسێک نین). دەرکی سەرەتایی جێ بۆ تێگەشتێکی دیکە چۆڵ دەکات کە خەملێویتیەکی کەمتری هەیە و بەرەبەرە هەندێ لایەنی دۆڕاندووە. ئەم تێگەشتنە کەم کەم ئەزموونی ڕاستەقینەش دەگرێتەوە و خۆی لە جێگەی دادەنیشێ و لە ئەنجامدا دەگۆڕێت بۆ خەڵەتاندنێکی بەهەمەوویی کراو. توێژینەوە لە فۆرمە



جۆراوجۆرە چیرۆکیەکان دەتوانێ شتە دووپاتەکی و بێ بایەخەکانی ئەو فۆرمەی کە لامان ئاسایی بۆتەوە، ئاشکرا بکات، پەچە لە ڕووی (ئەو فۆرمە ئاسایی بووە) هەڵماڵێ و ئەگەری ئەوەمان بۆ بڕەخسێنێ کە لەولای ئەم گێڕانەوە وەستاوەوە، هەموو ئەو شتانەی شاردوویەتەوە، یان لێی بێدەنگ بووە و هەموو ئەو گێڕانەوە ناخیانەی هەموو ژیانمان تێیدا سەروبن دەکات، بدۆزینەوە.

لە لایەکی دیکەوە، دیارە فۆرم بنەمایەکی هەڵبژاردەییە و (شێواز لێرەدا تەنیا یەکێکە لە لایەنەکانی فۆرم و چۆنیەتیی پێوەندیەکانی زمانە پێکەوە، واتە هەڵبژاردنی فلانە وشە یان فلانە جۆری دەربڕین لە جێگەی وشە و جۆرە دەربڕینێکی دیکە). فۆرمە تازەکان شتی تازە لەنێو واقیعدا دەدۆزنەوە (بەپێی ئەوەی) چەندە تۆکمەیی دەروونییان بەنیسبەت فۆرمەکانی دیکە بەجێتر و چەندەش فۆرمی بەرهەم هاتووی نوێ [لەواندا] جیدیتر بێت.

بەپێچەوانە، بۆ واقیعی جیاواز، فۆرمی گێڕانەوەی جیاواز پێویستە. بە هەر چەشنە، دیارە ئەو جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین بەخێرایی لە گۆڕانکاریدایە. تەکنیکە سوننەتیەکانی ڕەوایەت ناتوانێ هەموو ئەو هەواڵانەی بەم شێوە [خێرا] دەگەنە ئێمە بگرنەوە. ئاکامەکەشی پێنەگەشتنێکی بەردەوامە. ئێمە پێمان ناکرێت هەموو ئەو زانیارانەی هێرشمان بۆ دەهێنن، ڕێک بکەین ، چونکوو کەرەسەی پێویستمان لەلا نییە.

دۆزینەوەی فۆرمی نوێی داستانی کە توانایی تێکەڵ کردنیان زێدەترە، سەبارەت بەئاگاداری ئێمە لە واقیع دەوری سێ لایەنەی:دەرخستن، کەڵک وەرگرتن و ئافراندنەوە دەگێڕن. ئەو ڕۆماننووسەی خۆی لەم دەورە نەبان دەکات، چونکوو عادەت تێک نادات، [کەوابوو] چاوەڕێی هیچیش لە خوێنەرەکەی ناکات ئەو وا لە خوێنەرەکەی ناکات بەخۆیدا بچێتەوە و گومان لەو ڕوانگانە بکات کە لەلای چەسپیون. [وەها ڕۆماننووسێک] بێ

گومان بەسانایی سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام دەبێتە شەریکە تاوانی ئەم لێڵییە قووڵەو ئەم شەوە نووتەکەی تێیدا نوقم دەبین. [ئەو جۆرە چیرۆکە] دژکردەوەکانی[خود] هێواشترو ڕاچەنینیشی دژوارتر دەکاتەوە، وەها پەرە بەمت بوونی دەروون دەدات کە تەنانەت ئەگەر ویستی خێریشی لە پشتەوە بێت، بەرهەمەکەی چ نابێ جگە لەژەهر.

داهێنانی فۆرم لە ڕۆماندا، بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێ ڕەخنەگری بەرچاوتەسک وێنای دەکەن، بەهیچ جۆرێک پێچەوانەی واقیعخوازی نیە، بەڵکو مەرجی پێویستی واقیعخوازییەکی پێشکەوتووە.

٣

بەڵام پێوەندی ڕۆمان لەگەڵ ئەو واقیعەی ئێمەی دەورە داوە، تەنیا کورت نابێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوشتەی ڕۆمان بۆمانی باس دەکات، دابڕێکی خەیاڵی ئەم واقعیەبێت دابڕێکی لاوازو دوورەدەست کە دەکرێ لە نێزیکەوە بخوێنرێتەوە. جیاوازی نێوان ڕووداوەکانی ژیان و ڕووداوی ڕۆمان، تەنیا ئەوە نییە کە ڕووداوەکانی ژیان دەکرێ لێیان بکۆڵدرێتەوە و لە ڕوودانیان بپرسرێت، لە کاتێکدا ڕووداوەکانی ڕۆمان تەنیا لە ڕێگەی ئەو دەقەوە کە ئەوان بەرهەم دەهێنێ بەردەست دەبن؛ تەنانەت ڕووداوەکانی [ڕۆمان]، بەوتەی باو، زۆر «خۆشترە» لە ڕووداوی ڕاستەقینە. ئەم ڕووداوە خەیاڵیانە بەپێی پێویستێک بەرهەم دێن و کار کارکردێکیان هەیە. کەسێتی خەیاڵی، بۆ شاییەکانی واقیع پڕدەکەنەوەو دەربارەی ئەو بۆشاییانە، ئاگادارمان دەکەنەوە.

نەک هەر داهێنان، بەڵکو خوێندنەوەی ڕۆمانیش جۆرێ زیندە خەونە؛ بەم بۆنەوە بەردەوام هەڵگری جۆرە دەروونشیکارییەکە بەمانای بەربڵاوی وشەکە.لەلایەکی ترەوە، ئەگەربمەوێ تیۆرێکی دەروونناسەکی، کۆمەڵناسەکی، ئەخلاقی و هتد شەرح بکەم هێنانەوەی نموونەی ساختە کارەکەم ڕەحەتتر دەکاتەوە. کەسێتی ڕۆمان ئەم دەورە بەباشترین جۆر



دەگێڕن. من دەتوانم ئەم کەسێتیانە لەنێو دۆست و ئاشناکانمدا بناسم و ڕەفتاری ئەم کەسانە بەپێی بەسەرهاتەکانی ئەو کەسێتیانە، ڕوون بکەمەوە و... هتد.

دەقاودەقێتی ڕۆمان و واقیع، ئاڵۆزییەکی ناوازەی هەیەو «ریالیزم»ی ڕۆمان و ئەم بابەتەی کە ڕۆمان وەک دابڕێکی خەیاڵی ژیانی ڕۆژانە دەردەکەوێت، تەنیا ڕەهەندێکی تایبەتی ئەو (دەقاودەقێتیە)یە، ئەو ڕەهەندەی کە ڕێگەمان پێ دەدات وەک چەشنێکی ئەدەبی ئەو (ڕۆمان) لە واقیع جوێ بکەینەوە.

من کۆمەڵەی پێوەندی ئامادەی نێوان ئەو شتەی کە ڕۆمان بۆمانی شەرح دەکات و ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، ناو دەنێم «سیمبۆلیسمی ڕۆمان».

ئەم پێوەندیانە لە هەموو ڕۆمانێکدا وەک یەک نین ولام وایە ئەرکی سەرەکی ڕەخنەگر ئەوەیە ئەمانە لەیەک جیابکاتەوە و وەها ڕوونیان بکاتەوە کە بکرێ لە هەر بەرهەمێکەوە تێکڕای فێرکردنی شاراوەی هەناوی بەرهەم، هەڵبهێنجرێ.

بەڵام چونکو لە ڕاهێنانی ڕۆمان و ئافراندنەوەیدا، کەهەمان خوێندنەوەی وردی ڕۆمان بێت، سیستەمێکی پێچاوپێچی پێوەندی دال و مەدلوولی زۆر هەمەڕەنگ دەبینین، ئەگەر ڕۆماننووس بیەوێ بەدڵاواییەوە لە ئەزموونی خۆیدا بەشدارمان بکات، ئەگەر واقیع بینی ئەو زۆر قووڵ بێت، ئەگەر ئەوفۆڕمەی بەکاری دێنێ بەقەد پێویست پەڕگربێت، بەناچار ئەم پێوەندییە هەمەڕەنگانەی لە هەناوی بەرهەمەکەی خۆیدا دامەزراندووە. سەمبولیسمی دەرەکی ڕۆمان دەخوازێ لەجۆرە سەمبولیسمێکی دەروونیدا ڕەنگ بداتەوە. کەوابوو هەندێ بەشی ڕۆمان بەنیسبەت کۆی ڕۆمانەوە، هەمان دەوردەبینێ کە کۆی ڕۆمان بەنیسبەت واقیعەوە دەیبینێ.

## ٤

ئەم پێوەندییە گشتیەی ئەو واقیعەی کە ڕۆمان وەسفی دەکات. لەگەڵ ئەو واقیعەی کە دەورەی داوین، لەخۆیدا دیاریکەری ئەو شتەیە کە بەناوەرۆک یان بابەت ناسراوەو ئەم بابەتە هەر خۆشی بەرسڤێکە بەنیسبەت ڕەوشی تایبەتی وشیاری. بەڵام بینیومانە کە ئەم ناوەرۆکە، ئەم بابەتە، لە شێوازی دەربڕین، لە فۆڕمی تایبەتی گێڕانەوەکەی، جوێ ناکرێتەوە. لە شوێنکاتێکی نوێدا، بەئاگادارییەکی نوێی ڕەوشی ڕۆمان و پێوەندیەکانی ڕۆمان و واقیع، [بێ گومان] بابەتی تازەش پێویستە و کە واش بوو فۆڕمی نوێ لە ئاستی جیاوازی زمان، شێواز، تەکنیک، گەڵاڵە و بونیاددا پێویستن. بەپێچەوانەوە گەڕان بۆ فۆڕمی نوێ کە بابەتی نوێش بەرهەم دەهێنن، پێوەندیی نوێش دادەهێنێ.

بە پێی جۆریکی تایبەتی بیرکردنەوە، ڕیالیزم و فۆڕمالیزم و سەمبۆلیزم لە ڕۆماندا وەها دەردەکەون کە یەکیەتییەکی لەشکان نەهاتوو، پێک دێنن.

ئاساییە کە ڕۆمان بیەوێ و دەشیەوێ کە خۆی ڕوون بکاتەوە. بەڵام باش دەزانین هەندێ شوێنکات هەن کە ناتوانن دووپات ببنەوە و تەنیا بەپێی ئەو وێنەی لە خۆیانی بەجێ دەهێڵن، دەمێننەوە. ئەو بەرهەمانەی ئەو یەکیەتییەی، باسمان کرد، ناتوانێت لە نێویاندا دەرکەوێت، گیرۆدەی وەها شوێنکاتێک دەبن. وەکیتر ئەو ڕۆماننووسانەی کە ئەیانەوێ بیر لە سروشتی کارەکەیان و ئیعتیباری ئەو فۆڕمانەی بەکاریان دێنن، بکەنەوە، ئەو فۆڕمانەی کە هەر لەگەڵ دەرکەوتنیاندا ناکارامەیی و درۆزنانەبوونیان دەردەکەوێت؛ ئەو فۆڕمانەی وێنەیەکی واقیعمان پێ دەدەن کە دژایەتی ئاشکرای لەگەڵ ئەو واقیعەدا هەیە کە ئەوانی زیندوو کردۆتەوەو ئەوان بەنیسبەتی [ئەو واقیع]ە بێدەنگ ماونەتەوە. لەم کارەدا هەندێ ڕیاکاری هەیە کە دەبێ ڕەخنەگر پەچەی لەسەر هەڵماڵێت. چونکوو ئەم جۆرە بەرهەمانە، وێڕای تواناو سەرنجڕاکێشانیشیان، تاریکی ڕادەگرن و چڕتریشی دەکەنەوە، [ئەم جۆرە بەرهەمانە] وشیاری لە قووڵایی



دژایەتییەکاندا بەجێ دێڵن و ترسی ئەوەش هەیە کە ئەم ڕەفتارە بیر لێ نەکراوەیە، ڕۆمان تا ئاستی خراترین ئاژاوەکان بکشێنێت.

لە هەموو باسەکەوە دەگەینە ئەم ئاکامەی کە هەر گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەی فۆڕمی چیرۆکی، هەرچەشنە توێژینەوەیەک لەم پانتادا، تەنیا ئەو کاتە سەردەگرێ کە لە ناوەوەی گۆڕانکاریی چەمکی ڕۆماندا کاربکات، کە بەزۆری زۆر بەهێواشی، بەڵام بەپێی زەرووڕەت، بەرەو جۆرە شیعرێکی نوێ و هاوکات حەماسی و پەنددەر دەگۆڕێت (هەموو ڕۆمانە مەزنەکانی سەدەی بیستەم شایەتێکی ئەم ئیدیعایەن): و هەروەها لەنێو وەرچەرخانی مانای خودی ئەدەبدا (نەک تەنیا وەک سەرقاڵی یان جوانی، بەڵکو لە دەوری ڕاستەقینەی خۆیدا) و لەنێو کارکردی کۆمەڵایەتی ئەدەب و وەک ئەزمونێکی میتۆدیانە.

ئەم وتارە وەرگێردراوی یەکەمین وتاری کتێبی Essaid surle Roman بەرهەمی میشێل بۆتۆر Michel Butor ە کە لە کۆمەڵەی TEL سەر بەبڵاوکردنەوەی گالیمار، بڵاویکردۆتەوە.

سەرچاوەی وەرگێرانی کوردی: فصلنامەی ارغنون - شمارەی ٩و١٠ بهاروتابستان ١٣٧٥ - ترجمەی ڕضا سید حسینی - ص ٣٢٠-٣١٥

# ڕۆمان و جیهانی مۆدێرن

*نووسینی: ئاندرۆ فین بێرگ*

*وەرگێڕانی: محەمەد موەفەقی*

لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی لووکاچ دەربارەی کۆمەڵگای مودێرن، ئەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی گرێدراویی ئەو بەمارکسیزمەوە، واتە سەردمی نووسینی کتێبی بیرۆکەی ڕۆمان. بێ گومان هەوڵ بۆ ڕاڤەکردنی کتێبی مێژوو و وشیاری چینایەتی بەپێی کتێبی بیرۆکەی ڕۆمان کارێکی هەڵەیە. بەڵام لە نێوان ئەم دووبەرهەمەیەدا چەشنە پەیوەست بوونیکی سەربەست لە ئارادایە کە لانی کەم کتێبی یەکەم ئاسۆیەک وەدەردەخات، کە لووکاچ [بەتێپەڕبوون لە وێوە] لە ئاکامدا بەرەو لای مارکسیزم کشاو هەروەها پێشاندەری هۆکارەکانی سەرنجڕاکێشبوونی ئەم هەڵبژاردنەشە. ئەم کتێبە هەروەها پێشاندەری ئەو چاوەڕوانیانەشە کە ئەو هەر لە ڕابردوو لەگەڵ خۆی هێنابووی و ئیدی لە مارکسیزمدا بەدووی وەدیهاتنی ئەم چاوەڕوانیانەوە بوو.

بیرۆکەی ڕۆمان یەکەم بەرهەمێکە لووکاچ تێیدا هەوڵدەدات لە بەرامبەرێتی دەرهەستیانەی نێوان واقیع و بەها تێپەڕێت، ئەو دژوازییە و بەرامبەرێتییە کە ئەو دواتر وەک پرسی تەوەرەیی بیرۆکەی مارکسیستی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لووکاچ لە ڕەوتی ئەم هەوڵدانە سەرەتاییەدا، سەبارەت بەبونیاتی بوونی تاکەکەسیانە لە کۆمەڵگای مودێرندا بیرۆکەی دەرهەستیانەی هێنایە ئاراوە [دارشت] ئەو پێشتر بەشێوازێکی تایبەتی بە پێوەندیی نێوان بیرۆکە و کردەوە وە سەرقاڵ بوو. ئەم شێوازە لەو شتەوە هەڵدەقوڵێ کە دواتر لووکاچ بە بەشت بوون Rrification ناودێری کرد. هەروەها لێرە ئەو مانایەکی «گشتێتی» totality بە دەستەوەدا کە لەگەڵ مانای گشتێتی لە کتێبی مێژوو و ئاگایی چینایەتی دا خاڵی لێکچوون و



هاوبەشیی دواییانەی (سانەوی) هەبوو.

لووکاچ لە بیرۆکەی ڕۆماندا چوار چێوەیەکی گشتی بۆ ڕاچەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لە سەردەمی یۆنانییەوە دارشت و زیادترین بایەخیش لەم چوارچێوەدا، بەڕۆمان درا. بێ گومان وەها چاوەڕوانییەک لە کورتە نامیلکەیەکی سەدوسی و پێنج لاپەڕەیی، چاوەڕوانییەکی بێهوودە بوو و لووکاچ خۆشی لەم دواییانەدا لە توێژینەوەی دەرهەستیانەی هەندێ جار بەدڵە خۆی؛ ئەو کتێبە ڕەخنە دەگرێت. لانی کەم لە شێوازی نووسینی ئەم بەرهەمەدا شتێک ئاشکرا دەبێت کە بریتییە لە تەوسیفی تۆپۆگرافیە باڵاکان(۱) transcendental topographies واتە هەمان شێوەکانی ژیان و ئەدەب کە لە ناخی لایەنە عەینیەکانی مرۆڤ، جیهان و جەوهەر، essence و مانای ژیانەوە سەرچاوە دەگرێ. لووکاچ لای وایە کە نیسبەتی نێوان ئەم زاراوانە لە ئەدەبیاتدا قەرینەی سروشتی ڕاستەقینەی شێوەکانی ژیانی ئەو سەردەمەیە کە ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە تێیدا خوڵقاون. لە هەمبەر هەر تۆپۆگرافییەکدا، شێوەیەکی ئەدەبیی تایبەتی وەک ڕۆمان، تراژدی و هتد هەبوو کە هەر یەک وەک ڕەنگدانەوەی دەژی بونیاتی ڕاستەقینەی ژیان لە قەڵەم ئەدرا. ئەمڕۆکە ناتوانیەکانی وەها میتۆدێک بۆ خودی لووکاچ، ڕەخنەگری بەناوبانگی مارکسیستیش، ئاشکرا بووە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە، بیرۆکەی ڕۆمان واتە ئەو ناوەی کە لووکاچ ئێستە «من»ی دوێنێکەیی و نامارکسیستی خۆی پێ بانگ دەکات؛ بێ گومان توانیبووی بەرهەمێکی پڕاوپڕ لە داهێنان بنووسێت.

---

١- تۆپۆگرافی، بەمانای بریتییە لە ڕەسمکردن و نەخشەهەڵگرتن لە بەرزایی و نزماییەکانی سەرزەوی لە شوێن یان ناوچەیەکی تایبەتدا لای لووکاچ مەبەست کێشانەوەی تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی سەردەم یان جیهانێکی مێژوویی، بەتایبەت جیهانی کەونارایە. ئاوەڵناوی باڵاش دەربڕی تایبەتمەندیی و ڕۆنەرانەی ئەم تایبەتمەندیانەیە کە بەر لە ئەزموونی تاکەکەسیی مرۆڤ، شێوەی جەوهەریی کردەو ژیانی ئەوان دیاری دەکات. و- ف.

لووکاچیش وەک بیرمەندانی بەر لە خۆی بۆ نموونە شیلێر و هیگڵ، سەرچاوەی تراژدی بەدژوازی کانتیی نێوان ئەرک و جەبری جیهانی واقیع دەزانی. ئەویش وەک ئەوان بەگەڕان لە دووی جۆرە ناوکۆ و سەنتێزێک لە هونەردا، بەرەنگاری ئەم دژوازییە بۆوە. سەنتێز یا پێکهاتەیەکی ئەم جەمسەرە دژوازانە کە بتوانێ دژوازیی شاراوەیی هەناوی ئەم ڕوانگە کانتیە کە لە ڕواڵەتدا بۆ مرۆڤ تەحەمول ناکرێت، دابەزێنێ و لە قورسایی ئەم بارە، کەم بکاتەوە. بەڵام لە بیرۆکەی لووکاچدا، بەپێچەوانەی شیلێر و هیگڵ، ئەم دژوازییە نەک تەنیا بەبنەمای تراژدی، بەڵکو بەبنچینەی ڕۆمانیش لە قەڵەم ئەدرێ، بەڵام لە ڕۆماندا بەها لە هاتنەدی نەهاتوو و، ئارمانیەکانی کاراکتێر، خۆیان بەشێوەگەلێکی نوێ ڕێژیی بوونەتەوە و دەرکەیەکیان بەرەو هەندێ توانا خستۆتە سەر پشت کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمدا لە بەردەمیدا نەبوون.

لووکاچ لە بیرۆکەی ڕۆماندا هەوڵدەدات ئەخلاق نەک وەکوو کۆمەڵە حوکمێک، بەڵکو وەک هاندەرێکی ئارمانجیی کۆیی، لە هەناوی جوانیناسیەوە هەڵبگوێزێت. لێرەدا وتەزا جوانی ناسانەکان سنوورەکانی هونەر دەبەزێنێت و دەبێتە بنەمای تێگەشتنی جیهان. لە بیرۆکەی لووکاچ یشدا وەک بەرهەمەکانی شیلێر و هیگڵ، و تەنانەت زیاتر لەوانیش، پەسنی کولتووری کلاسیکی یۆنانی کۆن، وەک بابەتێکی تایبەت و ئارمانجیانەی مێژووی مرۆڤ دەکرێت. ئەو کولتوورە جوانییناسانەی [کەتێیدا] جیهان لەگەڵ قووڵترین تامەزرۆییەکانی ئەو مرۆڤانەی تیایدا دەژیان، هاودەنگی و هاوئاهەنگیەکی ڕاستەوخۆی هەبوو!

چەمکی «گشتێتی» کە لووکاچ بۆ ئاماژە بەم «سەردەمە زێڕین»ەی کەونارا بەکاری دەهێنێ، چەمکێکی شاراوەونادیارە. چون ئەم زاراوە لە هەمان کاتدا وەک وتەزایەکی میتۆدولۆژیک بۆ ئاماژەدان بەبونیاتی گشتیی هەر چەشنە تۆپۆگرافییەکی بالایانە بەکار دەبرێت. بەنیسبەت ژیار و کەلتووری یۆنانەوە مەبەست لە وتەزاری «گشتیێ»، هەمان یەکێتیی



هاودەنگ و هاوئاهەنگی نێوان جەوهەر، ژیان، مرۆڤ و جیهانە. مسۆگەربوونی گشتێتی، تایبەتی ئەو سەردەمانەیە کە تێیاندا دەکرێ شتەکان و بابەتەکان هەر بەو شێوەی کەهەن، بدۆزرێنەوە. ئەو سەردەمانەی کە ژیان مانایەکی عەینی بەئینسانەکان بدات و مرۆڤ لەواندا خۆیان بەو شێوەی کە هەن، بدۆزنەوە. لووکاچ دەڵێ: وەدی هاتنی هیچ چەشنە گشتێتیەکی هەبوون exist مومکین نییە. مەگەر لەو جێگەی کە هەموو شتێک پێشتر بەر لەوەی کە بیچمێکی پێبدرێ هاوچەشن و هاوڕەنگە. لەو جێگەی بیچمەکانی نەک وەک کۆمەڵە بەربەستێک بەڵکو وەک تەنانەت ئاگاداربوونەوە [ی مرۆڤ] و ڕوون بوونەوەی ئەو شتانەیە کە وەک ئیلهامێکی لێڵ و نادیار لە دڵی هەموو ئەو شتانەدا کە دەبێ بیچمێک وەربگرن، شاردراوەتەوە. گشتێتی لە جێگەیەکدا ئامادەیە کە زانین و مەعریفە فەزیلەتە و فەزیلەت بەختەوەرییە، لەو جێگەی کە جوانی مانای جیهان دەردەخات.

شێوەی ئەدەبیی ئەم سەردەمە شیعری حەماسییە، واتە شیعری هۆمێر و هێزیۆد. لێرەدا کە هەبوونی ڕۆژانە و ئاسایی مرۆڤ لە پێشەوە پڕاوپڕە لە مانا و بەهرە و عینایەتێک کە دەتوانێ لە دەقی جۆرە وێستاوییەکی تۆکمەی هەستیەوە هونەر، فەزیلەت یاخود بەختەوەری دەگۆڕێت. لەم جیهانەدا دژایەتیی نێوان ئەرک و واقیع، هونەر و هەبوونی دونیایی، تاکەکەس و کۆمەڵگا، و لە ئاکامدا ڕۆحی مرۆڤ و ئەو جیهانەی کە ڕۆحی خۆی تیا ئەدۆزێتەوە، لە ئارادانییە. هەر کردەوەیەک و هەر شتێک، هەر بەو شێوەی کە هەیە، لە شێوازی سروشتی خۆیدا بابەتێکی هونەری و ئاکارییە. نەک داوەری کردەی مرۆڤ، بەڵکو هاوڕێی مرۆڤن. کەرەسە و ئاخافتنی ژیانی ڕۆژانە هەموویان شاعیرانەن تەنانەت بێ شێوەگۆڕکێی غینایی یان خەیاڵی؛ بەڵکو هاودەنگی سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان، دەربڕینێکی ئەدەبی وەردەگرن. تایبەتمەندیی بیچمی ڕاستەوخۆی بابەتی ئارمانجی و بابەتی واقیعی لای لووکاچ تایبەتمەندیی بەرجەستە و بەرچاوی

یۆنانیەکانە.

ئاشکرایە، وەها شوێنێک هەرگیز نە لە جیهانی کەونارادا بوونی هەبووە و نە لە جیهانی هاوچەرخیشدا. بەڵام کارکردی ئەم وێنە ئارمانجیەی سەردەمی زێڕین یارمەتی دانی پێشخستنی خوێندنەوەی مێژوو یان کەونینەناسی نییە، بەڵکو زۆرتر سەقامگیر کردن و چەسپاندنی سەرەتیی بابەتی جوانیناسانەیە. چون ئەمە وتەزای جوانی ناسانەی گشتێتی یە کە لێرەدا [واتە سەردەمی زێڕینی یۆنانی کۆن] بنەماکانی هاودەنگیی بیچم -هەم بیچمی هونەری و هەم بیچمی ئەخلاقی-و واقیع سەقامگیر دەکاو دواتر، ئەو دەمەی ئەخلاق و ژیان پێکەوە دەرگیر دەبن، بۆ جارێکی تر دەکرێ هەڵبهێنجرێ. خسڵەت و کارکردی تایبەتی پانتای ئەخلاق لە وتەزاگەلی جوانیناسانە هەڵبهێنجرێ. هەمان وتەزا کە دەبێ وەک بنەڕەتی شێوەیەکی نوێی تۆپۆگرافی باڵا دەرک بکرێن. لەم کاتەدا هونەر جارێکی تر وەک ڕەنگدانەوەی ناوازەی سەرەتیی جیهان و چەشنێکی تایبەتی بەرزێتی (تەعالی) یان تێپەڕین لە دژوازییەکانی جیهان، دەور دەگێڕێ. ئەم دەورەی هونەر بەتەواوی میتۆد و ئاستەنگەکانی هەوڵی لووکاچ لە بیرۆکەی ڕۆماندا بۆ بەرزێتیدان و تێپەڕاندنی بەرامبەرێتی «ئەبێ» ought و «هەیە» is وەسف دەکات.

ئەم ئاسۆش دواتر لە مێژوو و ئاگایی چینایەتیدا، کە تێیدا چەمکی گشتێتی بۆ جارێکیتر بەهەمان مەبەست بەکار دەبرێت بەرزێتی وەردەگرێ و تێپەڕ دەکرێ و بەم جۆرە لووکاچ بەسەر جووان پەرستیی aestheticism بەرچاوی هەناوی ڕوانگەی سەرەتایی خۆیدا، زاڵ دەبێ. لە ڕاستیدا مێژوو و ئاگایی چینایەتی هەڵگری ڕەخنەیەکی نهێنی و شاراوەیە لە بەرهەمی پێشتری لووکاچ. لەم بەرهەمەدا] بیرۆکەی ڕۆمان ڕۆڵی وتەزای یۆنانی کەونارا وەک ڕۆڵی چەمکی «غەریزەی کایە»یە لە جوانیناسیی شیلێردا. ئەم دوو چەمکە هەر دوو وەک پرنسیپی تەنزیمی reaualtive principley دۆزێکی ئارمانجی وەسف دەکەن کە تێیدا توانا هەڵوەشاوە



و «بەشت بوو»ەکانی سووژە یان زەین لەگەڵ یەکتر و جیهانی عەینی دەرەوەدا تەبادەبن، کەوابوو دەکرێ دۆزی گەندەڵ و هەبابووی ئێستەکەی ئەوان لەم هاوئاهەنگییە پێشینە، کە تێیدا ناتەبایی بەها و واقیع بەجێهێڵراوە، هەڵبهێنجرێ. بەڵام لووکاچ ئاماژە بەوەدەدا کە ئەم بەرزێتییە تەنیا بەخود وشیاری جوانیناسانەوە پەیوەستە و بەهیچ شێوەیەک لەسەر بەرامبەرێتی بەشت بووی نێوان بیرۆکە و کردەوە، کاریگەری دانانێ. هەر وەک ڕابردوو، تاکەکەس مەحکوومە درێژە بەژیان لە پاڵ «ئەو پرس و دوانەییە ئیفلیجکەرەدا بدات، واتە هەمان دوانەیی نێوان قەدەرگەرایی یاسەگەلی ڕووت و ئەخلاقی دامەزراو لەسەر خوازیاری و نییەتگەلی ڕووت».

شهوودی جوانیناسانە دەتوانێ لە «گشتێتی بابەتە ژیانیەکان بگات و بەشێوەمەندکردنی جوانیناسانەی بە بەرفرەترین مانای وشە ئەم بابەتانە لە کارکردی کوشندەی ئەو سازو کارە بەشت کەرە، ڕزگار بکات. بەڵام ئەم بابەتانە تەنیا ئەو کاتە لە چنگ ئەم کارکردە کوشندە ڕزگار دەبن کە بۆ بابەتێکی جوانیناسانە بگۆڕین. بەوتەیەکی دیکە... جیهان دەبێ جوانیناسانە بکرێتەوە کە ئەمەش چ نییە جگە لە خۆنەبان کردن لە کێشەی ڕاستەقینە و مەسخ و گۆڕینی دووبارەی سووژە بۆ سووژەی بەتەنیا هزرمەند، دابەزاندن و کەم کردنەوەی «کردە» تا ئاستی هیچ...»

بەم جۆرە، ئەو کاتەی ئەو کۆمەڵگا حەماسی و قارەمانانە، لە قەوارەی زاراوەگەلی جوانیناسانەی بەرهەمە سەرەتاییەکانی لووکاچ، بەرەو زاراوە مارکسیستەکانی کتێبی مێژوو و ئاگایی چینایەتی وەردەگێڕدرێت، ئیدی لە پێگەی هاوسانی و هاودەنگیی چڕ و پڕ و ئارمانجیی سووژە و ئۆبژەدا، دەرناکەوێ. ئێستەکە چینی پرۆلتاریایەکە لە «ئامادەیی گشتێتی»دا دەژی، دیسان بەهەمان مانای کتێبی «بیرۆکەی ڕۆمان»؛ بەڵام ئێستە ئەم ئامادەییە بەسانایی گریمانکراوو حەتمی نییە، بەڵکو لە ڕێگای کردەی ئەخلاقیانەوە دێتە دی، کە بەناوکۆبی ئەوەوە چینی کرێکار بەشداریی

بەرهەمهێنانی مێژووی خۆیان دەکەن. هاوسانی و ئەمئەوێتی سووژە و ئۆبژە، ئیدی هاوسانییەکی چڕ و پڕ و بێ ناوکۆ نییە، ئەم هاوسانییە ئیدی بابەتی تێڕامان و هزراندنی ڕووت نییە. بەڵکو بوونی ئەو، تەنیا بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانە، یا بەکورتی، لە ڕێگای یەکیەتیی چالاکی نێوان بیرۆکە و کردەوە، بەدی دێت. بەم جۆرە پێش گریمانەی کتێبی یەکەم دەبێتە ئاکامی کتێبی دووەم.

سەرەڕای ئەمانە هەنووکە هەندێ خاڵی شێوەیی جیدی و بنەمایی لە نێوان دەوری یۆنانیەکان و دەوری چینی پرۆلتاریادا بەرچاو دەکەوێت. هەر وەک کۆمەڵگای حەماسی، ژیان و چالاکیی پرۆلتاریا لەسەر هاوبەستیی وەستاوە، بێ ئەوەی ئەندامانی ئەم چینە لە چاوی خۆیاندا وەک کەسانێکی بەخۆنامۆ دەرکەون، کەسانێک کە لە پێوەندییی ئینسانی دابڕاون و، ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان تەنیا لە بیچمگەلی بەشت بوو و جامدی تایبەت بەجیهانی ڕۆمان ئەزموون دەکەن. پرولیتاریش لە جیهانێکدا ئەژی کە لەوێدا تەنیا جۆرێک ئاگایی زێدەبوو دەتوانێ بیچم و مانا بەواقیع بدات و ڕاز و نهێنیەکانی بۆ مرۆڤ ئاشکرا بکات. لووکاچ لە مارکسی گەنجەوە دەگێڕێتەوە:

**«وا دیارە جیهان هەر لە ڕابردووی کۆنەوە خاوەنی خەونی شتێک بووە کە بۆ خاوەندارێتی و داگیرکردنی ڕاستەقینەی ئەو شتە، تەنیا دەبێ وشیاری بەرامبەر ئەو شتە وەدەست بێنێت».**

جگە لەمە، پرۆلیتاریاش لە واقیعی عەینیدا، ڕێگایەک بەرەو مسۆگەر بوونی چارەنووسی خۆی دەدۆزێتەوە. واتە ڕێگایەک مانای تەواو بەکردەکانی ئەو دەبەخشێ و لەو کردانەدا، هاوکات، هەم جیسمانی[٢]

٢- جیسمان بەجیسم بوون لە زەینیەوە بەعەینی بوون-ان لێرەدا دەوری گۆڕینی دۆخ دەگێڕی لە حاڵەتێکی دیکە - ئەم شێوە کار پێکردنەی ان- پێشنیاری مەسعوود محەمەدە.



عەینی هەقیقەتی خۆی و هەم هەقیقەتی شاراوەی هەناوی خودی واقیع، ئەدۆزێتەوە. لووکاچ بەشێوەیەک پرۆلیتاریا وەسف دەکات چما بەردەوام لە ئامادەیی گشتێتیدا، خەریکی دۆزینەوە و ئەزموون کردنی ئەو ناوکۆیانەیە کە تێیاندا ئەم گشتێتیە لە پانتای ژیاندا دێتەدی. لووکاچ بۆ داکۆکی لە ڕای خۆی ئەم وتەی هیگڵ بە بەڵگە دێنێتەوەکە: «نێوەنجی گەری یان ناوکۆیی کردن، دەبێ ئەو پرۆسە بێت کە بەپێی ئەو هەر دوو لایەن یان لایەنی ناوکۆیی وەرگرتوو، لە کردەدا دەبنە یەک [و یەکدەگرن]؛ پرۆسەیەک کە بەپێی ئەو وشیاری بەردەوام هەر کام لە ڕەهەند یا سۆنگەکان لەوی دیکەدا، مەبەست و کردەی خۆی لە تەقدیر و، تەقدیری خۆشی لە مەبەست و کردەی خۆیدا و، هەروەها جەوهەری خۆی لەم پێویستیەدا دەناسێتەوە». کەوا بوو پرۆلیتاریا لە ناخی پرۆسەیەکی پێکهاتەییدا synthetic process دا ئەژی کە دژوازییە ئامادەکانی نێوان هزر و کردە، و سووژە و ئۆبژەی کۆمەڵگای کاپیتالیستی، بەیەک دەکات و هەر بەم هۆیەشە کە پرۆلیتاریا توانای خولقاندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی نوێی هەیە.

بە پێی کتێبی بیرۆکەی ڕۆمان، ڕۆمانیش بیچمێکی حەماسیەو وەک هۆنراوە کلاسیکە حەماسیەکان، ڕۆمانیش دەبێ لەسەر بنەمای یەکیەتی و کۆیەتی بنەڕەتی قارەمان و جیهان، جەوهەر و ژیان، دامەزرێت. حەماسەی یۆنانی بەپەچەهەڵماڵین لە بیچمی لەپێشدا کامڵ بووی ژیان و، هەڵکشاندنی واقیع بۆ پێگەی ئارمانج، بەجۆرێکی سانا و ڕاستگۆیانە، هاوسەنگی و بەراوردهەڵگریی ئینسان و جیهانی پێشاندا بوو. بەڵام ڕۆمان دەبێ تەواو بەپێچەوانەی ئەم ئاراستە بکشێت: ڕۆمان بەپێشاندانی ئەوەی کە مرۆڤ و جیهان هەر دوو گیرۆدەی هەبایی و درۆن، و هەروەها هەموو ئەو مانا جەوهەری و بنەڕەتیانەی مرۆڤ بۆ بەرهەڵەست بوونەوەی هەبایی و داڕزانی واقیع ڕایان دەکات، هەر خۆیان هەبا و داڕزاون، یەکیەتی مرۆڤ و جیهان وەسف دەکات.

جیهانی ڕۆمان، جیهانی مودێرن، وەک سیستەمێکی بەهای عورفی و بڕیارگەلێک وەسف دەکرێت کە هەموو یان سەخت و «بەشت» بوونە. جیهان، سەردەمانێک خاوەن مانایەک بوو کە مرۆڤ دەیتوانی خۆی تێیدا (لەو مانادا) دەرببڕێت، بەڵام ئێستەکە بیچمەکانی ئەم جیهانە، بۆ لەمپەرێکی بێ گیان لە هەمبەر ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤدا گۆڕان. ئیدی جەوهەر، هەوێن و تایبەتمەندیی «خۆمانیی» ژیان نییە، بەڵکو وەک فەرمان یان پێویستیەکی ئەخلاقی لە گیانی قارەمانی [ڕۆمان]دا مەنزڵگیر بووە و قارەمان دەبێ ئەو بەرەوڕووی کۆمەڵگایەک بکاتەوە کە مانای خۆی دۆڕاندووە. بەڕای لووکاچ کۆمەڵگا بۆتە «سروشتێکی دووەم» کە لە یەکەم سروشت گەلێ سەخت تر و تۆقێنەرترە.

بەڵام ئەگەر جیهان، لایەنی شاعیرانەی خۆی لە کیس داوە و تایبەتمەندییەکی پەخشانی(٣) گرتووە، کەوابوو شیعری گیانی قارەمانیش درۆیەکە و هیچی تر. لووکاچ دەڵێ: مرۆڤی مودێرن زانیویەتی کە بیچمەکانی هونەر و ژیان، واقیعگەلێکی بابەتیانە نین، بەڵکو خوڵقێندراوی گیانن. چالاییەکی قووڵ، زەین لە بابەت دادەبڕێ. ئەم تێگەشتە دەبێتە لەمپەری بەرکارهێنانی خودی ئەم بیچمانە لە واقیعدا. ئەم بیچمانە ئیدی هەقیقی نین، بەڵکوو بوونەتە خەون، ئاوات یا هەندێ بەها کە ئیدی نەک لە خودی جیهان، بەڵکو لە [خودی] مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێن.

بەڵام چونکوو قارەمان بەهەر جۆرێک، دەبێ لە نێو ئەم جیهانەدا بژی و کردە بنوێنێ، ئەم خەونانەش هەر لە شکڵی شێوێندراو و هەبابووی وەهماندندا، دێنە پانتای واقیعەوە. ئارمانجەکانی قارەمان، دەرهەستیانە و درۆین و لەو جیهانە هەبا بووەی بەرامبەری بوونەتەوە، هەقیقیتر نین.

---

٣- پەخشانی، وەرگێڕانی وشەی Prosxic ە کە لە هەمانکاتدا بۆ وەسفی بابەتی ئاسایی و ڕۆژانە و کەسەرهێنەر بەکاردەهێنری و.ف.



بەڵام قارەمان لانیکەم بەپشکنینی گشتێتیی شاراوەی ژیانەوە خەریکە، ئەو گشتێتیەی کە تێیدا مرۆڤ و جیهان بەیەک نامۆنین، بەڵکو پێکەوە هاوڕا و هاودەنگن. کەوا بوو قارەمان دەبێ لە دژایەتی لەگەڵ واقیعی ئامادەی ژیاندا بژیەت و، وێڕای شکستی ناچاریانەی، مەزنێتیی قارەمان هەر لەم شتەدا شاراوەتەوە. قارەمان دەبێ «شێت یان تاوانکار» بێ و نووسەر دەبێ هەوڵدانی بێهوودەی ئەو [قارەمان] بۆ هەڵاتن لە چارەنووسی خۆی بەتەشەر و تەوسەوە لێکبداتەوە. گرینگێتیی بابەتی وەهم سڕینەوە disillusionment لە زۆربەی ڕۆمانە گەورەکاندا، هەر لێرەوە سەرچاوەی دەگرێ.

لە ڕۆماندا، لە هەمبەر هەر وەهمێک، وەهم سڕینەوەیەکی ناچاری ئامادەیە و، بەم بۆنەوە، پشکنینی قارەمان بۆ گشتێتی چ نییە جگە لە پرۆسەی بێبڕانەوەی بەدەس هێنان و لە کیس دانی وەهم لە ئەزموونی ژیاندا. بەڵام ئەگەر چی ئەو ئارمانجەی کە قارەمان بەرە و دژایەتی و بەرەنگار بوونەوەی جیهان هان ئەدات، هەموویان درۆیینەن، کەچی وێڕای ئەمانەش ئەم ئارمانجانە هێشتا دەتوانن کەم و کوڕی و ناسەربەخۆیی واقیعی ئامادە ئاشکرا بکەن. ئەم ئارمانجانە پێشاندەری تامەزرۆیی نۆستالۆژیکی مرۆڤن بۆ سەردەمێک کە تێیدا گشتێتی بەشێوەیەکی ناوکۆیی لە ژیاندا ئامادەیە و بەم جۆرە ئەم ئارمانجانە تەشەنە دەکەنە نێو دەمامکی کۆمەڵگایەکی هەبابوو و پووچی و بێ ڕەحمیی ئەو [جیهانە] پێشان ئەدەن.

بەم شێوە، شکستی قارەمان، جیهان دەخاتە گێژاوی نەبوونەوە، بێ ئەوەی بەهایەکی پۆزەتیڤ سەقامگیر بکات یان بچەسپێنێ. بەڵام ئەم مەحکووم کردنەی جیهان بەنەبوون، نەمەحکوومیەتێکی ئەخلاقیە و نە ڕوونکەرەوەی کۆمەڵە ئارمانجێکی نوێشە. بەپێچەوانەوە بەوتەی لووکاچ، ڕۆمان بیچمێکە کە تێیدا شەڕی قارەمان و واقیع، مەحاڵ بوونی هەر چەشنە ئاکام و ئەنجامێکی [خۆش و] شاد لە جیهانی ئەمێستەدا، زەق و

ئاشکرا دەکات.

ئەم جۆرە وەسفەی هەستیی تاکەکەس لە کۆمەڵگای مودێرندا، مزگێنیدەری بابەتەکانی دواتری کتێبی مێژوو و ئاگایی چینایەتییە. مەبەستی ئەم وەسفە ڕوون کردنەوە و تێپەڕاندنی پێوەندیەکی دوولایەنەی نەگۆڕ و دەق بەستووبوو کە بەها زەینی و دەرهەستیانەکانی بە واقیعی عەینی و بەتەواوەتی ئەخلاقییەوە، گرێ ئەدا. لێرەدا پرسەکە بەشێوەیەکی تەواو ئاشکرا باس دەکرێ. بەهاکانی تاکەکەس هیچ جێگەیەک لە واقیعدا وەدەست ناهێنن، لە کاتێکدا کە خودی واقیعیش بەتەواوی بێ بەهایە، کردەنوێنیی خۆگەڕی جیهانی بێ گیان؛ قارەمان بەرە و خەیاڵی ئایدیالیستی پاڵدەنێ؛ ئەو قارەمانەی کە هەوڵەکانی بۆ وەدیهێنان[ی ئەم خەیاڵانە]بە ناچار دەبێ ڕێک لە وەها جیهانێکدا، نەزۆک و بێ ئاکام بکەوێتەوە.

لە قۆناغی دواتری ئەندێشەی لووکاچدا، چەمکی بەشت بوون دەبێتە قەرینەی ئەم چەمکە سەرەتاییەی کۆمەڵ لە پێگەی «سروشتی دووەمین». لە مێژوو و ئاگایی چینایەتیدا چەمکی «بەشت بوون» دەربڕی هەندێ تایبەتمەندیی چەشنی کۆیی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، [هەندێ تایبەتمەندیی] وەک بەئەقلانی بوونی کارو دابەشکردنی کار، بۆرۆکراتیزە بوون، جێگۆڕکێی پێوەندیی نامۆ کراو و، لە لایەنی تەکنیکییەوە ئەقلانی، لەگەڵ پێوەندیی «سروشتی» و سوننەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدایە. لووکاچ لەم بەرهەمەدا بۆ دەربڕینی گریمانەیەکی بەتەواوەتی گشتی و تۆکمە سەبارەت بەبونیادی کۆمەڵگای سەرمایەداری، نەک تەنیا پەنا وەبەر مارکس و ئەنگلس بەڵکوو دەس بەداوێنی تۆننێس Tönnies و ڤێبێر و زیمێل دەبێ. لەم ڕوانگەوە ئەو دەتوانێ پێشانبدا کە چۆن هەر کام لە سیستەمە پاژییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، وێڕای زۆربوونی چەندایەتیانەی کردار و پەرچەکردار Reaction ی دەرەکی و (حادث)ی خۆی لەگەڵ سیستەمگەلی تردا، دەخوازێت لە لایەنی



ڕێکخستنی و بونیادەوە لە سیستەمەکانی دیکە سەربەخۆ ببێت؛ هەروەها [پێشان بدات] کە چۆن لە ناخی هەریەک لەم سیستەمە گچکانەدا، دەوری ئیرادە و کردەی مرۆڤ بەردەوام کەم دەبێتەوەو، بەردەوام زیاتر لە کارکردی میکانیکیانەی بونیاتی خودی ئەم سیستەمەدا دەتوێتەوە؛ یان چۆن چەشنێکی تایبەتی ئەقلانیەتی ژمێریارانە و تەکنیکی بەسەر هەموو شوێنێکی ئەم کۆمەڵگادا زاڵ دەبێ و هەموو هەوڵێک بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕوانینی مرۆڤی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ڕەت و نەفی دەکاتەوە.

لەم بەرهەمەشدا هەلومەرجی تاکەکەس لە کۆمەڵگای بەشت بوودا، بەهەمان شێوە وەسف و ئاشکرا دەکرێ کە لە کتێبی بیرۆکەی ڕۆماندا کراوە. ئەگەرچی ئەم بابەتە سەبارەت بەهەلومەرجی چینی کۆمەڵایەتی وە ڕاست ناگەڕێ، چونکوو تاکەکەس، جگە لە هاوبەستەیی خۆی لەگەڵ پرۆلیتاریادا، بەهیوا نییە لە ڕێگای ئەندێشە و کردەی خۆیەوە گیانێک بەبەر ئەم جیهانە بێ گیانەدا بکات. لە ڕوانگەی تاکەکەسی تەنیا و تەرەوە، «یا وشیاری [مرۆڤیی]... دەبێتە بینینی تەواو دەرکردەییانەی (منفعل) بزووتنی تەواو یاسامەندی شتەکان و بابەتەکان کە ئاگایی تاکەکەس چ کات ناتوانێ دەستی تێوەربدات، یا خۆی بەهێزێکی دادەنێت کە دەتوانێ لە لایەنی زەینییەوە، بەمەیل و ویستی خۆی ببێتە سەروەری بزووتنی هەندێ شت و بابەت کە لە خۆدا بێ مانان». لەگەڵ ئەمەدا ناکرێ بەپێی بێ ئاسۆیەتیی میکانیکیی پرۆسەی «پێشکەوتن» بەسەر دژوازی و ناکۆکیی نێوان بەها و واقیعدا زاڵ بین، چون ئەم دژوازییە خۆی بەرهەمی بونیادی خودی ئەم چەمکانەیە. «ئەرک ڕێک لەو بیچمە دەژ و کلاسیکیەدا، کە لە فەلسەفەی کانتدا وەریگرت، بوونەوەرێک [مرۆڤی بۆرژوا] پێشگیرمان دەکات، کە لە بنەڕەتدا ناکرێ وتەزای ئەرکی لێ چاوەڕێ بکرێت.

لووکاچی مێژوو و ئاگایی چینایەتی لە شۆڕشی پرۆلیتاریدا بەدیل یان ئالتێرناتیڤێک بۆ نەزۆکیی ئارمانخوازنە utopian impotence

دەپشکنێ؛ بیرۆکەی ڕۆمان لە ڕووبەری ئەو کێشانەی پەیوەستی تاکەکەسن-دا، دەمێنێتەوە، تێدەکۆشێ تا لە ناخی ڕوانگەی جوانیناسانەوە، بەسەر ئایدیالیسمی ڕۆمانتیکدا زاڵ ببێ، لێی تێپەڕبێ و لەدوایشدا ئەمە هەر ڕۆمانە کە لە پێگەی بیچمێکی جووانیناسانەدا، ئەگەری ئەم تێپەڕین یان بەرزبوونەوەیە بەدی دێنێت.

لێرەدایە کە دەبێ ئیدی مانای شاراوەی چەمکی «گشتێتی» بەکار ببرێت، شکستی قارەمان بۆمان دەرئەخات کە مرۆڤ لەجیهانی مودێرندا، بەپێچەوانەی یۆنانییەکان، لە بەردەم ئامادەیی بێ ناوکۆی گشتێتیدا نییە. بەڵام عەڤداڵیی قارەمان کە لە درێژەیی ئەو [پشکنینە]دا، [ئەم حەقیقەتە] کەشف دەکرێ، لە ڕێگەی ئەدەب و لە ڕێڕەوی گشتێتی هونەرییەوە کە بەرهەمی ئەم پشکنینەیە، هێشتاکەش دەتوانێ بیچمێکی جوانیناسانە لە خۆ بگری: ڕۆمان دەتوانرێ بنوسرێت. گشتێتی، یان ئەو ژیانەی کە تێیدا چارەنووسی مرۆڤ بەجۆرێکی عەینی لە واقیعدا ئامادەیە، لە جیهانی کردەدا، بزرە، [واتە بەجۆرێک لە غیابدایە]، بەڵام هێشتاکەش دەکرێ، لە قاڵبی ڕۆماندا، دەستمان بگاتە ئەو گشتێتیە جووانیناسانەی کە دەربڕی هەقیەتی شاراوەی جیهانە. بەڵام گشتێتی مرۆڤ و جیهان کە بنەمای ڕۆمانی لەسەر دادەمەزرێت، گشتێتیەکی دەرهەستیانەیە و بەدیهاتنی ئەو گشتێتیە تەنیا بەبەجێهێشتنی هەموو ئارمانجەکان لە پرۆسەی وەهم سڕینەوەی ڕەهادا، بەئاکام دەگات؛ ئەم گشتێتیە نەک لە ژیانی ڕاستەقینەدا، بەڵکو هەر بەتەنیا لە زەینی نووسەر و لە بەرهەمدا بوون وەردەگرێ.

کەوابوو ڕوانگەی ڕۆماننووس، هەمان ڕوانگەیەکە لەسەر تەوس و گۆشەگیری دامەزراوە. نووسەری ڕۆمان، کە پێشەکی گەشتۆتە شهوودێکی تەوسیانەی واقیعێک کە لەبەر تیشکی ئەودا هەموو ئارمانجێک بێ بایەخ بووە، [ڕۆماننووس] و ژیانی قارەمانی خۆی لە شکستی ناچاریانەی ئەودا وێنەدەکێشێ. تەوس پێشان ئەدات کە ئارمانجەکانی قارەمان لە ڕاستیدا



خوای درۆیین و ئەو دێو و شەیتانەن کە چوونەتە کەوڵی ئەو و ئەو وەک پەپوولەیەک کە خۆی خستۆتە کلێپەی گڕەوە، بەرەو ئەوێ پاڵ دەنێن، تا خۆیان ڕووبەڕووی واقیعێکی تۆقێنەر بکەنەوە. تەنیا لەم ڕوانگەوەیە کە دەکرێ لەژیان وەک گشتێک، تێبگەین و لە قاڵبی ڕۆماندا، بنوێنرێتەوە. تەوس ئەگەری ڕووتی ڕزگاری و بیچمی جوانیناسانەیە لە جیهانێکدا کە تێیدا هەم مرۆڤ و هەم کۆمەڵگا، هەبابوون و لە هەڵەدان.

بەڵام لووکاچ تەنیا بەم شتە قەناعەت ناکا، چونکوو هەڵقولانی تەوس هەروەها ئامادەکارییەکە کە بەیارمەتی ئەو، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی جیهانێکی نوێ، بیچمی نوێ، و خوا ڕاستەقینەکانی ئایندە خۆشدەکرێ. هەر بەم بۆنەشەوەیە کە کتێبەکە بەبەشێک سەبارەت بە «بەرزایەیتی بیچمگەلی کۆمەڵایەتیی ژیان» کۆتایی دێ، کە تێڕامانێکی ئارمانج خوازانەیە دەربارەی بەرهەمی تۆلۆستۆی و دەستەیۆڤسکی. لووکاچ لای وایە کە ئەم ڕۆماننووسە سۆڤیەتیانە، تێدەکۆشن لەولای بیچمی ڕۆمانەوە، بگەنە تۆپۆگرافییەکی باڵای نوێ، کە لەوێدا گشتێتی لە بێ ناوکۆیەتی ڕووتی خۆیدا چێدەکرێتەوە و دەژینرێتەوە.

هەڵبەت لێرەدا هیچ سەرنجێکی دەوری کردەوە یان کردەوەی مادی لە جیهاندا و هەروەها خولقاندنی ئەم بیچمە نوێیەی ژیان لە خودی واقیعدا، نەدراوە. لووکاچ لەم کاتەدا مارکسیست نییە و هەر بۆیەش ئەندێشەی لە ڕاستیدا ناتوانێ بەسەر ئەو سنوورانەدا زاڵ بێ کە دەوری تاکەکەس لە کۆمەڵگای مودێرن دا دیاریدەکەن و دەیچەسپێنن. لێرەدایە کە سێبەری جیهانی یۆنانی جارێکی تر دەگەڕێتەوە و تاوەکوو دوایین نیشانە و شوێن پێی ئارمانجێکی وازلێهێنراو، باڵ بەسەر ئەنجام و کۆتایی کتێبەکەدا بکێشێ. بەڕاستی هەڵوێستی کتێبی بیرۆکەی ڕۆمان دەکرێ بەچاکترین شێوە وەک نەهیلیسمێک وەسف بکرێت کە هەڵگری واتا و دەلالەتێکی چارەنووس سازە، نەهیلیسمێکی میتۆدناسانە کە ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی خۆ هاندەری بەها نوێیەکان خۆش دەکات.

قارەمانی ڕاستەقینەی کتێب، خودی نووسەری ڕۆمانە کە ناتوانێ بەهای نوێ وەدی بێنێت یان بەپێی ئەوان [بەهاکان] ژیان بکات، بەڵکو تەنیا بەدەربڕینی پاڵەکیی ئەم بەهایانە لە ڕێگەی بونیادی کتێبەکەوە، قەناعەت دەکات. لووکاچ لە دووی جۆرە شادمانییەکە کە لە ناهومێدییەکی تەواوەوە سەرچاوەدەگرێ، ئەویش وەک تەوسێک کەلە ڕێگەی ئەوەوە شکستی خواوەندی کۆن دەچەسپێندرێ و ئەمەیش خۆی یەکەم نیشانەی ئیمکانی ڕووتی دەرکەوتنی بەدواهات و ئاکامێکی شادترە. تەوسی نووسەر هەمان عیرفانی نەگەتیڤی سەردەمە بێ خواکانە، لە پێوەندی بەماناوە ئەم تەوسە... دەربڕی جەهێڵکی ناوازەیە، دیارکەوتنێکی کردە خێر و شەڕەکانی ڕۆحەکان. ڕەتکردنەوەی ئیدعای فامست و تێگەشت. شتێکی زۆرتر لە واقیعی ئەزموونی و سادەی ئەم کردەوانە و، ئەو دڵنیاییە قووڵەی، کە جگە بەیارمەتی داهێنانی هونەری نایەتە دەربڕین، دڵنیا لەوەی کە مرۆڤ لە ناخی ئەم ڕەتکردنەوەی زانین و ناتوانکەوتنەوە لە هەمبەریدا، لە ڕاستیدا بەو واقیعە غاییە، ئەو جەوهەرە هەقیقیە، ئەو خودا ئامادە و نەبووە، گەیشتووە، دەرکی کردووە و بینویەتی.

بەم شێوەیە کتێبی بیرۆکەی ڕۆمان تەنیا بەلێڵترین جۆر بەسەر بەرامبەرێتی نێوان بەها و واقیعی ژیانی مودێرندا زاڵ دەبێ و، لێی (لەم بەرامبەرێتییە) تێپەڕدەبێ. ئەگەر ڕۆمان ئەخلاقیاتی تامەزرۆیی و مەیلی ئەکتیڤ دەگۆڕێت بو جوانیناسی، وەک دیارە کتێبەکەی لووکاچ بۆ جارێکیتر جوانیناسی بۆ ئەخلاق دەگۆڕێ، ئەگەرچی ئەوەی ئێستەکە سەرکەوتوانە دەردەکەوێ، دەگۆڕدرێت بۆ ئەخلاقی پاکی دەرکردەوەییانەی چاوەڕوانیی بالایە. لووکاچ، لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ ڕووداوە گەورەکانی دواساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە ئاکامدا دەوری شایەتی بێکردەی سەرهەڵدانی «تۆپۆگرافیە بالا» نوێیەکانی وازلێهێنا، تاکوو دەورێکی چالاک لە شانۆی ڕاستەقینەی مێژوودا لە ئەستۆ بگرێ.

دەسکەوتی تیۆریکی ئەم دەرۆستییە مێژوویە، هەمان کتێبی مێژوو و



ئاگایی و چینایەتی بوو. لێرەدا لووکاچ وتەزا جوانیناسانەکەی کتێبی پێشووی کردە وتەزاگەلێکی مێژوویی و شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی، بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا، ئالوگۆڕێکی قووڵی بەسەر ئەم وتەزایانەدا هێناوە و لە «عیرفانی نێگەتیڤ»ی هەناویان ئووستوورە سڕیەوە.

بەڵام کێشەی سەرەکیی لووکاچ دیسان بەردەوام دەبێ: فام کردن و تێپەڕین لە دژایەتی نێوان بەها و واقیع. بەڵام میتۆدی ئەو ئێستەکە میتۆدێکی یەکسەر جیاواز بوو. لووکاچ ئیدی بەچارەسەریی جوانیناسانەی ئەم دژایەتییە دڵخۆش نەبوو، [واتە] ئەو ڕێگەچارەی کە تاکەکەس لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا ناتوان و بێ هێز دەخاتەوە. ئەو ویستی لە کردەوەدا هەلومەرجی نوێی بیچمێکی ژیان بخوڵقێنێ کە لەو هەلومەرجەدا، ئەم دژایەتییە چارەسەردەبێ، چون ئەو لە ئاکامدا لەوە گەشتبوو کە دژایەتیی نێوان بەها و واقیع نەک هۆ بەڵکو تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی پێوەندی بەشت بووی نێوان بیرۆکە و کردەوەیە، کە قارەمانی ڕۆمانی بەتێکشکان مەحکووم کردبوو.

سەرچاوی وەرگێرانی فارسی:
Andrew Feenbevg, Reification the Antinomies of socialist thought in Telos, No 10.

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:
فصلنامەی ارغنون شمارەی ١١و١٢ دربارەی رومان ترجمەی فضل الله پاکزاد ص٣٩١-٣٧٩. Winter 1971 pp96-103.

# ئەدەبی بارهێنانەوە
# چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی

*نووسینی: جان بارت*

*وەرگێڕانی: کاوان نەهایی*

وشەی پۆست مۆدێرنیزم، ئەگەرچی لە شەڕی دووەمی جیهانی بەملاوە، بەتایبەت لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا لەزەمینەی چیرۆکی ڕۆژدا، بەتایبەت، برەو و ڕەواجێکی زۆری هەبووە، بەڵام هێشتا نەهاتۆتە ناو قاموس و زانستنامەگەلی ئێستەی ئێمەوە. بۆ ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستی ئەمەریکایی، تەنانەت خولی زانکۆییش کراوەتەوەو لانیکەم وەرزنامەیەک سەرجەم هەوڵی خۆی بۆلێدوان لە ئەدەبی پۆست مۆدێرنیستی، تەرخان کردووە. دانیشتنی ساڵانەی کۆمەڵگای ئەڵمانی بۆخوێندکارانی ئەمەریکایی زانکۆی تۆبینگێن، لە ژووەنی ڕابردودا، «ئەمەریکای دەیەی ٧٠»ی وەک بابەتی کارەکەی هەڵبژاردووەو جەختی تایبەتی کردۆتە سەر نووسینە پۆست مۆدێرنیستیەکانی ئەمەریکا. سێ چالاکی سەربەم شێوازە - ڤیلیام گێس، جان هاکز و من بەڵگەی زیندووی ئامادەی دانیشتنەکە بووین. دانیشتنی دێسامبری ئەنجومەنی زمانی نوێ کەساڵانە لەسانفراسیسکۆ بەڕێوە ئەچێ، پرۆژەیەکی بەناوی «خود لە چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی» لە پێرستی کاری دانیشتنەکەدا گونجاند. ئەم سەردێرە ئەگەرچی لاوەکی بوو، بەڵام گرنگیەکی زیاد لەلاوەکی بوونیان پێدا.

بەهەمو ئەمانەوە ئەشێ بەئاسانی لەوەبگەین کە لە وڵاتی ئێمە داهێنراوێکی وەک پۆست مۆدێرنیزم بەتایبەتمەندی گەلێکی دیاریکراوەوە، بابەتێکی بەڕاستی گشتیە. بۆیە کاتێ کە خۆم بۆ کۆنفرانسی تۆبینگێن ئامادە ئەکرد، چون پێمخۆشبوو بە نوسەرێکی پۆست مۆدێرنیست بێمە



ئەژمار، بڕیارمدا لە مانای پۆست مۆدێرنیزم بگەم. سەرەتا تێگەیشتنێکی ڕەمەکیم بۆی بوو. ڕەخنەگەرێکی گەنجی خولی لیسانس، سەبارەت بە یەکێک لە یەکەمین چیرۆکەکانم کە لە ١٩٥٠دا وەک کارێکی خوێندکاری لە وەرزنامەی زانکۆ لەچاپ درابوو، وەهای نووسی: «ئاغای بارت ئەم پەندە مۆدێرنیستیە کە "خوێنەری گێل، نەگبەتیە" ئەگۆڕێت. ئەو سفەتەکە دەبات.» ئێستە لەخۆم ئەپرسم، ئایا ئەمە ئەتوانێ پۆست مۆدێرنیزم بێت؟ شتێک کە خێرا تێی گەیشتم ئەمەیە: وێڕای ئەوەی کە تاقمێک لەنووسەران، هەروەها خۆشم، ناوی پۆست مۆدێرنیست بوونمان پێوەلکێندراوەو - خۆشمان هەوڵی جیدیمان بۆداوە - تەقەلای سەرەکی ڕەخنەگرانی پۆست مۆدێرنیست (ئەوپەڕ ڕەخنەگرو، شێوەڕەخنەگریشیان پێ ئەڵێن) کە لە گۆڤارە پۆست مۆدێرنیستیەکاندا وتار بڵاو ئەکەنەوە، یان لەکۆڕو کۆبونەوەکاندا ئەدوێن، لەگەڵ ئەوەی وا بەپۆست مۆدێرنیزم ئەزاندرێ یان ئەبێ بزاندرێ ناتەبایەو، هەروەها، بەپێی دیدی ڕەخنەگر بۆ دیاردەو نووسەرانێکی تایبەت، لە گەڵ ئەو کەسانەش کە ئەبێ لە دەستەکەدا وەربگیرێن یان وەک ئەندامی دەستەکە حسابیان بۆ بکردرێ، ناتەبا و ناهاوئاهەنگە.

پۆست مۆدێرنیستەکان کێن؟ بە بڕوای من ئەم ناوە زیاد لە هەموو کەس چیرۆکنووسە ئەمەریکاییەکان ئەگرێتەوەو، جگە لە ئێمە سێ کەس تۆبینگن بووین، ئەوانی دیکە بریتین لە: دانێلد بارتلمێ، ڕابێرت کوڤێر، ئێستەنلی ئێلکین، تامس پینچن و کۆرت ڤۆنێ گات - ی چکۆلە. هەندێک لەو ڕەخنەگرانە کە کتێبەکانیانم خوێندۆتەوە، سال بلۆو نۆرمەن مایلێریشیان خستۆتە ناو ئەم تۆڕەوە. وێڕای ئەوەی کە ئایا ئەم دوو کەسە لەم دابەشکردنەدا جێیان ئەبێتەوە یان نا. خەڵکانیتر لەوپەڕی ئەمەریکاش، ساموئێل بێکت، خۆرخە لوئیس بۆرخس و ڤیلادیمر ناباکۆف-ی خوالێخۆشبووش بە داهێنەری ورەی ئەم «بزاڤە» ئەزانن.

لەگەڵ ئەمانەشدا، کەسانێکی تری وەک ڕێمۆن کێنوی ڕەحمەتی، ڕۆمان

نووسی نوێی فەرەنسەیی، میشێل بۆکۆر، ئالێن ڕۆبگرییە، کلۆد مۆریاک و تەنانەت نووسەرانی تازەتری فەرەنسی گرووپی تێل کێل و، نووسەری ئینگلیزی، جان فاولزو، کۆچەری ئەرژەنتینی خۆلیۆ کورتاساریش ئەهێننە ناو ئەم لیستەو هەندێ کەسیش فیلمسازگەلێکی وەک مایکێل ئانجێلیۆ ئانتۆنیۆنی، فدریکۆفێلینی، ژان لووک گۆدار و ئالێن ڕێنەش بەپۆست مۆدێرنیست ئەزانن. من بۆخۆم ناچمە ناو هیچ دەستەیەکی ئەدەبی کە نووسەری دەرکراوەی کلۆمبیایی، گابریئل گارسیا مارکێز و نیوە دەرکراوی ئیتالیایی، ئیتالۆ کالڤینۆ نەگرێتەخۆ. پێشینەی جوانیناسی ئەدەبیی پۆست مۆدێرنیستی، لەڕاستیدا ئەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنیستەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. واتە ئەگەڕێتەوە بۆ کەسانێکی وەک تی ئێس ئێلیووت، ڤیلیام فاکنێر، ئاندرەژید، جیمز جۆیس، فرانتس کافکا، توماس مان، ڕابێرت موزیەل، ئەزرا پاوند، مارسێل پرۆست، گێرترۆد ئێستەین، مێگل دی ئۆنا مۆنۆ، ڤیرجینیا ڤۆلف و، لەوانیشەوە بۆ پێشینیانیان لە سەدەی نۆزدەهەم وەک ئالفرە ژاری، گۆستاو فلۆبێر، شارڵ بوودلێر، ئستێفان مالارمەو ئێتا هوفمان. پاشان بۆ "ترسیترام شاندی"١٧٦٧ نووسینی لارێنس ئێسترێن و، "دۆن کیشۆت" ١٦١٥ی میگل سێروانتس.

لەلایەکی دیکەوە ، تاقمێک لە لێکۆڵەران زۆر بە وردی سەرقاڵی ئەم هەڵبژاردنەن. بۆنموونە پرۆفیسۆر جرۆم کلینکووتیس لە ئایووای باکوری، ستایشی بارتڵمی و ڤۆنێ گات ئەکات و وەک نموونەی «پاش هاوچەرخان»ی ئەمەریکایی لە دەیەی ١٩٧٠ دا ناویان ئەبا. من و ئاغای پینچۆنیش بە تارمایی دوورەدەست لەچەشنی ١٩٦٠ ئەسپێرێ. من بۆخۆم ڕۆمانەکانی جان هاکز، زیاتر لە بەرهەمی پۆست مۆدێرنیستی، بەنموونەی باڵای مودێرنیزمی ئەم دواییانە ئەزانم. (دیارە ئەمەنابێتە هۆی ستایش نەکردنیان لەلایەن منەوە) ڕەنگە کەسانی – تر لەپاڵ بەرهەمی نووسەرانی هەمیشە نەریتخوازی ئەمەریکایی، وەک جان چیوێر، ڤالاس ئێستێگنێر،



ڤیلیام ئێستەیرۆن و جان ئاپدایک، زیاتر سەرەنج بدەنە بلو و، میلێر بۆ کتێبی «رووت و مردووەکەی» و، وەک نووسەری پێش مۆدێرنیست ناویان ببەن. هەروەها ئەم بۆچوونەیان بۆ بەرهەمی نووسەرە بریتانیاییە بەرجەستەکانی ئەم سەدەیە (لە بەرامبەر ئیرلەندیەکاندا) یان زۆربەی نووسەرانی ژنی ئەمەریکایی هاوچەرخ بگوێزنەوە، کە زۆرینەی بەرهەمیان، چاک یان خراپ، بڵاوکردنەوەی بەرچاوی ئەو شتەیە کە ڕیچارد لاک ناوی «راپۆرتگەلی هەواڵی دنیاییان» یان لێدەنێ.

لە نێوان بەرهەمی نووسەرێکی تایبەتیشدا، تەنانەت ئەتوانین پەنجە بخەینەسەر لایەنی جیاوازی. جۆیس کارۆل ئۆتس لەبابەت نەخشەی جوانیناسکیەوە ئەنووسێت: بەئاشکرا ئەتوانین دوو ڕۆمانی سەرەتای کاری جان گاردنێر بە بەرهەمی مۆدێرنیستی بزانین، ئەمە لەحاڵێکدایە کە کورتە چیرۆکەکانی زیاتر پۆست مۆدێرنیستین و نووسینە جەدەلیەکانی بەزۆری سەلەفیانەن. لەلایەکی ترەوە، ئیتالۆکالڤینۆ کە وەک نووسەرێکی نوێ – واقیعخواز دەستی پێکرد (ڕێگایەک بۆهێلانەی جاڵجاڵۆکەکان ١٩٤٧) و پاشان پلەوپایەی وەک نمونەیەکی پۆست مۆدێرنیستی هەڵکشا (لەگەڵ کاسمی کامیکز ١٩٦٥و، بورجی چارەنووسە تێکسمڕاوەکان ١٩٧٤) و، جارجاریش بەرەو مۆدێرنیزم ئەچێ، یان لێیدێتەدەر، یان لەناویا ئەمێنێتەوە (شارەنادیارەکان، ١٩٧٢). خۆم پێموایە، ئەکرێت ڕۆمانەکانی من هەم بە مۆدێرنیستی و هەم بە پۆست مۆدێرنیستی بزانرێن: کۆمەڵە چیرۆکی (ونبوو لە شاری یاریدا)، لەبەر ئەوەی کە ڕەخنەگران وەک کارێکی بەئاشکرا پۆست مۆدێرنیستی ستایشیان کرد یان ڕەتیان کردەوە، من وەک پۆست مۆدێرنیستێک ئەناسێنێ. نوێترین ڕۆمانەکەم بەناوی «نامەکان» لەسەر ئەساسی پێناسەی تایبەتی خۆم، پۆست مۆدێرنیستیە. ئەڵبەت لە نیشانەگەلی شێوازی مۆدێرنیستی و تەنانەت پێش مۆدێرنیستیش کەڵکی وەرگرتوە.

بێگومان هەموو کەس ئەتوانێ وەها هەستێکی ببێت. بەڕاستی هەندێک

لە ئێمە کە لە دەیەی ١٩٥٠ بەملاوە چیرۆکمان بڵاوکردبێتەوە، ئەزموونی سەرنج ڕاکێشی ستایشکران یان وەلاخرانمان وەک ئێگزیستانسیالیست لەو دەیەداو، وەک تەنزبێژێکێ ڕەش لە سەرەتاییدا، هەیە. ئەگەر کارگەلی پیشەیی ئێمە مێژووی بەر لە شەڕی دووەمی جیهانیی پێوەبوایە، بێگومان وەک مۆدێرنیست، لە لایەن ئەو تاقمەی سەرەوە ستایش یان سەرکۆنە ئەکراین. ئەوتاقمە ئەمڕۆکە وەک پۆست مۆدێرنیست ستایش یان سەرکۆنەمان ئەکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پۆست مۆدێرنیزم چیە؟ ئەگەر واز لە دووبارەکردنەوەی ناوگەلی تایبەت بهێنین و سەرنجی جیاوازییەکانی بەرهەمی نووسەرانێکی تایبەت بدەین، لە وەهاحاڵێکدا ئایا ڕۆڵی نووسەرانی ناسراو بە پۆست مۆدێرنیست، لەبنەما یان ئەزمونگەلی جوانیناسانەدا، بەقەدەر دژایەتیەکانی نێوان خۆیان گرنگی هەیە؟ زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم وەک «پۆست ئەمپێرسیونیزم» ناشیانەو تاڕادەیەک لاسایی کارانەیەو، کەمتر ئاماژە بۆ ڕەوتێکی نوێی بێناوبژی و سەرنجڕاکێشی هونەری دێرینی حەقایەت بێژی ئەکات و، زیاتر پەنجە ئەخاتە سەر شتێکی بێمەبالات و دژەترۆپک، کە گەمەیەکی دژوارە بۆ پێڕەوی لێکردن. ئەکرێت یەکەمین شەیداییەکانی جێمزجۆیس بەرامبەر بە وشەی دیاریدە - (شاخێ) بە واتای نگەتیڤی هەندەسی بیربێنینەوە: وێنە کاتێک ساز ئەبێ کە (متوازي الاضلاع[1]) یێک لە (متوازي الاضلاع)ێکی هاوشێوە بەڵام گەورەتر، کە سووچێکی هاوبەشیان بێ جیا ئەبێتەوە.

پرۆفیسۆر هیوکنێری هاوکارم، لە زانکۆی جانز هاپکینز، ئەگەرچی زاراوەی پۆست مۆدێرنیست بەکارناهێنێ، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکەیدا

---

١- متوازی الاضلاع: چوارگۆشێکی کە هێڵە ئەستوونیەکانی لەهێڵە ئاسۆییەکانی درێژترن و ئەستوونی تەواویش نین.



دەربارەی نووسەرانی مۆدێرنیستی ئەمەریکایی (جیهانێکی ماڵەکی ١٩٧٥) بە ئاشکرا ئاوا هەستێکی هەیە: لەدوا بەشێک دەربارەی ڤیلیام فاکنێر، بەناوی «دوایین ڕۆماننووس» بەجۆرێک داخ و مەخابنەوە، ناباکۆف، پینچێن و بارت بەلاوە ئەنێت. جان گاردنێری خوالێخۆشبوو لە وتارەکەیدا بەناوی لەبابەت چیرۆکی ئەخلاقی ١٩٧٨، تەنانەت لەمەش تێئەپەڕێنێت. کاری گاردنێر جۆرێک لووتە شەقی ئەدەبیە کە مۆدێرنیستەکان و پۆست مۆدێرنیستەکان، بێ هیچ جیاوازیەک، چونیەک ئەتارێنێ و بێ هیچ جیاکارییەک وەک تازە دەروێشێکی بەسۆز حەواڵەی دۆزەخیان ئەکات. ئیروینگەکان و(داچوونی نوێ ١٩٦٩) هەروەها جۆرج پ ئیلیۆت (نوێ خوازیەکان: ئەدەب و کوێرەڕێی مۆدێرنیستی، ١٩٧١) ستایش ئەکرێن. پرۆفیسۆر جراڵد گراف لە زانکۆی نۆرت وێستێرن بە نووسینەکانی خۆی لە«تری کوارترل») لە ١٩٧٥دا، هەڵوێستێک ئەگرێ کە تا ڕادەیەک وەک هەڵوێستی کێنێرە. ئەو وەها کە لە سەردێری دوو وتاری شایانی ستایشیدا دەرئەکەوێ: «ئوستورەی کاریگەری پۆست مۆدێرنیستی» (تری کوارترلی،٢٦)و، «ببێت لە لێواری هەڵدێر» (تری کوارتێرلی، ٣٣). پرۆفیسۆر ڕابێرت ئەلتێر لە زانکۆی برێکلی، لەهەمان گۆڤاردا، سەردێری لاوەکی «رامانێک لەسەر ئەنجامەکانی مۆدێرنیسم» بۆ وتارەکەی، کە لەبارەی چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستەوەیە هەڵئەبژێرێت. دوو ڕەخنەگری ناوبراو بەشێوەیکی مەرجدار لەسەر شتێک ڕێئەکەون کە بە بۆچوونی ئەوان بەرنامەیەکی پۆست مۆدێرنیستیە (بەوشێوەی کە پرۆفیسۆر ئیهاب حەسەن لە زانکۆی ویسکانسین - میلواکی لە لێکۆڵینەوەی ١٩٧١یدا بەناوی لچ و لێو بڕینی ئورفە: بەرەو ئەدەبی پۆست مۆدێرن وەها کارێک ئەکا). هەردووی ئەوان لە ڕاستیدا لەم مەسەلە کە پرۆژەکە، لە هەندێک بارەوە بەربڵاوکردنی پرۆژەی مۆدێرنیزمە، ئەڕۆنە پێش. زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم بەئاشکرا ئاماژە بۆ ئەم دوو لایەنە ئەکات، کەواتە هەرشێوە باسێک سەبارەت بەوە ئەبێ پێی وابێ مۆدێرنیسم، بەنۆبەی

خۆی، لەم ساتە لەجیهان، پێویستی بەپێناسە نییە (بێگومان هەموو ئەزانن مۆدێرنیسم چیە!) یان نا، ئەبێ لە ئاکامدا هەوڵ بدات کە جوانیناسی باڵای ئەدەبی ڕۆژاوا (هەروەها مۆسیقا، نیگارکێشی، پەیکەرسازی، میعماری و هونەرەکانی تر) لەنیوەی ئەم سەدەیە، پێناسەو دیسانەوە پێناسەبکاتەوە.

پرۆفیسۆر ئەلتێر شێوازی پێشوو هەڵئەبژێرێت: وتارەکەی ئەو، کە پێشتر باسی لێکرا بەم وشانە دەست پێئەکا «لە سەرانسەری دوو دەیەی ڕابردوو، کاتێک کە شەپۆلی بەرزی مۆدێرنیزم خەوتەوەو مامۆستاکانی کۆچی دواییان کرد...» و بێ پێناسەیەکی زیاتر ئاوڕ لە دەنگدانەوەی دانەر لە بەرامبەر کورتە شەپۆلی لەوەدوا ئەداتەوە. لەلایەکی ترەوە، پرۆفیسۆر گراف، بەیارمەتی گرتن لە پرۆفیسۆر هاو، بەرلە قسەکردن لەسەر شێوازی چیرۆک، دەست ئەداتە لێکۆڵینەوەیەکی خێرای سوودمەند لە بابەت بڕیارەکانی مۆدێرنیزمی ئەدەبی، کە بە وتەی خۆی «نە تەنیا لە ڕێکەوتگەلی واقیع خوازانە، بەڵکو لە ڕێکەوتگەلی مۆدێرنیستیش، تێئەپەڕێ.»

ئەم کارە دروستە. چونکوو ئەمە تەنیا پۆست مۆدێرنیزم نییە کە بە پێی پێوەرەکانی ئێمە لە قاموسەکاندا پێناسەی نییە. «قامووسە ئینگلیسیە ئۆکسفۆردەکەی» من شایەتێکە بۆمۆدێرنیسم تا ساڵی١٧٣٧ (نامەی جاناتان سویفت بۆ ئەلکسلندر پوپ)و، مۆدێرنیسمی تا ساڵی ١٥٨٨ (بەڵام نە بەو واتایە کە ئەیناسین) قامووسی هێریتیج - ی ئەمریکایی ١٩٧٣ لە چوارەمین و دوایەمین پێناسەیدا، بەپیتی بچووک، مۆدێرنیزم وەک «تیۆری وپراکتیکی هونەری مۆدێرن» پێناسە ئەکات و ئەمەش ئێمە زۆر لە میراتی ئەمەریکایی ئەولاتر نابات. فەرهەنگ نامەی کلۆمبیا ١٩٧٥، تەنیا وەک تازەگەری ئایینی باس لە مۆدێرنیسم ئەکات - ڕاڤەی دوبارەی بڕوای مەسیحی لەبەر تیشکی دۆزینەوەی دەروناسەکی و زانستی نوێ - و بەسەرەتایەکی نموونەیی لە بابەت نوێخوازیەوە، درێژە



بەوتەکەی ئەدا تا ئەگاتە بزاڤی سەدەی نۆزدەی ئیسپانیا کە کاریگەری لەسەر «بەرەی٩٨» داناو، ئیلهامی بەو ئەوپەڕخوازیە بەخشی کە خۆرخە لوییس بۆرخس بەسۆزەوە پرۆپاگەندەی بۆئەکرد. هەم فەرهەنگنامەی ڕیدێر ١٩٤٨ و هەم کتێبی ڕێنوێنی زاراوە ئەدەبیەکان ١٩٦٠ بۆ پێناسەی مۆدێرنیزم بەقەدەر پێناسەی پۆست مۆدێرنیسم چوونەتە پێش.

ئێستەش وەک نووسەرێکی پڕکار کە لە ئێلیۆت، جۆیس، کافکاو دیکەی مۆدێرنیستە گەورەکان نموونە وەرئەگرێت، وەک کەسێک کە ئیمرۆکە نازناوی پۆست مۆدێرنیست بوونی پێوەلکاوە، کەسێک کە بە ڕاستی خاوەنی ئەندێشەیەکی تایبەت و بێ گومانی سەرەتایی بۆ ئەم زاراوەیە هەیە - باواز لەو مانایە بێنین کە ئەکرێ بۆی قایل بین، واتە وەسفی هەرشتێکی زۆرباش، بەشێوەیەکی زۆر باش - سپاسی کەسانێکی وەک پرۆفیسۆر گراف ئەکەم کە خۆیان بابەتەکانیان وەک پێناسە وەرناگرن. ئەوەی کە دێرێک لە وێردی، تنیسن، یان تۆلستۆی لەگەڵ دێرێک لە ئێستراوینسکی، ئیلیۆت یان جۆیس هەڵسەنگێنین و دواتر بۆمان دەرکەوێت کە لە سەدەی نۆزدەمان تێپەڕاندووە، بابەتێکی گرنگە:

**هەموو بنەماڵە بەختیارەکان وەک یەکن، بەڵام هەر بنەماڵەیەکی چارەڕەش بەشێوەی تایبەت بەخۆی چارەڕەشە. (لیئوتۆلستۆی، ئاناکارنینا)**

**خوڕەچۆم لە کلیسای حەواو ئادەم تێپەڕیوە،لە پێچی ڕۆخ تا خولی کەندلو ، ئێمە لەگەڵ ڤیکووسی پاناوکێک لە گێژوخول بۆ کۆشکی هاوس و دەورووبەری ئەگەڕێنێتەوە. (جیمزجۆیس، شەونەخەوی ڤینگنەکان)**

شیکاریی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دو دەسپێکە بەناوبانگە، بە مەبەستی شیکردنەوەی بەربڵاوی بنەماگەلی جوانیناسی - پێش مۆدێرنیستی و مۆدێرنیستی-یە، کە ئەگەڕێینەوە بۆ دوو دێری ناوبراو. هەروەها لەگەڵ دێری دەستپێکی پۆست مۆدێرنیستی و دەرخستنی ئەوەی کە جوانیناسییەکەی لەکوێدا وەک و، لەکوێدا جیاواز، لەجوانیناسیی

پێشینیانیەتی، کەئەمەش بابەتێکیترە:

**سالّەها سالّ لەوەدوا، سەرهەنگ ئائۆرلیانۆ بوئیندیا، هەروا کە بەرامبەر دەستەی دەسترێژکەر ڕاوەستابوو، بەرێکەوت، دوا نیوەڕۆیەکی دووری بیر هاتەوە کە باوکی بۆ دۆزینەوەی سەهۆلّ بردبووی (گابریل گارسیا مارکێز، سەد سالّ تەنیایی)**

پرۆفیسۆر گراف بەراوردی ئاوا ناکات، هەرچەند ئەگەر بەردەوام بوایە، بێگومان ئەیتوانی. بەلاّم من ئەمەوێ لیستەی بەسوودی ئەو، سەبارەت بەتایبەتمەندیەکانی چیرۆکی مۆدێرنیستی بەقەرز وەربگرم و چەند خالێکی پێ زیاد بکەم. لەگەلّ ئەوەشدا پێناسەجیاوازەکانی ئەو و پرۆفیسۆر ئەلتێر، بۆ چیرۆکی مۆدێرنیستی کورت بکەمەوە – ئەگەرچی لەهەندێک لایەنەوە وەک ئەوان بیر ناکەمەوە – پاشان جگە وەک حەکایەت بێژ، بێدەنگ ئەمێنمەوە.

گراف ئەلێ: پالنەری سەرەکی مۆدێرنیزم، ڕەخنە لە سیستەمی کۆمەلاّیەتی بورژوازی سەدەی نۆزدەو ڕوانگە جیهانیەکەی بوو. ستراتیژیە هونەریەکەشی، ڕوخاندی وشیارانەی ڕێساکانی واقیع خوازی بورژوازی بوو بەیارمەتی شێواز و تەکنیک گەلێکی وەک: جێگرکردنی شێوازێکی «ئوستورەیی» لە بەرامبەر «واقیع خواز» و «دەستکاری هاوسەنگیەکی وشیارانە لە نێوان نوێ و کۆن» (گراف لێرەدا وتەی تی. ئێس ئێلیۆت سەبارەت بە ئولیسی جیمز جۆیس ئەلێتەوە)؛ هەروەها ئاژاوەنانەوە لە ڕەوتی هێلیی چیرۆک، دلساردی لە داوا بڕیاریەکان لە پێوەندی لەگەلّ یەک گرتن و، هاوپێوەندی نێوان گەلاّلە و کەسایەتی و «بەربلاوکردنی» هۆ و هۆکردی و بەکارگرتنی هاوواتاگەلی تەوساوی و ئیهام بۆ خستنەڕوی «واتا»ی فەلسەفی وئەخلاقی کردەی ئەدەبی. هەروەها هەلبژاردنی لەحنی مەعریفەناسەکی خۆگالتەجاری کە دیارکەوتەگەلی گێلانەی عەقلاّنیەتی بۆرژوایی ئەپێکێت "لێکدژیی شعووری زاتی لەگەلّ باسی عەینی و هەموویی و عەقلی" مەیلی بۆ هەلەنوێنی زەینی بەمەبەستی نیشاندانی



هەرەسی بەکاوەخۆی جیهانی کۆمەلاّیەتی بەرهەستی بورژوازی سەدەی نۆزدە.

ئەم لیستە، ئەگەر چی لەڕوانگەی مێژوویی ئێستەوە تاڕادەیەک نائومێدکەرە، بەلاّم بەبۆچوونی من ژێر بێژانەیە. بەم لیستە ئەبێ پێداگری مۆدێرنیستەکان لەسەر ڕۆلّی تایبەت و بەزۆری بێگانەی هونەرمەند لە کۆمەلگە یان دەرەوەی کۆمەلگە، کە لە پێشینیانی خۆیان وەرگرتوە، زیاد بکەین: پالەوان هونەرمەندی تاراوگەی قەشە ئاسای جیمز جۆیس؛ هونەرمەندی توماس مان وەک شەڕانی یان ساختەچی؛ هونەرمەندی کافکا وەک مرۆڤێکی بێ ئیشتیا یان دەعبا. هەروەها ئەو شتەش کە لەپێرستەکەی گرافدا بەشێوەیەکی پالەکی هاتووەو، ئێمە ئەبێ لێی زیاد بکەین پێشنوێنی مۆدێرنیستیی زمان و شێوازەکەیەتی ئەوکاتەکە لە بەرامبەر «ناوەرۆک»ی نەریتی ڕاستەوخۆدا ئەوەستێ: سەرنج بدەنە وتەکەی توماس مان (لە تونیۆکروگێر ١٩٠٣). «... ئەوەی کە هونەرمەند لەبارەیەوە ئەدوێ هەرگیز خالّی سەرەکی نییە»، وتەیەک کە بەر لەمە لە گوتەی گۆستاو فلۆبێر بۆ لوییز کۆلێت لە سالّی ١٨٥٢ دا، هەیە «... پێمخۆشە کتێبێک لەبارەی – هیچ – بنووسم...» شتێک کە دواتر ئالێن ڕۆب گرییە لە کتێبی لەدەرەوەی بابەت (١٩٥٧)دا باسی ئەکات «... نووسەری ڕاستەقینە، شتێکی بۆ وتن پێ نییە... تەنیا شێوازێکی بۆ وتن هەیە.» ڕۆلاّن بارت لە پلەی سفری نڤیساردا (١٩٥٣)، ئەم «داکەوتن لە بێتاوانییە و ئەم ناوەرۆکە ئاساییە،بەم شێوە، بە سوودی ئەدەبی مۆدێرنیستی کۆئەکاتەوە:

سەرجەمی ئەدەب، لە فلۆبێرەوە تا ئیمرۆ، گۆڕراوە بۆ کێشەسازیەکردنەکانی زمان.

ئەم وتە، زێدەڕۆییەکی فەرەنسەییە: ئەوەندە بەسە کە بلێی، یەکێک لە کەلکەلە زەیینە سەرەکیەکانی مۆدێرنیستەکان، کێشەسازکەرەکان بوو، بەلاّم نەوەک هەر زمان، بەلکو خودی ئەدەب وەک ڕاگەیەنەرێک،

کێشەساز کەر بوو.

چاکە، بەبۆچوونی پرۆفیسۆر ئەلتێر، پرۆفیسۆر حەسەن و ئەوانی دیکە، چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی، تەنیا پێ لەسەر «رۆڵی» وشیاری و خۆتاقیکردنەوەی مۆدێرنیزم - ئەڵبەت بەتەمای ڕووخاندن و ئاژاوەی فەرهەنگی - دائەگرێ. ئەوان بەئەنجامگیری جیاوازەوە، پێیانوایە کە نووسەرانی پۆست مۆدێرنیست چیرۆکێک ئەنوسن کە زیادتر لە جاران دەربارەی خودی چیرۆک و ڕەوتەکەی بێ و، بەکەمی ئاوڕ لە واقیعی بەرهەست و ژیان بداتەوە. بەبۆچوونی جراڵد گرافایش، چیرۆکی پۆست مۆدێرن، بەسادەیی، بەرنامەی دژبەئاوەزخوازی، دژ بە واقیع خوازی و دژی بوڕژوازی مۆدێرنیسم، ئەگەیەنێتە ئاستێکی مەنتیقی و پرسیار وەرگر، بەڵام نەک هەر خۆی تووشی دوژمنایەتیی نەبڕاوە ناکا (ئێستە سەرمایەداری لەهەموو شوێنێک جوانیکاریەکانی مۆدێرنیزم هەڵئەبژێرێ و بونیادە بوێرانەکانی مۆدیرنیزم تا ئاستی ئاساییگەری میدیاکان دائەبەزێنێت.) بەڵکو خۆی گرفتاری قەیدوبەندی سەختی واقیخوازی ڕۆژانەش ناکات. گراف تەوسی تایبەتی پۆست مۆدێرنیستی، بەتایبەت چیرۆکی دۆناڵد بارتلیمێ، سال بلوو و ئێستەنلی ئێلکیشن لەم بەرپرسیایەتیە جدیە ئەبوێرێ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە وزەی ژیانی ئەم چەشنە چیرۆکە لەهەمان کۆمەڵگەی ئاساییەوە هاتووە کە هەڵوێستی بەرامبەر ئەگرێ.

ئەبێ بڵێم هەموو ئەمانە وام لێئەکەن کە ئەوەی وا ئەمەوێ بەسەرلەقاندنێک بیسەلمێنم، وردتر لێکی بدەمەوە. پێویست بە وتن ناکات کە بابەتگەلی ڕەخنەیی کەم و زۆر گوماناوین، هەروەها کە کەم و زۆر بەکەڵکن. پێموایە, هەرواکە مامۆستایەکی باش، ئەگەر بەباشی قوتابییەکانی فێر بکات، گرنگ نییە خۆی تووشی تیوریەکانی فێرکاری بکا، بەهەمان شێوەش نووسەرێکی بەبەهرە، واز لەو شتە ئەهێنێ کە بە بونیادی جوانیناسانەی خۆی ئەزانێت. با واز لەوەش بهێنین کە خەڵک



چۆن بیر لەم بونیادە ئەکەنەوە. لەراستیدا من لەسەر ئەو بڕوایەم کە نموونەی بەڕاستی باڵا، لەهەر شێوازێکی جوانیناسەکیدا بێ، ئایدیۆلۆژی ڕەخنەیی بەدوا خۆیدا ڕائەکێشێ، ڕاست وەک ئەو قەلەڕەشانە کە شوێن پاپۆڕە ئۆقیانووس پێوەکان ئەکەون. بەگران ئەکرێ بە هونەرمەندی ڕاستەقینە و دەقی ڕاستەقینە، جگە لە مۆدێرنیست، پۆست مۆدێرنیست، فۆڕمالیست، هێماخواز، ڕیالیست، سووریالیست، لەلایەنی سیاسیەوە دەربەست، لەلایەنی جوانیناسیەوە ئەزموونگەری «رەها»، ڕێجنالیست، ئەنترناسیۆنالیست و... بگوترێ. ئەبێ کاری ڕیزپەڕ و ناوازە، بەبانتر لە دەق و بابەتەکان بزاندرێ. لەلایەکیتریشەوە هونەر لە چاخ و مێژووی مرۆڤدا ئەژی و، گۆڕانکاریە گشتیەکان لە شێوەو کەرەسەو خواستەکانیدا، تەنانەت کاتێک کە بەئاشکرا وابەستە بە گۆڕان لە تەکنۆلۆژیادا نین، بێ گومان بەقەدەر گۆڕانی ڕوانگەگەلی گشتی فەرهەنگی، کە هونەرەکانی هەم ئیلهامی پێ ئەبەخشن و هەم ئەینوێننەوە، گرنگن. هەندێک لەوانە کەم و زۆر مۆدەو ڕواڵەتین، هەندێکی دیکەش نیشانەی تەمبەڵییەکی گرانن؛ بەشێکیش ڕەنگە لەبەرامبەر ئەم تەمبەڵیەدا هەڵوێست بگرن. لەهەر حاڵدا ناتوانین بە ئاسانی لەبارەی ئەوەوە کە هونەرمەندان چیان ئەوێ و بەتەمای چین، جگە بەیارمەتی بابەتە جوانیناسانەکان بدوێین. بۆیە پێویستە قووڵتر لە پۆست مۆدێرنیست، وەک داڵغەیەکی هاوبەش ورد ببینەوە.

بەڕای من ئەگەر نووسراوەی پۆست مۆدێرنیستی، بۆ نموونە ئیمکاناتێکی زیاتر لەوەی نیە کە مامۆستایانێکی وەک ئەلتێر و گراف وحەسەن گوتوویانە، کەواتە بەڕاست چەشنێک دابەزینی کەمڕەنگ و بێ ئەنجامە کە تەنیا بەقەدەر نیشانەگەلی بچووکی نەخۆشیەک گرنگە. بەم بۆنەوە دەقی واقیعی وێنەیی، لەڕوانگەی «دزەی پۆست مۆدێرنیستی»یەوە کەم وکووڕییان نییە؛ بەڵام ئەبێ لەبیرمان بێ پۆل ڤالێری لەبارەی نەوەی بەر لە ئێمەوە شتێکی گوتووە کە ئێمەش ئەگرێتەوە: «زۆر کەس بێ ئەوەی لە پێویستیەکەی بگەن، لاسایی نوێخوازی ئەکەنەوە.» بەرنامەی سەرەکی

پۆست مـۆدێرنیـزم، نەپەرەپێـدانی بەرنامـەی مـۆدێرنیـزمـە - بەوشـێـوە کـە پێـشــتــر باسی کــرا - نە قـــوولـکردنەوەی هەندێک لایەنی و، نە بەپێچەوانەوە، ڕووخاندنی هەموو لایەنەکان، یان ڕەت کردنەوەی مۆدێرنیزم یان ئەوەی کـە بەرلەمـۆدێرنیـزم واتە واقیع خـوازی «نەریتی» بورژاویی پێ ئەگوترێ.

باسـاتێکیش بگەڕێینەوە بۆسـەر لیـسـتی نیـشـانەگـەلی تایبـەتمەندیە مـەیدانیەکـانی نووسـراوەی پۆست مـۆدێرنیـستی: هێشـتـا دوو نیـشـانەی گـرنگی ترمـان جگە بەشـێـوەیەکی ڕاگوزاری، ڕانەگـەیاندووە. لە لایەکـەوە جیمز جۆیس و هاورێکانی جیـمز جۆیس - ن کە داهێنانی هونەرییان لە ئاستێکی زۆر باڵادا بەکارهێناوە، کە بێگومان بۆ کەڵکەڵەکانی ئەوان، لە گەڵ دابڕانی تایبەتی هونەرمەند لەکۆمەڵگاکەی، شتێکی بەڵگەنەویست بوو. لەلایەکی تریشـەوە، دژواری ڕێژەیی گـەیشتن بەوشـتـانەمـان هەیە کـە بەهۆی دژی هێڵی بوون، بێزاری لە داڕشتنی بڕیاریانە کەسایەتی و نمایشی هۆکردی(گول)، ستایشی ئەزمونی شەخسی و زەینی لە بەرامبەر ئەزمونی گشتی، مەیلی گشتی بۆ شێوازی «خوازە» لە بەرامبەر «کینایە» لە زات و جەوهەریاندایە. (بەڵام گرنگە ئەوەش دووپات بکەینەوە کە ئەم دژوارییە، بە هۆی پێوەری جوانیکاریی باڵایەوە، جەوهەری نییە.)

ئەڵبـەت ئاکـامی ئەم دژواریە ڕێژەییـەی پێـگەیشتن، ئەوەی کـە حـەسـەن وەک ڕۆحی فـەرهەنگیی ئەشـرافیـانەی ئەوان ناوی ئەبا، ناخـۆشـەویسـتی ڕێژەیی چیـرۆکی مـۆدێرنیـسـتـیـە، بەرامـبـەر بە چیـرۆکی کـەسـانێکی وەک دیکنز، تواین، هۆگۆ، داستـایۆڤـسکی و تۆلسـتۆی، لە دەرەوەی دانیـشـتنە ڕۆشنبـیـریەکـان و خـولە زانکۆییـەکـاندا. ئاکـامـێکی تریشی، بەئاشکرا، هەوڵی تێکۆشەرانەی لێکۆڵەرو ڕاڤەکارو خەیاڵاویەکانە کە لەنێوان دەق و خوێنەردا ئەبنە ناوبژیکەر. ئەگەر بۆ گـەیشتن بە هۆمێر یان ئایسـخۆلۆس، پێویستمان بە ڕێنوێن یان کتێبی ڕێنوێنی هەیە، لەبەر ئەوەیە کەجیهـانی ئەم دەقـانە لەجـیـهـانی ئێـمـەوە دوورە، ئەگـەرچی پێناچێ لە وەرگـرە



سەرەکیەکانی ئایسخۆلۆس و هۆمێریش دور نەبووبێ. بەڵام لە شەونخوونی فینگنەکان، یان کانتۆکانی ئەزرا پاوند، ئێمە بەهۆی دژواری جەوهەری و بێ ناوبژی دەقەوەیە کە پێویستمان بە ڕێنوێن هەیە. ئەگێڕنەوە کە بیرتۆڵت برێشت، لە ڕووی بڕوای سـۆشـیـالیـسـتـیـەوە، لەسـەر مـێـزی کـارەکـەی بووکـۆکەی کـەرێکی دانابوو لە سـەری نووسیـبـوو: «تەنانەت منیش ئەبێ تێی بگەم.» مـۆدێرنیـسـتـە ناودارەکـان، ئەبێ لەسـەرمـێـزی کـارەکـەیان بووکـۆکـەی مـامـۆسـتـایەکی ئەدەب دابنێن و لەسـەری بنووسن: «تەنانەت منیش لەمـە ناگـەم.» مـەگـەر ئەوەی کـە مـامـۆسـتـاکـە خـۆی بەڕێکەوت لەئەدەبی مۆدێرنیستیدا بەدەرەجەیەکی باڵا پسپۆڕ بێ.

من ئەمـانە بۆ سـەرزەنشـتی ئەم نووسـەرە گـەورەو، لێکـۆڵەرە جـاروبار ناودارانە ناڵێم. ئەگەر بەرهەمە مـۆدێرنیـسـتـیـەکان هەندێ جار ناحەزن و پێویستیـان بەیارمـەتی و فـێربوونێکی زۆر هەیە تا وەربگیـرێن، بەومـانایە نیـە کـە بەڕادەی هەڵـگەڕان بەکـێـوی مـاترهۆرن یان سـەفـەر بەبەلەمـێکی بچووک بەدەوری دنیـادا شایانی ستـایش نەبن. بابگەڕێینەوە سەرباسەکەی خـۆمـان: بێڵن با ئەم وتە سادەو ئاساییـە وەربگرین کە چەقبەسـتوویی و سنوورەکانی تری ڕیالیزمی بـورژوایی سەدەی نۆزدە، لەبەر تیشکی تیـۆری و کـەشـفکردنەکـانی سـەرەتای سـەدە، لە بواری فـیـزیک، دەروون نـاسی، مــرۆڤ ناسی و تـەکنۆلۆژی، بەکـاردانەوەیەکی دوژمنخـێــو کـە هونەری مۆدێرنیـسـتیە، مـەیدان و خێرایی دابێ. - شـتێک کە بە شـێوازی نوێی بیرکردنەوەی ئێمە لەبارەی جیهان، بە بەهای گرانی ڕێچکەی دیموکراتیک، بە بەهای شـادی بێ ناوبژی یان لانی کـەم ئامـادەو، زۆرجـاریش بە بەهای بەرپرسـایەتی سیـاسی (بۆ نموونە سیـاسی کـاری ئیلیـۆت، جـۆیس، پاوند، نابـاکـۆف و بورخس کـە بەئاشکرا یان خـوازیاری "نەبونن" یان لایەنـگری ڕاسـتی توندڕەو) تەواو ئەبێت. بەڵام لانیکەم لە ئەمـەریکای باشـوور، لە ئەورووپای ڕۆژاوا و باشــوور، لە بەریتـــانیــاو کــۆمــەڵێک لە وڵاتانی ئەمـەریکای باکـور و ناوەندی، ئەم جـەزمـیـگـەریەی سـەدەی نۆزدە، ئیـتـر

ئامادە نیە. بەڕای من جوانیناسیی مۆدێرنیستی، جوانیناسیی تایبەتی نیوەی ئەوەڵی سەدەی ئێمەیەو، هەڵوێستی ئێستەمان لەبەرامبەریدا، بەتەواوی بەرهەست و ئاشکرایە. بەم بۆنەوەیە کە ئیمڕۆکە برەوی پارەی مۆدێرنیستی، کەم تاکورتێک پارە ڕەسمیەکەی لەبرەو خستووەو، هەر بەم بۆنەشەوەیە کە بەڕاست پێویستمان بەشەونخوونی فینگنەکان یان کانتۆی تر نیە. چما هەرکام لەمانە مامۆستایانی شارەزای تایبەت بەخۆیان هەیە تا بۆئێمەی لێکبدنەوە.

بەڵام من بەداخەوەم بۆ قالّبی هونەری و ڕەخنەیی زەینێک کە هەموو سامانی مۆدێرنیستی وەک بەلاڕێدا چوونێک ڕەت ئەکاتەوەو، وەهای ئەنوێنێ کە ئەڵێی ڕووینەداوە: فڕی ئەداتە باوەشی ڕیالیزمی ناوین حالّی سەدەی نۆزدە، وەها کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست ڕوینەدابێ. ئەڵبەت کە ڕویداوە: فرۆیدو ئاینشتاین و دوو شەڕی جیهانی و ڕووسیا و شۆڕشە سێکسەکان و ماشین و فڕۆکە و تەلەفوون و ڕادیۆ و سینەما و شاری بۆن و... ئیمڕۆکەش چەکی ناڤۆکی و تەلەفزیۆن و تەکنۆلۆژیای وردئامێر و فێمینیزمی نوێ و شتەکانی تر، ئیتر ڕێ بە گەڕانەوە بۆ تۆڵستوی و دیکێنزو هاوکارەکانیان نادەن. مەگەر لە سەفەرە نۆستالۆژیکیەکاندا. وەهاکە نووسەری ڕووس، یۆگنی زامیاتین لەدەیەی ١٩٢٠ لە وتاری - لەبابەت ئەدەب، شۆڕش و ئانترۆپی - دا ئەنوسێ: «جیهانی ئۆقلیدۆس زۆر ساکارەو جیهانی ئاینشتان زۆر دژوار؛ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گەڕانەوە بۆ جیهانی ئۆقلیدۆس ناموومکینە.»

لەلایەکی - ترەوە ئەگەر تائێستەش ڕەت کردنەوەی بەرلەمۆدێرنیستەکان پێویست بووبێ، ئیتر پێویست نییە. کاتێ کە مۆدێرنیستەکان ئالآهەڵگری ڕۆمانیتزمیان بەدەستەوەبوو، گەورەکانی ئەوان فێریان کردین کە هێلی بوون، عەقلآنیەت، وشیاری، هۆو هۆکردی، خەیاڵخوازی سادە، زمانی شەفاف، حەکایەتی شیرین و بڕیاری ئەخلاقی چینی مامناوەندی، سەرجەمی داستانەکە پێک ناهێنن. ئێستە لەڕوانگەی دەیەگەلی نێزیک بەسەدەی ئێمەوە، ئەتوانین تێبگەین کە دژی ئەمانەش، هەموو داستانەکەنین. بەڵێ، پچڕان، هاوکاتی، ناعەقلآنیەت، دژ خەیاڵخوازی، بەخۆداچوونەوە، ئامێر لەبری پەیام، پاڵەوانخوازی سیاسی شێوەئۆلەمپی و، چەند جۆری ئەخلاقی تا ڕادەی ناڕێک و پێکیش، هەموو داستانەکە پێک ناهێنن.

بەڕای من بەرنامەی بەبایەخ بۆ چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی، تێکەڵاو، یان لێکدراوەیەکی ئەم دژایەتیانەیە، کە ئەتوانرێت وەک شێوازی پێش مۆدێرنیستی و مۆدێرنیستی نووسین کورت بکرێتەوە. نووسەری پۆست مۆدێرنیستی دڵخوازی من، باوکانی مۆدێرنیستی سەدەی بیستەم، یان پێشینیانی پێش مۆدێرنیستی سەدەی نۆزدەی خۆی ڕەت ناکاتەوە، ئەڵبەت لاساییشی ناکاتەوە. ئەو، نیوەی سەدەی ئێمەی بەکۆڵەوە نیە، بەڵکو لە پەڕی پشتێنەکەیدایە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەپێی پێویستیەکانی چیرۆک، بەبێ کەوتنە ناو داوی سادەخوازی ئەخلاقی یان هونەری ، گرانبێژیی (تێنع) مەیک جکراو سەخیفیی شەقامی مەدیسن یان بەدەوییەتی ڕاست یان درۆ، ئازادی خوازیەکی زیاتر بەبەراورد لەگەڵ کەرامەتی پاش مۆدێرنیستی (بەپێی پێناسەو داوەری من) ئەهێنێتەوەئاراوە. وەهاکە "چیرۆکگەل و دەقگەلێک بۆ هیچ" لە بێکت، یان "ئاگری ڕەنگ پەڕیوی" ناباکۆف، بەم شێوەن. ئەو بەئومیدی ئەوە نیە کە دەستی بگاتە پێڕەوکەرانی جێمز میچنێر و ئیروینگ والاس و، بیانگۆڕێت (ئێستە کارمان بەسەر نەخوێنەوارانی دواکەوتووخوازو مێدیاکانەوە نییە.) بەڵکو ئومێدەوارە کە لانیکەم جاروبار خۆی بگەیەنێتە دەرەوەی ئەو بازنە کە مان بەمەسیحیەتی سەرەتایی ناوی ئەبات، واتە پێڕەوکەرانی پیشەیی هونەری باڵاو، خۆشحاڵ ببێ.

ئێمە بۆ هۆگران ونووسەرانی ڕۆمانیش، واتە جۆرێکی ئەدەبی کە ڕەگ و ڕیشە مێژوویەکەی لە ناوبانگ و شانازیی فەرهەنگی خەڵکانی چینە مامناوەندیەکاندایە، هەست بە وەها شتێک ئەکەین. ڕۆمانی پۆست

مۆدێرنیستی ئاواتەخواز، بە شێوەیەک لە کێشەی نێوان واقیع خوازی و ناواقیع خوازی، شێوەخوازی و ناوەرۆک خوازی، ئەدەبی ڕووت و بەرپرس، چیرۆکی تاقمی نوخبەو چیرۆکی بێ سەروبنەوە سەرهەڵئەدات. مەخابن بۆ مامۆستایانی ئەدەب! ڕەنگە پێویستیان بەو فێرکاریە بەربڵاوە نەبێ کە کتێبەکانی جۆیس، ناباکۆف، پینچن یان هەندێک لەکتێبەکانی من ئەیدەن بەدەستەوە. لەلایەکی ترەوە، لە دڵ و زماندا یەک ناگرنەوە (لەم ئاخریانەدا لە باسێکی نێوان ڤیلیام گەس و جان گاردنێردا، گاردنێر ڕایگەیاند کەپێی خۆشە هەموو کەس کتێبەکەی ئەویان خۆش بوێت. گەس لە وەڵامدا گوتی کە نایەوێ هەمووکەس کتێبەکانی ئەویان خۆش بوێ. هەروەها کە نایەوێ هەموو کەس کچەکەی ئەویان خۆش بوێ. ئەو پێیوابوو کاردنێر عەشقی لەگەڵ هەرزەییدا تێکەڵ کردووە.) تەمسیلی تایبەت بە خۆم، جازی باش و مۆسیقی کلاسیکە: هەموو کەس بەبیستنی بەردەوام و لێکۆڵینەوەی ورد لە مۆسیقا، شتێکی دەست ئەکەوێ کە یەکەمجار دەستی پێناگات؛ بەڵام یەکەمجار وەها فریودەرە - ئەڵبەت بۆ کارناسەکان وانیە - کە لە دووبارە بوونەوەیدا ئەبێتە هۆی شادمانی.

بۆ ئەوەی کە ئەم تێکەڵاویە پۆست مۆدێرنە، هەستیارانەو بۆ پێشکەوتنی کارەکەش، نامومکین نەبێ، دوونموونەی تەواو جیاواز لەو کارانە ئەهێنمەوە کە بەڕای من نیشاندەری بابەتەکەن. واتە کەڵە نووسەری وەک دیکێنزو سێروانتس کە ڕەنگە بگوترێ لەم زەمینەدا دەسپێشخەر بوون. نموونەی یەکەم کە هەستیارتریشە (بەومانایە نا کە کلێشەشکێن بێ) کاسمی کامێکز، بەرهەمی ئیتالۆ کالوینۆیە ١٩٦٥ بەرهەمێک کە جوان نووسراوەو بەتەواوی لە گەڵ چیرۆکگەلی فەزا - زەماندا دێتەوە؛ خەونگەلێکی ڕەها - وەهاکە جان ئاپدایک ئەم ناوەی لێ ناون. - کە کەرەسەکانی وەک کەیهان ناسیی نوێ تازەو، وەک حەکایەتە عەوامانەکان کۆنە. بەڵام بابەتەکانی واتە عەشق و زیان، گۆڕان و نەگۆڕی، سەراب و واقیع، نموونەی بەشێکی زۆری واقیعی ئیتالیاییە. کالوینۆ وەک هەموو



خەیاڵ خولقێنێکی لاپ(٢)، بەئاسمانی وردەکاریە ناوچەیی و بەرهەستەکاندا هەڵئەفڕێ: هاوتەریب لەگەڵ بەردو سیاچاڵە ئاسمانیەکان، منداڵ و خواردنی وەک شیرینیش لەکاردایە، وەک ژنەجوانەکان کە ساتێک خۆئەنوێنن و پاشان بۆ هەمیشە ون ئەبن. کالوینۆ پۆست مۆدێرنیستێکی ڕاستەقینەیە، کە هەمیشە پێیەکی لەڕابردوی داستانی - تایبەتمەندی چیرۆکەکانی بۆکاچیۆو مارکۆپۆلۆ، تا چیرۆکی پەریەکان - و پێکەی تری، لە ئێستەی بنەماخوازیی پاریسیدایە؛ پێیەکی لە خەیاڵ و پێکەی تری لە واقیعی بەرهەستدایە. بەبڕوای من مافی خۆیەتی کە هەم ڕەخنەگرانی چەپی وابەستە بە کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا زللەیان لێداوەو، هەم ڕەخنەگرانی ڕاستڕەوی کاتۆلیکی. هۆکەشی ئەوەیە کە جان ئاپدایک، گۆرویدال و من، وەک نووسەری تەواو جیاواز لەئەو، ستایشمان کردووە. من پێ لەسەر ئەوە دائەگرم کە هەموو کەس پێویستە بۆجارێکیش بووە کالوینۆ بخوێنێتەوە. ئەڵبەت ئەبێ بە کاسمی کامێکزەوە دەست پێبکا و ئەوسا درێژەی پێبدات. ئەمە بۆ ئەوە نیە کەمن کالوینۆ و بەرهەمەکانی بە نموونەی بەرنامەی پۆست مۆدێرنیستی خۆم ئەزانم، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە چیرۆکەکانی خۆش و بەهەستن.

نموونەی تەنانەت لەوەش باشتر، سەد ساڵ تەنیایی گابریل گارسیا مارکزە ١٩٦٧، ڕۆمانێکی وەها سەرنج ڕاکێش کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ئێمەدا بێ هاوتاو، یەکێکە لە تایبەتمەندیە باڵاکانی نەوەیەکی باڵا لە هەموو سەدەیەکدا. لەم کتێبەدا بەهرەو ئاشکرابێژی، واقیعخوازی و سێحرو ئوستوورە، هەستی سیاسی و هونەری ناسیاسی، خولقاندنی کەسایەتی و کاریکاتۆر، تەوس و ترس، بەشێوەیەک لە پاڵ یەکدا چندراون کە خوێنەر تووشی گەشکەو شادیەکی دەروونی ئەکەن. بەرلەو ڕۆمانە تەنیا دۆن کیشۆت و ئاواتە گەورەکان و هاکلێبری فاین تووشی وەها گەشکەو

٢- لاپ: تەواو، بێ کەموکورتی، ناب.

شادیەکیان ئەکردین. ئەو ڕۆمانە شاکارێکە کە نەک هەر لەلایەنی هونەریەوە ناوازەیە، بەڵکو لەلایەنی مرۆڤانەشەوە، عەقڵانی، خۆشەویست و بەکورتی سەرسووڕهێنەرە. ئێمە هەمیشە لەبیرمان ئەچێتەوە کە چیرۆکی نوێ ئەتوانێ بەقەدەر گرنگیەکەی سەرسووڕهێنەریش بێ. ئەوەی کە ئایا پرۆژەی من بۆ پۆست مۆدێرنیزم بەڕێوە ئەچێ یان نا، وەک یەکێک لە کەسایەتیەکانی چیرۆکەکەی مارکێز کە سوار قاڵیە فڕندەکە ئەبێ، لە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە دەرئەپەڕێتەدەر. سڵاو لە زمان و تەخەیوڵی ئیسپانیایی! هەروا کە سێروانتس، نموونەی بەرلەمۆدێرنیسم و پێشاهەنگی زۆر کەسی دواخۆیەتی، هەروا کە خۆرخە لۆئیس بۆرخس نموونەی مۆدێرنیسم لە دوایەمین شکڵ و شێوازی خۆیدایە و لە هەمان حاڵیشدا پردی نێوان کۆتایی سەدەی نۆزدەو کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمە، هەروا گابریل گارسیا مارکێزیش یەکێکە لە ئەندامانی ئەم زنجیرە ئێرەیی هەڵگرە: سەر نموونەی پۆست مۆدێرنیستی و مامۆستای هونەری چیرۆک بێژی.

دوانزە ساڵ لەمەوبەر لە «ئاتلانتیک» وتارێکم بەناوی ئەدەبی دهێزراوی «فرسودگی» بڵاو کردەوە کە زۆر بەخراپ وەرگیرا. پاڵنەری وتارەکە، ستایش کردنی چیرۆکەکانی ئاغای بۆرخس و، لەو شوێن و کاتەناوازەدا – پاڵنەرو هۆی سەرنجدانی من بۆ ڕەوتی گێڕانەوەی داستانی بوو. (کات: کۆتاییەکانی دەیەی ۱۹٦۰، شوێن: بووفالۆ، نیویۆرک، گەڕانێکی خوێندکاری، هێرشی پۆلیسی دژی شۆڕش بەگازی فرمێسک هێنەر. نەیارانی شەڕی ڤێتنام ئەکەونەبەر شالاوی گازەکەو، لەهەمان کاتیشدا لەکەنار پردی ئاشتیی کەندا، گۆرانیەکی خۆش ئەبیستریێ کە ئەڵێ ئێمە «جەماعەتی نەفرەت لێکراوی چاپ و بڵاوکردنەوە» ئیتر برەومان نەماوە.) خاڵی سەرەکی وتارەکەم ئەوەبوو کە، شێوە و شێوازەکانی هونەر لەمێژووی مرۆڤایەتیدا زیندوون و، هەرلەم ڕووەشەوەیە کە لە زەینی ژمارێکی زۆر لە هونەرمەندان لە شوێن و کاتی تایبەتدا، دادەچن. بەگوتەیەکی تر، بڕیارە



هونەریەکان بۆئەوە بتوانن بەرهەمێکی نوێ و زیندوو دابهێنن، شیاوی داچوون، ڕووخان، هەڵکشان، شێوە و قەوارە گۆڕی، یان تەنانەت هەڵوێستێک لە بەرامبەر ئەمانەدان. من ئەبوو بیرم لەم خاڵە بکردایەوە، بەڵام بەداخەوە خەڵکێکی زۆر، ڕەنگە خودی بۆرخسیش، پێیان وابوو مەبەستم ئەوەیە کە ئەدەب، یان لانیکەم چیرۆک، داماوە و هیچ شتێک بۆ نووسەرانی هاوچەرخ نەماوەتەوە، جگەلە گاڵتەکردن بە پێشینیانی ناودارو بەرهەمە داچوەکانماندا. ئەمە ڕێک هەرئەو شتەیە کە ڕەخنەگرەکان، بەپۆست مۆدێرنیزمی ئەزانن.

ڕێگەم بدەن ئەم ڕاستیە گرنگە کە ڕۆمان بە دۆن کیشۆت ، یان وەها کە ئەگوترێ بە هەجوی لەخۆسەرهەڵداویەوە دەرئەکەوێ و، زۆر جار وەک ڕووپەڕێک بۆ تازەیی سەرنجی ئەدرێتێ، وەلا بنێم و بەئاشکرا ڕایگەیەنم کە ئەم گوتەی بۆرخسم بەلاوە پەسندە کە ئەڵێ: ئەدەب هەرگیز ناتوانێ داچوو پێش ژاکاوبێت – تەنانەت ئەگەر تەنیا لەبەر ئەوەش بووبێ کە هیچ کتێبێکی یەکە ناتوانێ دابچێ – «واتای» ئەم گوتەیە پێوەندی بە تێگەیشتنی خوێنەر لە زەمان، فەزا و زمانی چیرۆکەوە هەیە. حەزئەکەم بەو خوێنەرانە کە بەهەڵە لە وتارەکەی پێشووم گەیشتوون بڵێم؛ ئەدەبی نووسراو لەڕاستیدا ٤٥٠٠ ساڵ پێشینەی هەیە( چەند سەدە زیاتر یان کەمتر، پێوەندی بە پێناسەی هەرکەس لە ئەدەب هەیە) بەڵام با ئەوەش بڵێم کە هیچ ڕێیەک بۆ زانینی ئەوە نیە کە ئایا ئەم٤٥٠٠ ساڵە، پیری، ناوین ساڵی، گەنجی و منالیش ئەگەڕێتەوە یان نا. ژماری ئەو شتەچاکانە کە ئەگوترێن – بۆ نموونە خوازەگەلێک بۆ بەرەبەیان یان دەریا – بێ گومان زۆر سنووردارە: ئەڵبەت دیسان بێ گومان زۆریش بەربڵاوەو ڕەنگە لە کردەدا بێ سنوور. پێدەچێ ئێمەی نووسەران لە هەندێک هەلومەرجی ڕۆحیدا هەست بەوە بکەین کە هۆمێر لەئێمە باشتر ئەمەی وەسف کردووە: سپێدە ئەنگوستی پەمەیی بوو، زەریاش تاریکی شەرابی. ئێمە ئەبێ بەوە دڵخۆشی خۆمان بدەینەوە کە یەکێک لە دەقە ئەدەبیە کۆن و دێرینەکان

(پاپیرۆسی مسری دەوروبەری ٢٠٠٠ ساڵ بەرلە زایین، کە ڤاڵتر جەکسن بێیت لە لێکۆڵینەوەی ١٩٧٠ ی خۆیدا، بەناوی: باری قورسی ڕابردو و شیعری ئینگلیسی ئەیگێڕێتەوە) گلەییەکە کە کاتب خاخێ پێرێ سێنب لەبەر ئەوە کە زۆر درەنگ گەیوەتە شوێنەکە نوسیویە:

ڕەنگە من دەستەواژەگەلێکم بەکار بردبێ کە نەناسراون. گوتەی سەیر بەزمانێکی نوێ کە بەکار نەهێنراوە، گوتەی دوور لە دووبارەکاری، گوتەیەک کە قاڵبی کۆنی نیە، ئەوشتەی کە پیاوە پیرەکان پێی دواون.

ئەوەی کە وتاری «ئەدەبی دارزان» بەراستی ئاوڕی لێ ئەدایەوە، دارزانی سوودبەخشی جوانی ناسی پلەباڵای مۆدێرنیزم بوو نەوەک زمان یان ئەدەب؛ «پڕۆژە»یەکی شایانی ستایش و تەواو و ڕەتنەکراوە، کە پێوەندی بەشتێکەوە بوو کە هیوکێنز ناوی «چاخی پاوند»ی لێناوە. ئێمە لە ١٩٦٦-٦٧دا بەکەمی زاراوەی پۆست مۆدێرنیزمان لەشێوەی ئەدەبی - ڕەخنەیی باودا بەکار ئەهێنا - لانیکەم من لێی بێ خەبەرم - بەڵام هەندێ کەس، بەشێوەیەکی ئێجگار جیاوازو، بە تێکەڵەیەکی جۆراوجۆری پەرچەکرداری شەهوودی وباسی وشیارانە، بەباشی کاریان لەگەڵ ئەم بابەتەدا کردوە؛ نە وەک شتێکی چاکتر لە پاش مۆدێرنیزم، بەڵکو وەک چاکترین کاری دوایی، واتە ئەوشتە کە ئیمڕۆ بەشێوەیەکی لاساییکارانە چیرۆکی پۆست مۆدێرنیستی پێ ئەگوترێ. ئەمە هەمان شتە کە من هیوادارم ڕۆژێک وەک ئەدەبی بارهێنانەوە لێی ورد ببنەوە.

سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی:

John Barth, The literature of Roplenishment.
Post modernist fiction, in charles sencks, the post modern Reader (England, 1992),pp.172-180

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

فصلنامەی ارغنون شمارەی ٩و١٠ دربارەی ڕمان، ترجمەی محمد ڕضا پور جعفر- ص ٢٤٩-٢٦٢



# ئاوڕدانەوەیەک لە فورمالیسمی ڕووسیا

*نووسینی: جۆرج نیڤا*

*وەرگێڕانی: ئیسماعیل مەحموودی*

«ئەگەر ڕەنگدانەوە لاوازەکانی سیستەمە ئایدۆلۆژیکیەکانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەلا نێین، تاقە تیۆرێک کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕووسیای سۆڤیەتیدا، بەرەنگاری مارکسیزم بۆوە، تیۆریی فۆرمالیستیانەی هونەر بوو. ئەو دژوازییە سەیرەی لەم ناوەدا وەدەردەکەوێت ئەمەیەکە فۆرمالیزمی ڕووس پێوەندییەکی گەلێ نێزیکی لەگەڵ فۆتۆریسمی ڕووس هەبوو و ئەوکاتەی کە فۆتۆریسم لەلایەنی سیاسیەوە، کەم تازۆر لەگەڵ کۆمۆنیزمدا، ڕێکەوت، [لە بەرامبەردا] فۆرمالیزم بە هەموو بڕست و توانای خۆیەوە، دەژایەتیی ڕاشکاوانەی خۆی لەگەڵ مارکسیزمدا، ڕاگەیاند».

ئەم داوەرییەی ترۆتسکی کە لە کتێبی ئەدەب و شۆڕش-ی ئەو وەرگیراوە، ڕێگەمان پێ دەدات لە گرنگایەتیی ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبیی ناسراو بە «تیۆری فۆرمالیستی» یان «فورمالیزم» لە ساڵی ١٩٢٤دا تێبگەین. دواتر نووسەرانی سیاسەت پیشەی سۆڤیەت لەخۆبوردەییەکی کەمتریان نواند و دەکرێ بڵێین گەمەوانێکی لێهاتووش نەبوون. لۆنا چارسکی سەبارەت بە فۆرمالیزم دەیگوت [کە فۆرمالیزم] جۆرە سەوزەیەکە وەرزی بە سەر چووە (پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر). هەروەها ساڵی ١٩٣٠ دەمڕاستی ڕەسمیی ڕژێم بە «ئاژاوە چییەتیی تاوانکارانەی ئایدۆلۆژیک» تاوانباری کردن. ئەمە خاڵێکی بنەبڕە: ئەگەرچی فۆرمالیزم هاوکاتی شۆڕشی ١٩١٧ سەریهەڵدا، بەڵام گەشە کردنەکەی پاش شۆڕش بوو. بەواتایەک، سەرەڕای ترۆتسکی کە فۆرمالیزمی بە «جۆرە لەبار چوونێکی ئایدیالیستی» سەبارەت بەپرسەکانی هونەر دەزانی، یان بە وتەیەکی دیکە بە دوایین پەناگەی ئایدیالیسم لە وڵاتی ماتریالیسمدا، ناوی دەهێنا، خۆی

بەری ئاژاوە و دوایین ئالۆزییەکانی زادەی شۆڕش بوو. ڕاستە، فۆڕمالیزم هیچ لایەنێکی هاوبەشی لەگەڵ مارکسیزم نییە، بەڵام وەک ڤیکتۆر ئێرلیخ وەبیرمانی دەهێنێتەوە، وازهێنان لە «فرەبێژی» و گرۆیەتی بەرەو جۆرە «تەکنیک خوازی»یەکی ئەدەبی زیاتر لە هەزوخواستی پیشەسازیانەی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە نێزیکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، کاتێک دەنگ هەڵبڕین و دژایەتی لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا، زیاتر لەجاران شەرعیەتی خۆی دۆڕاند، هێرش و جنێو بۆ سەر فۆڕمالیستەکان، کە ئەوانیش نەکردانە بەرگرییان لە خۆدەکرد، گەلێ دڕندانەتر بۆوە. ئاراتۆف و تاقمێک لە «کۆمەڵناسانی فۆرمالیست» دەستیان دایە دامەزراندنی ڕێککەوتنێکی بێ ئەگەر، لەنێوان فۆڕمالیزم و مارکسیسمدا، بەڵام زۆری نەخایاند کە لەساڵی ١٩٣٠ بەدواوە، سەردەمی تاوانبار کردنی «شکلۆفسکی» یان جۆرە پاشەکشێیەک بەرەو ڕۆمانی مێژوویی، یان ڕانستوانانە (تیینانۆف، ئایخنباوم)، هاتەدی. فۆڕمالیزم ئەم کاتە زیاتر لە هەموو کات لە گوتاری بانگەشەیی ڕەسمیدا بەجۆرە جنێوێک دادەنرا کە لە هەموو بوارێکدا، ئاراستەی ڕژێم دەکرا. کۆمەڵەی بەهرەداری ڕەخنەگرانی لاو، کە نێزیکەی دوو دەیە گیانی وەبەر پانتای ئەدەبی ڕووسیادا کرد بوو، هەلوەشایەوە. بەرهەم و بەیانەکانیان کە لە نوسخەی کەمدا چاپ ببوو، [ئیدی] دەستنەدەکەوتن. موقەدەر نەبوو فۆڕمالیزم بمرێت یان تێدا بچێت.

لە ساڵی ١٩٢٠ەوە، ڕۆمان یاکووبسێن، ڕۆحی توێژەرانەی فۆرمالیستەکانی بۆ پراگ گواستبۆوە. ئەو ساڵی ١٩٢٦ بازنەی زمانناسیی پراگی دامەزراند کە بونیادگەریی زمانناسانە، بەدوایدا هات. سەرکەوتنێکی چاوەڕێنەکراو، چاوەڕێی هزری فۆڕمالیستەکانی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٥٥ەوە، ئاگامان لە دۆزینەوەی دووبارەی [فۆڕمالیزم] بەمانا ڕاستەقینەکەیەتی. [دەزگا] بڵاوکەرەوە ڕۆژئاواییەکان، بەرهەمە سەرەکیەکانی فۆڕمالیستەکانیان چاپ و بڵاو کردەوە. برەوی ڕۆژانەی ئەم بەرهەمانە لە نیو ئۆسلاوخوازانی دەرەوەییدا و، ژیانەوەی کەلەپووری



فۆڕمالیستی لە ساڵەکانی دواتردا، لە سۆڤیەت، گەشتە ڕادەیەک کە ڕێبازیکی «بونیادگەر»یش لە زانستگای «تارتۆ» دامەزرا. ئەو پرسەی ئەوڕۆکە فۆڕمالیزمی ڕووس دەیهێنێتە ئاراوە، زیاتر پرسی [سەرلە]نوێ زانەوەی خۆی دەبێت. چۆن و بۆچی ڕێبازێکی ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانێ پاش کوژرانی توندوتیژانەی، سەرلەنوێ سەر هەڵبداتەوە؟

١- ڕەگەکان

فۆڕمالیزمی ڕووس بەرهەمی دوو کۆڕی ئەدەبییە: یەکەمیان بازنەی زمانناسیی مۆسکویە کە ساڵی ١٩١٥ لە سەردەستی چەند خوێندکارێک پێکهات. ئەویدییان لە سەن پتێرزبۆرگ، بە «کۆڕی لێکۆڵینەوەی زمانی شاعیرانە» ناسرا کە کورتکراوەی ناوەکەی «ئۆپۆئییاز» opoïaz بوو. لەمۆسکۆ، سەرۆکی بازنەکە، ڕۆمان یاکووبسێن بوو: ئەو خوێندکارەی حەزی لە ڕەگەزناسیی ئۆسلاو و فەلسەفەی زمان بوو. لە پتێرزبۆرگ، زۆربەی ئەندامانی ئۆپۆئییاز قوتابیی بۆدۆئێن دۆکۆرتنە ـ ی فەیلەسووف بوون. ناوە ناسراوەکانی نێوایان بریتی بوون لە: یاکووبینسکی، ڤیکتۆر شکلۆسفکی، بۆریس ئایخنباوم. ئەم دوو لانکەی فۆڕمالیزم، دوو ژێدەری هاوبەشیشیان هەبوو: حەز لە زمانناسی و خۆشەویستیی شیعری مودێرن، بەتایبەت فۆتۆریسم. بەم جۆرە، یاکووبسێن و شکلوفسکی، نەک خوازەکانی مایاکۆفسکی و داهێنانە زمانییە ئازادەکانی ڤیلمیر خلێبنیکوڤ، ئەلکساندەر کرۆ خنیچ یان دەیوید بوورلیووک یان بە حەز و تاسەوە دەخوێندەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کە پێوەندییان پێوەدەگرتن، دۆستایەتیەکی نێزیکیان دادەمەزراند. ئەم هاودڵیکردنە لەگەڵ شیعری پێشڕەو جۆرە زەوقێکی قەرەجانەی ئەدەبی و بەشەڕ هاتن لەگەڵ بڕیارەکان، ڕەنگێکی ڕووداو ئافرێنانەی گەنجانەی بەیەکەم سەر هەڵدانەکانی فۆڕمالیستەکان بەخشی. بەڵام هەموو فۆڕمالیستەکان لەسەر ئەم خاڵانە هاوڕا نەبوون. ئایخنباوم و ژێرمۆنسکی بەزۆری حەزیان لە شیعری سیمبۆلستی و ئەکمەئیستی دەکرد: هەناوتوێژیی «بان ئەقڵیی

Trans rational» کرۆخنیچ، سەرنجی ڕادەکێشان. لەپاڵ ئەمەشدا کومەڵەی فۆرمالیستەکان بێ کێشەش نەبوو و، ڕاپۆرتەکانی شکلۆفسکی و ژیرمۆنسکی بەزۆری لێکدژن و تەنانەت لەشەڕدا بوون. شکلۆفسکی فۆڕمالیزمی ڕووس بە ئۆپۆئیبیازەوە نابەستێتەوە. ژێرمۆنسکی فۆڕمالیزم دەکاتە بزووتنەوەیەکی بەربڵاو کە بەهێزێکی زۆرترەوە بەرامبەر پشتە سەمبۆلیستەکانی خۆی دەوەستێ.

٢- شۆڕشێکی میتۆدناسانە

فۆڕمالیزم، بەر لەهەرشتێک، نیشانەی قەیرانێکی بەجەختی میتۆدناسەکیانەی جیهانی ئەدەبە. ئەدەب لە ڕووسیادا بەردەوام گیرۆدەی جۆرە ڕەخنەیەکی کۆمەڵناسەکیانە بوو کە ڕەخنەکە ڕەنگێکیی سیاسەت و ئایدۆلۆژیای پێوە دیار بوو. لە کاتی فیساریۆن بلینسکیەوە و بە تایبەت لە سەردەمی پۆزەتیڤیسمدا، ڕەخنەگر چاوەڕێی حەقیقەت بێژیی لە نووسەر دەکرد. پێوەندیی هۆ و هۆکرد (معلول) یانەی نێوان تۆلستۆی ـ یش ئەم دۆخە ڕۆحییەی بەهێز کرد بوو. ئەم کۆتە، یەکەمجار لە سەردەستی سیمبۆلیستەکان، پسێندرا. ئەم بەرەیە جگەلەوەی [باسی] پێوەندیی هونەر و واقیعە ڕۆحی و میتافیزیکیەکانی هێنایە نێوان، لە هەمانکاتدا هەوڵێدا ڕەمزی code زمانی شاعیرانە کە کەرەسەی دۆزینەوەی سیمبۆلەکانە، کەشف بکات. ئەم کارە لەسەردەستی ئاندرەئی بی یەلی لایەنی زانستیی وەرگرت. کۆمەڵێک شاعیری گەنج کەبووریس پاستێرناک ـ یشیان تێدا بوو لە دەزگای بڵاوکردنەوەی «مووساژێت» بە سەرۆکایەتی بی یە لی کۆبوونەوە تا لە مۆرفۆلۆژی شیعری ڕووسی بەشێوەی ئاماری بکۆڵنەوە، دەکرێ بڵێین یەکەم توێژینەوەی فورمالیستیانەی ڕووسی ئەو کۆمەڵە وتارە فراوانە بوو کە بییەلی ساڵی ١٩١٠ بەناوی سیمبۆلیسم- ەوە کۆی کردنەوە. ئەو لەم کۆمەڵەدا دەستی دایە لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆژیی بەراوردیانەی شاعیرە غینابیە ڕووسەکان و، شیعری وەک جۆرەشەڕێکی بەردەوامی نێوان کێش (گەلاڵەی زۆرەملی) و ڕیتم (یەکایەتیی دەروونیی



شیعر) کە بەردەوام شاعیر بەرەوجۆرە کێش شکێنییەکی، ڕیتمدار دەبات، پێناسە کرد. ئەم تێورە، پشتی بە لێکۆڵینەوەگەلێکی ورد بەستبوو. دواتر فۆڕمالیستەکان لە زۆربەی بابەتەکاندا، سەمبۆلیسم و بەدواشیدا، «وابەستەیی» و پێوەندیی بۆدلێریانەیان ڕەت کردەوە و لەبەرامبەردا لادانی داهێنەرانەی فۆتۆریستەکانیان هەڵبژارد. بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر شۆڕشی میتۆدناسەکیانەی سیمبۆلیستەکان نەبوایەت، فۆڕمالیستەکانیش نەیاندەتوانی وەهاشۆڕشێک بکەن. فۆتۆریستەکانیش وەک سیمبۆلیستەکان لە لێکدانەوەی زمانی شاعیرانە و تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەوە دەستیان پێکرد.

لەقۆناغی یەکەمدا، کاری ئەوان بریتی بوو لە لیستە کردنی سێبوور و زانیارانەی جوانیکارییە شیعرییەکان. [ئەوان] یەکەمجار ئەم بنەمایان، کەبەپێی ئەو، شیعر بە بوونی ئیماژەوە لە پەخشان جۆی دەبێتەوە (ئەم بیرە لە سەردەمی نۆزدەیەم و لەلایەن پووتبینیای زماناسی ڕووسەوە بەیاساکرا بوو) واز لێهێنا و «بنەمای هەستکردنی فۆرمیان وەک دیاریکەری دەرکی جوانی» هێنایە ئاراوە. ساڵی ١٩١٦ و پاشان ساڵی ١٩١٧ لە سەن پتیرزبۆرگ، دوو کۆمەڵە وتار سەبارەت بە تیۆریی زمانی شیعر بڵاو بۆوە، شکلۆفسکی کەهەم چاونەترس و هەم بەتوانا و زانیار بوو، لەم وتارانەدا هێرشی کردە سەر تێگەشتنی سیمبۆلیستەکان. ئەو دەڵێ: ئیماژەکان سەرمایەگەلێکی لەکارکەوتە و دەستکاری کراون کە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە دەگوێزرێنەوە و دیاریکەری هیچ شتێک نین. «هەموو کارێکی ڕێبازە شیعرییەکان بریتی بووە لە کەڵەکە کردن و پێشاندانی پرۆسەی تازە بۆ دەستبەسەرداگرتن و، نواندنی ماتریاڵەکانی پەیڤ و ئەمەش زیاتر بریتی بووە لەبەکارهێنانی ئیماژەکان نەک ئافراندنی [ئیماژەکان].» کەوا بوو ئیماژ کەرەسەیەکی زمانی شاعیرانەیە وەک کەرەسەکانی دیکەی [زمانی شاعیرانە]، تەمسیل هێنانەوە، گەورە کردنەوە، چواندن، دووپات کردنەوە و هتد کە هەموویان یەک کارکردی

دیاریکراویان هەیە: دژوارتر کردنەوەی فۆرم. چونکوو هونەر ئاگای لە بنەمای زانستیی «یاسای دەسپێوەگرانەی هێزە داهێنەرەکان» نییە. بایەخی شێواز style لەوەدا نییە کە «زۆرترین بیر بەکەمترین وشە» دەربیڕێت. زمانی شاعیرانە دەمامک لە سەر عادەتەکان دادەنێ و دژوارییە دەنگییەکان زیاتر دەکات. جێی سەرنجە، کە لەپاڵ ئەم لێکدانەوە سەرەتاییانەدا، فۆرمالیستەکان بەزۆری بۆ شیعری جەماوەریانە، واتەیەکێک لە فۆرمالیستی ترین زمانەکان گەڕانەوە: لەم بارەوە شکلۆفسکی چەندین «شیعر – مەتەڵ» ناودەبات، ئۆسیپ بریک لە دووپاتبوونەوەی بیلین-ەکان (حەماسەی جەماوەریانە)، گوزارە ئاوەڵدوانەییەکان و تەربیبی نەگەتیڤ (ئەو چواندنانەی کە تەنیا بۆ ئەوە دەهێنرێن کە خێرا ئینکاربکرێن) کە لە شیعری جەماوەریانەی ڕووسیدا زۆرن، دەکۆڵێتەوە.

بەرهەمی هونەری کۆمەڵەیەکی جوانیکارییە، بەڵام یەکێک لەوان [جوانیکارییەکان] پاش ڕووبەڕووبوونەوە بە سەر ئەوانی تردا زاڵ دەبێ و دەوری زاڵ دەگێڕێ. ڕیتمی ناوەکی، بەزۆری هەر ئەو جوانیکارییە زاڵەیە کە بەرەنگاری نەحوی ناشاعیرانە دەبێتەوە. [ریتمی دەروونی] شیعر نەک وەک گەلاڵەی کێشداری سوننەتی، بەڵکو [وەک] دووپاتبوونەوەکانی «سروودی ڕۆلمان»، ئاوەڵدوانەکانی بیلین ـ ەکان، تەوازییە گووگوولیەکان لەم چەشنەن، ئەم بۆ چوونە تیۆریکە، بەرهەمگەلێکی گرنگی سەبارەت بە شیعری پووشکین و هەروەها ئاخماتوا و خلبینکۆف، بەرهەم هێنا. بەڵام هەندێ جاریش بەرەو دژوازبێژی پاڵ نرا. فۆرمالیستەکان لە بەرهەمی هونەریدا، تەنیا کۆمەڵێک جوانیکاریی جۆرا و جۆریان دەبینی. لە کارەکانی ئەواندا هیچ نیشانەیەکی شیکردنەوەی ڕسکانی بەرهەم و جوولانی فۆرمە ئەدەبییەکان، بەدی نەدەکرا.

## جوولانی فۆڕمەکان

ئەمە دووەمین قۆناغی گرنگی توێژینەوەکانی فۆرمالیستەکان بوو. لە



دۆزینەوەی یاسا بزۆزە ئەدەبییەکاندا ڤیکتۆر شکلۆفسکی و یووری تینیانۆف یەکەم دەوریان گێڕا بەڕای شکلۆفسکی، جوانیکاریە ئەدەبیەکان بەردەوام دەسوێن و ئۆتۆماتیک دەبن. هونەر بێ وچان هەوڵدەدات ڕوانینی ئێمە تازەتر بکاتەوە و ئەو جوانیکارییە «نامۆکردنەوە -defamiliariax tionیە کە تۆڵستۆی بەردەوام بەمەبەستی جۆرە لاساییکردنەوەیەکی تەوساوی (پارۆدی) خوازیاری بوو. بۆ نموونە کورتە چیرۆکی خۆلستۆم جیهانمان لەچاوی ئەسپێکەوە پێ پێشان ئەدات. بەهەر چەشنە، نامۆکردنەوە بۆ ئەوەیە کە نووسەر بەردەوام خۆی تازە بکاتەوە تاکوو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، جێگیر نەبێ. هەر بۆیەش شێوەڕوانینی باوکانی خۆی فڕێدەدات و ڕوودەکاتە ئەو جۆرە ئەدەبییە بچووکانەی لەڕابردوودا بایەخیان پێ نەدراوە. ئەمە هەر ئەوشتەیە کە شکلۆفسکی میراتی لە مامەوە بۆ برازای، ناودەنێ و یان بە پێی یاریی شەترەنج کە تێیدا، ئەسپ قەت لە هێڵێکی ڕاستەوخۆدا، ناکشێ، «جوولانی ئەسپ» [ی پێ دەڵێ] (ناوی بەرهەمێکی ئەو، ١٩٢٣, بۆ نموونە پووشکین سوننەتی لۆمۆنۆسف کە کۆشلبکر هێشتا پێڕەوی دەکا-ی وازلێهێنا و جۆری گچکەتری «شیعری کۆڕیی» سەرخست. تۆلستۆی ڕۆمانتیسیزمی وەلاخست و ئیلهامی لە ڕۆسۆ و تۆپفێر وەرگرت. زۆر زوو فۆڕمالیستەکان هاتنە سەر ئەوەی لە چوارچێوەی بەرهەمە مەزنەباوەکان بێنەدەر و بەخوێندنەوەی چەشنە ئەدەیە بچووکترەکانەوە (بیرەوەری، تەجنیس، ئەدەبی نامە) خەریک بن کە لە هەر بەرەیەکدا بەرامبەری جۆرە ئەدەبیە گەورەترەکان دەبنەوە. تینیانۆف لێکۆڵینەوەی ئەم بەردەوامیە ئەدەبیانەی بە قایل بوون بە دەوری تەکوینی بۆ «پارۆدی» (لاساییکردنەوەی تەوساوی)، دەوڵەمەندتر کرد. بەزۆری لەم ڕێگەوەیە کە بەرەیەک جوانیکاریەکانی ڕابردوو لە ئیعتیبار دەخات. بەم پێیە، بەزۆری وتراوە کە دەستەیۆفسکی سەرەتا بە لاساییکردنەوەی گووگوولەوە دەستی پێکرد. تینیانۆف نیشان دەدات کە دەستەیۆڤسکی لە چیرۆکی ستیپانچیکۆ دا

دەستی داوەتە لاساییکردنەوەیەکی وردی وەعز و لێدوانەکانی گووگوول لە کورتەی نامەگۆڕینەوەکانی من و هاوڕێکانم. باسەکە ئەوەیە کە نابێ لە جوانیکاریی ئەدەبی بە شێوەیەکی جیا بکۆڵدرێتەوە. ئەو جوانیکاریانە کارکردیان هەیەو تینیانۆف پێشان دەدات کە کارکردەکانی جوانیکاری، دەگۆڕێت و «بابەتی ئەدەبی» وەردەچەرخێ، لەدواییشدا «زنجیرەی ئەدەبی» هاوبەستەی «زنجیرەی کۆمەڵایەتی»یە. وەرچەرخانی ئەدەبی بە پێچەوانەی تێگەشتنی سوننەتیەوە، لەرێگەی [هەڵ] نیشتنەوە، ڕوونادات، بەڵکو لەڕێگەی خزانی دیاردەزمانناسەکیەکان لە زنجیرەیەکەوە بۆ زنجیرەیەکی دیکە و، بەپێی یاسای «ئیجابی ئەدەبی» ڕوودەدات. بەم جۆرە فۆڕموولی بەناوبانگ و نەختێک هاندەری شکلۆفسکی: (قاڵبی نوێ، ناوەرۆکی نۆی دەخولقێنن)، چاککرا و بەخۆشیەوە، تەواو کرا.

**کەلەپوور**

کەلەپووری فۆڕمالیستە ڕووسەکان گرینگ و فرەڕەنگە. وادیارە دەکرێ ئەو کەلەپوورە لەژێر سێ «سەردێردا»دا کۆ بکرێتەوە. ناوی یەکەم «توێژینەوە تیۆریکەکان»ە: بەیاننامەکان، بەرهەمەکان، مەشقی دەقی کورتی نموونە و هەڵبژاردەی وتارەکان. لەم کۆگای دەقانەدا، هەموو شتێک هەیە چاکترین و خراپترین. لە گەورە کردنەوەی کۆن بوەوە تاکوو شیکردنەوەی گەلێ شارەزایانەو بێ نموونە، [هەمووشتێک لەم کۆگادا ئامادەیە]. کۆمەڵە سەرەکیەکان بریتی بوون لە: دوو کۆمەڵە دەربارەی تیۆریی زمانی شاعیرانە لە ساڵانی ١٩١٦ و ١٩١٧دا، شیعری هاوچەرخی ڕووس [بەرهەمی] ڕۆمان یاکووبسێن ١٩٢١، شیعری ڕووسی بەرهەمی ب.کۆماشۆفسکی(٢٣) ١٩٢٣، لە نیۆ ئەدەبەوە بەرهەمی تینیانۆف ١٩٢٤، چوار کۆمەڵەی پۆبەتیکا Poetika کە لەساڵانی ١٩٢٦ بۆ ١٩٢٨ لە لنینگراد بڵاو بۆوە، تیۆری پەخشان، بەرهەمی و. شکلۆفسکی ١٩٢٥، پەخشانی ڕووسی بەرهەمی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی کە لەژێر چاوەدێریی ئایخنباوم و تینیانۆف لە ساڵانی ١٩٢٦دا بڵاو بۆوە



و وەکی تر بەرهەمی گەلێ گرنگی تینیانۆف، ناسراو بە کۆنەپەرستان و داهێنەران ١٩٢٩ .

دووەمین سەردێر، «توێژینەوەی زانستی»یە. ئەم نیشانانە پێشاندەری پێگەشتنی فۆڕمالیستەکانن. فۆرمالیستەکان [هەندێ] نووسەری تایبەتیان زیاتر مەبەست بوو کە بەرهەمی ئەو نووسەرانە زێدەتر یارمەتیی شیکردنەوەی جوانیکاریی دەدا، لەپلەی یەکەمدا دەبێ [لەم نووسەرانە] باسی گووگوول بکەین. «چۆن شنێل-ەکەی گووگوول بەرهەم هات؟» بەرهەمی ئایخنباوم، ١٩١٩ و توێژینەوە جۆراجۆرەکانی و. ویتۆگرادۆف، دەستەیۆفسکی کە فۆڕمالیستەکان دەستیان دایە دووبارەی خوێندنەوەی لایەنی فۆرمیانەی بەرهەمەکانی (نووسراوەکانی تینیانۆف) و بەرهەمی گرنگی یەک دانە «تاک تیر هاوێژ» کە تەنیا پێوەندیگەلێکی بە فۆڕمالیستەکانەوە هەبوو: باختین و بەرهەمە بەناوبانگەکەی واتە بووتیقای دەستەیۆڤسکی. تۆلستۆی کە جوانیکارییە تیزاوییەکانی بە باشترین شێوە وەڵامدەرەوەی وەسفەکانی فۆڕمالیستەکان بوو و بووە هۆی بەرهەمهاتنی ئەم بەرهەمانە: تۆلستۆی ـ یی گەنج، بەرهەمی ئایخنباوم ١٩٢٢، هەروەها بەرهەمێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ئەم نووسەرە بەناوی تۆلستۆی ١٩٢٨و١٩٣١ و وەکیتر بەرهەمی گەورەی شکلۆفسکی بەناوی ماتریاڵ و شێواز لە شەڕ و ئاشتی دا ,١٩٢٨ نا بێ چاو لە گرنگایەتیی بەرهەمی فۆڕمالیستەکان سەبارەت بە ئەدەبی بێگانەش بپۆشین. بەتایبەت تریسترام شێندی، بەرهەمی ئەسترێن و دۆن کیشۆت بەرهەمی سیرڤانتێس، ڕۆڵێکی مەزنیان لە بەرهەمەکانی شکلۆڤسکی- دا، گێڕا. سەرنجڕاکێش و گرنگترین وتارەکانی نێو ئەم کۆمەڵە وتارانە، ئەوانە بوون کە بۆ شاعیرانێکی وەک بلووک، ئاخماتووا، مایاکۆڤسکی و خلبینکۆڤ، تەرخان کرا بوون و لەلایەن تینیانۆف، ژێرمۆنسکی، یاکووبسێن و وینۆگرادێف ـ ەوە نووسرا بوون. بەڵام بەرهەمی سەبارەت بە پووشکین لەلایەن «تۆماشۆڤسکی و تینیانۆف»ەوە و لێرمانتۆف نووسراوی

ئایخنباوم و نیکرسێف بە نووسینی تینیانۆف و ئایخنباوم، بوونەتە بەرهەمگەلێکی کلاسیکی گومان هەڵنەگر. لە دواییشدا بائاماژە بدەینە بەرهەمێکی جیاواز کە دەورێکی مەزنی لە گەشەی ئەندێشەی فۆرمالیستەکاندا گێڕا: مۆرفۆلۆژیی حەکایەت، بەرهەمی ڤلادیمیر پرۆپ کە ساڵی ١٩٢٨ لە زنجیرەی بلاوکراوی پرسەکانی شیعردا، بڵاوبۆوە.

بەڵام کەلەپووری فۆرمالیستەکان زۆر لەمانە بەرفراوانترە و هەڵدەگرێ سەردێرێکی دیکەش بە دوو سەردێرەکەی پێشوو زیاد بکەین: کەسێتیگەلێکی بەرجەستەی وەک شکلۆڤسکی یان تینیانۆف نەیاندەتوانی تیۆرە ئەدەبییەکانی خۆیان بەبێ تاقیکردنەوەی ئەو تیۆرانە لەبەرهەمی ئەدەبیدا، دەرببڕن.

دیاریدەیەکی ئەدەبی ڕووس لە بیستەکاندا، شەیداییەکی تامەزرۆیانەیە بۆ ئەزموونکردنی قاڵبی نوێ لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی ئیعتیبارەوە بۆ خەیاڵاندن لە ئەدەبدا. فۆرمالیستەکانی ڕووس نەک تەنیا دەورێکی چالاکیان لە بیچم بەخشینی ئەم زەوقە تازەی نێو بابەتەتی داهێناندا گێڕا، بەڵکو خۆشیان دەستیان دایە ئافراندنی هەندێ بەرهەم کە لەم بوارەدا بوونە سەر نموونە. گرووپی ئەو نووسەرانەی کە بە باشترین نوێنەری شەیدایی داهێنانی قاڵبی نوێ دادەنران و بۆ دەربڕینی ئەم شەیداییەش ناوی چیرۆکێکی ئە.ت، ئا. هووفمان واتە چیرۆکی «براکانی سراپیۆن» یان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو، نەک زۆر لە فۆرمالیستەکانەوە نێزیک بوون، بەڵکو «شکلۆفسکی»-یش ببوە ئەندامیان، ئەگەرچی بەیاننامەی گرووپەکە بە ئیمزای قوتابیەکی ئەوەوە، واتە بە ئیمزای لیئۆن لۆنتەر(٣١)ەوە بلاو بۆوە. کاورین(٣٢) نووسەری چیرۆکی وەهمی و پێڕەوکەری زۆر وریای لارێنس ئەستێرن، بەرچاوکردنی زۆربەی لایەنەکانەوە هەمان نووسەرە دڵخوازەکەی فۆرمالیستەکانە. بە پێچەوانەوە، شکلۆڤسکی بە [کتێبی] سەفەری عاتیفی-یی خۆیەوە (کە ئەویش بە پێڕەوی ئەستێرن نووسیبووی)یان بە بەرهەمێکی دیکەیەوە [بەناوی] سێیەمین کارگە



١٩٢٦، چەشنێکی ئەدەبیی تێکەڵ و تاڕادەیەک نائاسایی وشێتانەی بەرهەم هێنا کە ئاوێتەیەک بوو لە نارەزایی و سینمای بەڵگەیی و دروشم. تینیانۆف-یش ڕۆمانێکی مێژوویی تایبەتی نووسی کە فاکتەرێکی بەرهەمهێنەری یەکگرتوویی شاعیرانەی بەرهەمەکەی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی زانستوانانەیە. ناوی ئەم ڕۆمانە مردنی وەزیر موختار ١٩٢٩ بوو. وەکیتر ئەو بە [نووسینی] چیرۆکی نیوەمێژوویی و نیوەوەهمی (کەسایەتیی مۆمی، نەقیب کیژە) بیری لە جۆرێکی زۆر هاوچەرخانەی ئەدەبی وەهمی دەکردەوە کە لەسەر بنەڕەتی پرسی کۆمەڵایەتی ڕۆنرا بوو. شەیدایی وتاسەی فۆرمالیستەکان بۆ داهێنانی قاڵبی نوێ، [شەیداییان] بۆ گەمەی بونیادە هونەریەکان و بە کورتی بۆ «مۆنتاژ»، بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ شانۆ و سینەما گوێزرایەوە. ئایزنێشتاین بە «مۆنتاژ کردنی جوانیەکان» دەستی دایە فۆرمالیزمێکی دەمارگرژانە. تینیانۆف کە تواناکانی نووسینی سینەمایی ئەفسوونی کردبوو، لە چەندین فیلمدا لەگەڵ تراوبێرگ و کۆزنیتێف ـ هاوکاریی کرد. ئەو کە لە چیرۆکەکانی پتێرزبۆرگ ـ ی بەرهەمی گووگوولدا، بەدوای ئەو ئاسۆگە و بزووتنانەدا دەگەڕا کە بشێ بکرێنە بزووتنی سینەمایی، لە ئاکامدا توانی شنێل ـ ی گووگوول بەوپەڕی شارەزاییەوە بکاتە فیلم.

فۆرمالیزمی ڕووس هێندەی سیماو کەسایەتیی جۆراجۆری بەجیهانی ئەدەبی ناساندووە کە بەزۆری داوەری ناتەبایان دەربارە دەکرێ. لە کتێبێکی ئەم دواییانەی کریستینا پۆمۆرسکادا فۆرمالیزم زیاد لە هەرشتێک بە وەڵامدانەوەی تیۆریکی ڕێبازی فۆتۆریسم زانراوە. وەها داوەرییەک ڕەنگە ئەمەگنەناسی بەرامبەر سیمبۆلیسم و بەتایبەت، بیبەلی بێت. کەسانێکی دیکە لە فۆرمالیسمی ڕووسیدا، لەدایک بوونی زانستێکی ئەدەبی، (لە دایک بوونی) بووتیقایەکی بونیادگەری ئەمرۆیی ـ یان لەو پەڕی گەشەدا، بینیوە. هەندێکی دیکەش توندڕەوییە تیۆریکەکانی فۆرمالیستەکانیان بەرپەرچ داوەتەوە و تەنیا لێکۆڵینەوەی

مەزنی وەک لێکۆڵینەوەکانی ئایخنباوم سەبارەت بەتۆلستۆی، بەگرنگ دادەنێن. فۆرمالیستەکان کە دژی سوونەتی درێژماوەی کۆمەڵناسانەو ئەخلاقخوازانەی ڕەخنەی ئەدەبیی ڕووسی بوون، ئەو چرۆ تازانەیان کە دەمێک نەبوو بە سیمبۆلیسمەوە موتوربە کرا بوون، پشکووتووتر کرد. بێ گومان ئەوان نوێنەرانی چرکەیەکی گرنگ و گەشاوەی وشیاریی ئەدەبیی ڕووسی و شۆڕشێکی میتۆناسانەن کە هەواڵی زاڵیەتیی مودێرن، لەڕێگەی زرەگوتارگەلێکەوە ئەدات و خولیاکانی گۆتە یان ڤالێری سەبارەت بە مۆرفۆلۆژییەکی شیاوی سەرنجی هونەر، پێڕەو دەکات.

سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی:

.Georges "Nivat, formalisme Russe" Dncy clopaedia univesalis

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

فصلنامە ارغنون، شمارەی ٤، زمستان ١٣٧٣، ویژەی نقد ادبی نو، ترجمەی ڕضا سیدحسینی، ص ١٧-٢٥.



## تیۆری شیعری: یاکووبسن ولێڤی شتراوس بەرامبەر ڕیفاتر

*نووسینی: ڕۆبێرت شولس*

*وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی*

مەبەستمان لە دەستەواژەی "تیۆری شیعری" poetic theory لە سەر دێری ئەم بەشەدا، هەر هەمان تیۆری ئەدەبی یان بوتیقا Poetics یە، هەڵبەت بەپێداگرتنێک لەسەر شیعر. لە بەشەکانی دواتر دا باسی تیۆری ئەدەبی پێوەندیدار بەهونەری نمایش (دراما) و چیرۆکنووسیەوە دەکەین، بەڵام لەم بەشەدا، پتر سەرنجی خودی تیۆری ئەدەبی دەدەین. هۆی پێویستیشمان بۆ ئەم پێشخستنە هەیە، شیعر کەم و زۆر هەموو کات بەپێی شێوەی تایبەتی بەکارهێنانی زمان- و جارجارە بەگوێرەی جیاوازییەکانی لەگەڵ "زمانی ئاسایی" پێناسە کراوە. دیارە ئەم پێناسە ناواخنێکی زماناناسانەی هەیە، و هەر بەم هۆیە، پڕ بەپێستی حاڵ و باڵی ئەو تیۆری داڕێژانەیە کە سەرەتا وەک زماناناس و دوایی لە پلەیەکی نزمتر (و جاروبار گەلێ نزمتر)دا بەناوی ڕەخنەگری ئەدەبی خەریکی لێکۆڵینەوەی شیعر دەبن. ئەگەر بێت و دۆخێک بێنینە بەرچاومان کە لەودا زانستی زماناناسی، شیعر لەسەر تەختی ئەشکەنجە دادەنێ و زۆری لێدەکات کە ڕاز و نهێنیەکانی خۆی بدرکێنێ، یان تەنانەت بۆ دەرباز بوون لەچنگ ئازار و ئەشکەنجە بەدرۆ، دان بەهەمووشتێکدا دەنێ، ئەوە دەبێتە هۆی سام و ترسی ژمارەیەکی بەرچاوی لایەنگرانی ئەدەب. هەڵبەت دەسکەوتە ڕاستەقینەکانی ڕەخنەی ئەدەبی زماناناسانیش زۆر جار بەئەندازەی پێویست ترسێنەر بوون. بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەدەب دۆستانی هەست ناسک کە لە ساڵانی خوێندنی زانکۆدا لە هەرێمی زانستگەلی ورد ڕایان کرد و پەنایان بۆ هەرێمی زانستە مرۆییەکان هێنا، دیمەنی هێرشی

زانستی زماناسی کە وەک حەزیایەکی دڕندە دوایان دەکەوێ و لەت و کوتەکانی جەستەی شیعری هەمە جۆر بەسەر پەنجە و کەڵپەکانییەوە ئاوێزانە، بەڕاستی مۆتەکەیەکی سام هێنەر و ترسناکە. لەم کتێبەدا من هەوڵ دەدەم، نەختێک ئارام و لەسەرە خۆبم و ئینجا ڕووبەڕووی ئەم مۆتەکە ببمەوە. من وەک ڕای خۆم لەگەڵ ئەم بۆچوونەی یاکووبسن دام، بۆچوونێک کە بۆی هەیە وەک نووسراوەیەکی گونجاو و پڕبەپێست بۆ پاشماوەی بابەتەکانی ئەم بەشە بەکار بێت:

ئەگەر کوو هێشتاش ڕەخنەگرانێک هەن کە گومانیان لە شایستەیی و توانایی (زانستی) زماناسی بۆ زاڵ بوون بەسەر هەرێمی تیۆری ئەدەبیدا هەیە، باوەڕی تاکەکەسی من ئەوەیە کە ناشایستەیی و ناکارامەیی شیعریی کۆمەڵێک زماناسی سەرەڕۆ، بەهەڵە وەک نەشارەزایی زانستی زماناسی لێکدراوەتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا، ئێمە ئێستە هەموومان بەڕاشکاوی زانیومانە کە زماناسی بێ ئاگا لە کارکردی شیعریی زمان، و تۆژەرو مامۆستای ئەدەبیی گوێ نەدەر بەپرس و کێشەکانی زماناسی و نائاشنا لەگەڵ ڕەوشتە زماناسییەکان، هەردوو بەیەک ئەندازە بوونەوە دانێکی پێش مێژوویین کە سەردەمیان بەسەرچووە.

[زماناسی و تیۆری ئەدەبی] لە style in language, Combridge, Mass, 1960,P377 لە تیۆری ئەدەبیدا یەکەم پرس هەر ئەوشتەیە کە ئێمە دووبارە و چەندبارە دەگەڕێینەوە سەری: شیعر چییە؟ ئەم پرسە و برا گەورەکەی (ئەدەبیات چییە؟)، بەردەوام وەک تاپۆیەک لە گشت هەوڵەکانی ئێمەدا بۆ ڕێکۆپێک کردنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ئامادەن. لەکۆبوونەوەیەکدا کە دیسامبری ١٩٧٢ بەمەبەستی باس لە بونیادگەری بەڕێوە چوو، بەشداران چەندین کاتژمێر لە بابەتی سەرەکی لایان دا و خۆیان بەباسی چییەتی و ماهییەتی زمانی شیعرییەوە سەر قاڵ کرد – لە کاتێکدا لە دانیشتنی بەیانی هەمان ڕۆژدا، وتاری سەرەکی کە لەسەر "بوتیقاوتیۆری ئەدەبی" نووسرا بوو، بەتوندی هێرشی کردبوەسەر ئەم بۆ



چوونە کە دەکرێت زمانی شیعری وەک جۆرە لادانێک لە "زمانی ئاسایی" پێناسە بکەین. هەر بەم جۆرە، لە کۆنفرانسێکی تەواو جیاوازدا لە هاوینی ١٩٧٢ ، ئەو بەشدارانەی بەنیازبوون یاسا و ڕێسایەکی گشتی بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی هەمەلایەنەی گونجاوێتی ئەدەبی بۆ مێرمناڵان و لاوان ڕێکوپێک بکەن، هەر دەستەوئێخەی ئەم پرسە بوون و هەموویان بەسەر تەڵەکەیەوە کەوتن: ئەدەبیات چییە؟ من، بەش بەحاڵی خۆم، بەتێڕادیوییەوە پێم وایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسە، دەشێت سۆراغی زماناسان بگرین و دەستەو داوێنی ئەوان ببین، گەرچی دۆزینەوەی دواڕێگاچارەی ئەم پرسە هێشتاش هەر ئەرکی خۆمانە. بۆچوونەکانی یاکووبسن لەم بارەیەوە گەلێ کارسازن، چون ئەوشێوازێکی ڕوون و ڕێکوپێکی بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی پێوەندی نێوان "کارکردی شیعری" زمان و کارکردە جۆراوجۆرەکانی دیکەی داهێناوە. بێگومان ڕەوشتی یاکووبسن، بەو شێوەی کە لەوتاری بەناوبانگی سەرەوەدا پەرەی پێدراوە، هێشتا نیوەچڵە، بەڵام ئەوەندەی من بیزانم، بەدەستەوە دەدەم (هەڵبەت بەهەندێ گۆڕانکاری و دەستێوەردان لە وشەکاندا) و پاشان تێدەکۆشم ئەو ڕاستییە بخەمە بەرچاو کە چۆن دەکرێ هەر ئەم ڕەوشتە بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی زیاتر لەوەی یاکووبسن لە بەرچاوێتی، بەکار بێنین.

تیۆری پێوەندی یاکووبسن شێوازێکی هاسان و گونجاو بۆ شیکردنەوەی شەش ڕەگەزی پێکهێنەری هەر چەشنە ڕووداوێکی ئاخاوتەیی Speech event بەدەستەوە دەدا. بێ ئەوەی گوێمان لەوە بێت ئەو بابەتەی لێیدەکۆڵینەوە گفتگۆی ئاسایی، ئاخێوەری گشتی، نامە، یان شیعر بێت، ئێمە هەمیشە ڕووبەڕووی پەیامێک دەبینەوە کە لە بنێرەوە دەسپێدەکات و بەوەرگر کۆتایی دێت. ئەم سێ ڕەگەزە، دیارترین لایەنەکانی کردەی پێوەندین. بەڵام هەر پێوەندییەکی سەرکەوتوو پشت ئەستوورە بەسێ لایەنی تری کردەی ئاخاوتەییەوە. پەیام لەڕێگای بابەتێکی فیزیکی و یان

دەروونناسی، لە چوارچێوەی ڕەمزێکی code تایبەتدا، و لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ زەمینەیەکی Content دیاریکراودا، دەگوازرێتەوە. زەمینە ڕێگامان بۆ خۆش دەکات بزانین پەیام باسی چی دەکات. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا دەشێت ئەو ڕەمزە بزانین کە پەیام لە قەوارەی ئەودا ئاراستە کراوە - بۆ نموونە هەنووکە، پەیامی من لە سەردەستی میدیای جۆرە ڕەمزێکی لاوەکیی subcode ئاکادیمیک - ئەدەبی کە تایبەت بەزمانی ئینگلیسییە، دەگاتە ئێوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ڕەمزیش بزانین، تا ئەوکاتەی پێوەندیمان بەئاخاوتەی گوتراوەوە نەگرتبێت، لە هیچ ناگەین، بۆ نموونە، تا ئەوکاتەی کە وشەکانی من لەسەر ئەم لاپەڕە قاقەزە نەبینن (یان بۆ خوێندنەوەی بەدەنگی بەرزی ئەم وشانە گوێ نەگرن)، پەیامێک لە گۆڕێدا نییە. پەیامە، کە بنێر و وەرگر لە کرداری لەناخەوە ئینسانی پێوەندیدا، ڕێک دەخات، خۆی هەر تەنیا سیما یان ڕواڵەتێکی لەفزی verbal یە کە بەبێ پشت بەستن بەسەر لەبەری ڕەگەزەکانی دیکەی ڕووداوی ئاخاوتەیی، توانایی گواستنەوە و ئاراستەکردنی مانای خۆی نییە. پەیام خۆی هەر هەمان مانا نییە. مانا بەرهەمی دواجاری سەر لەبەری ڕووداوی ئاخاوتەییە کە ڕۆح و بۆن و بەرامەیەکی تایبەت بەهاوکێشەی لەفزی پەیام دەبەخشێ. (هەڵبەت هەندێ جۆری مانا هەن بێ پەیامی لەفزی، بۆ وێنە لەڕێگای نیگاوە، دەست لێدان، یا وێناندنەوە ڕادەگوێزرێن، بەڵام ئێمە نامانەوێ جارێ خۆمانی پێوە خەریک کەین.) ئەم شەش ڕەگەزە پێکهێنەرەی ڕووداوی ئاخاوتەیی و، پێوەندی نێوانیان بەم شێوەیە دەسنیشان دەکرێن:

زەمینە

پەیام

بنێر ———— وەرگر

پیوەندی (تماس)

ڕەمز



بێ شک پەیام لە نێو دڵی هەر ڕووداوێکی کەلامیدا ئامادەیە، و بۆمان هەیە هەر پەیامێک بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ و ڕاگوزەرانە وەک دیاردەیەکی ئیرجاعی refrential چاو لێبکەین کە ڕووی لە زەمینە، بابەت، یان بیرۆکەیەکی دەرەوەی خۆیەتی و ئێمە بۆ لای ئەو دەگەڕێنێتەوە. لەڕاستیدا، دۆخەکە زۆرتر هەر لەسەر ئەم هەوایە دەچێتە پێش. بەڵام سەرومڕی هەر پەیامێک ئاماژە بۆ زەمینەیەکی دەرەوەی خۆی ناکات. ئەم دێڕانەی خوارەوە لە بەر چاوبگرن:

گوێت لێبێ! بەگبەت! بەئینگلیسیەکی سادە و ساکار پێت دەڵێم. گوێت لیێە؟ ئەرێ، ڕۆژ و ڕۆژگاراێک پیاوێک بوو...

دەکرێ بەشە جیاوازەکانی ئەم پەیامە بەشێوەیەکی تەواو ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەندێ ڕەگەزی جیاواز لە ڕووداوی کەلامیدا یەکبخرێنەوە. زەمینەی دەرەکی پەیام تەنیا دوای دەربڕینی دوایین وشەکان تاڕادەیەک ئاشکرا دەبێت. بەڵام بەر لە ئاشکرا بوونی زەمینە، بەشەکانی تری پەیام ئاراستە دەکرێ: "گوێت لێبێ!" - ڕستەیەکی ئەمری کە ڕووبەڕووی وەرگری پەیام دەبێتەوە - "ئینگلیسییەکی سادە و ساکار" - ئاماژە دەکات بەڕەمزی خۆی - "ڕۆژ و ڕۆژگارانێک پیاوێک هەبوو" کە "پیاو" وەک زەمینەیەک دەناسێنێ کە دوا ئامانجی بەسەر هاتەکەیە، بەڵام هەڵبەت ئەم دێڕەی دوایی کارکردی دیکەشی هەیە کە دەشێت باسی لێبکرێ. ئەم پەیامە توانیویەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەوشەیەکی باوی ڕەمزێکی لاوەکی (کە دەکرێ ناوی بنێین "ئینگلیسیی حەکایەتی پەریلان") سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆی و بۆ شێوەی یەکگرتن و بیچم گرتنی خۆی، ڕادەکێشێ. زەقبوونەوەی لە کتوپڕی کێش [یان ڕیتمی] دیار لە دوادێردا (واتە هەر هەمان دووپات بوونەوەی بڕگە جووتەکانی lambs)، هەر هەمان کارکردی هەیە. ئەم کێشە، سەرنجی ئێمە لە زەمینەوە بەرەو پەیام ڕادەگوێزێ، بەم واتایە کە "پیاو" لەکاتی دەرکەوتنی، لەڕوانگەی بوونناسییەوە شان و شکۆیەکی جێگای گومانی هەیە.

بەم چەشنە، ڕەگەزە جیاوازەکانی ڕووداوی ئاخاوتەیی، جارێکی تر لە دەقی پەیام خۆیدا وەک "کۆمەڵێک کارکردی جیاواز خۆ دەنوێنن، کە چییەتی و پێکهاتەی کەلام پێکدێنن. یاکووبسن ئەم کارکردانە لە قەوارەی گەڵاڵەیەکی وێکچوو لەگەڵ گەڵاڵەی ڕەگەزەکانی ڕووداوی ئاخاوتەیی، بەم شێوەی خوارەوە ئاراستە دەکات:

ئیرجاعی

شیعری

(کنشی) کردەوەییی ———————— سۆزمەندانە (عاتیفی)

پێوەندی لەفزی

بان زمانی

هەر پەیامێک لەسەر بناغەی ئەم شەش کارکردە دادەمەزرێت، هەندێ جاران یەک یان هەندێک لەم کارکردانە بەسەر هەندێ لە پەیامەکاندا (یان بەشێک لەوان دا. وەک نموونەکەی سەرەوە) زاڵ دەبن. زۆربەی پەیامەکان ئیرجاعین و ڕوویان لە زەمینەی پەیامە. هەندێ پەیام هەن کردارین و هەر لە بنەڕەتەوە چاویان لە وەرگرە، وەک ڕستەی ئەمری. هەندێکی تر تەنیا بەمەبەستی پێکهێنانی پێوەندی لەفزی و خستنە سەرپشتی دەرگای قسە، دەنێردرێن. یاکووبسن چەند دیرێکی سەرنجڕاکێش لە دوروتی پارکێر دەگێڕێتەوە کە تێیدا وتوویژی کەسایەتییەکان کەم و زۆر سەر لەبەری لەسەر بنەمای پێوەندی لەفزی دامەزراوە: "ژنەکە گوتی: "دەی باشە! گەیشتین!" پیاوەکە گوتی: "ئەرێ گەیشتین!" ژنەکە گوتی: "وانییە؟" پیاوەکە گوتی: "بۆنا، گەیشتین" ژنەکە گوتی: "ئۆخەی، گەیشتین"، "دەی" پیاوەکە گوتی: "دەی گیانە". پەلکێش کردنی سەرنج بۆ لای ڕەمز خۆی، وەک ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەمانای وشەکان و هتد دەکرێ، [دەربڕی کارکردی] بانزمانییە. قسەی ئەو منداڵانە و کەسانێکی تر کە سەرقاڵی فێر بوونی زمانێکی تازەن، دیارە تاڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندی بانزمانیی هەیە.

بەڵام شێوەیەک لە پێداگرتن لەسەر ئاخاوتە، کە لە ڕوانگەی ئامانج و



مەبەستەکانی ئێمەوە، خاوەنی زیاترین گرینگایەتییە، ئەو کاتە ڕوو دەنوێنێ کە پەیام لەسەر خۆی پێدادەگرێ و سەرنجی ئێمە بۆ بونیادی نەحوی، زمانی ئەدەبی و سەر نموونە دەنگییە شاراوەکانی هەناوی خۆی ڕادەکێشێ. ئەمە هەر هەمان کارکردی شیعرییە کە لە هەر گوتەیەکدا ئامادەیە، ئەم کارکردە بەهیچ شێوەیەک تەنیا بەهونەرەوە نابەسترێتەوە و کۆتایی نایەت، هەر بەمجۆرە، زمانی هونەری ئەدەبیش هەموو کات بەتەواوی و بەتەنیا شیعری نییە. یاکووبسن گوتەنی:

**کارکردی شیعری تەنیا کارکردی دەسەڵاتدار و دیاریکەری هونەری لەفزییە، نەک تاقە کارکردی ئەو، هەر ئەم کارکردە، لە چالاکییە لەفزییەکانی تردا وەک یەکێک لە پاژە پێکهێنەرە لاوەکی و یارمەتیدەرەکان ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبات. کارکردی شیعری، لەسەر دەستی زەقکردنەوەی لایەنی بەرهەستی نیشانەکان، دووانەیی بنەڕەتی نیشانەکان و شتەکان قووڵ دەکاتەوە.** style in language,p. 356

دەرخستن و وێناندنی باری خوازەیی و پارادیگماتیکی (جێنشینی) زمان بۆ سەر باری سینتگماتیکی (هاونشینی) زمان[١]، شێوازی سەرەکی دەنگدانەوە و نواندنی کارکردی شیعرییە لە شیعردا. شیعر لە سۆنگەی پێداگرتن لەسەر وێکچوونە دەنگی و کێشی و وێنەییەکان، زمان پتەو و بەهێز دەکات و سەرنجی ئێمە لەمانای ئیرجاعی زمانەوە بەرەو دەرکەوت و تایبەتمەندییە ڕواڵەتییەکانی زمان ڕادەگوێزێ.

بەڕای من، ڕوخسار بەندی یاکووبسن هەم گەلێک بەکەڵکە، هەم زۆر

١- لایەنی Paradigmatic و Syntagmatic یان بەزمانێکی سادەتر، لایەنی ستوونی و ئاسۆیی – پێشاندەری دوو تەوەرەی دەلالەتی زمانن. باری ئەستوونی دەربڕی وێکچوون و جێنشینییە و بۆیە، خوازە metaphor لەودا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ، باری ئاسۆیی دەربڕی ڕێزبەندی و نێزیکایەتی و هاونیشنییە و مەجاز metonymy سەنعەتە بەلاغیە سەرەکییەکەیەتی.

زۆر نیوەچڵێشە. بەکەڵکە، لە بەر ئەوەی سەبارەت بەچییەتی و ماهییەتی شیعریی زمان گەلێ بابەت دێنێتە ئاراوە و گەلێ شتیش ڕوونەکاتەوە. ئەم ڕوخساربەندییە بەهیچ شێوەیەک "هەڵە"ی تێدا نییە، و بەباشی بۆمان هەیە لەم باسەدا وەک خاڵی دەسپێکی گۆڕانکارییەکانی دوایی، لە تیۆری ئەدەبیدا سوودی لێوەربگرین. بەڵام ئەم ڕوخساربەندییە لە هەندێ لایەنەوە ناتەواو و نیوەچڵە و بەکارهێنانی شایانی لەم باسەدا، پەیوەستە بە دەسنیشان کردن و پەنجە خستنە سەرئەم ناتەواوییانەیە. هەندێ لەم ناتەواوییانە بەهۆی هەندێ وشە و دەستەوشە و شێوەی بەکار هێنانیانەوە، سەر هەڵدەدەن. یاکووبسن دەستەوشەی "پەیام" بەدوو واتای جیاواز بەکار دەبات. وێدەچێ "پەیام" هەندێ جار هاوسەنگی "واتا" و هەندێ جار هاوتای "شێوەی لەفزی"یە. لە شێوە بۆچوونی کورت و چڕوپڕی خۆمدا بۆ ئەم ڕوخساربەندییەی یاکووبسن، هەوڵم داوە زاراوەی "واتا" بۆ ئاماژەکردن بەکاریگەرێتی سەر لە بەری ڕەوتی پێوەندی بپارێزم و "پەیام" تەنیا بۆ ئاماژەکردن بۆ شێوە یان فۆرمووڵی لەفزی بەکار بهێنم لە هەناوی هەر قسە یا خود ئاخاوتەیەکدا. سیستمێکی تەواو لە دەلالەتەکان لە گەڕدایە. پەیام بۆی هەیە وەک نیشانەیەک باسی لێبکرێ کە تێیدا فۆرمووڵی لەفزی دەلالەت کەرو ناوەرۆکی دەلالەت کراو، [پێکەوە] کۆ بوونەتەوە. ئەم پەیام نیشانە چکۆلەیەش، دەکرێ بەبەشێک لە نیشانەیەکی گەورەتری بزانین کە هەر هەمان گشتێتی ئاخاوتەیە. و هەڵبەت ئەم گشتێتییەش بۆی هەیە سەر لەنوێ بەسەر دوو لایەنی دەلالەت کەر و دەلالەت کراودا دابەش بکرێ.

کۆمەڵێک پرسی دیکەش لەئارادان. یاکووبسن لە هەوڵی خۆیدا بۆ بەدەستەوەدانی شیکردنەوەیەکی هەمویی و تاک لە کردارەکانی پێوەندی، بەناچار جیاوازی نێوان پێوەندی لەڕێگای نووسراوە و پێوندەی سەرزارەکی لە بەرچاو نەگرتووە. بەڵام سەر لە بەری ڕەگەزەکانی پێوەندی یاکووبسن لەوانەیە لە کرداری سەرزارەکیدا ئامادەبن: زەمینەو بنێر و وەرگر بۆیان



هەیە بەشێوەیەکی فیزیکی ئامادەبن، و لە هەمان کاتدا پەیامیش لەسەر دەستی پێوەندییەکی سەرزارەکی، لە قەوارەی ڕەمزێکی وەک زمانی ئینگلیسیدا، ڕابگوێزرێ. بۆ وێنە لەوانەیە بنێر جامێکی لێوڕێژ لە شەوکەران، کە لێرەدا دەوری زەمینە دەگێڕێ، بداتە دەست وەرگر و پەیامی "بیخۆوە" بەسەر زماندا بێنێ. بەلام لە کرداری لەڕێگای نووسینەوە، زۆرجار جگە لە خودی پەیام شتێکی تر لە بەر دەستی ئێمەدا نییە. بنێر زۆر بۆی هەیە بزر بێ، و هەرچەند لەوانەیە من یان ئێوە پەیامەکەی بخوێنینەوە، بەڵام زۆربەی کات ئێمە بەردەنگ (مخاطب) نین.

ئەوەی ڕاستی بێت، جان ئستوارت میل بەو وردبینییە تایبەتەی خۆی شیعر بەم شێوە دەناسێنێ: قسەیەک کە لەبری ئەوەی ببیسرێ heard بەگوێ دەگات overheard لایەنی شاراوە لەم پێناسەدا ئەوەیە کە شیعر، ڕێک دەبێ بەپێی زۆری ئێمە بۆ بەدەستەوەدانی ڕەگەزە ونبووەکانی کردەی پێوەندی بناسێندرێ. ڕەگەزی "خەیاڵی" (یان "داستانی") لە ژانرەکانی ئەدەبیاتدا، یەک لەوان شیعر، بۆی هەیە وەک زەمینەیەکی بزر، یان لەوانەیە وەک زەمینەیەکی دوور، پێناسە بکرێ. بەرهەمی ئەدەبی هەتا ئەو شوێنەی خەسڵەتی لاساییکردنەوەی mimetic هەیە، لە ڕێگای دانانی جیهانێکی "خەیاڵکرد" (تخیلی) لە نێوان خوێنەر و واقیعدا، ئاماژە بۆ جیهانی "واقیعی" دەکا. کەوایە بەرهەم لە ڕاستیدا زەمینەیەکی دووپاتە، یان وەک زۆر، بۆ وێنە لە تەمسیل دا، دەبیندرێ، زەمینەیەکی فرەپات پێشکەشی ئێمە دەکات. هەر بەمجۆرە، لەشیعریان لە چیرۆکدا، دەبێ هەمیشە شیمانەی درۆ کردن یان فریو کاربوونی بنێر و تەنانەت وەرگرمان لە بیرنەچێ. بەواتایەکی تایبەت دەکرێ بگوترێ هەر شیعرێک پەیامێکە بۆ خوێنەر، بۆ نموونە ئێوە یان من، لەلایەن شاعیرەوە، کەخۆی کەسێکە وەک من و ئێوە. بەڵام کەم و زۆر لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم پەیامە بەجۆرێک ئاراستە دەکرێ کە لەودا کەسێکی جگە لە شاعیر، کەسێکی دیکەی جیا لە ئێمە دەکاتە بەردەنگی خۆی، وەک شیعری "پێشکەش

بەگراوی دڵ ئەستێن"ی بەرهەمی ماروێل کە لەودا کەسێکی جگە لە شاعیر لەگەڵ کەسێکی جیا لە من و ئێوە سەبارەت بەکۆمەڵێک شت قسە دەکەن کە بەشداریکردنی ئێمە لەم وتووێژە بەکردەوە دەکاتە جۆرێک چاوە برِکێ.

مەبەستی من ئەوەیە کە بۆ دۆزینەوەی نیشانە دیارەکانی ئەدەب، گەڕان لەنێو کۆمای زۆر و زەوەندی ڕەگەزەکانی نالەفزی پێوەندی؛ هەر ئەوەندە کاریگەرە کە وردبوونەوە لە چۆنایەتی تایبەتی ڕێزمان و بونیاتی ڕێزمانیی پەیام خۆی. خاڵێکی دیکە ئەوەیە، فریوکاری سەرەوە، زۆر جار خۆی لە قەوارەی تەنز و تەوس و دژوازی و فرت و فێڵەکانی تری ئەدەبیدا، پێشان دەدەن، بەجۆرێک کە لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەربڵاو و هەمەلایەنەی ئەوان پێویستی بەوەیە سەرنج بدەینە زنجیرەیەکی کامڵی مانناسیی ئاخاوتەی شیعری. ئەم فریوکارییە، کەخۆی جۆرێک قۆشمەگەرییە، کانگای سەرەکی سەر لەبەری ئەو ئەزموونە دەگمەن و ڕیزپەڕە جوانی ناسانەیە کە ئەدەب خەڵاتمانی دەکات. بێ گومان ئەدەب ئەزموونگەلێکی زۆر نەپاڵێوراویش ئاراستە دەکات کە ڕێک لە سۆنگەی هەر ئەم ئاوێتە بوونەوە چلۆنایەتی هەمە جۆر، ئەزموونگەلێکی فرە بەپێز و خاوەن بەهان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشتەی ئەدەب لە شێوەیەکی دیکەی ئاخافتن جیادەکاتەوە، هەرهەمان هونەرمەندی و تایبەتمەندی ئەدەبییە کەتێیدا دیار و بەرچاوە، و ئەم دوو تایبەتمەندییەش بەردەوام فریوکاری و تەمومژی زمانییان لەگەڵە. ئەو داهێنەرەی کە ڕەگەزەکانی ئاخاوتەیی خۆی دابەش دەکات بەکۆمەڵێک پاژو یەکەی ئاشکرا و تاک مانا و بەدەنگی خۆی لەسەر هەندێک ڕاستیی دیار و ئاشکرا و زەق و زیندوو قسەمان بۆ دەکات، ئەوەی ڕاستی بێت لە نزمترین ڕێژەی [کایە لەگەڵ] ئاخاوتن نێزیک دەبێتەوە. ئەوەندەی شاعیر زیاتر و ڕاشکاوانەتر دەوری قسە بێژ بگێڕێ، شیعریش ئەوەندە لە سنوورەکانی وتار نێزیک دەبێتەوە. سەر لەبەری جۆرەکانی ستراتیژییەکانی زمانناسی تایبەتی هۆنراوە، کە هۆنراوە



لە قسەبێژی و پەخشان جیا دەکاتەوە، جیا لە کۆمەڵێک ئەرکی تر، هەوڵ دەدەن تا شوناسی بێژەری زمانی شیعری لە بوونی ئاسایی و بێ بایەخی prosaic تاکەکەسی شاعیر جیابێتەوە.

زمانی شیعری لە هەمان کاتدا خاوەنی ڕەهەند یان لایەنێکە کە بونیادگەری ڕێگای ئەوەمان پێدەدات بەسانایی شییبکەینەوە، گەرچی بونیادگەری خۆیان هەموو کات مەیلی شیکردنەوەی زمانی شیعرییان نەبووە. بەبڕوای یاکووبسن گەوهەری شیعر جۆرە دەرخستن و وێناندنی Projection زمانێکە کە لەسەر دەستی ئەو زمانە شیعر تەوەرەی خوازەیی یان پارادیگماتیکی زمان لەسەر تەوەرەی مەجاز یان سینتیگماتیکی، وێنا دەکات. بەمجۆرە، شیعر بەئەنقەست، تایبەتمەندیگەلی فەزایی، سنووردانەرانە، پڕپێچ و پەناو هاوزەمانیی synchronic زمان لە بەرامبەر تایبەتمەندیی هێڵی، ڕەوان، سەر ڕاست و ناوزەمانی diachronic زماندا، دادەنێ، بەڕای من بۆچوونی یاکووبسن هەر لە بنەڕەتەوە دروست و جێگای بڕوایە، بەڵام بۆچوونی ئەویش تا ڕادەیەک پێویستی بەساخ و ڕاستکردنەوە هەیە و لە هەندێ شۆێنیشدا پێویستی بەچڕکردنەوە و پێداگرتن هەیە. بەجێ هێنانی ئەم کارەش پێویستی بەگەڕانەوەیە بۆ سەر پرسیاری زەمینە لە مۆدێلی یاکووبسن، لەمەڕ پرسی پێوەندی. لەم مۆدێلەدا، یاکووبسن "زەمینە" بەجۆرێک باس دەکات کە وێدەچێ مەبەستی ئەو شتێکە وەک بەڵگەک "میسداق" [واتە] هەمان دۆخ یان بابەت کە "سەبارەت" بەو باسدەکەین. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە کەلامی خەیاڵکرد بۆی هەیە بەپێی تەمومژ و فریوکاریی شاراوە لە نێوزەمینەدا دەسنیشان بکرێت، چون ئەوان ناسێنەری جیهانێکی خەیاڵین کە لەگەڵ جیهانی ئەزموونیی ئێمەدا پێوەندییەکی لەناخدا هێزەکیی (بالقوە) شیاوی دۆزینەوەی هەیە. بەڵام تەمومژو فریوکاری پێوەندیدار بەزەمینەی ئاخاوتن، لایەنێکی تریشی هەیە کە بەڕاشکاوی پێوەندی بەزمانی شیعری و شیعر بەواتای کەلام هەیە، ئەم لایەنە ناچارەکی لاساییکەرەوانە یان خەیاڵکرد

نییە، لە گەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە لە زۆربەی جۆرەکانی تری کرداری ئاخاوتەیی جیا بکرێتەوە.

مەبەستی من ئاماژە کردن بۆ ئەم خاڵەیە کە شاعیر بەبەراورد لەگەڵ بێژەر یان ئاخێوەری ئاسایی، کاری خۆی لەسەر دەستی سیستمێکی پارادیگماتیکی جیاواز دەسپێدەکا. بەوتەیەکی تر، کاتێک شاعیر وشەیەک بۆ بەکارهێنان لەشیعرەکەیدا جێ دەکاتەوە، کۆمەڵێک لەوزەو تواناکان وەگەڕ دەخات کە لەگەڵ ئەوشتانەی لە قسەکردنی ئاساییدا بەکار دێن، لەبنج و بناوانەوە جیاوازن. لێگەڕێن باوردتر قسان بکەم. مەبەستی من لە "شاعیر" هەر ئەو کەسەیە کە شیعر دەنووسێ و لەم پلەوپایەدا ئیتر هەر ئەو کەسەنییە کە هەر بەم ناوە سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیەتی، پارە بۆ شاعیر خەرج دەکات، دەبێتە هاوسەرینی خێزانی، و جیا لە شوێنەواری ناسراوی خۆی کە بەشیعرە ڕاستەقینەکانی لەقەڵەم دەدرێن، زمان لە هەندێک شێوازی ئاساییدا بەکاردێنێ - لەوانەیە بۆ ساز کردنی هەندێ شتی بچووک و ناشیعری کە لە خۆڕاوە بەشیعریان دەزانن. وێدەچێ شاعیر بەدرێژایی ڕەوتی نووسینی شیعرێکی ڕاستەقینە، هەندێ لە دەمارە زیادییەکانی بەکار دێنێ تا ڕێگای پێبدەن ئەم شتە ئاخاوتەییە بەڕاشکاوی بەهێز و پێزانە، بەرهەم بێنێت کە ناویان شیعرە. ئەنجامی کار بەپێی وشەکانی سوسور، ئەوەیە کە کەلامی parole شاعیر لە سیستمێکی نیشانەیی langue جیاواز لەگەڵ سیستمی بەکار هێنراوی ئاخێوەرێکی ئاساییەوە، سەرچاوە دەگرێ.

نیاز و مەبەستی من لە هێنانە ئارای باسەکانی سەرەوە باسکردن لەشتێکە بەتەواوی جیاواز لە بۆچوونی باوی فۆڕماڵیستی سەبارەت بە"شێوازی دەربڕینی شیعری" کە فۆڕماڵیستەکان بەتایبەتمەندیی سەرەکی و لایەنی جیاکەرەوەی شیعری دەزانن. زمانی شیعری بۆی هەیە وەک جۆرە دەمامکێک یان کەرەسەیەکی سانسۆر بۆ سڕینەوەی زمانی "ناشیعری" لە شیعر کار بکات، و زۆر شیعر - لەوانەیە هەموویان - خاوەنی لایەنێکی



لەم دەستەن. بەڵام ئەم لایەنە بەشێوەیەکی ئابڕوو بەرانە خاڵی هاوبەشی خێڵی ئەو شاعیرانەیە، کە شوێنەواریان لە گۆشە نیگای بایەخی (هونەرییەوە) زۆر ناهاوسەنگن. سەدەی هەژدەهەم پڕ بوو لەو وردەشاعیرنوێیانەی کە بەباشی دەیانتوانی سەر لەبەری ئەو دەستەوشە ناشیعرییانەی کە ئەلیکساندر پۆپ فڕێی دابوون، وەلابنێن، بەڵام لە دەستیان نەدەهات تەنانەت تاقە دێرێکی هاوشانی دێرەکانی ئەو بهۆننەوە. ئەو زمانە شیعرییەی کە من لێرەدا بەنیازم پێوەی خەریک بم، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز پێناسە دەکرێ: ئەم زمانە شت ناسڕێتەوە، بەڵکو کۆیان دەکاتەوە و زیاتر لەوەی موڵکی میراتیی فڵانەیان فیسارە قوتابخانەی شیعری بێت، تایبەتمەندییەکی دیاری سەر لەبەری شاعیرانی جیدی هەموو سەردەمەکانە.

ئەو کاتەی شاعیر کارەکەی دەسپێدەکات و سەرلەبەری دەمارەکانی هۆشی باش و بێگرێ کار دەکەن، گەنجینەیەکی پارادیگماتیکی وشەی لە بەردەستە کە هەم لەباری سیستمی دەروونی، هەمیش لەباری بەرفراوانی لەگەڵ سەر لەبەری ئەو وشانەی کەسێکی ئاسایی بەکاری دێنێ، جیاوازییەکی فرەی هەیە. ئێمە ئەم تایبەتمەندییە لەو شاعیرانەدا، کە شیعری سەرزارەکی دەڵێن بەسانایی دەدۆزینەوە، شاعیرانێک کە هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەی شیعری خۆیان دەسبەجێ و دەمودەست شیعر دەهۆننەوە، ئەویش لە سەردەستی هەندێ دەستەوشە و ڕیای تێکەڵکاری نەگۆڕ و دیاریکراوی هەندێ دیرورستە کە لەباری کێشەوە لەگەڵ یەکتر دەگونجێن، بەڵام بەڕای من ئەم شتە لە شێوە مام ناوەندییەکەیدا، تایبەتمەندی سەر لەبەری شاعیرانە. جیا لە گەلێک تایبەتمەندی دیکە، سیستمی پارادیگماتیکی شاعیر بەشێوەیەکی مەتەڵئاسا، خاوەن تایبەتمەندیی ناوزەمانییە. ئەگەر هەر بەهەمان نموونەکەی پۆپ قەناعەت بێنین، پەی بەو ڕاستییە دەبەین کە سەرچاوە کەلامییەکانی ئەو جگە لە دەسەڵاتی بەسەر زمانی ئینگلیسی سەردەمی خۆی، دەسەڵاتێکی تەواو دیار و حاشا

هەڵنەگر بەسەر زمانە شیعرییەکانی سەردەمانی پێشووشدا، دەگرێتەوە. درایدن و میلتۆن و شێکسپیر - و زۆر کەسی دیکەی - بەوردی و بەتەواوی دەناسی. ئەو بێجگە لە وشە و دەستەوشەکانی ئەم شاعیرانە، بەفراوانی زەمینەی بەکار هێنانی ئەوانیشی دەزانی. بەمجۆرە لە دەستی دەهات وشە تایبەتەکانی خۆی لە زەمینەی تایبەت بەخۆیدا بەکاربێنێ و بەم حاڵەشەوە ئەم وشانەی لە باری مانایی و ڕەنگدانەوەی شێوەکانی ڕابردوو یان لە کەلامی پێشینیانی خۆی تەژی بکات. جا هەر ڕاست ئەم زەمینە ناو زەمانییەیە کە ڕێگا بەکەلامی شیعری دەدات تا خۆیان لە بۆنگرتن و تیاچوونی زەمانیی دەربرینی شیعری بپارێزن و تەنانەت گەلێ ساڵ دوای سەردەمی خۆیان، تەڕ و تازە و پاک و پاراویی خۆیان نەدۆڕێنن. کەوایە، پارادایمەکانی شاعیر بەمانایەکی ڕوون و ئاشکرا تایبەتمەندییەکی ناوزەمانییان هەیە، چونکی ئەم پارادایمانە تا نێودڵی ڕابردووی شیعری درێژەیان هەیە و وشەکان بەئاگادارییەکی تەواو لە ڕابردوو پێشکەش دەکەن. بەڵام ئەم پارادایمانە لە هەمان کاتدا بەمانایەکی تریش ناوزەمانین، چون دەسپێڕاگەیشتنی سەر بەخۆیانەی ئەوان بەرابردوو و خۆ نەبەستنەوە بەزمانی هاوزەمانی ساتەوەختی هەنووکە، کراوەیی بەرامبەر بەداهاتووشی بەدوادا دێت. وەک بڵێی توێژێک لە زمانی شاعیرانە لە ئارادایە کە لە سۆنگەی ئاگاداری لەنێوزەمانی خۆیدا، لەدەستی دێت بەهاوزەمانییەکی ڕاستەقینە بگات و ڕێگابدات بەشاعیرانی هەموو سەردەمانی ڕابردووی و ئێستە، تا پێکەوە قسان بکەن و لەگەڵ یەکدی بدوێن. هەوڵی ئێمە بۆ وتنەوەی وانەی شیعر لەوەدایە کە هەر خودی ئەم ڕووبەرە بەرزەی توانایی زمانی بۆ خوێندکاران بکەینە شتێکی شایانی پێگەشتن و تێگەشتن.

ئێستە کاتی ئەوەیە خۆمان بەم پرسیارەوە خەریک کەین کە بابەتی ئەم شێوە لە بەکارهێنانی بەهێزی زمان چییە. وەک پێشتر گوتم، یاکووبسن دەستەوشەی "زەمینە" هەر لە بنەڕەتەوە بەمانای بابەت یان بەڵگەی قسە بەکاردێنێ. بەڵام لەبابەت شیعر، ئێمە لەگەڵ پرسی تەمومژ و فریوکاریش



ڕووبەڕوو دەبینەوە. بەباوەڕی من زەمینەی شیعری "لیسیداس" Lycidas بەمانا ئیرجاعی و بەڵگەکیانەکەی، مەرگی ئیدوارد کینگ، هاڤاڵی میلتۆنە. بەڵام وەک چۆن زۆر جار باسی لێکراوە، کۆمەڵێک زەمینەی دیکەش هەن کە ئەم زەمینە بەرباسەمان دەخەنە ژێر کاریگەرێتی خۆیان. یەکەم زەمینەی ئەدەبی بەرهەمەکەیە کە لەسەر بنەمای ئەم زەمینەیە دەکرێت مانای سەر لەبەری ئەم شیعرە بەم شێوەیە لێکبدەینەوە: "ئەمە شێوازی ڕاستەقینەی هۆنینەوەی (سەردوولکە)(٢)یەکی پاستۆڕاڵە." بۆمان هەیە بابەتەکە بەم جۆرە شیبکەینەوە کە ئەم زەمینە ئەدەبییە، زەمینەی سەرەکی شیعرەکەیە، بەڵام ئەویش بەنۆبەی خۆی دەکەوێتە ژێر سێبەری زەمینەیەکی ئەخلاقی، یان لانی کەم لەسەردەستی ئەو زەمینەیە ڕێگای لێدەگیرێ، کە بەشێوەیەکی کەم و زۆر دیاریکراو و ئاشکرا دەمانباتەوە بۆ جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پیاوانی ئایینی سەردەمی میلتۆن خۆی. لە شیعردا، زەمینەکان زۆر و هەمە جۆرن (و دیسانیش لەسەر ئەم بابەتە پێدادەگرم کە ئەم شتە لە مەڕ شیعر زیاتر لە شێوە ئاخاوتەییەکانی تر وەڕاست دەگەڕێ.) و شێوە بەکارهێنانی ئەوان جۆرێکە کە ئەوشتەی هەندێ جار پاش زەمینەی شیعرە، هەڵدەکەوێ لە کاتێکی تر دەبێتە پێش زەمینە. ئێمەش زۆر جار شاهیدی کۆمەڵێک فێڵ و فەرەج یان هۆقەیەکی دیداری (بیری) لە شیعردا دەبین کە لەجەنگەی ئەو کارانەدا ئەرکە ئیدراکییەکانی پاش زەمینە و پێش زەمینە، جێگۆڕکێ دەکەن، فێڵ و هۆقەیەک کە خۆیان بەرهەمی ئەرکی گرینگی گشتێتی وێنە gestalt لە ئیدراکی دیداری (بیری) دایە.

هەڵبەت ئالێرە-دایە کە ئێمە سەبارەت بەبەکارهێنانی وشەی "زەمینە" دەستەویەخەی کۆمەڵێک گرفت دەبین. تا ئەو شوێنەی کە زەمینەی شیعر

٢- گۆرانی چڕین و هەڵوتن بەمردوودواندا، لاواندنەوەی مردوو، باسکردنی کارەسات، سەردوولکەبێژی.

خۆی ماهییەت و چییەتییەکی لەفزی و کەلامی هەیە، بۆمان هەیە بلێین کە ڕەمز خۆی هەر هەمان زەمینەی شیعرە. ئەوکاتەش کە ڕەمز دەبێتە زەمینە، ئێمە ڕووبەڕووی دۆخێک دەبینەوە، کە یاکووبسن وەک چڕ بوونەوەی لایەنی هەسپتێکراوی پەیام، یان بەوتەیەکی تر، خەست و خۆڵ بوونەوەی زمان و توانەوە و بوونی بەشیعر، باسی دەکات. شیعر لەڕێگای سەرنجدانی بونیادی ئاخاوتەیی خۆی، بەناچار سەرنجی ئێمە بۆ لای ڕەمزێک ڕادەکێشێ کە چوارچێوەی سەرەکی شیعرە. بەمجۆرە، شیعر لەگەڵ خودی زانستی زماناسی لەجۆرە گۆشەنیگایەکی بان-زمانی-دا دەبنە شەریک و هاوبەش. هەرچی شیعرە، بەڕێژەی جۆرا و جۆر، کۆمەڵێک پەیامن سەبارەت بەشیعر، هەر بۆیە کۆمەڵێک پەیامن سەبارەت بەزمان – ئەگەرچی هەر شیعرێک بۆی هەیە لەهەمان کاتدا سەرقاڵی هێندێک بابەتی دیکەش بێت، وەک ئەڤین، مەرگ و تایبەتمەندییەکانی تری بوونی ئینسانی. هەر ئەم ڕاستییەی کە شیعر و زمانناسی، هەردوو، لە پێوە خەریک بوون بەپرسی ڕەمز وەک بابەتی خۆیاندا هاوبەشن (گەرچی هەر کام لەڕێگای ڕەمز گەلێکی تەواو جیاواز بەم بابەتەوە سەرقاڵ دەبن) هۆیەکی باشە بۆ نەیاری و دوژمنایەتی نێوانیان. بەڵام ئەم شتە لە هەمان کاتدا پێشاندەری سەرکەوتنە مەزنەکانی هەندێ میتا شاعیرە[٣] meta poets لە باسی ڕەخنەی زمانی شیعر.

جا ئێستە، کە ڕوخسار بەندییەکەی یاکووبسن-م بەشێوەی ئاماژەپێکراو پەرەپێدا، دەشێت بگەڕێمەوە سەر جەوهەری ئەم ڕوخساربەندییە و گۆڕینی لە کردەوەی ڕەخنەگرانەدا. یاکووبسن گەوهەری شیعر لە فۆرمۆلە ئاخاوتنیەکاندا دەبینێ کە لە نێو دڵی بونیادی سینتاکسی شیعرەوە سەر دەردێنن. یاکووبسن بەیارمەتی لێڤی شتراوس، نموونەیەکی شیکردنەوەی

٣- مەبەست شاعیرانێکە کە لە بواری ڕەخنەی شیعر و تیۆری ئەدەبیشدا کتێب و وتار دەنووسن.



شیعری لەم ئاستەدا دەخاتە بەردەست، لێکدانەوە و شیکردنەوەی غەزەلێکی بۆدلێر بەناوی "پشیلەکان". بەڵام ئەم نووسراوەیەش خۆی لەلایەن ڕەخنەگرێکی بونیادگەر لەسەر کێشەی ڕەوشت و بنەماکان هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەم دوو وتارە لەهەمان کاتدا دەتوانن گیروگرفتە زاتییەکانی هەر چەشنە بۆچوونێکی بونیادگەرانە ڕوون بکەنەوە، بەتایبەت لەو کاتانەی کە ئامانجی سەرەکی ڕەخنەی پراکتیکی و بەکردەوە لەسەر ئەم یان ئەو دەقە ئەدەبییە بێت.

بەڕای من، و بەڕای زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕەخنەگرانەی ئەم پرسەم لەگەڵ باسکردوون، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو تۆژینەوە ڕەخنەگرانەیە، زێتر لەوەی پێشاندەری جۆرە دەمەتەقەیەکی ئەدەبی بێت، نیشاندەری حاڵەتێکە کە لەودا وتاری دووەم تاڕادەیەکی زۆر وتاری یەکەم بەرز دەنرخێنێ و پێشی دەکەوێ. بەشێکی زۆری ئەو شتەی لە بۆچوونی یاکووبسن و لێڤی شتراوس بەنرخ و بەکەڵکە، لەوتاری ڕیفاتردا دەپارێزرێ و لە هەمان کاتدا گەلێ خاڵی پێویستی تریشی پێ زیاد دەبێت. ئەوەش بەقسەکانەوە زیاد کەم کە ڕوخساربەندی یەکەم خاوەن وزە و سادە ڕوانینێکی زێدەڕەوانەی تایبەت بەفۆڕماڵیسم و بونیادگەریی سەرەتاییە. ڕیفاتر-یش، کە تەنیا چەند ساڵ دوای یاکووبسن و لێڤی شتراوس دەستی بۆ قەڵەم بردووە، هەر بەهەمان فیز و هەوا و هەستی لەخۆیایی بوون شت دەنووسێ، بەڵام ئەو لە بەردەم داو و نەڵەی ڕەخنەی پراکتیکیدا پیاوێکی گەلێ وشیار و خۆپارێزترە. خاڵێکی گرینگ کە بەئاشکرایی وەک ئاکامی ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانە ئەدەبییە دێتە گۆڕێ، ئەوەیە کە خەیاڵی وەدەست هێنانی فۆڕمولێکی میکانیکی بۆ ڕاڤەکردنی شیعر، ئەویش بەناوی دەسکەوتی ڕەخنەی بونیادگەرییەوە خەیاڵێکی بەتاڵە. سەرەتیی ڕیفاتر وەک ڕاڤەکاری شیعر، جگە لەکۆمەڵێک هۆکاری دیکە، ئاکامی دەسەڵاتی زیاتری ئەوە بەسەر سوننەتی ئەدەبیی فەڕەنسا و توانایی ئەو بۆ خۆیندنەوەی شیعر بەشێوەی "ڕەخنەگرانەی نوێ" و هەستیاری و

سەرنجپێدانی زیاتریەتی بەکون و قوژین و شاراوەییەکانی شیعر.

یاکووبسن و لێڤی شتراوس ویستیان ئەم ڕاستییە دەسنیشان بکەن کە "غەزەلەکانی بۆدلێر لە چی پێکهاتوون." دەسکەوتی ئەم تەقەلایە، لێکدانەوە وشیکردنەوەی غەزەلی "پشیلەکان" بوو کە هەوڵ دەدات کۆمەڵێک ڕێسا بۆ دەسنیشانکردنی گەلاڵەی گشتی سەرواکان، مۆدێلە ڕێزمانییەکان و مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی تری پێوەندیدار بەهەڵبژاردن و دابینکردنی وشە بەدەستەوە بدات. ئامانجێک کەئەم شیکردنەوەیە دەیخوازێت و پێی دەگات، دۆزینەوەی ژمارەیەکی بەرچاوە لە "ڕێژە هاوسەنگ"-ە relations of equivalence جۆراوجۆر و هەمەچەشنەکان کە سەر لە بەریان بێ شک "لەوێ" لە شیعر خۆیدا ئامادەن. ئەم شیکردنەوەیە لە هەمان کاتدا خوێندنەوە یان ڕاڤەیەکی شیعر پێشکەش دەکات کە بەشێوەیەکی تایبەت پشتی بەشیکردنەوە ڕێزمانییە هەمەلایەنەکان ئەستوور نییە. ئەم شیکردنەوەیە، ڕەگەز و لایەنە دیاریکراوەکانی سەر بەهەموو غەزەلەکان لە ژێر ناوی تاقە یەک توێژ و چین، لەو ماک و ڕەگەزانەی کە تەنیا هی ئەم شیعرە تایبەتە یان هی بابەتێکی نێونجین، بەباشی جیا ناکاتەوە. (دیارە دۆزینەوەی جیاوازیگەلێکی لەمجۆرە پێویستی بەشیکردنەوەیەکی بەراوردکارانەی کومەڵێک دەقی فرە زیاترە.) ئەو عەیب و ئیرادانەی ڕیفاتر لەم شێوە ڕەخنەیەی گرتوون، هەمە چەشن و تاوتوێ کراون. ئەو سەرەتا ئەم پرسیارە گرفت هێنە دێنێتە ئاراوە کە چۆن چۆنی دەکرێ "لە ڕێگای تێپەڕین لە قۆناغی شیکردنەوە، وە بەقۆناغی داوەریکردن و هەڵسەنگاندن بگەین." پاشان پرسیارێکی گرینگتر دێنێتە گۆڕێ:

**بەڵام پرسیاری گەلێ گرینگتر ئەوەیە کە ئایا زماننازی بونیادگەری مام ناوەندی نەکراو هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ شیکردنەوەی شیعر دەگونجێ یان نە. شێوەی کاری داهێنەران لەسەر بناغەی ئەم گریمانەیە ڕۆنراوە کە هەر سیستمێکی بونیادی کە ئەوان بتوانن لە چوارچێوەی شیعردا لێکیبدەنەوە**



**و پێناسەی بکەن، بەناچار جۆرێک پێکهاتەی شیعرییە. بەڵام ئایا ناتوانین، بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە، گریمانەکەمان ئەوەبێت کە هەر شیعرێک بۆی هەیە خاوەن کومەڵێک بونیادی دیاریکراو بێت کە لە کارکرد و کاریگەرێتی خۆیاندا وەک بەرهەمێکی ئەدەبی هیچ دەورێک ناگێڕن، و هەروەتر وای دابنێین کە لەوانەیە زماننانسی بونیادگەری بەهیچ جۆرێک توانایی ئەوەی نییە ئەم بونیادە دەستنیشان نەکراوانە لەو بونیادانەی کە لە باری ئەدەبییەوە کاریگەر و چالاکن، جیاکاتەوە؟ هەڵبەت ئەگەری پێچەوانەی ئەم قسەیەش هەیە، چون بونیادگەلێکی ڕێک شیعری هەن کە دەستنیشانکردن و ناسینەوەیان لەرێگای ئەو شیکردنەوەیانەی کە خۆیان لە سروشتی تایبەتی زمانی شیعری هەڵناقوتێنن، نامومکینە.**

sractyrqlism, Garden Gty, N.Y.,1970.p191 وەڵامی ڕیفاتر بۆ ئەم پرسیارە بەلاغییە، سادە و سەرڕاستە. زماننانسی بونیادگەری بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی دیار و شیاو بەشیعرەوە خەریک بێت، دەشێت مام ناوەندی بکرێت و دەستی تێوەر بدرێت. لە درێژەی ئەم وەڵامەدا، ڕیفاتر هەوڵ دەدات هۆکانی ئەم مام ناوەندی کردنە پێشان بدات و ئاراستەکانی پەرە ئەستاندن و گۆڕانکارییەکانی دیاری بکات. ڕیفاتر کاری خۆی بەسەلماندنی ئەم خاڵە دەسپێدەکات کە یاکووبسن و ڕێڤی شتراوس توانیویانە هەبوونی "زنجیرەی هەرە سەرنجڕاکێشی ئەو هاوڕێکییانەی کە پاژەکانی گوتە وێکدەخەن، بەشێوازێکی تەواو قەناعەت پێهێنەرانە نیشان بدەن." بەڵام ئەو هەر دەست بەجێ لە سەری دەڕوا و دەڵێ "بە هیچ شێوەیەک نازانرێ کە کام یەک لەم سیستمانەی کە لە سەربنەمای هاوسەنگی و هاوڕێکی دامەزراون، لە بیچم گرتنی شوناسی شیعریی دەقدا دەستیان هەیە و بەشدارن." منیش بەش بەحاڵی خۆم، پێمخۆشە ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە یاکووبسن و لێڤی شتراوس، ڕەوشتێکی کاریگەر وشوێن دانەر بۆ لێک جیاکردنەوەی دوو چەشن لە سیستمەکان بەدەستەوە

نادەن، یەکەم ئەو سیستمانەی کە بوونیان تەنیا دەلالەت دەکات بۆ ئەوەیکە "ئەمە شیعرە." وەک سیستمی سەرواکان و پرۆسەگەلێکی تر کە هەر لە بنەڕەتەوە چییەتی و ماهییەتێکی میکانیکییان هەیە – و دووەم ئەو گرووپە لە سیستمەکان کە ئێمە لە ڕەسەنایەتی شیعری برگە بەرباسەکە، دڵنیا دەکەن – وەک فلان یان فیسارە شێوەی تایبەتی کەڵک وەرگرتن لە سیستمی سەرواکان. سەرەڕای ئەمانە، تێپەڕین لە شیکردنەوەوە بۆ هەڵسەنگاندن و داوەریکردن ڕێک پێویستی بەدابین کردنی ئەم جیاکارییەیە.

ڕەخنەی ڕیفاتر دوور و درێژتر لەوەیە کە بکرێ بیگێڕینەوە و چڕوپرتر لەوەیە کە بشێت کورتی بکەینەوە، بەڵام دەکرێت بەیارمەتی چەند دێڕێکی گرینگی وتارەکەی ئاراستەی سەرەکی ڕەخنەکەی دەسنیشان بکەین.

[هەندێ دابەشکاری بونیادی کە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە شوێن پێیان هەڵگیراوە] کۆمەڵێک پاژی پێکهاتوو بەکار دێنن کە خوێنەر بەهیچ شێوەیەک فامیان ناکات و تێیان ناگات، هەر بۆیە ئەم پاژەپێکهاتووانە بەناچار لە هەمبەر بونیادی شیعریدا نامۆوبێگانە دەمێننەوە، هەر ئەو بونیادەی کە قەرار وایە لەسەر شێوە و فۆرمی پەیام پێداگرێت و "دیارتر" و بەهێزتری بکات. [پێشوو، ل ١٩٥]

... کۆکردنەوەی بابەتە هاوچەشنەکان ڕەوشتێکی دڵنیاکەر نییە. کۆمەڵێک ویکچوونی فراوان لە ئاستێکی تایبەت، بوونی هاوسەنگی و هاوڕێکی ناسەلمێنن... (ل ١٩٦)

هەرچەشنە دابەشکاری و پۆلێنکردنێک کە بەرهەمەکەی کۆمەڵێک یەکە و ماک و ڕەگەزی نالێکجیاواز کە هەندێکیان پاژێک لە بونیادی شیعرین و ئەوانی تر یەکەگەلێکی نەزۆکن، (لە گۆشە نیگای شیکردنەوەی شیعرەوە) لە خۆڕا و نەگونجاون. لایەنی لاوازی ئەم ڕەوشتە بابەتە بەکارهێنراوەکانییەتی. [ل ١٩٧]



... هۆکار و پاساوە بانزمانییەکانی لەم دەستە، پێشاندەری ئەم شتەیە کە تەنانەت خۆپارێزترین تۆژەرانیش بەسانایی دەکەونە داوی ئەم باوەڕەوە کە دەستەوشەی تەنیا شیکردنەوەیی، لە هەناوی خۆیاندا خاوەنی بەهاوشیاوێتیی لێکدانەوەیین. [ل ١٩٨]

... بابەتگەلی شیکەرەوەیی بەکار هێنراو، دەتوانن کۆمەڵێک لە دیاردەکان لەژێر چەتری ناو و ناتۆرەیەکی تاقانەدا کۆبکەنەوە، کە لەڕاستیدا لە باری ئەرکی خۆیان لە بونیادی شیعریدا تەواو لەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە. [ل ١٩٩]

ئەم دوو ڕەخنەگرە، غەزەلی بۆدلێر – یان لە قەوارە و بەرگی "کەڵە شیعر"ێکدا supper poem سەرلەنوێ پێکهێناوەتەوە، کە بەسانایی ناکەوێتە بەردەست خوێنەری ئاسایی. لە گەڵ ئەوەشدا پێکهاتە لێکدراوەکان، ئەم خاڵە باس ناکەن کەچ شتێک پێوەندی نێوان خوێنەر و شیعر پێکدێنێ. هەر چەشنە شیکردنەوەیەکی ڕێزمانیی grammatical شیعر، هیچ کات شتێکی زیاتر لە ڕێزمانی شیعر بەرهەم ناهێنێ. [ل ٢٠١-٢٠٢]

پاش گەیشتن بەم هەقیقەتە کە خوێندنەوەی یاکووبسن و لێڤی شتراوس بۆ شیعری بۆدلێر، هەر لەبنەڕەتەوە نیوەچڵ و ناتەواوە و دەسکەوتەکەشی قوت کردنەوەی "کەڵە شیعر"ێکی فریودەرە، ڕیفاتر، لە هەنگاوی دواییدا، گێڕانەوەی جێگری خۆی ئاراستە دەکات و لە ڕێگای پێکهێنانی "کەڵە خوێنەر"ەوە super reader وەڵامی "کەڵە شیعر" دەداتەوە.

ڕیفاتر بۆ هێنانە ئارای ئەم خوێنەرە دێو و درنج ئاسایە، سەرەتا دەچێتە سەروسۆراغی مۆدێلی یاکووبسن بۆ کردەوەی ئاخاوتەیی. ئەو لەڕێگای شیکردنەوەیەکی سەر لە نوێی شەش لایەنی پێوەندی، پێناسەی یاکووبسن بۆ ئاخاوتەیی شیعری بەشێوەیەکی بەرچاو تووشی گۆڕانکاری دەکات. یاکووبسن گوتبووی کە چەق بەستن لەسەر پەیام خۆی تایبەتمەندی شیعرە.

پێشتر هەولّم دا ئەوەتان نیشانبدەم کە ئەم ڕوخساربەندییە نیوەچڵ و تەمومژاوییە، و تێکۆشام تا لە سۆنگەی ئامادەبوونی شاراوەیی و فریرکاری لە نێو هەموو ڕەگەزەکانی کەلامدا، پێناسەیەکی دیکە بۆ شیعر بەدەستەوە بدەم. ڕیفاتر-یش ئەم ڕوخساربەندییە بەناتەواو دەزانێ، بەڵام پەرچەکرداری ئەو گشتی و کامڵ و پڕ بەپێست نییە، چونکی ڕیفاتر هەوڵی ئەوەی نییە تا لە ڕێگای گۆڕانی پلەوپایە و ئەرکی سەر لەبەری شەش ڕەگەزەکە، ماهییەتی کارکردیی شیعری ئاشکرا بکات. ئەو هەر ئەوەندە تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی پێداگرتنی تیۆریک لەسەر [ڕەگەزی] پەیام ڕابگوازێت بۆ سەر [ڕەگەزی] وەرگر. بەباوەڕی ئەو پەیام و وەرگر" تاقە هۆکاری کاریگەری ڕووداوی پێوەندین کە ئامادە بوونیان پێویستە و لە هەنگاوی داوییشدا تێدەکۆشێ تا سەر لە بەری هۆکارەکانی تر لە بەر پێی پێوەندی پەیام - وەرگردا قوربانی بکات:

**ئەوەندی پێوەندی بەهۆکارەکانی ترەوە بێت - واتە زمان (ڕەمز)، زەمینەی نالەفزی، و ئامراز و کەرەسەی ئاواڵە کردنەوەی بەستێنی پێوەندی زمانی گونجاو لەگەڵ بەڵگە یان ژێدەر لە هەناوی زمان خۆیەوە هەڵدە هێنجرێ، زەمینە لە ڕێگای پشت بەستن بەپەیامەوە ساز دەکرێتەوە، پێوەندی (تماس) دەرەنجامی چاودێرییەکە کە پەیام لەسەر خوێنەر و سەرنجی ئەو هەیەتی و هەر لە بنەڕەتەوە پێوەندی بەپلەی بەرزی و نزمی و ئاستی خەست و خۆڵی ئەم چاودێرییەوە هەیە. ئەم ئەرک و کارکردە تایبەتانە، و ئەو پێداگرتنە جوانی ناسانەیە کە تایبەتمەندی شیعرە، پێویستی بەوە هەیە کە پەیام خاوەن تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراو بێت کە لەگەڵ ئەم کارکردانە یەکتر دەخوێننەوە. تایبەتمەندییەک کە لەسەر لەبەری ئەم هۆکار و فرت و فێڵانەدا هاوبەشە، ئەوەیە کە هەموویان بۆ خۆشکردنی زەمینەی سەرهەڵدانی پەرچەکرداری خوێنەر داڕێژراون... [ل ٢٠٣-٢٠٢]**

بەڕای من، ئەم چەند دێرە پێشاندەری دوورکەوتنەوەیەکی تەواوە لەو وردبینی و وردبوونەوەیە بەکەڵکەی، کە ڕۆحی بەبەر ڕەخنەی ڕیفاتردا



دەکرد. گومانی تێدانییە هەموو شتێک دەشێت لەسەر دەستی پەیامەوە مەزندەی بۆ بکرێت و بفامێنرێت، بەڵام ڕەمز و زەمینەکان بەپێی پێناسەیان، دیاردەگەلێکی جیا لە پەیامن کە تێگەیشتنیان لە بەر مانادار بوونی پەیام پێویستە. گەلاڵەی ڕیفاتر، دەستەبەرکەری مەترسی کورت کردنەوەی هەموو شتێکە لە مۆدێلی ساکاری بزووێنەر - پەرچە کرداردا (محرک - واکنش)، کە هەمووومان دەزانین چەندە بێ سوودە، چون ئەم مۆدێلە ئەو پرۆسانە لە بەر چاو ناگرێ کە بزوێنەری شیعری لەسەر دەستی ئەوان دەگۆڕدرێت و هەر لە سۆنگەی ئەم گۆڕانکارییەشەوە دەبێتە هۆی وەدیهێنانی پەرچە کرداری شیعری، نموونەی دیاری ئەم هەڵە کورتکردنەوەییە (خطای تقلیلی) شێوە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕیفاترە لەگەڵ پرسی تەوس(تەنز) لە شیعری بۆدلێردا. (هەڵبەت دەشێت دان بەوەدا بنێم کە تێگەیشتنی ڕیفاتر لە مەڕ تەوسی شاراوەی شیعری بۆدلێر گەلێک قووڵترە لەچاو تێگەیشتنی یاکووبسن و لێڤی شتراوس، بەڵام هۆی ئەم شتە ئەوەیە کە ڕیفاتر خۆی مل نادات بۆ سنوور و بەرتەسکییەکانی تیۆرییەکەی) ئەو بۆچوونی خۆی لە مەڕ تەوس بەم شێوەیە ساغ دەکاتەوە: "تەوس لە ئەدەبدا دەبێت بونیادێکی کەلامی بێت، چونکی ئەگەر وا نەبێت ئەوە لەوانەیە بیروڕای خوێنەرانی جۆراوجۆر لە بابەت ئەوەی کە چ شتێک لاف و گەزاف ئامێزە "یان هەر لە بنەڕەتەوە بەبێ مەبەست و نییەتێکە" بگۆڕدرێت" (ل ٢١١)

هەڵبەت ئەگەر پرسەکە ئەوەندە سادە و ساکار بووایە، زماننناسان زۆر لەمەوبەر پرسی تەوسیان چارەسەر کردبوو. بەڵام دیارە پرسەکە تا ئەو ڕادەیە سادە نییە. تەوس لە ئەدەبدا بەشێوەی جۆراوجۆر خۆدەنوێنێ و دەسنیشانکردنی تەوس بەپێی بونیادی ئاخاوتەیی ڕووت زۆرجار نامومکینە. بۆوێنە، کاتێک ئا.ب.وایت، لە وتارێکی ئەدەبیدا، باسی "شکۆ"ی درەختی گینکۆی ginco trees نیۆیۆرک دەکات، تەنیا ئاشنا بوون بەزەمینەی قسەکەیە کە ئەگەری زانینی بەتەوسە شاراوەکەی

دەرەخسێنێت. بەوتەیەکی تر، پێزانین بەتەوسی زەریفی شاراوە_ی دڵی وشەی "شکۆ" پێوەندی بەلە هەمبانەدا بوونی کۆمەڵێک زانیارییە لە بابەت درەختی گینکۆ - درەختێکی جوان کە زۆر کەم هەڵدەکەوێ نێوقەدی ئەستوور بێت، بەتایبەت درەختی گینکۆی نیویۆرک کە تاقەتۆزێک لەگوڵی گوڵدان گەورەترە. وشە هەر هەمان بزوێنەری (شیعرییە) بەڵام نیشاندانی پەرچەکردار پێویستی بەبەسەرداهاتنی زەمان و هاوڕێکی وشە هەیە لەگەڵ زەمینەی زەینی جارانی ئێمە. لەم حاڵەتە تایبەتەدا دەکرێ بڵێین کە ڕادە و ئەندازەی تەوس لەگەڵ فام و توانایی ناسینی ئێمە لە ڕادەی ئەندازەی ڕاستەقینەی درەخت، ڕێژەیەکی پێچەوانەی هەیە. ئەگەر ڕێک هەر بەم پێکهاتە ئاخاوتەییە باسی شکۆی داربەڕوومان کردبا، قسەی ئێمە بێ گومان لە هەر چەشنە تەوسێک بێبەری دەبوو. تەوس زیاتر لە ئەنجامی کردار و پەرچەکردارێکی زەریفی نێوان ڕەمز و زەمینەدا دەخولقێت. تەوس بۆی هەیە دەسەڵاتی خۆی لە زمانێکی تایبەتی یا خود ئەزموونی هاوبەشی تاقمێک لە هاواڵانی نێزیک وەربگرێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تەوس ئەوەیە کە بەردەنگان (مخاگبان) دەکاتە دوو گرووپ، گرووپێکی هەڵبژاردە کە لە تەوسی بابەتەکە دەگەن و گرووپێکی ژێردەست کە تێی ناگەن. (پێویستە بگوترێ تەمسیل-یش ئەم تایبەتمەندییەی هەیە.) کاربردی تەوسایی هەر زمانێک دوایین شتێکە کە مناڵان یان بیانییەکان توانایی تێگەیشتنیان دەبێت. ئەمە ڕێک هەر ئەو شتەیە کە خوێنەرانی جۆراوجۆر هەڵوێستی جیاوازیان لە بەرابەریدا دەبێت و زۆر جاریش پێوەرێکی باشیشە بۆ هەڵاواردنی خوێنەری "باش" لە خوێنەری "خراپ"، بەڵام ڕیفاتر لەگەڵ ئەم پێناسەیە بۆ تەوس کۆک نییە. دەرەنجامی مۆدێلی بزوێنەر - پەرچەکرداری ئەو ئەم بیرۆکەیە بەرهەم دێنێ کە پەیام پەرچەکردار دەخاتە ژێر چاودێری خۆی، لە کاتێکدا پەیام تەنیا بۆی هەیە داواکردنێک بێت بۆ سەرهەڵدانی پەرچەکردارێکی شیاو.

ڕووکردی ڕەفتار خوازانەی ڕیفاتر، تووشی گرفتێکی دیکەشی دەکات کە



لە پرسی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی ئەودا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ. ئەو پەرە بەچەمکێکی تایبەتی [واتە] "کەڵە خوێنەر" دەدات کە لەیەک کاتدا گەلێ ناسیستماتیک و فرە ڕاگوزەرانەیە، ئەویش تا ئەو ڕادەیەی کە لەوانەیە پێمان وابێت گەڵاڵەی ئەم چەمکە هەڵگری جۆرە داڕشتنێکی تەوساییە - گەرچی بەدەستەوە نەدانی ئەم چەمکە لە قەوارەی جۆرە پێکهاتەیەکی ئاخاوتەیی تەوساویدا، ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە! بەپێچەوانەی بابەتەکەی ستانلی نیش، کەڵەخوێنەری ڕیفاتر تەنیا نموونە یان نوسخەی کەم و زۆر پەرەپێدراوی خودی ئەو نییە. لەتیۆری ڕیفاتردا، کەڵەخوێنەر، پێشاندەری هەولێکە بۆ پێشاندانی ڕادە و ڕێژەی پەرچە کردارەکان تا لەم ڕێگایەوە بکرێت لەو پەرچەکردارانەوە کە لە ڕاستیدا بەدەستی شیعر وروژێندراون بەرەو ئەو بونیادە "ئاخاوتنیانە"ی کە ئەوانیان بەدی هێناوە بپەڕینەوە. کەڵە خوێنەر خاوەن دوو لایەنە. هەم فرە خوازە، هەمیش بۆش و بەتاڵ. وەک چۆن لێڤی شتراوس گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی یەک ئوستوورە شیدەکاتەوە، ئامانجی ڕیفاتریش هەڵسەنگاندنی هەمە جۆر پەرچەکرداری جۆراوجۆری خوێنەرانە لە هەمبەر دەقێکی دیاریکراودا - لێرە غەزەلی "پشیلەکان" - لە هەنگاوی دواییدا "هەر خاڵێکی دەق کە سەرنجی کەڵە خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بەکورتی وەک تایبەتمەندییەکی بونیادی شیعری دێتە ئەژمار". بۆ چوون وتێبینی کەڵە خوێنەر لە مەڕ ئاڵۆزیی دەق و لێکدانەوەی بۆ پێچ وپەناکانی دەق گرینگ نییە. پەرچەکرداری کەڵە خوێنەر دەشێت" لە هەر چەشنە ناوەرۆکێک بەتاڵ بکرێت". چونکی گەر وانەبێت، ڕاڤە دڵخوازەکانی تایبەتی ئەو بەرد دەخاتە سەر ڕێگای دەوامی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی. ڕیفاتر هەرشتێکی کە لەم غەزەڵە تایبەتە بەجۆرێک لە جۆرەکان سەرنجی خوێندکاران و هەڤالان و ڕەخنەگران و وەرگێڕان و شاعیران و فەرهەنگە ئەدەبییەکان ڕادەکێشێ، دەینووسێ و دواجار لەم ڕێگایەوە بۆچوونێکی ڕاستەقینە لەبابەت بونیادی کاریگەری

شیعریی ئەم بەرهەمە ساغ دەکاتەوە، پاشان ئەو ئەم بونیادە لەسەر بناغەی ڕاڤەی خۆی بۆ ئەم شیعرەی بۆدلێر لێکدەداتەوە و تاوتوێ دەکات. بەڵام ئەم ڕاستییە کە ڕاڤەی ڕیفاتر خۆی بەڕاستی دەگمەن و ڕیزپەڕە، گرفتە شاراوەکانی ڕەوشتناسی ئەومان لێدەشارێتەوە. چون ئەگەر یاکووبسن و لێڤی شتراوس نەیاندەتوانی بونیادە شیعری و ناشیعرییەکان لێک جیا بکەنەوە، کەڵە خوێنەری ڕیفاتریش ناتوانێ ئەم پرسە ڕوون بکاتەوە کە کام یەک لە پەرچەکردارەکان بەڕاستی شیعرین.

سەرەڕای ئەمانە ڕیفاتر توانایی ئەوەی نییە کە لەگەڵ ئەو پەرچەکردارانەی کە ناگەنە ئاستی وشیاری (و لە وشیاری و ئاگایی ئێمەدا دەرناکەون) ڕووبەڕوو بێتەوە – ئەم خاڵەش لانی کەم هەر بەهەمان ڕادەی گرفتی پێشوو گرینگە. شیکردنەوەی سەرەتایی یاکووبسن و لێڤی-شتراوس بۆ شیعری (پشیلەکان) پشت ئەستوور بەم گریمانەیە بوو کە ئێمە لە هەمبەر هەرچی بونیادی نێو شیعرە، پەرچەکرداری خۆمان دەنوێنین، هەر بۆیە ئەم شیکردنەوەیە هەوڵی دەدا تا سەر لەبەری ئەم بونیادانە دیاری و دەسنیشان بکات، گریمانەی ڕیفاتر ئەوەیە کە پەرچەکردارەکانی ئێمە هەمیشە ڕادەگوێزرێن بۆ ئاستی ئەزموونی وشیارمان و هەر بۆیە حاشا لە پلەوپایەی شیعری ئەو گرووپە لە بونیادگەلی ئاخاوتەیی، کە هیچ چەشنە پەرچەکردارێک لە کەڵەخوێنەردا بەدی ناهێنن. بەڵگەنەویستە هیچ کام لەم دوو ڕەوشتە ڕازیکەر نین و، دیارە هیچ ڕەوشتێکی قەناعەت پێهێنەری دیکەش دروست نابێت، مەگین ئەوەی بەجۆرێک بتوانین پێوەندی نێوان گشت پێکهاتەکانی نێو شیعر و هەموو پەرچەکردارەکانی وشیاری نەستی خوێنەر ڕوون بکەینەوە. نەبوونی ئەگەری بوونی شوێنپێ هەڵگرتن و دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی پەرچەکرداری لەم دەستە، مانای کە توانایی و شیاوبوونی هەر چەشنە ڕەوشتناسییەک بۆ دانانی بەها و هەڵدانی مانای فلانە یان فیسارە شیعری تایبەت، لەزاتی خۆیدا بەرتەسک و سنووردارە. بەشێکی زۆری ئەو تورەهاتانەی کە ڕەخنەگرانی ئەدەبیی سەر



بەقوتابخانەی جۆراوجۆر دەیلێن، بەهۆی ئەم بۆچوونە بەتاڵەیە کە چما وەها بەرتەسکی و سنووردارێتییەک هەر لە بنەڕەتەوە بوونی نییە.

کارێک کە ڕیفاتر بەکردەوە دەیکات ئەوەیە کە شیعری "پشیلەکان" بەسادەیی لێکدەداتەوە و بۆ سەلماندنی باسەکەی خۆشی هەندێ وردەشتی جێماو لە هەمبانەی کەڵە خوێنەر، کە جوان و ورد هەڵبژێردراون، بەدەستەوە دەدات. ئەم وردەشتانە کە زۆرتر لە ڕەخنەگران و وەرگێڕان وەرگیراون، لەگەڵ باس و لێکدانەوەیەکی زۆر باش لەسەر ڕەمزی شیعریی بۆدلێر خۆی، ئەگەر نەڵێین کەڵە خوێنەر، لانی کەم ڕیفاتر دەکاتە خوێنەرێکی باڵادەستتر. بەڵام ئەم پاژ و وردە شتانە لە نێو پێکهاتەی شیعریدا نەشاردراونەتەوە، بەڵکو دەبێ لە دەرەوە و بەسەرنجدان بەرەمز و زەمینەی شیعر، پێوەی زیاد بکەین. تەنانەت ناسین و دەسەڵات بەسەر ڕێزماندا، کە یاکووبسن و لێڤی شتراوس و ڕیفاتر هەر سێک ئەم فاکتۆرە بەشارەزاییەکی تەواوەوە بۆ شیکردنەوەی شیعر وەکار دێنن، هۆکارێکە کە لەسەر دەستی ڕەخنەگر، و بەپێی شێوەی تێگەیشتنی ئەو لە بابەتی ڕەمز وەک سیستمێک بەشیعرەوە زیاد دەبێت و بەهیچ جۆرێک ناکرێ ڕێزمان تەنیا لە پەیام خۆیەوە هەڵێنجرێ. بۆ نموونە، کاتێک ڕیفاتر دەڵێت: "کاریگەرێتی بەهێزی دوو دێری کۆتایی شیعرەکە قەرداری پێکهاتەکەیانە وەک جۆرە گێڕانەوەیەکی پشت قایم بەتەعلیق و دڵەخورپە."

شارەزایی و زانایی ئەو پشت ئەستوورە بەزانستی لە زمان و ئەدەبی فەرەنسی و وەکی تر پەرچەکرداری تاکەکەسی ئەو لە هەمبەر شیعری بۆدلێر. هەڵبەت ئەم پەرچە کردارە تاکەکەسیەی، ماکی سەرەکی و بنەڕەتی لێکدانەوەکەیەتی. دڵنیایی ڕیفاتر لە مەڕ کاریگەرێتی بەهێزی دوو دێری کۆتایی ناگەڕێتەوە بۆ سەر "سەر چاوەکانی زانیارییەکانی" تاقە کەڵەخوێنەرێک کە لێرەدا ئامادەیە، [کە] ڕیفاتر خۆیەتی.

ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی کە لەم نووسراوەیەدا باسی لێکرا، دەربڕی هەندێ سەرنجی تایبەتە کە لە ڕوانگەی تێگەشتن لە تواناکان و

تەنگانەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی بونیادگەر، گرینگن. بونیادگەران لەم خاڵەدا ڕاستن کە پێیانوایە ڕەخنەگران دەشێت وشە و دەستەوشە وەسفییەکانی زماننا‌سان قەرز بکەن، ئەویش بەم هۆ سادەیە کە ئەمانە باشترین وشەی ئامادەن. بەڵام وەسفی زماننا‌سانە پرسی پەرچەکرداری ئەدەبی چارەسەرناکات. هەر چۆنێک بێت، چارەسەرکردنی ئەم پرسە، کە بەیارمەتی ڕەوشتی ئەندازە گرتن یان تەنیا کردەوەیی operational مسۆگەر نابێت. ئەگەر شیعر تەنیا کۆمەڵێک پەیامی بخستبایەتە نێو چوارچێوەی پێکهاتەگەلێکی تایبەتی شیعری، چارەسەرکردنی مەسەلەکە سانا دەبوو و، سەرنجدانی تایبەتمەندیی ڕێزمانیی شاراوەی نێو پەیامی شیعری دەبووە هۆی تێگەیشتنی کامڵ و ڕاستەقینەی دوا دەسکەوتی شیعر. بەڵام لەسۆنگەی ئەوەی شیعر، ڕیفاتر گوتەنی، پرسێکی پێوەندیدارە بەپەرچەکردارەوە، و ئەم پەرچەکردارەش، بەپێچەوانەی بۆچوونی ڕیفاتر، لەسەر بناغەی پێزانین بەتەمومژ و خەت و فێڵی شاراوە لە نێو بارودوخی وەرگرو بنێر، یان بەشێک لە ڕەمزی بەکار هێنراو یان زەمینەی بەردەست دامەزراوە، کەوایە هەر شیکردنەوەیەکی فلانە یان فیسارە شیعری تایبەت، دەشێت بەشتێکی زیاتر لەوەی لە خودی بونیادی ئاخاوتەییدا ئامادەیە، سەرقاڵ بێت. ئەندازەیی کردنی پەرچەکردارەکان لە هەمبەر شیعرگەلێکی تایبەتیش گرێ پووچکەی کارەکەمان ناکاتەوە، تەنها لەو سۆنگەیەوە کە گشت پەرچەکردارەکان بەیەک ڕادە خاوەن بەهانین. لە باسوخواسەکانی زماننا‌سیدا پشت بەستن بەتوانستی competence ئاخێوەران لەپێوەندی لەگەڵ ڕێزمانی زمانی زگماکی ئەوان، ڕەوشتێکی تەواو بەجێیە. بەکارهێنانی ئەم ڕەوشتە بەکەڵکە، چون توانست (توانش) لەڕاستیدا کارکردێکی سەرەتایی و هەمەکییە و هەموو کەس، یان تارادەیەک هەموو کەس، خاوەنێتی. بەڵام لە پانتایی تیۆری شیعریدا، ئەگەر بەکارهێنانی وەها ڕەوشتێک نییە، چونکی شیعرێک لەوکاتەوە دەسپێدەکا کە ئێمە توانست (توانش)ی ڕووت جێ دەهێڵین. کەسێک کە



توانایی خوێندنەوەی نوێی نییە، بەڵام دەیەوێ لەڕێگای ئەزموونی بیستنەوە لەگەڵ یەکێک لە پێرلۆدەکانی شۆپێن ناسیاری پەیدا بکات، بۆی هەیە لە سەد کەس کە بەڕێکەوت هەڵبژاردراون بخوازێت ئەو پێرلۆدەی بۆ بژەنن و پاشان بەیارمەتی دەسکەوتەکانی ئەم کارە "پێرلۆدی ڕاستەقینە" بۆ خۆی سەر لە نوێ سازبکاتەوە. بەڵام ئەو لە هەمانکاتدا دەتوانێ داوا لە پیانۆژەنێکی هەڵکەوتە بکات تا ئەم ئاهەنگەی جارێک بۆ بژەنێت و ڕەنگە لەم ڕێگاوە زووتر بە"پێرلۆدی ڕاستەقینە" بگات. لە حاڵەتی ئایدیال و هەرەباشیدا، ئەم کەسە دەتوانێ داوا لە چەند پیانۆژەنێکی پسپۆڕ بکات تا ئەم هەوایە چەند جارێک بژەنن. بەڵام تەنانەت لەم حاڵەتەشدا هەرگیز ناتوانێ بەبێ ناسینی وردی ڕەمزی موزیکالی شۆپێن، ئەم ئاوازە بەو شێوەیەی شایانە "ببیستێت".

مەبەستی من ئەوەیە بڵێم کە لە ڕەخنەی دەقی شیعریدا، هەر وەک لە داهێنانیاندا، جۆرە توانایی و لێزانییەکی تاکەکەسی پێداویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هێرش کۆمەڵێک بەڵگەی بەهێزی بەدەستەوە داوە لەسەر ئەوەی تیۆری شیعری هەرگیز ناتوانێ ببێتە هۆی دابینکردنی جۆرە ڕەوشتناسییەک کە بۆ ڕاڤەکردنی هەرچی شیعرە بەکار بێت. وێدەچێ شیکردنەوەکانی یاکووبسن و لێڤی شتراوس و ڕیفاتر سەلمێنەری ئەم قسەیەن. هەنووکە دەبێ پرسیار بکرێت کە بونیادگەر چۆن چۆنی دەتوانێ بۆ ڕەخنەی پراکتیکی لەسەر دەقی شیعری دەستمان بگرێ. بەباوەڕی من بەشی بونیادگەری لەم بارەوە سەرنجڕاکێش و بەرچاوە، بەڵام تەنیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بونیادگەری بۆی هەیە لە ئامادە کردنی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی شیعر، دەورێکی فێرکاریی کاریگەر بگێڕێت. ئەم تێڕوانینە، گەر بەدرووستی پەرەی پێبدرێ، لەدەستی دێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی تێگەشتنێکی ڕۆشنترمان بۆ گوتەی شیعری و پێوەندی ئەو گوتەیەیە لەگەڵ جۆرەکانی تری گوتە هەبێت. بونیادگەری دەتوانێ واژە وەسفییەکانی ئێمە و فامی ئێمە بۆ پرۆسەی زمانی بپاڵێوێ. لەو ڕووەوە کە ئامانجی

بونیادگەری شیکردنەوەی گشتێتی جیهانی تواناکانی شیعرییە، کەوایە دەرەقەتی ئەوەدێت کە باشترین چوارچێوەی بەردەستمان پێشکەش بکات تا بەیارمەتی ئەم چوارچێوەیە هەر چەشنە دەقێکی ڕاستەقینەی شیعری باشتر فام بکەین. بونیادگەری توانای ئەوەی هەیە هاوڕێیەتی داهێنانی جۆرە وشەناسی و مێژووی ئەدەبییەکی نوێ بکات و، ڕۆحێکی تازە بەبەر لەشی لقە کۆنەکانی کۆرسی ئێمە دا بکات. بونیادگەری بۆی هەیە زۆرمان لێبکات بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ دەقی ئەدەبی تایبەتدا، ئاگادارییەکی زیاتر و ڕۆشنتر لە لایەنەکانی پێوەندی گشتی پرۆسەی شیعری وەدەست بێنین. بەڵام سەرەڕای گشت ئەم قسانە، بونیادگەری ناتوانێ شیعرمان بۆ بخوێنێتەوە. ئەمە ئەرکێکە و دەشێت هەمیشە خۆمان بەجێی بێنین.


سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی:

Robert Scholes, Structuralism in liturature yale new haven 1974

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

نظریه شعری: یاکووبسن ولوی – استروس در برابر ریفاتر ترجمه مراد فرهادپور ، فصلنامه ارغنون، ش ٤ ص ٣٧-٥٥




# ڕەخنەی دەروونشیکارانەی شانۆنامەی هاملێت


*نووسینی: ڕامان سێلدێن*

*وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری*


ڕەخنەگران گەلێ هۆیان بۆ دڕدۆنگیی هاملێت لە تۆڵەکردنەوە لە بکوژرانی باوکی، هێناوەتەوە و زۆریەک لەو هۆیانەش ڕەوا دیارن. بۆ نموونە دەکرێ بەم جۆرە بەڵگاندن بکرێ کە هەروەک لە ڕوانگەی دینی مەسیحییەوە، تۆڵەکردنەوە بەرەسمی کارێکی نائەخلاقی و جێگەی سەرزەنشتە، هاملێتیش لەم لایەنەوە ڕووبەڕووی بڤەی ئەخلاقیانە بۆتەوە. هەندێکیش وتوویانە هاملێت لە بنەڕەتدا کەسێکە زیاترحەز لە ڕامان [و بیرکردنەوە] دەکات، واتە زیاتر مەیلی بەرەولای هزرە تاکوو بەرەولای کردەنواندن. شیمانەی سێیەم ئەمەیە کە چونکوو هاملێت سروشتێکی مردەڵۆخ [و پەرێشان]ی هەیە و بیری خۆکوشتن و هەندێ بیرکردنەوەی کەسەرهێنەر سەبارەت بەچەپەڵیی مرۆڤ بەردەوام زەینیان تێکداوە، کەواتە ناتوان کەوتۆتەوە و ناتوانێ کردە بنوێنێ. لەم وتارەدا دەمەوێ لە ڕوونکردنەوە دەروونشیکارییانەکانی دڕدۆنگیی هاملێت بکۆڵمەوە.

بەڕای زیگمۆند فرۆید، ئوستوورەی ئۆدیپ ماهییەتی قۆناغێکی گرنگی گەشەی دەروونیی مرۆڤ بەئاشکرایی پیشان دەدات. ئەو دەڵێ کە هەر منداڵێکی کوڕ لە خولێکی تایبەتی منداڵیی خۆیدا، ئارەزووی کوشتنی باوک و هاوئامێز بوونی دایکی لە خەیاڵدایە. ئەم ئارەزووە ناوشیارانەیە، کەچی بەدواهاتەکانی لە واقیعدا بەرۆکی دەگرێ.

ئامادەیی ئەم ئارەزووە تایبەتمەندیی قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی منداڵە بەرەوگەشتن بەتایبەتمەندیی جنسیی گەورەکان. هەتا بەر لەم قۆناغە، واتە تا ئەوکاتەی منداڵ لە قۆناغی پێش ئۆدیپدا دەژی، مەیلەکانی ئەو تەنیا بەدایکەوە گرێدراوە. لەم قۆناغە تازەدا، باوک

لەڕاکێشانی میهر و خۆشەویستیی دایکدا، دەوری نەیار [ی منداڵ] دەبینێ. ترس لە «خەساندن» منداڵی کوڕ وا لێ دەکات تاکوو مەیلی زینا لەگەڵ دایکدا (کەمەیلێکی بەتەواوی ناوشیارانەیە) لە سەر دەربکات. ئێستە منداڵ بە بەئەمئەوکردنی inentity شوناسی خۆی لەگەڵ باوکیدا، باوک وەک سەر نموونەیەک بۆ دەوربینین چاو لێ دەکات، نەک نەیاری خۆی. بەم جۆرە کوڕ ژیانی وەک ژیانی گەورەکان دەستپێدەکات و شوناسێکی نێرینە و بالغ وەدەستدێنێ. هەڵبەت وەک زۆر یەک لە خوێندنەوە بابەتیەکانی فرۆید نیشان دەدا، تاکەکەس قۆناغی ئۆدیپیی گەشەی دەروونیی خۆی بەتەواوی جێناهێڵێ، چونکوو تەنیا لە ڕێگەی سەرکوت کردنی مەیلی ناوشیاری خۆیەوە، واز لە عەشقی دایکی خۆی دەهێنێ.

بەڵام مەیلە سەرکوت کراوەکان، تێداناچن، بەڵکو بەشێوەیەکی شاراوە چاوەڕێ دەمە قەیرانییەکانی ژیانی کەسی گەورەساڵ دەمێننەوە. بەوتەیەکیتر، بۆ بلووغێکی سەرکەوتوو، ناچار دەبێ باجێکی گەورە بدرێت. ئەگەر کوڕ نەتوانێ بەسەر گرێی ئۆدیپدا زاڵ بێت، دیسان بەشێوەیەکی خراپ، ئەڤینی دایکی خۆی هەڵدەگرێ و لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا، بەدژواری دەتوانێ جنسی بەرامبەری خۆی واتە [مێیینەی] خۆش بوێ.

کەم تا کورتێک ئاشکرایە کە بیرۆکەی فرۆید دەربارەی گرێی ئۆدیپ چ پێوەندییەکی بەشانۆنامەی هاملێتەوە هەیە و فرۆید خۆی یەکەم کەس بوو کە لەوتارێک بەناوی «کەسایەتیە نائاساییەکان لە سەر شانۆدا» ئاماژەی بەم پێوەندییەکرد. فرۆید لەوتاری ناوبراودا بەم جۆرەبەڵگاندن دەکات کە هاملێت وەک هەموو پیاوێکی پێگەشتوو، قۆناغی ئۆدیپیی بەجێهێشتوە و بەتەواوی مەیلە ئۆدیپییەکانی خۆی سەرکوت کردووە، بەڵام دەرکەوتنی قەیرانێک لە ژیانیدا دەبێتە هۆی سەر هەڵدانەوەی دووبارەی ئەم مەیلە سەرکوت کراوانە و توانای کردە نواندنی ئەو تێکدەدات. هاملێت ئاگای



لەم لێکدژییە ئیفلیج کەرەی هەناوی خۆی نییە، بەڵام لە ئاخافتن و کرداریدا، نیشانە تایبەتەکانی ئامادەیی نەخۆشین بەرچاو دەکەوێت کە [ئەو نیشانانە] بوونی ئەم لێکدژییە بۆ بینەران ئاشکرا دەکەن. ئێرنێست جۆنز[١] لە نووسراوی بەناوبانگی خۆی بەناوی هاملێت و ئۆدیپ، شرۆڤەی کورتی فرۆیدی سەبارەت بەم شانۆنامەیە پەرەپێدا. بەڕای جۆنز، هاملێت هێند بەسەرکەوتووییەوە ویستە ئۆدیپییەکانی خۆی سەرکوت کردبوو کە هەستی پەسن و عەشق بۆ باوک، ببوە توندترین سۆزی ئەو لە پلەی فرزەندا. هاملێت لە سەرەتای شانۆنامەکەدا لەڕێگەی ڕۆحێکەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە باوکی لەڕاستیدا [نەمردووە، بەڵکو] کوژراوە. ئەوکاتەی بەم شێوە هاملێت لە مەیلی دێرینەی سەردەمی منداڵی خۆی (کوشتنی باوک) ئاگادار دەبێتەوە، ئەو مەیلەی بەهەموو جۆرێک سەرکوت کرا بوو، لەپڕ «بیری» ئۆدیپیی دەربارەی زینا لەگەڵ مەحارم و باوک کوژی، دووبارە لە زەنیدا زیندوو دەبنەوە. جۆنز لە لێکدانەوەی ئەم شانۆنامەدا، دڕدۆنگیی هاملێت لە تۆڵەکردنەوەی کوشتنی باوکیدا، بەپێی بنەماو چەمکگەلی دەروونناسیانە ڕووندەکاتەوە. بەپێی شیکاریی جۆنز، هاملێت شوناسی خۆی لەگەڵ کلادیووس [مام و بکوژی باوکی هاملێت] بەیەک دەکات، چونکوو کلادیووس کارێکی کردووە کە هاملێت وەک ڕۆڵەی نێرییە، ناوشیارانە ئارەزووی کردنی [ئەو کارەی] لە لا هەبووە. هەست بەتاوان کردنی هاملێت [کە ڕۆح دەریدە برێت]. هاملێت هاندەدات پیلانی تۆڵە کردنەوە لە کلادیووس داڕێژێت، بەڵام لە بەڕێوە بردنی پیلانەکەی پەژیوان دەبێتەوە چونکوو ئەویش لە نەستی خۆیدا ئارەزووی کوشتنی «هاملێتی پیر»ی هەبووە و کەواش بوو بەکوشتنی کلادیووس، لە ڕاستیدا خۆی دەکوشت. فرۆید و جۆنز لە بیرۆکەڕێژیدا، زیاتر سەرنج دەدەنە بزووتنی دەروونیی شانۆنامەکە کە هەڵبەت شتێکی بەکەڵکە، بەڵام ئەوان بەڵگەی

١- Ernest jones ١٨٧٩-١٩٥٨ دەروونشیکاری ئینگلیزی و قوتابیی فرۆید.

زۆر لە دەق ناهێننەوە. ئاخۆ دەکرێ چەمکی دەروونشیکاری، ڕاستەوخۆ بۆ شیکاریی دەق بەکار بهێنرین؟

تایبەتمەندیی سەرەکی ڕەفتاری هاملێت کە دەبێ ڕوونی بکەینەوە، وەک دەڵێن «شێتی»یی ئەوە. پرسەکە ئەمەیە کە ئەگەرچی هاملێت (بە [هاوڕێکەی خۆی] هۆراشیۆ) ڕادەگەیەنێت کە بەنیازە «ڕەفتارێکی سەیر و سەمەرە» بنوێنێ، بەڵام لە هەندێ لە بەشەکانی شانۆنامەکەدا وادیارە کە هاملێت بەڕاستی ئەقڵی دۆڕاندووە (بە تایبەت ئەوکاتەی لەگەڵ ئێفیلیادا قسە دەکات و ئەو کاتەی کە لە شانۆی گۆڕهەڵکەنانداا لەگەڵ لایرتیس (برای ئێفیلیادا) ڕووبەڕوو دەبێتەوە). ڕەنگە لەهەندێ شانۆدا نەکرێ بەبنڕییەوە بوترێ کە هاملێت خەرەفاوە یان نا. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئاخۆ هاملێت بەڕاستی تووشی شێتی هاتووە یان خۆی [بەوجۆرە] دەنوێنێ؟ هەر چەشنە تەعبیرێکی «شێتی»یی هاملێت کە بیەوێ شێوازی سەیر و بێ هاوتای ئاخافتەی هاملێت بەبەرهەمی نەخۆشینێکی ئاسایی (مردەڵۆخیی توند) دابنێ، بەهیچ شێوەیەک پێمل کەر نییە. وەکیتر دەتوانین ئەمەش زیاد بکەین کە کارێکی زۆر دروست [و بێ هەڵە] نییە کە ڕەفتاری هاملێت - ئەو جۆرەی لە شانۆنامەکەدا دەیبینین- وەک خووی جەوهەریی هاملێت تەعبیر بکەین. لە بیرمان بێت کە ئەو هۆی ئاشکرای بۆ مردەڵۆخی هەیە و جگەلەمەش بەڕاشکاوی دەڵێ کە بەئەنقەست دەیەوێ ڕەفتارێکی سەیر بنوێنێ. هەڵبەت هێشتا ئەم شیمانە بەتەواوی ناسڕدرێتەوە کە ئەرێ هاملێت لە هەندێ شانۆدا، بەڕاستی ئەقڵی لە دەست دەچێت.

ئەوەی هاملێت بەهۆراشیوی دەڵێ (لە پەردەی یەکەم، شانۆی پێنجەمدا) لە لایەنێکی دیکەشەوە شیاوی سەرنجە. ئەو ڕادەگەیەنێت کەدەیەوێ بەگوزارەی «گوماناوییەوە» قسە بکات و قسەکانیشی «لیل» دەبێ. ئەم ڕەهەندەی «شێتی»یی هاملێت زۆریش بەرهەمی «مردەڵۆخیی توند» نییە. وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە، بەپێی دوایین چەشنەکانی



ڕەخنەی دەروونشیکارانە، نوکتەبێژی و قەشمەریی زمانیانە، نیشانەی ماهییەتی لە بڕوانەهاتوو و ڕاڕایبوونی کەسایەتین. لە دیکەی شانۆنامەکانی شکسپیردا گەلێ کەس دەبینین کە حەز بەشاراوەگوتن و دووواتایی[*] بێژی دەکەن. نووسەرانی سەردەمی ئەلیزابێت بەزۆری شەیدای چەشنە جۆراجۆرەکانی یاری بەوشە بوون. خوێنەرانی دەقی ئەدەبیی هاوچەرخ بەزۆری، زۆر خۆ لە جیناس ناگەیەنن و جیناس بەبیچمێکی کەم بایەخی گاڵتە دەزانن، لە کاتێکدا خەڵکانی سەردەمی ئەلیزابێت[٢] چێژیان لە جیناسی پوخت، وەردەگرت. قۆشمەکانی دەربار لە شانۆنامەکانی شکسپیردا بەزۆری بەم جۆرە یاری بەوشەکان دەکەن کە وشەکانی کەسانی دیکە بەهەڵە سەبارەت بەخودی ئەو کەسانە، بەکار دێننەوە. بەکارهێنانی زمان لەم بیچمە سەهوکەرەدا، جۆرە توخمێکی شۆڕشگێرانەی تێدایە، چونکوو بەم جۆرە زمان بۆ درکاندنی هەندێ هەقیقەت بەکاردەهێنرێ کە زمانی ئاسایی خۆ لە سەلماندنیان دەدزێتەوە. لە نێو هەموو کەسایەتیەکانی شکسپیردا، هاملێت لە هەموویان شارەزایانەتر «دوو واتا» قسە دەکات. ئەو بەباشی ئاگاداری کاریگەریی قووڵی دوو واتابێژییە و، ئەمەش ئەوکاتە دەردەکەوێت کە ئەو لەگلەیی بەدەست دوو واتابێژیی گۆڕهەڵکەنەوە دەڵێ: «دەبێ بەوردی [واتە بێ شاراوەیی] قسە بکرێ، ئەگینا دوو واتابێژی، ڕیسەکەمان دەکاتەوە

---

(*) irony واتە جۆرێ قسەکردن کە نەکرێ بڕیارێکی بنەبڕ لە سەر مانای وتەکە بدرێت. پارۆدی چەندین جۆری هەیە واتە لە ئاستی وشە و ئاستی ڕستەشدا دەشێ ڕووبدات، وەشی پارۆدی بیز ئاگای لە دوو واتایی قسەکەن خۆی ببێت یان نەبێت.

٢- «سەردەمی ئەلیزابێت» ناوێکە بۆ خولی دەسەڵاتی مەلەکە ئەلیزابێت ١٥٥٨-١٦٠٣ لە ئینگلیز. ئەوانی مێژووی ئەدەب دەنووسنەوە، بەزۆری ئەم سەردەمە بەگەشەدارترین خولی شانۆنامە نووسیی ئینگلیز دەزانێ کە لەو خولەدا کەسانێکی وەک کریستۆفێرمارلۆ chistopher marlowd شکسپیر، ئێدمۆند، ئیسپەنسێر Edmund s p enser و بێن جانسۆن Johnson Ben هەڵکەوتن.

بەخوری. دوو واتابێژییەکانی خۆشی دەبێتە هۆی ڕەنجان، حەیرەت یان تووڕە بوونی گرترۆد ی دایکی]، کلادیووس [ی مام و بکوژی باوکی]، ئێفیلیا، ڕازێنکرانتر و گیلدنسترین [ی هاوڕیی]. هەڵبەت لە ڕوانینێکی دەروونشیکارانەوە دەبێ ئەمەش زیاد بکرێ کە یاریی هاملێت بەوشەکان جگەلەوەی کەسێتییەکانی دیکە بێ هێز دەکات، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە ئەندێشە ناوشیارانەکانی خودی ئەویش دەردەخات.

پۆلۆنیووسی [شالیار و باوکی ئێفیلیا] بەم یاریەی هاملێت دەزانێ و سەبارەت بەپێوەندیی شێتی و زیرەکی لەڕێگەی وشەکانەوە، وەها دەڵێ: جارجارە وەڵامەکانی چەند زیرەکانەن، ئەم سەرخۆشییە بەزۆری ڕوولە شێتەکان دەکات.» لە کاتێکدا کە شێتیەکەی ئێفیلیا (کە وادەکات ئەو بەردەوام سەبارەت بەبن کەوتن و سەر هەڵگرتن قسە بکات) هاوکاتی وەها یارییەکی زیرەکانە نییە. یەکێک لە دەستوپێوەندانی شا کە گرترۆد لە پەرێشانیی ئێفیلیا ئاگادار دەکاتەوە، بەتایبەت پێ لە سەر پچڕپچڕیی قسەکانی ئەو دادەگرێت:

**ئێفیلیا لە هەر شتێکی بێ بایەخ دەڕەنجێ، قسەکانی مانایەکی ئاشکرایان نییە،**

**نیوە شیان بێ مانایە. قسەکانی ئاڵۆزە،**

**بەڵام ئاڵۆزییەکەی بەجۆریکە**

**وا لە گۆیگران دەکات قسەی لێ هەڵبهێنجن. ئەوان مانای قسەکانی لێکدەدەنەوەو**

**وشەکانی ئەو بەپێی بیری خۆیان تەعبیر دەکەن.**

**ئەو وشانەی بەهۆی چاوتروکاندن و سەر جووڵاندن و تەکان و شەکانی ئەوەوە،**

**بەڕاستی تەعبیر لە بیرکردنەوەی دەکەن،**

**ئەگەرچی لەمبارەوە ناتوانین بە یەقین بگەین...**



سەر نموونەی ئەو پێوەندییە کەلامیەی لێرەدا وەسف کراوە، لە سەرنموونەکەی هاملێت جیاوازە، چونکوو ئەو پاش وەرگرتنی پەیامە زمانییەکان، ئەو پەیامانە لەڕێگەی دوو واتابێژییەوە دەگۆڕێت و بۆ بێژەرەکەی دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا کە ئێفیلیا «قسەکانی ئاڵۆزن». ئێفیلیا وشەکان بەشێوەیەکی شێواو بەکاردێنێ و لە بەرئەوەش گوێگر دەبێ بۆ تێگەشتن لەمانای وتەکانی ئەو، بەجۆرێک ئەو وشانە پێکەوەگرێ بدات. ئاخافتنی ئێفیلیا بەردەوام گوێگر بۆ لێکدانەوە پاڵ دەنێ، بەڵام ئاخاوتەکانی هاملێت لێکدانەوەیەکی (تەفسیر) بەهێزی، ئاخاوتەی ئەوانیدییە. جێگەی گەلێ وتە لەقسەکانی ئێفیلیادا، بۆش ماوەتەوە و خوێنەر خۆی دەبێ بۆیان بچێ، بەڵام لە ئاخافتنی هاملێتدا واتاکان فرەڕەنگ دەبن و دەتوانین بڵێین لەم لایەنەوە قسەکانی هاملێت لەو بابەتە دەچێ کە ڕۆلان بارت[٣] دەقی «نووسەرانە[٤]»ی پێ دەڵێ، واتە ئەو دەقەی ڕاڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ. بەیارمەتیی ئەم فرەڕەنگیی مانایە کە دەکرێ پەیامەکانی نەستی هاملێت، ڕەمز code شکێنی بکرێن.

ئەم وتووێژەی خوارەوەی نێوان هاملێت و کلادیووس دەربڕی ئەم بابەتەیە

٣- Roland Barthes ١٩١٨-١٩٨٠ زمانناس، فەیلەسووف و بیرۆکەوانی ئەدەبیی فەرەنسی.

٤- نووسەرانە scriptable زاراوەیەکە ڕۆلان بارت یەکەم جار لە کتێبی س /ز (z/s)دا بەرامبەر زاراوەی «خوێنەرانە» lisible دایناوە. بارت زاراوەی خوێنەرانە بەتایبەت بۆ ئاماژەدان بە بەرهەمە ڕیالیستیەکان بەکاردەهێنێ کە خوێندنەوە و لێکدانەوەیان پێویستی بەفیکراندنی دەق لەلایەن خوێنەرەوە نییە و دەقگەلێکی تاک ڕەهەند و خاوەن ئاسۆی مانایی فراوان و ڕاڤەهەڵگرنین. دەقی «خوێنەرانە» یەک واتای هەیە کە خوێنەر دەبێتە بەرخۆری ئەو واتا. دەقی نووسەرانەش لەبەرامبەردا، چەند ڕەهەند و چەندڕاڤەییە و بەکورتی پانتایەکە بۆ بیرکردنەوە و فیکراندن. لە دەقی نووسەرانەدا ئاسۆکانی دەق بەیارمەتی بەشداریکردنی خوێنەر کەشف دەکرێت.

که یاریی هاملێت بەوشەکان چەندە دەتوانێ وتووێژ تێک بدات:

**کلادیووس: برازای ئێمە، هاملێت، چۆنە؟**

**هاملێت: سوێندە بەخوا گەلەک باش، لە خواردنی قۆڕیەزەردە[٥]، خواردنم هەوایە[٦]، پڕ لە بەڵێن و وەعد. ناتوانن زگی کەڵەبابی خەسیو وەها بخنن[٧].**

**کلادیووس: چ لەم وەڵامە تێناگەم، هاملێت. ئەم وشانە ئی من نینە.**

**هاملێت: چیدی هی منیش نین[٨].**

لەوتەکەی هاملێت وادەردەکەوێ کە ئەو وشانەی مرۆڤ دەیانبێژێ، خێرا لە موڵکایەتیی ئەو دەردەچێ. دەکرێ ئەم وشانە لە ناوەرۆک و مەبەستی ڕاستەقینەیان بەتاڵ بکرێنەوەو بۆ مەبەستی دیکە بەکار ببرێن. کەوابوو دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە ئەگەرچی یاریی هاملێت بەوشەکان ئەو بەسەر

---

٥- کلادیووس لە پرسیار کردن لە هاملێتدا وشەی fare ی بەکارهێناوە کە لەبەر واتا جیاکانی وشەکە، ڕستەکەی ئەو دەکاتە هەڵگری دوو مانا: ئا «حالی برازای ئێمە چۆنە» و بـ«برازای ئێمە چی دەخوات؟». (لە زمانی [کوردی و] فارسیدا ئەم دوو مانایە لەیەک ڕستەدا کۆ نابنەوە). هاملێتیش لە بەرامبەردا وەڵامێکی شاراوە بەکلادیووس داوەتەوە کە لەسەر گەمە بەوشەو چەند واتایی دامەزراوە: بەشی یەکەمی وەڵامەکەی ئەو (ئەو کاتەی کە دەڵێ سوێندەبەخوا گەلێک چاک) وەڵامێکە بۆ دەلالەتی یەکەمی ڕستەکەی کلادیووس (هەواڵ پرسینی هاملێت) و، بەشی دووەمی وەڵامەکەی ئەو (لە خواردنی قۆڕیەزەردە) وەڵامێکە بۆ دەلالەتی دووەمی ڕستەکەی کلادیووس (پرسیار دەربارەی خواردنی هاملێت).

٦- بەپێی بڕوای کۆنی ڕۆژ ئاوایی، قۆڕیەزەردە حەیوانێکە کە بەهەوا دەژی.

٧- لەکاتی ڕوودانی شانۆنامەکانی شکسپیردا، واباو بوو کە پاش لێنانی کەڵەباب، زگیان بەچەندین جۆر خواردەمەنیی دیکە دەخنی.

٨- بەپێی پەندێکی کۆنی ئینگلیزی، هەر کەسێک قسەیەکی کرد، ئیدی قسەکانی بەهی خۆی دانانرێن.



ئەوانیـدیدا زاڵ دەکـات، بەڵام لە دواییـدا تەنانەت خـودی هاملێـتیش ناتوانێ ئەم یارییە جڵەو بکات. دەروونشیکارە فرۆیدییەکان ڕایان وایە کە کاتێک نوکتەیەک دەگێڕینەوە یان لەوشەکان جیناس پێکدەهێنین و شاراوە قسەدەکەین، لەڕاستیدا سانسۆری سەپاوی دەستی نەریتی کۆمەڵایەتی و کۆت و بەندی ئاسایی بەڕەوشت، بۆ ماوەیەکی کورت بەرپەرچ دەدەینەوە، تاکوو هزرە ناوشیارەکانمان دەرببڕدرێن.

گەلێ ڕەخنەگر ئاماژەیان بەوەداوە کە وادیارە بابەتی جنسی، زەینی هاملێتیان بەخۆوە خەریک کردووە. زەماوەند کردنی زیناکارانەی دایکی هاملێت لەگەڵ کلادیووسدا، بۆتە هۆی کڵپەسەندنی گڕی نەفرەت لەگیانی هاملێتدا. ئاخۆ یاریی هاملێت بەوشەکان پێوەندیی بەگرێی ئۆدیپەوە نییە؟ ئەوەی بەدوادا دێت دوو نموونەی دوواتا بێژیی سەرەتای شانۆنامەکەیە کە بابەتە سەرەکیەکەیان، خزمایەتییە:

**کلادیووس: بەڵام ئێستە، هاملێتی برازا و ڕۆڵەم**

**هاملێت: نێزیکایەتیمان نەختێک لە خزم زۆرتر و هەستەکانمان کەم لە هەستەکانی دوو خزم دەچێت.**

**گرترۆد گلەیی لەوە دەکات کە هاملێت هێشتا داوای «باوکی بەڕێزی نێوخاک»ی دەکات:**

**گرترۆد: تۆ گەلێ باوکی خۆت شەمراندووە هاملێت.**

**هاملێت: ئێوە بابمتان خراپ ڕەنجاندووە، دایە.**

**گرترۆد: وازبێنن، بەسە، لێڵ و پێڵ وەڵام ئەدەنەوە.**

هاملێت بەدایکی خۆی دەڵێ ناتوانێ لە بیـر بکات کە ئەو «هاوسەری هێوەرەکەی» خۆیەتی. ناوەرۆکی سەرەکیی ئاماژە پەیتاپەیتاکانی هاملێت بۆ شێوانی خزمایەتی، زینا لەگەڵ مەحارمە. لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکانی ئەم شانۆ نامەدا، هاوسەرێتیی ژن لەگەڵ هێوەری خۆیدا دەکرا بەزینا دابندرێ. (کلادیووس سەبارەت بەگرترۆد بەڕاشکاوییەوە دەڵێ: «ئەوی

عەیامێک خۆشکمان بوو و هەنووکە مەلەکەمانە»). بەپێی ئەوشتەی هاملێت دەڵێ: کلادیووس تەنیا خزمی «خزمی دووری» ئەو نییە، بەداخەوە کلادیووس بەهۆی خواستنی دایکیەوە بەکەسی نێزیکی هاملێت دەژمێردرێ، کەچی لە هەمان کاتدا هەستەکانیان «زۆر کەم لە هەست و [نێزیکایەتیی]ی دوو خزم دەچێت» (بەوتەیەکی دیکە، کلادیووس ناتوانێ جێگەی باوکی ڕاستەقینەی هاملێت واتە ئەوکەسەی کە هەستی زۆر هاوبەشی بنەماڵەیی لەگەڵ هاملێت هەبوو بگرێتەوە). زمانی «لێل» (دوو واتای) هاملێت بەشێوەیەکی شۆڕشگێرانە شوناسی «هاملێتی پیر» و «کلادیووس» بەیەک دەکات («باوکی تۆ»/ «باوکی من») بۆوەی سەرنجمان بەرە و ئەم جیاوازییە ڕاکێشێت، بەڵام هەروەها نادیار بوونی پێگەی هاملێتیش وەک «کارا»یەکی جنسدار، ئاشکرا دەکات. (زاراوەی «کارا» لە بیرۆکەی ڕەخنەیی مۆدێرندا بەواتای «یەکەم کەس» یان «من» بەکار دەهێنرێ)». شوناسای هاملێت وەک «کارا»یەکی نێر، بەتەواوی گرێدراوی سەرکەوتی سەرکەوتووانەی مەیلە ئۆدیپییەکانی ئەو بوو لە منداڵیدا. ئەم سەرکوتە ئێستە بەرەو نەمان چووە و ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

خەریک بوونی زەینی هاملێت بەزیناوە، لە وەسواسی گشتیی ئەوەوە سەبارەت بەمەیلە جنسییەکان، سەرچاوەدەگرێ. بێزاری بەرامبەر شووکردنی زیناکارانەی گرترۆد هاملێت بەرەو ئەو شوێنە هاندەدات کە هەرچەشنە ئارەزوویەکی جنسی بەتایبەت ئارەزووی ئێفیلیا بەنەخۆشانە و چەپەڵ بزانێ. ئەو وەک هەمیشە ئەم بێزارییە لەڕێگەی یاری بەوشەکانەوە، دەردەبڕێت.

**هاملێت: لە دواێنتانا بنووم؟**

**ئێفلیا: نەء، گەورەم**

**هاملێت: مەبەستم ئەوەیە سەر بەکۆشتان بکەم؟**

**ئێفلیا: ئەرێ گەورەم**



**هاملێت: وا بیردەکەنەوە مەبەستم کاروباری وڵاتی[9] country بوو؟**

**ئێفلیا: من هیچ بیرێک ناکەمەوە، گەورەم.**

**هاملێت: نوستن لە نێو پێی گەورەکچانا، بیرێکی خۆشە**

**ئێفلیا: چی، گەورەم**

**هاملێت: هیچ شتێک.**

یاریی سەیری هاملێت بەوشەکان، لێرەدا هەڵگری ڕەهەندێکە کە دەروونشیکاری ڕوونی دەکاتەوە. وەک هەڵەگرانی ئەم شانۆنامە ئاماژەیان پێداوە، «هیچ شتێک» دەتوانێ بەمانای «نەبوونی» شتی «نێرینە» یان عەورەتی ژن بێت. لە بەشێکی دیکەی شانۆنامەکەدا کە ڕەنگە لەم لایەنەوە لەگەڵ وتوویژی باسکراوی (پێشوودا) پێوەندیی هەیە، گەمەی هاملێت بەوشەکان، ڕۆزێنکرانتز و گیلدنستێرن وردەکات. هاملێت لەوەڵامی پرسیاری تەرمی پۆلۆنیووس لە کوێیەدا، دەڵێ: «تەرمەکە لەگەڵ پاشادایە، بەڵام پاشا لەگەڵ تەرمدا نییە، پاشا شت-ە» گیلدنستێرن دەپرسێ: «شتە» گەورەی من؟ و هاملێتیش لەوەڵامدا دەڵێ: «شتی هیچ شت». بەوتەیەکی دیکە، کلادیووس «شتێک»ی نێرینەی هەیە کە هاملێت حەز دەکات بیخەسێنێت [بیبڕێت] تاکوو ببێتە «هیچ شت». لە شانۆیەکی تردا هاملێت بەناڕەزاییەوە بەگرترۆد دەڵێ کە پاشا «تاجی گرانبەها»ی ڕفاندووە (شتی دەست خستووە) و «پاشایەکە بە[کەوای] شڕ و پینە پەڕۆ»وە. وەسفی هاملێت لە کلادیووس وێنەکێشانێکی خەساوێتییە کە لەگەڵ وێنەی پیاوی بێ عەیب و تەواو (باوکی) دا، ناتەبایە.

٩- برگەی یەکەم وشەی «وڵات» Count لە زمانی ئینگلیزیدا country لێکچوونی دەنگیی لەگەڵ cunt دا هەیە کە بەمانای ئەندامی جنسیی ژنە، هاملێت وەک هەمیشە لێرەدا جیناسێکی بەکارهێناوە کە یەکێک لە ماناکانی جنسییە. وەڵامەکەی ئێفیلیا نیشان دەدات کە ئێفیلیا لەم واتای ڕستەکەی هاملێت تێنەگەشتووە.

فرۆید و جۆنز کەسایەتیی [نێو] بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بەکەسانی ڕاستەقینە دەزانن، بەڵام ڕەخنەی دەروونشیکارانەی مودێرن ئەم گریمانە وەرناگرێت. بەڕای «ژاک لاکان»ی تیوریسییەنی فەڕەنسی(۱۰) دەروونشیکاری تەنیا دەتوانێ لە «لایەنی نەریێانەی» شانۆنامە بکۆڵێتەوە. واتە ئەو ئاخاوتەی کە ڕەنگە پرۆسەکانی نەستی کەسێتیەکانەی لە خۆدا حەشاردابێ. بەوتەی لاکان، مرۆڤ دەچنە نێو هەندێ شوێنکاتی نێو کۆمەڵەیەکی پێشتر دیاریکراوی دالەکانەوە (signifiers دایک- باوک- منداڵی نێر- منداڵی مێ) کە تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی زماندا دەتوانێ چالاکی بنوێنێ. ئاواتە جنسییەکانی (مەعقەدی، زاری و هتد) منداڵ بەرەبەرە لە لایەن (یاسای باوک)ەوە جڵەو دەکرێن، ئەو یاسای کە پێوەندییەکی نەپساوی لەگەڵ چوونە نێو سیستەمی هێماییینی زماندا هەیە. بەڵام مەیلە سەرکوت کراوەکان قەت تێدا ناچن، بەڵکو سەرکوت کردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە «کارایەکی لێکترازاو» هەمیشە ئامادە بێت. کردەکانی نەست بەتەنیا لە خەون، گاڵتە وگەپ ، هەڵەی زمانی و ئەم جۆرە نموونانەدا، دەردەکەون، لاکان لە وتارێکی لەفام دوور، بەڵام هزر بزوێنی خۆیدا بەناوی «مەیل و شرۆڤە ی مەیل لە شانۆنامەی هاملێتدا» ۱۹۷۷ دەڵێ کە گەمەی هاملێت بەوشەکان دەورێکی گرنگ لە تێگەشتنی لایەنی دەرونشیکاریانەی ئەم شانۆنامەدا دەگێڕێ:

یەکێک لە کارە بەردەوامەکانی هاملێت ئەوەیە کە جیناس دروست بکات (بەتایبەت ئەو جیناسانەی کە یەکێک لەواتا کانیان جنسی یە) گەمە بەوشەکان بکات و بەگشتی بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستەکانی خۆی پەنا بباتە بەر شاراوەیی (ابهام)، سەرنج بدەن کە شکسپیر لە شانۆنامەکانیدا دەورێکی گرنک بەوکەسایەتیانەی کە «گێل» یان پێ

۱۰- Jacques lacan، ۱۹۰۱-۱۹۸۱ دەروونشیکاری فەرەنسی.



دەوترێ دەبەخشێ، ئەمانە [هەمان] قۆشمەکانی بارەگای پاشان، کە لەبەر جێگەوپێگەیان دەتوانن شاراوەترین هانەکانی کەسەکان دەربخەن، واتە ئەو تایبەتمەندییە کەسێتیانەی کەسەکان کە بەبێ لادان لە نۆڕمەکانی ڕەفتاری چاک، ناکرێ بەڕاشکاوی قسەیان لێبکرێت.

وتەی ئەم قۆشمانە، تەنیا بێ حەیایی و جنێودان بەئەوانیدی نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بەیارمەتیی شاراوەیی، جیناس، خوازەی دوور conceit و هەروەها قڕوفڕی تایبەت لە شێوازی دەربڕینی بابەتەکاندا (واتە هەمان جۆرە [جیاوازەکانی] جێگۆڕکێی دال-ەکان کە پێم لە سەر گرنگایەتیی کارکردیان داگرتووە)، دەهێنرێتە ئاراوە. جێگۆڕکێی ناوبراو، شانۆی شکسپیر دەکەنە خاوەن ئوسلووب و سەرنج ڕاکێشێتیەکی تایبەت کە بنەڕەتی ڕەهەندە دەروونناسەکیەکەیەتی. بەتەعبیرێک دەبێ هاملێتیش بەیەکێک لەم (قۆشمە)انە دابنرێت.

نەست تەنیا لە بیچمی قەڵبێندراودا دیاردەکەون و مەیلە سەرکوت کراوەکانی هاملێتیش هەر بەم چەشنە خۆ نیشان دەدەن. [هاملێت] خۆی دەڵێ کە ئاگای لە ڕووداوێکە لە ناخی خۆیدا کە گەلێ لە کەسەری ڕواڵەتیانەی قووڵترە: «سڕێکم وا لەناخدا شاندان ناتوانێ.» نیشانە ڕواڵەتیەکانی خەم و پەژارە (بەرگی ڕەش، شیوەن و فرمێسک ڕشتن) دەرۆستی «دەربڕینی» خەمەکەی نایەن. تەنیا «دالەکان» (واتە ئەو وشانەی هاملێت بەبێ هەر چەشنە واتای بەرچاو دەیانڵێ) بەحەقیقەت خەمەکەی ئەو دەردەخەن. هاملێت دەزانێ کە شووکردنی بەپەلەی دایکی بەبرای شووە مردووەکەی خۆی، کارێکی زۆر کەسەرهێنەرو ناخۆشە، بەڵام ڕەنجی «لە ناخەوەی» ئەو، وەها زەبرێکی قووڵی لە بوونی وەشاندووە کە تەنانەت لە خۆبێژیی soliloquy یشدا ناتوانێ بەتەواوی بیهێنێتە وشیاریی خۆیەوە.

لەم وتارەی بەردەستتدا، پێڕەوی تەعبیری «لاکان»یی بیرۆکەکەی فرۆیدم کردووە تاکوو ناچار نەبم بیر لە مێژینەی بنەماڵەیی هاملێت

بکەمەوە یان وەک مرۆیەکی ڕاستەقینە لە کەسایەتیی ئەو بکۆڵمەوە. بەڵگە نەویستە ناتوانین داوا لە هاملێت بکەین وەک نەخۆشێکی ڕاستەقینە لە سەر قەنەفە ڕاکشێت و باسی کێشەکانی خۆی بکات، بەڵام دەتوانین نیشانەی ئازاری دەروونیی ئەو، لەوشەکانی نێو شانۆنامەکەدا، بدۆزینەوە. گەمە بەوشەی هاملێت، نەستی ئەو، ئاشکرا دەکات. لێکدانەوەی قسە دوو واتاکانی ئەو ڕەخنەگری پێڕەوکەری لاکان تێدەگەیەنێ کە هاملێت برینی شاراوەی گرێی ئۆدیپی هەڵگرتووە. ئەم جۆرە ڕەخنە دەروونشیکارانەیە، بەنیشانە زمانیەکانی پرۆسەی ناوشیارییەوە خەریک دەبێت و بەم شێوەش لەگەڵ زۆربەی شێوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا کە خودی دەقی بەرهەمی ئەدەبی بەبنەڕەت دەگرن، یەک دەگرێتەوە.

* هەموو پەراوێزەکان لەلایەن وەرگێڕی فارسییەوە کراون هەروەها سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی دیاری نەکرا بوو.

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

فصلنامەی ارغنون، شمارەی ٤، ١٣٧٣، ترجمەی حسین پاینده ص ١٢٥-١٣٣



# پێڕست


وەرگێڕان و داهێنان: مەنسوور تەیفووری ........ 6

حەکایەتخوان، تێڕامانێکی بەرهەمەکانی نیکۆلای لێسکۆف،
ڤالتێر بنیامین. و: مەنسوور تەیفووری ........ 9

دیاردەناسیی شیعر . گاستۆن باشلار. و: بەیان عەزیزی ........ 50

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەرهەڵدانی ڕۆمانی مێژوویی.
جۆرج لووکاچ. و: بەختیار سەجادی ........ 77

پێشەکییەک لەسەر کۆی شیعرەکانی ستێفان مالارمە.
ژان پۆل سارتەر. و: ڕەزا عەلی پوور ........ 101

ڕۆمان وەک توێژینەوە. میشێل بۆتۆر. و: ڕەزا شەجیعی ........ 115

ڕۆمان و جیهانی مۆدێرن. ئاندرۆفین – بێرگ. و: محەمەد موەفەقی ........ 123

ئەدەبی بارهێنانەوە، چیرۆکی پۆست مۆدێرن. جان بارت. و: کاوان نەهایی ........ 139

ئاوڕدانەوەیەک لەفۆرمالیسمی ڕووسیا. جۆرج نیڤا. و:ئیسماعیل مەحموودی ... 160

تیۆری شیعری: یاکووبسن ولێڤی شتراوس بەرامبەر ریفاتر
ڕۆبێرت شولس. و: عەبدولخالق یەعقووبی ........ 172

ڕەخنەی دەروونشیکارانەی شانۆنامەی هاملێت.
رامان سێلدێن. و: مەنسوور تەیفووری ........ 202